2007-12-04

نووسەری کورد 2007

# ڕێبەر

ڕۆمان

مەهدی حسین

گۆڕینی: حەمە کەریم عارف
چاپی یەکەم: 1983

PDF4Kurd

## خەمێکی دژوار

**دوران ئولدور مدی کین ایادان ئولدوردی([1])**

- جەبار بەگیان کوشت!....

نیوەڕۆی نەورۆزی ساڵی 1881 بوو، ئەم هەواڵە بە خێرایی هەورە تریشقە لە سەرانسەری باکۆدا بڵاوبۆوە.

ئەو رۆژە، بە بەرچاوی خەڵکییەوە، لە کوچەی رونتفدا جەبار بەگی حاکمی عەسکەری شاری باکۆ بوو بە قوربانی دوو گولله.

پۆلیسی باکۆ هەر کە ئەم هەواڵەیان ژنەوت دەمو دەست کەوتنە گەڕان، بۆ شەوێ قاتیلەکەی جەبار بەگیان دەستگیر کرد. پاش تەحقیق و لێکۆڵینەوەی زۆر دەرکەوت کە کابرای قاتیل بە نایەکی جەحێڵو هێمنو بە خۆوەیەو تا ئەو رۆژە چ سەرو سەختێکی لەگەڵ چەكو چەکبازیدا نەبووە.

کە پرسکار "محقق" ناوو نازناوی قاتیلو بابو باپیری دۆزی بوەوە، کوڵێ کەیفی بە خۆ هاتبوو، وەك بەرندەیەکی لە خۆبایی گوتبووی:

- عەزیز بەگی کوڕی عەزیم بەگ.

عەزیز بەگ لە وەڵامی پرسکاردا کە هۆی کوشتنی جەبار بەگی لێ پرسی بوو، ووتبووی:

- من مەبەستم کوشتنی نەبوو، لە هەموو ژیانما سەرو سەختم لەگەڵ چەکدا نەبووە، جەبار بەگ بە خۆی ئەم کارەی پێکردم، رووداوەکەش بەمجۆرە بوو:
- ئێم 6- 7 هاوەڵ بووین، هەموو پیشەمان وەستاییو بەردتاشی بوو، کۆبووینەوە کە بچینە ماڵی یەکێك لە هاواڵەکانمانو رۆژێکی خۆش پێکەوە بگوزەرێنین، بەڵام بە قسمەت نەبوو، عەباس عەلی هاوەڵمان شان بە شانی من دەڕۆییو بە دەنگێکی نەرمو ناسكو لەبەر خۆوە گۆرانی دەچڕی، لەپڕ جەبار بەگ پەیدا بوو، رێی لێگرتینو هاواری کرد:
- بگەڕێنەوە! شوێنی لێرە چاترتان نەدۆزییەوە؟ ئەو زەڕە زەڕە چییە؟

زۆر توڕە بووم، بەڵام بێدەنگ بوومو قسەم نەکرد. بیرم کردەوە: "دیارە مەستە، با لە زەوقی نەدەم". خۆتان ئاگادارن جەبار بەگ زۆری دەخواردەوە، ویستمان بەڕێی خۆدا بڕۆین، کەچی دیسان هاواری لێکردینەوە. پێم وت: جەنابی حاکم ئێمە دەخڵمان بەسەر کەسەوە نییە, وازماغن لێ بێنە با بەڕێی خۆمانا بڕۆین.

نەخێر لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارێو نەهات. دەیویست بە تۆبزی قسەی خۆی بباتە سەرو قسە هەر قسەی وی بێ. خوا ئاگادارە من لە گولێ کالْترم پێ نەووت، کوتوپڕ دەمانچەکەی دەرهێناو هێرشی بۆ هێنایین. وتم: "جەنابی حاکم، پیاوی چا بە وازمان لێ بێنە، ئاخر ئەم کارەی تۆ کارێکی باش نییە".

بێفایدە بوو، قسەکانم نەچوونە گوێیەوەو نەچوون، رووی دەمانچەکەی تێ کردینو سێرەی لێگرتین، تا حەزکەی جنێوی ناشیرینی بە خۆو بە خوشکانماندا، من کە لە ژیانما خراوەم بۆ کەس نەبووە، کەللەیی بوومو غیرەت گرتمی، وتم: "جەبار بەگ ئاگات لە دەمت بێ، ئاخر تۆ خۆت بە پیاو دەزانی، چیت داوە لە خاو خێزانی ئێمە؟".

کاتێکم زانی یەخانگیرم بوو. بوو بە نووسنەکو بە بەرۆکمەوە نووسا. وتم: "بابە گیان، عەزیزم، کەسی کاکی وازمان لێ بێنە، ئاخر چیت لێمان دەوێ؟"

نەخێر، بێ سوود بوو!

تووڕە بوومو دەڵەکمدا، پاشەوپاش کشایەوە، رووی دەمانچەکەشی لە ئێمە بوو. لە دڵی خۆدا گوتم: "گەر فریا نەکەوم یەکێکمان دەکوژێت". پڕم دایێو دەمانچەکەم لێی ستاند، بەڵام دەستی لە جنێودان هەڵنەگرت، بە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەی کە داباری بوونە ئەو ناوە، چی بە دەمیا هات نەیگێڕایەوە، ئیدی کۆنترۆڵی خۆم لە دەست دابوو، بە خۆم گوت: "عەزیز تۆ کەنگێ هێندە بێ غیرەت بووی! دوو گوللەی بانەو بانی یەکم تێ سرەواندو کەوتە سەر زەوی".

عەزیز بەگ بە درێژایی گێڕانەوەی بەسەر هاتە کە سەری هەڵنەبڕی. پرسکار کە بینی کابرایەکی ئەوەندە راستگۆیە لە گرتنی ژێوان بوەوە، بەڵام ژێوان بوونەوە دەردی دەرمان نەدەکرد، چونکە هەر کە لێك جودا بوونەوە، ئیدی ئەم هەست بە سەختیو نا ڕەحەتی ژیانی بەندییەك ناکات.

سەلیم نازی ژنی عەزیز بەگ، لێکدا لێکدا ئەشکی هەڵدەڕشت. هەموو هیواو خۆزگەو ئارەزوویەکی هاتبووە سەر کوڕەکەی. چونکە مێردەکەی 25 ساڵ حەپسو دوور خستنەوەی بۆ بڕا بۆوە، ئەوانەیش کە ئەم جۆرە حوکمە دەدرێن بە دەگمەن بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە.

خۆ ئەوانەیش کە لە سیبریا بەرەڵلا دەکرێنو دەگەڕێنەوە، دەبن بە مرۆڤی لاتو نەفرەت لێکراو. بۆیە گرتنو دوور خستنەوە خۆی لە خۆیدا نەگەڕانەوە بوو، لە راستیدا ئەوانە بە زیندوویێتی دەچوونە خانەی مردووانەوە.

سەلیم ناز کە توانی بووی مۆڵەتی کورتە دیدەنییەك بۆ ماڵئاوایی وەربگرێ کە چاوی بە مێردەکەی دەکەوێ کانی خەمی دەتەقێتەوەو دەست بە گریانێکی بە کوڵ دەکا.

مەشهەدی کە چاوی بەگریەی بێ ئامانی دایکی کەوتبوو، بە دەمی گریانەوە دڵی دایکی دابووەوەو وتبووی: "بەسە دایکە، خۆ بابم هیچی نییە!".

مەشهەدی بەگ لەو سەروبەندەدا تازە پێی نابووە هەشت ساڵییەوە، لە مەعنای بێ قەراری دایکی نەدەگەیشت، بۆ یەکەمجار بوو ئەم قسانە بژنەوێ! دوور خستنەوە بۆ سیبریا، دوور خستنەوەی بێ گەڕانەوە!.

لەو دەمەدا کە عەزیز کوڕەکەی لە ئامێز گرتبوو، و ماچی دەکرد گەلێ لە جاران میهرەبان تر دەهاتە بەرچاو، مەشهەدی بەگی لە باوەش گرتبوو، بە سۆزەوەو لێکدا لێکدا دەیووت! کوڕەکەم.

بە سەلیم نازی وتبوو: مەگری ئافرەت، من بە هەقی خۆم گەییمو تازە چ دەکرێ؟ دیارە ئەمەم لە چارە نووسرا بوو، شوکرانە بژێری خوابە کە عەزیز بەگ وەچاخ کوێر نەبوو، تۆو مەشهەدی بە یەکدی دەسپێرمو ئیدی من دەڕۆم.

عەزیز بەگ هەر چەند وەستایەك بوو، بەڵام زاتو غیرەتی جەنگاوەرێکی جەربەزەی هەبوو، قسەکانی لە کانگای دڵییەوە دەردەچوون. ئەو رۆژە لێوەکانی بە ئاستەم تەتەڵەی دەکرد. مەشهەدی کە کۆتو زنجیرەکەی دەستو پای بابی بینی وردە وردە هەستی بە تاڵی کارەساتەکە کرد....

سالان تێپەڕین. چ هەواڵێ لە عەزیز بەگەوە نەبوو. سەلیم ناز نائومێدی کەوتە دڵ، رێگای بێ گەڕانەوەی سیبریای لە جیهانی هیواکانیدا سڕییەوە. بە کەسەرو داخێکی فراوانەوە چاودێری مەشهەدیو خوێندنی مەشهەدی کردبوو بە ئەرکی هەرە گەورەی خۆی. کە ماموستاکانی لەلای دایکی تاریفیان دەدا ئۆخژنی لە دڵو دەروون دەگەڕا. مەشهەدی بەگ لە قوتابییە زیرەكو زرنگەکانی پۆلەکەی خۆی بوو. سەلیم ناز هیچ کاتێ دوا وتەی مێردەکەی لە یاد نەدەکرد: "ئافرەت، کوڕەکەم بنە بەر قوتابخانە، گەر پێویست بوو خانووەکەی بۆ بفرۆشەو با خوێندەوار بێ!".

نیگەرانی دەروون، تەنگی گوزەران، نەیان توانی بوو گیانی سەخت کۆشی سەلیمناز سست بکەن هەمیشە بە خۆی دەگوت: "گەر هەموو دنیا ژێرو ژوور بێ هەر دەبێ درێژە بە خوێندنەکەی بدا. دڵنیابە عەزیز!".

فیداکاریو بەغیرەتی ئەم ژنە نەك هەر لەنێو خزمو کەسوکاردا، بگرە لە گشت گەڕەكو باندا دەنگی دابۆوە. مەشهەدی دەستو پێی بە کۆتو زنجیری بابی لە بیر نەدەچۆوە. بۆ تاقە ساتێ قسەکانی ئەوی لەبیر دەرنەدەچوو، "کوڕەکەم بنێرە قوتابخانە، بە خوێندەواری پەروەردەی بکە!...."

مەشهەدی بۆ وەدی هێنانی ئارەزووەکەی بابی شەوو رۆژ کۆششی دەکردو لە کتێبەکانی جودا نەدە بۆوە.

عەزیز بەگ چ ماڵو سەروەتێکی لە پاش جێ نەمابوو. هەر چەند بە گیان پێ دەووت، بەڵام لە راستیا پیاوێکی هەژاری دەست کورت بوو. سەلیمناز خۆی وەکو هەژارێك نەدەنواند، ناپاڕایەوە، سەروەتو ماڵی دنیای وی بەردەوامی خوێندنی کوڕەکەی بوو.

مەشـهەدی بـەگ کـە بـوو بـە 14- 15 سـاڵان کەوتـە گـەڕان بـەدووی وەڵامـی پرسـیارەکانی خۆیـدا، بـۆ هەڕەشـەی سـیبریا لـە خـەڵکی دەکـەن؟ سـیبریا چـۆن جێگایەکـە؟ مامۆسـتا دڵسۆزەکانی پابەندی وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانە نەبوون. بەڵام مەشهەدی بە تاسـەوە وێڵی دوای وەڵام بوو. بەنیونەخت لە هەوڵ و تەقەللا نەدەکەوت.

مامۆستای زمانی رووسی، تووڕە ببوو گوتبووی سیبریا پێوەنـدی بە دەرسـی ئێمـەوە نییـە، بڕۆ کتێبەکانی پۆشکین بخوێنەوە. نووسەرێکی چاکە، پار بەرەندەی خەڵات بوو.

مەشهەدی لەسەری نەڕۆیی بوو. لە پشـووی نیوەی ساڵدا هـەموو نووسـینەکانی پۆشـکینی خوێندبۆوە. توانی بووی لە بن دێڕی هۆنراوەکانی ئەودا دیمەنێکی سیبریا لە خەیاڵی خۆیدا دروست بکا.

لـە قـووڵایی کانگاکـانی سـیبریادا، پایـەداربێ سـەبرو سـەربەرزیتان. پاشـان سوپاسـی مامۆستای کردبوو، و پرسی بووی:

– جەنابی مامۆستا! ئەلکساندەر پۆشکین لەم کتێبەدا مەبەستی کێیە؟ ئەمجارە مامۆستا وەڵامی پرسیارەکەی دابۆوە.

– ئاشکرایە، مەبەستی ئۆپۆزسیۆنەکانە.

– ئۆپۆزسیونەکان کێ بوون؟ بۆ رەوانەی سیبریا کرا بوون؟!

مامۆستا خوێن زایی بووە دەموچاوی. پەشێوو شڵەژاو لـە پەنجەرەکـەوە چاوی بڕی بووە دەرێ و لێکدا لێکدا تفی قووت دابوو، بێ دەنگ بوو. مەشـهەدی و زۆربـەی قوتابییـەکان هەستیان بەم گۆڕانەی مامۆستا کردبوو. پاش ماوەیەکی کەم وەك بڵێی وەڵامی پرسیارەکەی دۆزی بێتەوە گوتی:

– بۆ ئەم پرسیارە لە مامۆستای مێژوو ناکەی؟

مەشهەدی و گشت هاوپۆلەکانی سەریان لەم وەڵامەی مامۆستا سوڕما، هەموو هەستیان کرد کە مامۆستاکەیان نەیدەویست درۆیـان لەگـەڵ بکـاو نەشـی دەتـوانی راسـتییەکەی بڵـێ، بۆیـە ئەو وەڵامەی دانەوە.

مامۆستا درێژەی بە وتەکانی داو پرسی:

– مەشهەدی، بۆ هێندەت پەلەیە؟

– ببورە، جەنابی مامۆستا، ئاخر بابم رەوانەی سیبریا کراوە، بۆیە حەز دەکەم ئەم شتەم بۆ روون بێتەوە.

– بۆ بابتیان نەفی کردووە؟

– قەتڵی کردووە.... نا ببوورە جەنابی مامۆستا، حاکمی کوشتبوو.

خەمیچکی گەورە مەشهەدی و دایکی ئازار دەدا، تازە هەواڵێکیان لە عەزیز بەگەوە پـێ گـەیی بوو. کابرایەکی رووس لە سیبریای بەستەڵەکەوە نامەیەکی بۆ سەلیمناز نووسی بوو:

عەزیز بەگی مێردتان مرۆڤێکی کارامە، ئازا، خۆڕاگرو نـەجیب بـوو، لـە دنیـادا چ شـتێکی لـە دۆستایەتی و راستگۆیی بەلاوە بە نرختر نەبوو. بە داخەوەم پێویستە ئەوەتان عەرز بکەم کە

ئەو دۆستە فیداكارو میهرەبانە لەمن چوو. بە دەستی تاوانبارێكی خوێڕیو خۆ فرۆش دەرمان خوارد كراو مرد. لە ئەنجامی پرسینەوەدا بە دیار كەوت كە دژمنانی خوێنمژ چاویان بەرایی نەدابوو لە بەندیخانەشدا بە زیندوێتی بیبینن. ئەم بەكرێگیراوە چوو بووە بن كلێشەی عەزیز بەگەوەو دۆستایەتی خۆی بۆ نواندبوو. لەم كەینو بەینەدا بڕیاری دابوو كە میوانداریەكی عەزیز بەگ بكا. ماوەیەكی كەم بەسەر نان خواردنا تێ دەپەڕیو نیشانەی دەرمان خواردكردنی عەزیز بەگ وەدیار دەكەوێو هەڕەشە لە ژیانی دەكا. عەزیز بەگ هەستی بەمە كردبوو، قورتمی دەگرێ تا بیخنكێنێ بەڵام لە توانا دەكەوێو دەكەوێتە سەر عاردی، ئیدی كەس هیچی لە دەست نایەتو دەمرێ. دوا وەسێتی مێردەكەتان ئەوە بوو كە چۆنێتی كوشتنەكەیتان پێ رابگەیەنم، لەو كاتەدا كە بە چاوانی پڕ لە گریانەوە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم، سەرخۆشی لە هەموو خزمانو كەسوكاری رەحمەتی دەكەمو پایەداریو سەلامەتیتان ئاواتە خوازم.

كە مەشهەدی نامەكەی خوێنییەوە، ماڵ پڕ بوو لە شیوەنو رۆڕۆ، تەواوی خزمو كەسو كارو ئاشناو خەڵكی گەڕەك رژانە سەراو كۆڕی شیوەنو گریان گەرم بوو. تێكڕای ژنان بە دەنگی بەرز شیوەنیان دەكرد، ناڵەی گریان هێندەی دی دڵی سەلیمنازی جۆش دابوو. سەلیمنازێ كە چەندین ساڵ بوو دووری شووەكەی وەكو پریاسكەیەك بە كۆڵیادابوو، بە جارێ بەندی دڵی پچڕا، بە كوڵ دەگریا. مەشهەدی گەلێك كەسەردار بوو، بەڵام رێگای بە فرمێسك نەدا، زۆر پیاوانە، بەڵام بە سەختی ئەم كەسەرەی كاوێژ دەكردەوە، دەمێ بوو لە دوو توێی كتێباندا بۆ وەلامی پرسیارێ دەگەڕا، كەچی ئێستا لە پارچە كاغەزێك وەچنگی كەوت.

---

[1] بە كەر ناوێرێ بە كورتان رەپەرەپێتی.

## ئەمەك

### بیز ئۆڵمەدەن داها قدرتلیوخ[1]

بە پەلە بە قاڵدرمەی تەلارەکەدا سەر دەکەوت. شڵەژان و پەشێوی بە سیمایەوە دیار بوو. لە تۆ وایە دەیەوێ لە دەست کەسێك هەڵێ،کەمو زۆر ئاوڕی نەدەدایەوە، پێ دەچوو بۆ شوێنێ بگەڕێ کە خۆی تێدا وەشێرێ.

گەییە دوا نهۆمی تەلارەکە، لە دەرگا گەورەکە تێپەڕی، لە پڕ لە جێی خۆی وێستا، رووی کردە دیوارەکەو لەهەناسەبڕکێ کەوت. تیشکی هەتاو لەلاوە بەر هەنیەی دەکەوت. بە پەلە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. هۆڵەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، دەنگی قوتابیانی دانشگا کە لە راڕەوەکاندا بەدەم جگەرە کێشانەوە پیاسەیان دەکرد، تێکەڵ بە چرکە چرکی سەعاتە چاڵمەکە دەبوو، و بە ئاوازێکی سەیر خۆی بە بیستن دەسپارد.

لەو دەمەدا کە دەنگی پێی خۆی بێدەنگییەکەی دەڕەواندەوە، چووە بەر پەنجەرەکەو تەماشایەکی نێو ژوورەکەی کرد.

ئەم ژوورە، ژووری نەخشەکارکی ئامۆژگای تەکنۆلۆژی پترۆگراد بوو. بە دیتنی قژە رەش و گڤەکەی ئەو کورەی کە سەرگەرمی کارکردن بوو، شاد بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: ئەها، زۆر چاکە لێرەن.

بە پەلە وەژوور کەوت.

بێگدەنگییەکی قورس باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، کەس لە وەژوورکەوتنی ئەو وەئاگا نەهات. جگە لە جیڕەی پڕگاڵێ کە بەسەر کاغەزیچکی ئەستورا دەسوڕایەوە، چ دەنگێکی دی نەدەبیسترا. خوێندکاران لە سەرانسەری ژوورەکەدا بە پەرت و بڵاوی دانیشتبوون و هەموو هەر سەرقاڵی کار بوون.

کوڕە قژ لوولەکە لە نێو پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، بێ وەی چاو لە کاغەزەکە هەڵبڕێ بە دەستێکی جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، پاش ئەوەی چەند جارێك کێشای بەسەر نینۆکی کەلەموستیدا، خستییە بەینی هەردوو لێوی.چەشنی دارتاش قەڵەمەکەی نایە پەنا گوێی، جگەرەکەی داگیرساند، ئەو دووکەڵەی کە لە دەمییەوە دەهاتە دەرێ بە شێوەیەکی بازنەیی بۆ چەند ساتێکی کەم خایەن بەرز دەبۆوەو ئەوجا لە هەواکەدا ون دەبوو. لە پڕ چاوی بەم کەوت کە هاتبووە ژوورەوە. ئەم کوڕێکی سمێڵ رەشی قەیتانی بوو. لێوەکانی ئەستوورو سوور، هەنیەی

پان، قژی درێژو شانه نەکراو، گوێچکەکانی چووك بوون، چاوە رەشە تیژەکانی دەمێ سەیری یەکێکیان دەکردو دەمێکی دی سیمای یەکێکی دی وەبەر نیگا دەدا.

- مشهدی ئەوە چییە؟ خێرە؟!

ئەو خوێندکارەی کە ئەم پرسیارەی کرد، تەواوی خوێندکارەکانی دی لە هاتنە ژوورەوەی ئەم وەئاگا هێنایەوە. هەموو سەرسام روانیانە مشهدی بەگ. لاقێکی لەو دیوی دەرگاکەوەو لاقێکی لەم دیو داناو وێستا. دەستەسڕەکەی لەبەرکی دەرهێنا، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی، ئەوجا بە نیگەرانی سەری لەقاندو بە دەنگێکی نووساوەوە پرسی:

- ئەرێ ئێوە بۆ وان؟ چما کە مرۆڤ موسوڵمان بوو ئیدی نابێ کاری بە سەر خێرو شەڕی دنیاوە هەبێ؟

خوێندکارانی نێو ژوورەکە هەموو ئازەربایجانی بوون، تێکڕا مشهدییان خۆش دەویست مەشهەدی ناکۆکییەکانی نێوانی چارەسەر دەکردن، دەیان شەو خەوی لەخۆی حەرام دەکردو یارمەتی ئەو خوێندکارانەی دەدا کەلە دەرسەکانیاندا لاواز بوون، بە هەر نرخێ بوایە دەی هێنانە سەر هەوەس و هەوڵدان بۆ کۆشش.

هەر کەسەو لەبەر شتێ مەشهەدی خۆشدەویست. هێندەی رەوشتی چاك و ئەتواری پەسەندی تێدا بوو کە هەموویانی رازی دەکرد. کوڕێك بوو بە راستی قەدرزان، راستگۆ، جوامێرو بەغیرەت.

تێکڕا، وێڕای ئەوەی سەرگەرمی کار بوون، قەڵەم و پڕگاڵەکانیان نایە لاوەو چاویان بڕییە دەمی ئەو، چاکیان دەزانی مەشهەدی بەگ کابرایەکی جدییەو سەری لە قسەی بێ سەروبەر ناخۆرێ.

یەکێکیان بە دەنگی بەرز پرسی:

- چ باسە مەشهەدی؟

مەشهەدی هەنگاوێ چووە پێشترو گوتی:

- جاچ لەوە خراتر دەبێ، تاقە کەسێکتان بەشداری مانگرتنی خەڵکەکەتان نەکردووە.

ئەوجا بە دەنگێکی دڵێرەوە گوتی:

- ئادەی هەستن, زۆر شەرمە بۆ ئێمە هەر سەیر بکەین.

کوڕە قژلوولەکە هاتە پێشترێ و دەستی گرت و گوتی:

- جا تۆ باوەڕ دەکەی ئێمە ئاگامان لە شتەکانە؟ زوو قسە بکە بزانم مەسەلە چییە؟

- چ قسانم نین، خۆ وتار بێژ نیم، خوتبەتان بۆ بدەم! خێرا هەستن و وەسەلام!

مەشهەدی بەگ ئەم قسانەی هێندە ئامیرانە کرد، تێکڕا هەستان و لە دەوری خڕبوونەوە.

- دەخێرا بڵێ، بزانین چی بووە؟

مەشهەدی وەك بڵێی لە نیگایان بترسێت، هەنگاوێ کشایەوەو گوتی:

- تەواوی خوێندکارانی دانشگای بترز بورگ لە هۆڵەکەدا کۆبوونەتەوە، موسوڵمانەکان نەبێ، ئیدی هەموو هەر لەوێن.

کوڕە قژلوولەکە زەردەخەنەیەکی کردو بە شۆخییەوە گوتی:

- ناشێت بتەوێ بمانکەی بە مەسیحی!
- ئەم قسەیە چییە؟... بە "مەسیحی کردن" خۆ بۆ خوا پەرستی لەوێندەر کۆ نەبوونەتەوە. خێراکەن با بڕۆین!

کەوتە ڕێ، کە ئاوڕی دایەوە کەسی نەدی، گەڕایەوە. ئیدی هەموو هاوشارییەکانی درکیان بە مەسەلەکە کردو، چاوەڕوانی قسانی ئەو بوون.

لە ئامۆژگای تەکنەلۆژیدا ماوەیەك بوو گیانی شۆڕشگێڕی لەنێو خوێندکارەکاندا بڵاوبۆوە، خوێندکارە هۆشیارەکان تەنێ بە خوێندنەوەی کتێبی قەدەغە دڵیان دا نەدەکەوت، کۆڕوکۆبۆنەوەیان ساز دەکرد تا بیری مارکسیزم لەنیو هاوەڵەکانی دیکەیاندا بڵاو بکەنەوە، کۆڕی فراوان و میتینگیان ساز دەدا، دروشمی هاندانیان هەڵدەگرت، سروودی شۆڕشگێڕیان دەخوێندەوە،خەباتیان دژی دەوڵەتی دیکتاتۆری دەکرد، ئەم شتانەیان دەبردە نێو ڕەش و رووتانی خەڵکەوەو کوچەو باژێرەکانیان پڕ دەکرد.

مەشهەدی عەزیز بەگ یەکێك بوو لەم خویندکارە شۆڕشگێڕو هۆشیارانە. هەر چەند دەیزانی پۆلیس زۆر بە توندی چاودێری فێرگەکان دەکەن، بەڵام لەبەر کەم ئەزموونی هێندە گوێی بەمە نەدەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێکەوتێ هاتە پێشێ، ناچاری کرد فێری کاری نهێنی ببێ.

یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی مەشهەدی بەگ، لە ژووری نەخشەکارییەوە هاتە دەرێ و کوڕێکی نیشاندا، کوڕێکی کورتە باڵای سەر رووتاوە کە لە پاینی هۆڵەکە ڕۆنیشتبوو. ئەو کوڕەی نیشانی مەشهەدی داو گوتی:

ئاگات لەوە بێ! ئەوە جاسوسە.

مەشهەدی ناڕەحەت بوو، لە جێی خۆی وێستا: دڵنیایت؟ کوڕە هەی نەبێ! دوای کەمێك تەواودڵنیا بوو.

هاوڕێکەی مەشهەدی بە پەلە وێنەیەکی کاریکاتێری ئەو خوێندکارە جاسوسەی کێشاو لە ژێریا نووسی –جاسوس– ئەوجا لەسەر کورسی خوێندکاری نێو براو داینا, خوێندکارەکە گەڕایەوەو ویستی لەجێیەکەی خۆی ڕۆنیشێت، کە چاوی بە پارچە کاغەزەکەو وشەی جاسوس کەوت ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. هاوڕێکەی مەشهەدی بۆ وەی قسەکەی خۆی بسەلمێنێ دوور بە دوور خستییە ژێر چاودێرییەوە، تەواوی هەڵس و کەوتی تاوتوو کرد. قوتابی گۆڕین هەڵساو چووە دەرێ، ئیدی بڕای بڕ بە ئامۆژگایەدا نەهاتەوە.

لەو ڕۆژە بە دواوە عەزیز بەگ مەسەلەی ئاگاداری و وریایی فەرامۆش نەدەکرد، بەکورتی ئەو ئارەزووەی لە چاوی هاوڕێکانیدا دەدرەشایەوە، ناچاریان کرد قسە بکات. ئەمجارەش لەو دەمەدا کە دەستەکانی دەجووڵاند ئیشارەی بۆ لای دەرگاکەی دەرەوە کردو بە دەنگی بەرز گوتی:

- با بڕۆین، خۆتان هەموو شتێ تێدەگەن.

ئەو وەدەرکەوت، تێکڕای خوێندکارە ئازەرییەکانیش وەکو بڕێ منداڵ بۆ سەیری سێرك بچن، چاکەتەکانیان لەبەر کردو کەوتنە ڕێ.
دەرگای ژووری نەخشەکاری بەوازی مابۆوە. کابرای فەڕاش بەدەم دەنگە دەنگی وانەوە هاتبووە دەرێ، بەدەم سەر بادانەوە تا کۆتایی هۆڵەکە چاوی لێ نەگواستنەوە. مەشهەدی بەگ بێ وەی ئاوڕ بداتەوە بە پەلە بەرەو پێشەوە دەچوو.
پۆلیس "ڤتروڤا"ی کیژە خوێندکاریان گرتبوو. لەقەڵای "تیرۆپاولف"دا زیندانیان کردبوو، ئەم کارە ببووە مایەی تووڕە بوونی خوێندکارانی شۆڕشگێڕو هوشار. هیێیان وابوو ئەگەر سەر بۆ زەبرو زەنگی پۆلیس شۆڕ بکەن‌و بەرگری نەکەن ئەوا "ڤتروڤا"ی شۆڕشگێڕیان لەدەست دەچێ‌و ناتوانن ئازادی بکەن.
پۆلیسی دەوڵەتی دیکتاتۆری کە زانی بوویان ڤترۆڤا لەنێو خوێندکارە شۆڕشگێڕەکاندا یەکجار خۆشەویستە، هێندەی دی هار ببوون، ڤتروڤایان خستبووە ژێر ئەشکەنجەیەکی بێ لەزەتەوە، ئەشکەنجەو ئازاردانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە ئومێدی ئەوەی هاوڕێکانی دیکەی بە دەستەوە بدا. هەموو ڕۆژێ سێ جاریان بۆ لێ پرسینەوە دەبرد، لەو سەریشەوە تێرو پڕیان دارکاری دەکرد. بەڵام هیچی نەدەوت. وەکو شێر خۆی لەبەر زەبری ئەشکەنجەدا دەگرت. هەندێ جار کە لە پەلوپۆیان دەخست لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "مەرگ چ نییە، بەڵام نابێ بمرم:.
وتەی هەوەڵ‌و ئاخیری هەر ئەمە بوو: "هەرگیز هاوڕێکانم بە دەستەوە نادەم!"
لە هەموو ساتێکا مەرگ هەڕەشەی لێدەکرد. پۆلیس بێ وچان ئەشکەنجەیان دەداو ئەم پرسیارانەیان لێ دووپات دەکردەوە: شوێنی کۆبوونەوەتان لەکوییە؟جگە لە تۆ کێی تری لێیە؟ مەبەستتان لەم کردارە خراوانە چییە؟
پۆلیسەکان نەیان توانی بوو بە زەبری ئەشکەنجەو ئازاردان هیچی لێ هەڵکرێنن، بێ شەرمانە دەستیان بۆ ناموسی بردبوو.... ڤتروڤا کە لە تورەیدا دەلەرزی هاواری دەکرد: بمکوژن، بمکوژن.
ئەنجام نەوتی چرای ژوورەکەی بە خۆدا کرد، خۆی سووتاندو مرد. ئەم شێرە کچە، ئەم شۆڕشگێڕە مەردە تا مردن لە وشەی نا. پتری بە جەلادەکان نەووت.
بەکرێ گیراوان دەیانویست هەواڵی مەرگەکەی وەشێرین، بۆیە شەوێك بە دزییەوە جەنازەکەیان بردبوو و لە گۆرستانێکی دوورا ناشتبوویان. هەواڵی شەهید بوونەکەیان تەنانەت بە دایکیشی ڕانەگەیاندبوو. بەڵام پاش دوو هەفتە هەواڵی ئەم تاوانە لەسەرانسەری پتروگرادا بڵاوبۆوە، خوێندکارانی دانشگا بەر لە هەموو کەسێك خۆیان بۆ پرسەکەی ئامادە کرد. دەیانویست ئەم بۆنەیە بکەن بە کۆبوونەوەیەکی فراوان دژی دیکتاتۆریەتی تزاری، ریزە چکۆڵەکانی خوێندکارانی پتروگراد وەکو جۆگەلە تێکەڵ بە یەکدی دەبوون‌و پەیتا پەیتا دەخرۆشاو گەورەتر دەبوو. دەستەو تاقمی جۆراوجۆری خەڵکیش تێکەڵ بەوان بوون.
خۆ پیشاندانێکی گەورەو بێ پایان دەستی پێکرد، دەریای خرۆشاوی مەردم لێو ڕێژی قین‌و

تورەیی بوو. ژمارەیەی خەڵکی لە رادەبەدەر بوو. شار خرۆشابوو. پۆلیس لەم خۆپیشاندانە گەورەو کوتوپڕە زۆر ترسان.

شاری پتروگراد،شاری هەڵمەتو خۆ پیشاندانی گەورەو مێژوویی ئەوڕۆکە هاتۆتە جۆشو پرچی هەتاو شانە دەکا. هەتاویش ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو کە بەندی نێو پەڵە هەورو تەمومژ بوو, بەتیشکی درەخشانەوە لە ئاسمانێ را پێشوازی لە خۆ پیشاندەران دەکرد.

خانانی شارو بورژوایان کە لە پشت پەردەوە پەنجەرەی کۆشکو تەلارەکانیانەوە سەیری قەرەباڵغییەکەیان دەکرد، لە ترساندا هەڵدەلەرزین، هێشتا یاخی بوونەکەی ساڵی 1825 یان بیر نەچوو بوو. بەڵام کاروانی پڕ شکۆو سامناکی ئەمجارە بە جارێ هەراسانی کردبوونو سامناکتر دەهاتە بەرچاو.

مەشهەدی بەگو هاوڕێکانی تێکەڵ بە کاروانی خەڵکەکە بوون، چاوە هەمیشە هێمنو ئارامەکانی ئەشکیان دەڕشت، بە هەنگاوی پتەوەوە وە پێش دەکەوت. کاروان وەکو ڕۆخانەی نڤا ئارام، بەڵام بەشکۆ داکشابوو. هەموو هەر لە بیری کیژە قارەمانێکدا بوون کە شێرانە خۆی لەبەر زەبرو زەنگی تزاریستەکان راگرتبوو. پاش ئەوەی تاوانێکی نامەردانەی لەگەڵ کرا، بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنابوو.

کوڕە قژلوولەکە دیسان لەگەڵ مەشهەدیدا کەوتەوە شۆخیو گوتی:

- مەشهەدی بۆ سەر مەولودمان دەبا!
- چ قەیدییە، بەشداری کردنی خەڵکی گەلێ لەوەی چێترە لە ژوورە. نیمچە تاریکەکەی نەخشەکاریدا رۆنیشین، خۆ پیشاندان لە نوێژ کردن لەبەر دڵان ترە.
- وەی وەی، بەڕاستی قسەی سەیر دەکەی، کوا من نوێژ دەکەم؟
- مەبەستم تۆ نیت، مەبەستم وشکە موسوڵمانەکانە.

مەشهەدی بەگ پاش ئەم وتانە بزەیەکی هاتیو گوتی:

- ئێمەش دەمانەوێ ببین بە خاوەن ئاینی خۆمان، لە ژیانی بێ مانا وەڕز بووم.

کوڕە قژلوولەکە بێوەی بتوانی سەرسامی خۆی وەشێرێ پرسی:

- مەبەستت چییە؟
- دەمەوێ بڵێم کە ئاین بەلای ئێمەوە بریتییە لە پێش خستنی مرۆڤ. ئەمە لەوەش چاکترە ببی بە ئەندازیارێکی چاك، ڤتروڤا دەبینی؟ ئەو کچێ بوو، ئێمە کە بەناو کوڕین چەندین هەنگاو لە پاش ئەوەوەین من ئەو جۆرە مرۆڤانەم زۆر خۆش دەویو خۆزگەیان پێ دەخوازم.
- یانی چی....؟ خۆشەویستی بەرانبەر بە مردوو!
- نا، هەڵەمەکە. مەبەستم لە خۆشەویستی مەردایەتیو پاڵەوانیەکەیەتی.

هەردوو هاوڕێ چاویان بڕییە بەردەم خۆیانو بێدەنگ بوون.

قەتاری خەڵکەکە سات بە سات قەرەباڵغ تر دەبوو. منداڵێك کە شان بە شانی مەشهەدی دەڕۆیی. چاوە خەمگینەکانی هەڵبڕیو پرسی:

- هەنووکە جەنازەکەی ڤتروڤا لە کوێیە؟
- جەنازە! دایەرەی پۆلیس تا ئێستا لە ترساندا دانی بە مەرگەکەیدا نەناوە، چ جای جەنازە.

مەشهەدی بەگ خۆی گەیاندە سەر سەکۆیەك. هەموو لایەکی لێوە دیارە. دوو دەستەی گەورە لە کۆڵانەکانەوە بەرەو لای ئەمان دەکشان. کە نزیك بوونەوە هەڵیان کردە سروود گوتن، پیاوانی پۆلیس کە بت ئاسا بەسەر ئەسپەکانیانەوە بوون لێکدا لێکدا شاوریان لێدەدا. دەستەی سروود بێژ دەهاتنە پێشەوە. مەشهەدی بە دەنگی لەرزان و گیراوەوە ئەو سرووده ئاشنایەی لەبەر خۆیەوە دەوتەوە. لێشاوی خەڵکەکە چەند هەنگاوێ پێش کەوت. لە پڕ حیلەی ئەسپی یەکێك لە پۆلیسەکان بەرز بۆوە. پۆلیسێك لە دوورەوە هاواری کرد:

- بۆ مردوو مارش لێدەدرێ. سروود ناوترێ!

مەشهەدی بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- ڤتروڤا نەمردووە! لەگەڵ ئێمەو لە نێو ئێمەدا دەژی!

پۆلیسی نێوبراو شانەکانی هەڵتەکاند، برۆ زەردەکانی وێك هێنایەوەو بێدەنگ بوو. لە دڵی خۆیدا دەیووت: "هەی قۆ قازی بیٚ شعور، من تۆ دەناسم، لە قۆقازیٚ راهاتووی لێرە ئاژاوە بنەیەوە؟ ئەوجا شەقێکی بە بن دەستی ئەسپەکەیدا کێشاو کەمێك چووە دواوە.

مەشهەدی بەگ بە زەردەخەنە تەوس ئامێزەکەی ئەم پۆلیسە تەواو توورەو کەللەیی بوو. چونکە زۆر چاکی دەزانی کە ڤتروڤا چۆن و کیٚ کوشتوویەتی، کەچی لە بەردەم خەڵکەکەدا خۆی گێل کردووەو دەڵیٚ: بۆ مردووە سروود ناوترێ.

خۆی پەیت کردو بەسەر پۆلیسەکەیدا نەڕاند:

- کەری بیٚ شعور.

مەشهەدی بەگ نەیویست لەوە پتر سەری بکاتە سەر، بۆیە لەوەندە بڕییەوە کە پێی وت: لاکەوە لەبەر چاوم، تف لەو قەلافاتەت، پیاو قێزی لێدەکاتەوە.

مەشهەدی بەگ کە گەڕایەوە سەیری کرد کوڕە قژ لوولەکە دەگریٚ. لە دڵی خۆیدا گوتی: "بۆ دەگریٚ؟" بەڵام نەیتوانی چ وەڵامێکی پرسیارەکەی خۆی بداتەوە. دەستی دەنێو دەستی خست، لێی راما، بە هێمنی لێی پرسی:

- چی بووە سەلیم؟ بۆ دەگری؟

سەلیم چاوەکانی سڕی، بە بزەیەکی دەستکردەوە گوتی:

- خوشکەکەی منیش خۆی سوتاندبوو. ئەوم بیر کەوتەوە. بە راستی مەرگێکی ناخۆشە.

دەنگی لەرزان و خەندەی پاك و فرمێسکیٚ کە بۆ مەرگی خوشکەکەی، دووری لە دایك و باوکی دەیڕشت, وەکو رۆژی رووناك دەرون پاکی ئەویان دەنواند.

- با بڕۆین سەلیم! هەڵبەتە خوشکەکەی تۆش نێچیرێکی بەستەزمانی دڕندەیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەم کۆمەڵەمان بووە. بۆیە وەڕز بووەو خۆی کوشتووە. خۆ بە خۆت ئاگات لە

کۆنەپەرستی ئێمەی موسوڵمانان هەیە؟ ماڵی موسوڵمانێکی خەیاڵ پلاوی ئێمە لە زندانێکی تەنگو تار ترسناکترە.

مەشهەدی بەگ بەم قسانە لەبری دڵدانەوە پتر سەلیم–ی ناڕەحەت کرد. دیمەنی خۆ سووتانەکەی خۆشکەکەی هاتەوە بەرچاو، ئازای گیانی کەوتە لەرزین.

– با بڕۆین سەلیم! گەر فرمێسك چارە بووایە من شەوو ڕۆژ لە یەك بین دەگریامو جۆگەلەی فرمێسکم هەڵدەبەست.

مەشهەدی بەگ لە هەموو ژیانیا بە قەد ئەوڕۆ قسەی نەکردبوو. دڵی تەژی کەسەرو پەژارە بوو، بەڵام گریانی پێ عەیب بوو.

* * *

وەختێ مەشهەدی و جەماعەتەکەی گەییشتنە بەرانبەر کڵێساکە، مەیدانی بەر کڵێساکە جمەی دەهات. دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە زەوی. پۆلیسی سوارە دوو دوو ریزیان بەستبوو، ئەلهەق چاك گەمارۆی حەشاماتەکەیان دابوو.

هەموو بێدەنگ بوون. چاو پڕ قینو سیمای تووڕەی جەماوەر هەڕەشەی لێ دەباری. لافاوی جەماوەر هەستا، وا تێك ئالأن نەیدەتوانی بجولێ. مەشهەدی بەگ وەپێش کەوت، لە پۆلیسەکان نزیك بۆوە. ئەمجارەش لە دڵی خۆیدا وتییەوە: ڤتروڤا نەمردووە!و نامرێ! بەڵێ بەڕاستی لەدڵی میللەتدا زیندوو بوو، وەکو مەشخەڵێکی نەکوژاوە لە نێو دڵی لاوانی شۆڕشگێڕدا بڵێسەی دەساند.

ئاپۆرای خەڵکەکەی توانای جولأنو چوونە پێشەوەی نەبوو، لە پڕ بە دەنگی بەرز جاڕێ درا: مۆڵەتی جولأن نادەمن.

مەشهەدی بەگ دانەکانی جیڕ کردەوەو گوتی: مۆڵەت نادەن! کڵێسا ڕێگای پرسە دانان بۆ کەسانێ کە خۆیان بکوژن نادا!

بەڵێ کڵێسا دژمنی کەسانێ بوو کە لە پێناوی ئابڕوو سەربەرزیو مرۆڤایەتیدا گیانیان فیدا دەکرد. نوێنەری ئاین لەبەردەم حەشاماتەکە وێستا بوو. بت ئاسا سەیری لێشاوی خەڵکەکەی دەکرد. بەڵێ، ئەو مۆڵەتی جولأنی خەڵکەکەی نەدەدا, ئەویش دەیویست تۆڵەی خۆی لە ڤتروڤاو ئامانجەکانی ڤتروڤا بستێنێ. بۆ ماوەیەکی کەم قەرەباڵغییەکە بێدەنگ بوو.

مەشهەدی لەو کاتەدا کە ڕێگای خۆی لە نێو خەڵکەکەدا دەکردەوە هاواری کرد: دەمەوێ مۆڵەت وەربگرم.

تازە گەیی بووە بەرانبەر کابرای نوێنەری کڵێسا. تەواوی خەڵکەکە چاوی سەرسامیان تێ بڕی بوو. مەشهەدی بەگ هەموو خەڵکەکەی لێ دیار بوو. دەتگوت چاوەنۆڕی ئیشارەتێکی ئەون تا بەرەو پێش هێرش بەرن.

– برادەران....

ئەم دەنگە، وەکو هاواری ئامادەبوون تەکانی بە خەڵکەکەدا. کابرای نوێنەری کڵێسا جولأ.

پۆلیسە شەڕانییەکە بـرۆ زەردەکـانی وێـك هێنایـەوە، مێشـکی خرۆشـا. ئـەها تـۆ قـازی کەرانباوگاو دیسان پەیدا بۆوە.

– برادەران پیرۆزبایی لە هاوڕێی جەنگاوەرمان دەکەین، درود بۆ گیانی پاکی دەنێرین.

دەنگی درود درود، هـەموو لایـەکی پـڕ کـرد. بـەڵێ ڤتروڤا زنـدوو بـوو، کەسـانێ درێـژەیان بـە رێگاکەی دەدا کە زۆر لە مەرگ بەهێزتر بوون.

* * *

زەنگی دەرگا لێدرا، وەڵام نەبوو. ئەوجا دەستەیەك دەرگاکەیان گرتو 5– 6 کەڕەتی چاکیان لێدا. تیشکی چرا چکۆڵەکە کەوتـە پرتـە پـرت، دەتگـوت لـە ترسـاندا هەڵدەلـەرزێ. سـەلیم لـە سوچێکی ژوورەکـەدا خـەوتبوو. قـژی بـژ ببـۆوە. فرمێسـکەکانی بـە گۆنایـەوە وشـك ببـۆوە. مەشهەدی بەگ تازە چاوی چوو بووە خەو. کتێبی "دەبێ چ بکرێ"ی چرنیشفسکی لەسـەر جێگاکەی بوو.

مەشهەدی بەگ چاوی هەڵێناو لە دڵی خۆیداوتی: کێ بێ بەم شەوە لە دەرگا بدا، خێر بێ!

بە توندی لە دەرگا دەدرا. مەشهەدی بەپەلە رابوو. چراکەی گەش کردەوە،

چاکەتەکەی دا بە شانیاو بەرەو دەرگای حەوشە چوو:

– کێیە؟

کە دەرگای کردەوە، دوو پۆلیس لەبەر دەرکە وێستا بوون.

– مەشهەدی بەگ لە ماڵەوەیە؟

– چیتان دەوێ؟ منم.

– پێویستە ماڵەکەت تەحەڕی بکرێ.

بێ وەی کەسێك مۆڵەتیان بدا، خۆیان وەژوورا کرد. سەلیمیش لە دەنگە دەنگی ئـەوان بێـدار بـۆوە. نیگایـەکی حەپەسـاوی پۆلیسـەکانی کـرد، بـەڵام قسـەی نـەکرد. پۆلیسـەکان ژوورە چکۆڵەکەیاندا بەیەکدا، هەموو سوچێکیان پشکنی، ژێر کورسییەکان، جانتای جلو بەرگ، نوێنەکانو.... کاری پشکنین نیو سەعاتێکی خایاند. پۆلیسە کورتە باڵاکە کتێبی "دەبێ چ بکـرێ"ی هـەڵگرت، پـەڕەکانی ئـەم دیـوو و ئـەودیو کـردو لـەجێی خـۆی دانـاوە. پارچـە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو بە مەشهەدی بەگی نیشاندا.

– جەناب بەڵکو خۆت بگۆڕی. پێویستە لەگەڵمان بێی.

سەلیم بە پەلە هەستاو خۆی گۆڕی. نیگەرانو شپرزە رووی کردە پۆلیسەکەو پرسی:

– بۆ لەگەڵتان بێ، چی کردووە؟

پۆلیسە باڵا بەرزەکە، کە سەرگەرمی پشکنینی کتێبەکان بوو، سەری وەرگێڕاو وتی:

– ئێمـە راسـپێراوینو راسـپێراو چ گلەییـەکی لەسـەر نییـە، ئەوەنـدەمان لەسـەرە کـە ئـەرکی خۆمان ئەنجام بدەین.

سەلیم چاوی لە مەشهەدی نەگواستەوە، دەتگوت بە نیگا لێی دەپرسێ ئەرێ تۆ چ خەتایەکت کردووە؟

- مەشهەدی منیش لەگەڵت دێم.

پۆلیسەکە لە قسەکانیان -بە ئازەری قسانیان دەکرد- حاڵی نەبوو. گومانی پەیدا کردو پرسی: ئەوە چ دەڵێن؟

سەلیم زۆر تووڕە بوو، گوتی:

- جا تۆ هەقت چییە؟

ئەوجا رووی کردە مەشهەدیو گوتی: هیمەتێ بکە با حەسیر مەیدانێکی ئەم نامەردانە بکەین.

سەلیم بە هەموو ئەقڵییەوە ئەو قسەیەی دەکرد، قۆڵی کراسەکەی هەڵماڵیو رووەو پۆلیسە باڵابەرزەکە چوو. مەشهەدی بەگ دەستی گرتو هێنایە دواوە.

- سەلیم واز بێنە، گەر یەکێك بوایە منیش رازی بووم. بەڵام دوانن، شایەت هەیەو گیرۆدە دەبین.

سەلیم گوتی:

- جا چییە هەردووکیان دارکاری دەکەین، لەچی دەترسیت؟

- ناترسم، ئەمە یەکەم شەرم نییە، بەڵام بۆ ئێستا راست نییە.

سەلیم بەقسەی هاورێکەی کرد، گەڕایەوە، بەڵام دیسان خۆی پێ نەگیراو مستەکۆڵەی گوشی: هەقی دارکاری کردنیان هەیە، ئاخر تۆ بۆ رازی نابی؟

معاونەکە، سنگی هێنایە پێشەوە، رەپ راوەستا، هاواری کرد:

- یاڵڵا بکەوە رێ. با بڕۆین.

سەلیم لەگەڵ مەشهەدیدا بەرەو دەرگاکە کەوتە رێ، پۆلیسە باڵا بەرزەکە پێی زانی، بەردەمی لێگرت: تۆ بگەڕێوە.

مەشهەدی بەگ بە هاتنی ئەو رازی نەبوو، گوتی:

- تۆ بۆ کوێ دێی؟ دۆستایەتیمان فەرامۆش مەکە، چ شتێ لەم بارەیەوە بۆ دایکم مەنووسە حاڵی هەیت؟ چونکە بێ تاقەت دەبێ، چ ترسێکم نییە، خوا حافیز، عەزیز بیگوف بابم هەر چەند وەستایەکی سادە بوو. بەڵام لە ژیانیا ترسی نەزانیو نەناسی، خوا حافیز.

مەشهەدیو سەلیم باوەشیان بە یەکدیدا کردو چەند جارێك یەکتریان ماچ کرد. مەشهەدی بەگ لەو دەمەدا کە وشەی خوا حافیزی دووبارە دەکردەوە دەنگی دەلەرزی. لە باوەشی سەلیم هاتە دەرێو بە بێدەنگی لێکدی جودا بوونەوە. پۆلیسەکان مەشهەدییان برد، تا چاو بڕ دەکا سەلیم چاوی لێ نەگواستەوە.

گەڕایەوە ژوورەکە، کتێبی "دەبێ چ بکرێ"ی بە دەستەوە گرت، یەك دوو جار پەڕەکانی ئەم دیوو، و ئەو دیوکرد، تاقەتی چوو. دەمەڕوو راکشاو دەستی بەگریان کرد.

سـی ڕۆژ تێپـەڕین. سـەلیم، عەسـری ئـەو ڕۆژە سـێ خوێنـدکاری ئـازەری بـینی. بیریـان لـە چۆنێتی ئـازاد کردنـی مەشـهەدی دەکـردەوە. هـەموو نیگـەران و دڵ بەسـوێ بـوون بـۆی. ئـەو ڕۆژە یەکێك لە مامۆستا کۆنە پەرستەکان کە هەواڵی گرتنی مەشـهەدی ژنـەوتبوو، کـەوتبووە لۆمەکردنی خوێندکارەکان کە گوایە خۆ لە سیاسەت هەڵدەقورتێنن. سەلیم لە بیری قسـە بـێ سـەروبەرەکانی مامۆسـتاکەیاندا بـوو. یـەکێك لـە خوێنـدکارە هاوشـارییەکانی کـە پیاسـەی لەگەڵ دەکرد سەری باسەکەی کردەوەو گوتی:

- منـیش لەگـەڵ بۆچـوونەکانی پرۆفیسـۆردام, ئـاخر ئێمـەو سیاسـەت کوجامەرحـەبا؟ بـۆ دەبێ بەهاری جوانیمـان دەرخـواردی زینـدان بـدەین؟ دەبوو مەشهەدیشـمان ئاگـادار کـرد باوە کە لەگەڵ خەڵکانی خراپ دا تێکەڵ نەبێ. باوەجو چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟

سەلیم ئەم قسـانەی لەبـەر گـران بـوو. هـەر کـە گەیینـە سـەر دووڕیانێك ڕێگـای خـۆی گـۆڕی و لەوان هەڵبڕا. خوێندکارە هاوشارییەکەی کە هەستی بەمە کردبوو گوتی:

- سەلیم بۆ کوێ؟

سەلیم ئاوڕی دایەوەو گوتی:

- دەچم سۆراخێکی مەشهەدی دەکەم.

خوێندکارە هاوشارییەکەی کێشای بەسەری خۆیداو هاواری کرد:

- ئەوە شێت بووی، کوڕە دانیشە چیت داوە لەم سەریەشەیە؟ بەڵام سـەلیم گـوێی نـەدایێ و ڕۆیی.

* * *

سـەلیم، لـەو ڕۆژەوە کـە مەشـهەدی گـیرا کـەم و زۆر خۆشـی لـە خـۆی نـە دەبـینی. هەمیشـە نیگەران و پەست بوو. کە لە پۆلادادەنیشـتن هـەر بـە نـاو لـەوێ بـوو، هـۆش و بیری هـەر لـەلای مەشهەدی بوو. هێشتا هـۆی گـرتن و شـوێنی زیندانەکـەی نـەدەزانی. لـە کاتێکـا برادەرەکـانی مەشـهەدی لـە ترسـی خۆیـان بـە هـیچ جـۆرێ یادیشـیان نـەدەکردەوە، سـەلیم ڕۆژ بـە ڕۆژ پـتر هەستی بە لـە دەسـت چـوونی مەشـهەدی دەکـردو زیـاتر پابەنـدی خۆشەویسـتی ئـەو دەبـوو.

ڕۆژێ لە کاتی پشوودا یەکێك لە خوێندکارە ئازەرییەکان لێی پرسی بوو:

- سەلیم تۆ بۆ بە خۆڕایی خۆت توش دەکەی؟

سەلیم بە توڕەیی وەڵامی دابۆوە:

- دۆستی شێنەیی چ نییە، دۆست ئەوەیە لە تەنگانەدا دۆست و مشور خۆر بێ.

سـەلیم بـە تـەنیا پیاسـەی دەکـردو بـیری دەکـردەوە: "هـەر دەبـێ وەیـدۆزم، ئـاخر بۆچـی گرتویانە؟

هەسـتی دەکـرد زۆر بەرپرسـیارە بەرانبـەر چارەنووسـی مەشـهەدی، هـەر جـارێ خوێنـدکارە هاوشارییەکانی باسی ئەویان هێنابا گۆڕێ، نیگەران دەبوو، و دەیگوت: ئێوە هـەر لـە قسـەی زل ئازان، ئاخر پێم ناڵێن قسەی زل بە چی دەچێ؟

عەسر بوو. سەلیم لە خوێندکارە هاوشارییەکانی هەڵبڕا، بە ئومێدی سۆراخی مەشهەدییەوە بەرەو پۆلیسخانە کەوتە ڕێ. بەڵام نە لەوێ‌و نە لەچ جێیەکی دی هەواڵی وەدەست نەکەوت، گشت حەپسخانەکانی شار گەڕا، ئەنجام بێ چ شسۆراخێك، شەکەت‌و ماندوو گەڕایەوە.

خاوەن خانووەکە دوو نامەی بە سەلیمدا، سەلیم هەر لەبەر دەرگاکەدا نامەکانی هەڵپچڕی. نامەی یەکەم هی مەشهەدی بوو، لە حەپسخانەوە نووسیبووی. بەلایەوە سەیر بوو مەشهەدی لە قەڵا قایم‌و ترسناکەکەی پترۆگراد توند کرابوو، چ ترسێکی نەبوو. لە نامەکەدا دڵی سەلیمی دابۆوە: سەلیم تۆ نیگەران مەبە. گەلێك کەیف خۆش بوو، مەشهەدی هەروا دوو سەد شەقاوێ لەولای ئەوەوە حەپس بوو، کەچی ئەو 4-5 سەعات هیلاك‌و برسی بە دوایدا گەڕابوو. خۆشحاڵییەکەی سەلیم هێندەی دەوام نەکرد. بیری کردەوە، شتێکی ئاساییە کە بەندییانی ئەم زیندانە حوکمی زۆریان بە سەردا دەدرێ.

نامەی دووەم هی دایکی مەشهەدی بوو. بەستەزمانە ئاگای لە چ شتێ نەبوو. وەڵامی نامەیەکی دوو هەفتە لەوەبەری مەشهەدی دابۆوە. لە بن دێڕی نامەکەدا خۆشەویستی‌و سۆزێکی فراوان بەسەر فرمێسکەوە شەپۆلی دەدا. سەلیم نامەکانی قەد کردو خستنییە گیرفانی، بە کۆڵێ کول‌و کەسەرەوە وەژور کەوت. ژوورەکە یەکجار بێ سەرو بەر بوو. بەجۆرێ درابوو بە یەکدا گەر یەکێکی نەناس هاتبا ژوورێ، وای هەست دەکرد پۆلیسی تزار هەنووکە جێیان هێشتووە.

کتێبەکان پەرت‌و بڵاو، دەفتەرەکان بێ ڕەونەق‌و کەم نموود لە سەر مێزەکە کەوتبوون. گریان ئەوکی گرت، بەڵام خۆی گرت‌و نەگریا. چاوی بڕییە شوێنێکی نادیار، ماوەیەك بەم حاڵەوە مایەوە.

مەشهەدی دێنایەوە بیری خۆی کە چۆن سەری خستبووە سەر شانی ئەوو دڵی دەدایەوە. مەشهەدی دۆستی تەنگانە بوو، بە قسەی خۆش‌و ڕاستگۆیانەوە زاتی دەدایە بەر هاوڕێکانی‌و دڵی دەدانەوە. ئێستا لە کونجی حەپسخانە کەوتووە. سەلیم بیری کردەوە کە چۆن لەم ماوەیەدا منداڵانە ڕەفتاری دەکرد. بەڵام ئێستا لە پڕ هەستی کرد کە ئیدی باوی ئەو ڕۆژانە نەمان، بۆ خۆی گوت: ئیدی ڕۆژانی منداڵیم بەسەر چوو، چەند جارێك ئەم وتانەی دووبارە کردەوە، نامەکەی مەشهەدی لە گیرفانی دەرهێناو جارێکی دی خویندەوە.

خاوەن خانووەکەی گاز کرد: ئانتونیدا حفیمونا.... چ وەڵامێك نەبوو. لە دەرگای خاوەن ماڵەکەیدا، دیسان وەڵام نەبوو. دەڵێی کەس لە ماڵێ نییە.

* * *

ئەو خانووەی کە سەلیم‌و مەشهەدی تێدا دەژیان، کەوتبووە کوچەیەکی پەرپوتی شارەوە. ئەنتونیدای خاوەن خانوو بە ساڵاچوو بوو. نیوەی قژی سپی ببوو، گاسنی ڕۆژگار کەم تا زۆر دەمو چاوو گۆنای کێڵا بوو. تەمەنی شەست ساڵێك دەبوو. مێردەکەی کرێکاری چاپخانە بوو، تازە هاتبووە پترۆگراد. دووچاری نەخۆشی ئاوسان ببوو، و مرد بوو. تاقە سەرمایەی ئەم ژنە دوو ژووری چکۆلە بوو کە کەوتبووە، نهۆمی سێیەمی تەلارێکەوە،

کوڕەکانی بۆ سەربازی برابوونو ئەویش بەکرێی ئەو تاقە هۆدەیە دەژیا. ئەو شتانەی کە لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دەبینران کۆنە کۆمەدییەكو وێنەی منداڵەکانیو شووەکەی بوو.

ئانتونیدا پاش سەعاتێك گەڕایەوە. زۆر نیگەران دیار بوو. بۆ سەلیمو مەشهەدی لە جێی دایك بوو. سەلیم وای بۆ چوو کە نیگەرانی گرتنەکەی مەشهەدییە. ئانتونیدا هەر کە لە سەلیم نزیك بۆوە لە پرمەی گریانیدا. سەلیم پرسی:

- ئانتونیدا نارەحەتی؟ بۆ دەگری؟!

بە دەنگی لەرزۆك وەڵامی دایەوە:

- بە خۆت دەزانی من... ئەوم بە قەد کوڕێکی خۆم خۆشدەوێ.
- دەزانم ئانتونیدا دەزانم، بەڵام نابێ بگری. خۆتیش ناڕەحەت مەکە.
- چوبوومە دیدەنی، بەڵام ڕێگایان نەدام. بە ناخێری گیانم گوایە پیرە دایێکێکم.

سەلیم گومانی لە قسەکانی ئەو نەبوو. گوتی:

- من دەتناسم ئانتونیدا مەگری...

گریان تینی بۆ سەلیمیش هێنا. دەستەسڕەکەی بە چاوییەوە گرتو...

*

دەرگای زیندانی داخرابوو. مەشهەدی لەو دیووەوەو سەلیم لەم دیوەوە وێستا بوون. تەنیا چوار هەنگاوێ لێکدیەوە دوور بوون. گاردیانێك چاودێری قسەکانیانی دەکرد. سەلیمو مەشهەدی بە زمانی زگماکی خۆیان دەدوان، گاردیانەکە کە هیچیان لێ حاڵی نەدەبوو چاوی پەڕی بووە تەوقی سەری. مەشهەدی بەم دە ڕۆژە تەواو لاواز ببوو. ڕەنگی زەردو چاوەکانی بە قوڵا چوو بوون.

- ئەشکەنجەشت دەدەن!
- ئەمڕۆ وەخت بوو بمکەن بە قوربانی کوتەکێك.
- بۆ؟!
- پرسکار بۆ سوکایەتی پێکردنم وتی: "تاتار لێی ناوەشێتەوە ببێ بە ئەندازیار. منیش وتم: لە تەواوی وانەکانمدا کە مامۆستاکانیش روسن نمرەی بەرزم وەرگرتووە. گوتی: ئەمە ڕێکەوتە. منیش وتم: وەکو پرسکارییەکەی تۆ؟".

هەردووکیان بێدەنگ بوون. سەلیم بە دەنگێکی گڕ دڕی بە بێدەنگییەکە داو گوتی:

- رازیت نامەیەك بۆ دایکت بنوسم؟
- نەخێر، پێویست ناکا.
- ئەدی دەتەوێ چ بکەی؟
- چ تاوانێکم نییە. بە تۆبزی دەیانەوێ بمکەن بە مەقاشی دەستو ڕێکخراوو شانە نهێنییەکان بدۆزنەوە. بەڵام ڕێکخراوو شانەی چی!
- بشێ لە نێو هاوڕێ گیراوەکاندا خەڵکانی سەر بەو ڕێکخراوانە هەبن؟

- نا، کەس نییە، بەڵام لە ئێستا بە دواوە دەبێ هەبن، منیش دەمەوێ پێوەندییان لەگەڵ بکەم.

مەشهەدی سوور هەڵگەڕاو سەری داخست. نەیدەیوست تەنانەت سەلیمی دۆستی نزیك‌و هاو ژووریشی سەر لە کاروباری رامیاری ئەو دەربکا. لەم دواییەدا دەستی بەم کارە کردبوو. گاردیانەکە وەکو کوند هاواری کرد:

- بیبڕنەوە، دەبێ بە زمانی رووسی قسە بکەن.

مەشهەدی بە گرژی وەڵامی دایەوە:

- هاوڕێکەم زمانی رووسی نازانی.
- کەیفی خۆیەتی.

مەشهەدی رووی کردە سەلیم:

- دەبینی سەلیم؟ پۆلیسێکی تەواوە. بە ئانقەست ئەم جۆرە زەلامە هەڵدەبژێرن... ئەرێ بە راست لە دانشگا فەسڵیان نەکردووم؟
- جارێ. ماوەیەك چاوەڕێ دەکەن.
- با هەر چاوەڕێ بکەن. سڵاوم بە برادەران بگەیەنە، کاتی دیدەنی بەرەو تەواو بوون دەچێ.
- بۆ ماوەکەی چەندە؟
- دە دەققە
- چەند کەمە؟
- هەر باشە، ئەمەش هەلێکە، لە ژوورێ را بە تەنێم. لە هاوڕێیانی دی جودام. کتێبێکیش نادەنە پیاو بیخوێنێتەوە. تاقەتم دەچێ.

گاردیانەکە کە سەری لە قسەکانیان دەر نەدەکرد، تووڕە بوو و رۆیی. گاردیانێکی دییان لە جێی ئەو نارد. مەشهەدی بەگ کە چاوی بە گاردیانە تازەکە کەوت قسەکەی بڕی. سەلیم لێی پرسی:

- ئەدی خەوتنت ناڕەحەتە!

مەشهەدی بەگ بۆوەی هاوڕێکەی نیگەران نەبێ، پێکەنی و گوتی:

- نە بابە، بۆچی بووە!

سەلیم هەستی کرد، مەشهەدی شتێکی لێ دەشارێتەوە. لەو دەمەدا چاوی بڕی بووە سیمای هاوڕێکەی و تفی قوت دەدا. مەشهەدی بەگ نێو چەوانی گوشی‌و دوو دڵانە کەوتە دەریای بیر کردنەوەوە. پێی دەچوو بیەوێ شتێ وەبیر خۆی بێنێتەوە. بەڵام نزیك بوونەوەی گاردیانەکە نەیهێشت. گاردیانەکە رووی کردە سەرۆك گاردیان‌و گوتی:

- جەنابی سەرۆك ئەمانە بە زمانی تاتاری قسە دەکەن.

مەشهەدی ددانەکانی جیڕ کردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: "چ ئاژەڵێکی پیسە." سەلیمیش هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە چارەی گرژەوە سەراپای گاردیانەکەی بە نیگای قین دابێژت. مەشهەدی گوتیك:

– هاوڕێکەم هێشتا زمانی رووسی باش فێر نەبووە.

سەرۆك گاردیان گێژو کاس ببوو، نەیدەزانی چ بڵێ. لە زیندانی پترۆزبورگدا ئەم جۆرە پێشهاتانە کەم روویان دەدا. کاتی دیدەنی کۆتایی هات. رووی وەرچەرخاندو رۆیی. گاردیانەکە مەشهەدی وەپێش خۆی داو بردی. مەشهەدی ویستی بگەڕێتەوەو شتێ بە سەلیم بڵێ. گاردیانەکە نەیهێشت. سەلیم نیگایەکی پڕ نەفرەتی گاردیانەکەی کرد. کۆنترۆڵی لە دەست داو فرمێسك زاییە چاوی.

*

هەفتەیەك بەسەر ئەم دیدەنییەدا تێپەڕی. لە رۆژێکی خۆشی بەهارا کوڕێکی تازە هەڵچوو بە کۆڵانە تەنگەکەدا دەڕۆیی و هێدی هێدی و لە بەرخۆوە گۆرانی "پەنجەرە دن دشا گلیر[2]ی دەووت. قەڵافەت و ردێنە رەش و پرەکەی بە ئێمە ئاشنا بوو.

---

2 بەردان داونە پەنجەران: بەشێکە لە گۆرانییەکی ئازەری.

[1] ئێمە لە مەرگ بە هێز ترین.



## سەعاتی زیو

**اصلان دا یالقیز الماسین([1])**

**ئەوساڵ دەرسەکانی مەشهەدی گەلێك قورس‌و ناڕەحەت بوون. بۆوەی بچێتە دوا تاقیکردنەوەی ئامۆژگای تەکنولۆژی پترزبورگ ناچار بوو لە دەرسی قورسدا ئیمتیحان بدا. مەشهەدی بەگ عادەتی وابوو کە دەرسێکی بە تەواوی رەوان نەکردبا ئیمتیحانی لێ نەدەدا.**

**بە درێژایی ساڵی خوێندن هەر بە کتێبی دانشگا دڵی دانەدەکەوت بەڵکو لە پاڵ ئەمانەشدا کتێبی زانایانی موتالا دەکرد، لە رۆژانی تاقیکردنەوەدا دەرگای ژوورەکەی لە خۆی دادەخست‌و لە بەیانییەوە تا ئێوارە کۆششی دەکرد. ئانتونیدای خاوەن خانوو رۆژ بە رۆژ پتر لە مەشهەدی نزیك دەبۆوە. خۆشتری دەویست. کە هەستی کرد با مەشهەدی سەرقاڵە، چای بۆ دەم دەدا، نانی بۆ دەکری، مەشهەدی پارەی کز ببوو. لەبەر سەرقاڵی خوێندنیش نەی دەپەرژا بچێ دەرسی تایبەت بڵێتەوەو ئاتاجی خۆی دابین بکا. دەمێ بوو عەزرەت بە ژمە خواردنێکی گەرم‌و چەور بوو. وێڕای ئەمەش کەمتر دەنووست‌و پتر کۆششی دەکرد.**

**عەسری رۆژێك لەم رۆژانە لە زەنگی دەرگا درا. مەشهەدی لەجێی خۆی نەبزوت، چونکە بە زۆری ئانتیونیدا دەرگای دەکردەوە. زەنگەکە لێدرایەوە. مەشهەدی زانی ئانتونیدا لە ماڵەوە نییە. بە پەلە هەستاو بەرەو دەرکەی حەوشە چوو، بە زمانی روسی:**

**– کێیە؟**

**دەنگێك لەو دیو دەرکەوە بە زمانی ئازەری وەڵامی دایەوە:**

**– نامناسیت، دەرکە وەکە ئەوجا یەکدی دەناسین.**

مەشهەدی بەگ دەرگای کردەوەو لاوێکی نا ئاشنای بینی:

- ئیوە عەزیز بەگ-ن؟
- بەڵێ منم، فەرموو

کوڕە وەژوور کەوت و دۆقەی لەگەڵ مەشهەدی کرد.

- من ابراهیم اسمائیلوفم گەر یارمەتی بدەی با بچین دانیشین، توانای وێستانم نییە.

دوو بە دوو وەژوور کەوتن، میوانەکە جلی دانشگای لەبەر بوو، بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

- من خەڵکی شاری "قاراباغ(2)"م و لە دانشگای پترۆگراد دەخوێنم.

پاییزی ئەمساڵ لە دانشگا وەرگیرام.

مەشهەدی بەگ بە روویەکی خۆشەوە گوتی:

- سەرچاوم، زۆر شادم، خوێندن بۆ ئێمە کارێکی پێویستە.

ابراهیم قسەکەی ئەوی سەلماندو گوتی:

- وایە. بیستوومە تۆ هەموو ئەو قۆقازیانەی لە پترۆگراد دەخوێنن دەناسیت. بەڵام بە داخەوە ئەمە یەکەمەجارە من، تۆ دەبینم.

مەشهەدی بەگ گەلێك کەیفی بە دیتنی ئەم قۆقازییە تازەیە هات. بە پەلە هەستا. بە ئەدەبەوە دەستی نایە سەر شانی و نیگایەکی پڕسۆزی کردو گوتی:

- هەر ئێستا چای دەم دەدەم.

میوانەکە وێڵی نواندو گوتی:

- دانیشە، زەحمەت مەکێشە.

مەشهەدی بەگ بە دەم چوونە موبەقەکەوە گوتی:

- زەحمەتی چی، هەر کەسێ لە نیشتمانەوە بۆ خوێندن بگاتە ئێرە خۆشەویستی منە، بەڵام حەیفێ لەوە چاتر شك نابەم.
- هەر باشە ئیدی ژیانی قوتابێتی وایە.
- بژی جەنابی عەزیز بیگوف، زەحمەتم دان.
- زەحمەت نییە نە. بە ناسینتان خۆشحاڵم. تکایە بە جەناب ناوم مەبە. گەر بڵێی هاوڕێ چاکترە. با ئەم وێڵ نواندنە لە نێواندا نەبێ.

ابراهیم بە پێکەنینەوە گوتی:

- دەمم وا راهاتووە. بەڵام ئێوە... دەزانن ئێوەو ئەوانەی کاری سیاسی دەکەن بە هاوڕێ یەکدی بانگ دەکەن.

مەشهەدی بەگ کە گوێی لەم قسانە بوو، بە تایبەتی لە دەمی دۆستێکی نەناسراوەوە سەرسام بوو. بە ناڕەحەتییەوە گوتی:

- چونتان زانیوە.

- لە هاوڕێکانی خۆم بیستووە، منیش دەمەوێ کارتان لەگەڵ بکەم. دەشتوانن متمانەم پێ بکەن. دڵنیابە لە رۆژی تەنگانەدا رووتان لێ وەرناگێڕم‌و مەیدان چۆڵ ناکەم. ئەم قسانە مەشهەدی بەگی کەمێ هێور کردەوەو بێدەنگ بوو. ابراهیم بە ئەسپایی گوتی:
- کاروانی خەباتی خەڵکی شتێ نییە پیاو لێی دوا بکەوێ، دوا کەوتن لەو کاروانە هاوتای مردنە، گەر حاڵ وا بڕوا بەم زووانە بتی زۆرداری هەرەس دێنێ. مەشهەدی هەستی بە شڵەژاوی و شپرزەیی دۆستە تازەکەی کردو پرسی:
- چیتە؟

سور هەڵگەڕا. رەنگی تێك چوو. بە دەنگێکی کز گوتی:

- هیچ. تۆزێ ماندووم.

مەشهەدی هەستی کرد ابراهیم شتێکی لێ دەشارێتەوە، بۆیە گوتی:

- حەز دەکەم متمانەت پێم هەبێ‌و بەڕاشکاوی گرفتی خۆتم پێ بڵێی.

برایم چ وەڵامێکی نەدایەوە. دیار بوو دەردەکەی ئەو هەروا بە ئاسانی باس نەدەکرا.

مەشهەدی بەگ بە دیتنی ئەو دیمەنە کەوتە گومانەوە. رەنگە هەر خۆی پیاوێکی بەگومان‌و راڕابێ. کێ دەڵێ بە جاسوسی بۆ ئێرە نەنێردراوە. پۆلیس بەردەوام تاقیبم دەکەن. نابێ جڵەو شل بکەم.

مەشهەدی بەگ ئەم بیرو خەیاڵە نەزۆکانەی لە خۆ رەواندەوە. دووبارە رووی کردەوە برایم‌و پرسی:

- چیتە؟ من ئامادەم چەندی لە توانامایە یارمەتیت بدەم.

دیسان چ وەڵامێکی نەدایەوە چاوەکانی نوقاندن، دەتوت خەوتووە. مەشهەدی کەمێك چاوەڕێی کرد. برایم رەنگی بوو بە لیمۆی زەرد. مەشهەدی بە سەرسامی سەرنجی دەدا، ئەمە چ نەگبەتییەکە، ئەم بەستەزمانە چییەتی؟ ئەوجا هەستا، لە پیلی نەوی‌و لەسەر تەختەکە رایکشاند.

- پێویستە بچم بە دووی دکتۆرا.

مەشهەدی دەرگای ژوورەکەی داخست‌و رۆیی. بە پێخاوسی‌و بە غاردان بەناوکۆڵانەکان کەوت. هەموو رۆژێ کە لە دانشگا دەگەڕایەوە لە نزیکی ماڵەکەی خۆیاندا تابلۆیەکی گەورەی بە دەرکەیەکەوە دەبینی لێی نووسرابوو دکتۆر فیگلمان. خۆی گەیاندە ئەو دەرگایەو لە زەنگیدا. دەنگێکی ژنانە:

- کێتان دەوێ؟

مەشهەدی بەگ کە هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو. بە شپرزەیی گوتی:

- دکتۆر، دکتۆر.
- دکتۆر لە ماڵ نییە.

مەشهەدی بەگ زۆر ناڕەحەت بوو:

- بۆ کوێ چووە؟

- چووه بۆ لای نەخۆشێك.
- بێ زەحمەت کەی دەگەڕێتەوە؟ زۆرم پێویستە.

ژنەکە لە پشت دەرگاکەوە گوتی:

- تۆ ئەدرەسی نەخۆشەکەم بدەیێ کە گەڕایەوە بۆتانی دەنێرم.

مەشهەدی بەگ چاری نەما. ئەدرەسەکەی بۆ خستە سەر کاغەزێك و دایێ. نیگەران و شپرزە ماوەیەك بۆ دکتۆری دی گەڕا. بەڵام چ دکتۆرێ لەو ناوە نەبوو. خۆیشی بە دەگمەن نەخۆش دەکەوت. بۆیە عیادەی دکتۆرەکانی نەدەزانی. بە نائومێدی گەڕایەوە، لە ڕێی گەڕانەوەدا سەرێکی تری ماڵی فیگلمانی دایەوە. هەمان ژنی پێشوو وەڵامی دایەوە:

- چوو بۆ لای ئێوە.

مەشهەدی بە پەلە بەرەو ماڵ بۆوە. لەبەر دەرگادا کابرایەکی 50 – 52 ساڵەی قەڵەوی سەر رووتاوەی بینی و پرسی:

- جەنابت دکتۆر فیگلمانی؟
- بەڵێ، ئێرە ماڵی نەخۆشەکەیە؟

مەشهەدی خێرا دەرگاکەی کردەوە. دکتۆری بردە ژوورەوە. برایم هێشتا چاوی هەڵنەهێنابوو. رەنگی ببوو بە لیمۆی زەرد. زۆر بە سەختی هەناسەی دەدا.

دکتۆر لە سەرەتادا دوگمەی کراسەکەی برایمی ترازاند، لاقەکانی بەرز کردەوە، پشتییەکی نایە ژێریان. لە بن لێوانەوە گوتی:

- زوعفە...

مەشهەدی پرسی:

- دکتۆر چییەتی

دکتۆر بێوەی وەڵامی بداتەوە گوتی:

- بێ زەحمەت تۆزێ ئاوی ساردی بە سەروچاوا بپرژێنە با بە هۆش بێتەوە.

مەشهەدی خۆی بە موبەقەکەدا کرد. قۆری سەر ئاگرەکە کوڵابوو. تۆزێکیش بەسەر ئاگرەکەدا هەڵچوو بوو. پەرداخێ ئاوی پڕ کردو هێنای. چەند پرژێ ئاوی ساردی بەسەروچاوی برایمدا کرد. برایم راچڵەکی و چاوی هەڵێنا. دکتۆرەکە رووی کردە مەشهەدی.

- ئەم نەخۆشە چ کارەیە؟

مەشهەدی لە مەبەستی دکتۆر حاڵی نەبوو. نیگایەکی پڕ لە نیگەرانی کرد. دکتۆر هەستی بەم نیگەرانییەی کردو گوتی:

- خەمت نەبێ، چ بەڵایەکی نییە.

مەشهەدی بەگ هۆی نەساغییەکەی برایمی لە دکتۆر پرسی: دکتۆریش بۆی روون کردەوە:

- نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە نەخۆشەکە لە پڕ تێك دەچێ، سەری دەسوڕێ، چاوی ڕێشکەوپێشکە دەکاو دەست و پێی خۆی دەڕنێتەوە. هاتوچۆی خوێن سست

دەبیّ. هەناسەی سوار دەبیّ، ماوەیەك بێهۆش دەكەویّ كە بە زۆری كەم دەخایەنیّ، هەروا چەند چركەیەك درێژە دەكێشیّ. مەگەر چۆنها بگاتە نیو سەعات.

لەم كاتەدا كە دكتۆر هەستی كرد ابراهیم وەئاگا هاتۆتەوە قسەكەی بڕی. نیگایەكی شیرینی كردو بزەیەكی ناسكی بەڕوویادا. مەشهەدی بەم دیمەنە تۆزیّ هێوربییەوە. برایم سەرنجێكی دكتۆرو پاشان ئی مەشهەدی داو پرسی:

- ئەوە چییە! دەمەویّ هەستم.

راست بووەوە، لەسەر تەختەكە رۆنیشت، لە شەرمەزاریدا چاوی داخست. مەشهەدی دوا پولی گیرفانی دەرهێناو بۆ دكتۆری راگرت:

- فەرموو كاكی دكتۆر، بە ئەرك نەبیّ راچێتەیەكیشی بۆ بنووسە.

دكتۆر دەستی مەشهەدی دایە دواوەو بە دەم بزەیەكی شیرینەوە گوتی:

- هەر ئێستا راچێتەشی بۆ دەنووسم.

لە پشت مێزە چكۆڵەكەوە دانیشت. هەندیّ شتی لەسەر پارچە كاغەزیّ نووسی. مەشهەدی كاغەزەكەی وەرگرتو خوێندییەوە: پیاڵەیەك شیر، پیاڵەیەك ماستاوو كەمێك نان.

مەشهەدی شانی هەڵتەكاندو گوتی:

- دكتۆر ئەمە چۆن راچێتەیەكە؟

- برا دەرەكەت برسێتی. بەو پارەیە شیرو ماستو نانی بۆ بكرە.

مەشهەدی هەموو شتێكی بۆ روون بۆوە. دەردەكەی برایم برسێتی بوو.

- دكتۆر خەجاڵەتمو نازانم بە چ زمانیّ سوپاست بگەم.

دكتۆر رووی كردە برایم و گوتی:

- ئەم دەرمانانە بخۆیتو كەمێك ئیسراحەت بكەی بەڵات لیّ نامێنیّ.

پاش كەمێك بێدەنگی گوتی:

- من پارە لە خوێندكاران وەرناگرم.

دكتۆر رۆیی. مەشهەدی بەبرایمی گوت:

ئەدی بۆ لە هەوەڵەوە نەتگوت برسیمە؟ چ كابرایەكی شەرمنی!

*

مەشهەدی لە پڕ قۆرییەكەی بیركەوتەوە. خۆی بە موبەقەكەدا كرد، قۆرییەكەی داگرت، لە پەنجەرەكەی دانا, شەپقەكەی لەسەرناو لە ماڵ وەدەركەوت.

برایم بە تەنیّ مایەوە. چاویكی بە ژوورەكەدا گێڕا جگە لە چەرپایەیەكی ئاسن، كۆنە جانتایەكو شڕە پاڵتۆیەك كە بە سوچێكەوە هەڵواسرابوو چیدی لە ژوورەكەدا بەدی نەدەكرا. دەفتەرو كتێبەكانیش لەسەر مێزو پەنجەرەیەك پەرتو بڵاو ببوونەوە. برایم لەدڵی خۆیداگوتی: "كارێكی خراپم كرد، ئەویشم خستە زەحمەتەوە".

غەمگینو ناڕەحەت، ویستی لە تەختەكە بێتەخواریّ، بەڵام لاقەكانی سست بوونو لە دوی نەهاتن، لە جێی خۆی دانیشتەوە.

مەشهەدی بەگ هاتەوە، ئەو شتانەی دکتۆر نووسیبوونی هەمووی کڕی بوون. رووی کردە برایم و گوتی:

- هاوڕێ برایم تۆ دەبێ جارێ ئەم خواردنانە بخۆی تا تۆزێ بێیەوە سەرخۆ. ئەوجا دادەنشین و قسان دەکەین.

برایم شیرو ماستەکەی خوارد، ئاهێکی تێ گەڕا، مەشهەدی سەیرێکی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: "دوا پولم خەرج کرد. ئیدی چ یارمەتییەکەم لە دەست دێ؟ خۆ دایکیشم دەستی کورتەو ناتوانم رووی لێ بنەم".

برایم گوتی:

- وادیارە تۆش وەکو من نەداری. بەڵام چار نییەو دەبێ خوێندن تەواو بکەین. خەڵکی ئێمە بە سەدان ساڵ لە کاروانی شارستانیەت دوا کەوتوون, زۆریان پێویست بە رۆشنفکران هەیە. بێ هاوکاری و رێنوێنی ناتوانن هۆشیاری کۆمەڵایەتی وەدەست بێنن. گەر خویندن تەواو بکەین و بگەڕێینەوە بۆ نیشتمان خۆ سوودی چاکمان دەبێ، وانییە؟

برایم کە ئاسوودەیی و متمانەی لە نیگای مەشهەدی دا خوێندەوە، لەسەری رۆیی:

- هاوڕێ عزیز بیگوف تۆ زۆر راست دەکەی، دەبێ هەر چۆنێ بووە بخوێنین. من ئەوە بۆ دوو مانگان دەچێ پارەی ئەوەم نەبووە تێر بە سکی خۆم نانی وشکیش بخۆم، بەڵام هەر سارد نەبوومەتەوەو دەست بەرداری دەرسەکانم نەبووم، لە هەموو دەرسەکاندا امتحانم داوە تەنیا دەرسێ نەبێ کە ئەویش زۆر قورسە. پیاو تاقەتی لێ دەچێ. چما ئێمە چین؟.

مەشهەدی گوتی:

- هاوڕێ برایم چاکت کرد هاتی بۆ ئێرە. ئەدی هاوڕێ گەر لە تەنگانەدا بە کەڵك نەیەت کەنگێ هاوڕێیە؟

برایم بە راشکاوی گوتی:

- من دەمەوێ لە رێکخراوەکەی ئێوەدا کار بکەم. هەر بۆ ئەمەش هاتم.

مەشهەدی بە سەرسامی گوتی:

- باشە کێ بە تۆی گوتووە کە من لە رێکخراوی نهێنێدا کار دەکەم؟

برایم سەری داخست و گوتی:

- هاوڕێ بیگوف باوەڕ پێم هەبێ و چ ترسێکت لێم نەبێ. سەلیم ناردمی. ئەو سەلیمەی کە تا ئەم دواییەش هاو ژوورت بوو، وایە؟

مەشهەدی بەگ بەم رەفتارەی سەلیم ناڕەحەت ببوو. بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو، قسەکانیبرایمی سەلماندو گوتی:

- وایە: سەلیم ئێستا دەوڵەمەند بووە، دەرسی تایبەتی دەڵێتەوەو خانووی سەربەخۆی گرتووە.

سەری دانەواندو لەسەری رۆیی:

- جا ئێستا با بێینە سەر مەسەلەی کارکردنی تۆ. خۆت دەزانی هیچ شتێ ئێمەی لە ڕێکخراوێکدا کۆنەکردۆتەوە جگە لە بیرو ئایدیۆلۆژی. ئەم ڕێیەش سەختو درێژە، فیداکارییەکی زۆری دەوێ. من کە لە زیندان بووم مانم گرتو چوار دانە ڕۆژی خشت نانم نەخوارد، بەڵام ئامادە نەبووم نێوی هیچ هاوڕێیەکی خۆم بڵێم. ئێمە هێشتا هەوەڵمانەو لە سەرەتای ڕێگادایین. چاری ڕێگاش هەر ڕۆیشتنە. دەبێ هەموو کاتێ ئامادەی حەپسو دوور خستنەوەو تێ هەڵدان بین. دەبێ ئەلکساندر ئولیانوف [3] بێنینە بەرچاوی خۆمان کە چۆن لە پێناوی ئامانجەکانیدا لەسێدارەدرا.

برایم کە هەناسەی لەبەر خۆی بڕی بوو هاتە قسەو گوتی:

- چاوەکەم چما ڕێیەکی دی هەیە؟ ئێمە ناکرێ بە دەستی خاڵی بۆ نیشتمان بگەڕێینەوە... پێویستە دیاری دەستمان زانستو ڕێباز بێ. خەڵکی لە هەردوو ڕووەکەوە پێویستیان بە ئێمەیە. دەبێ باکۆ ببێ بە مەشخەڵی ئازادی هەموو ڕۆژهەڵات.

برایم هەڵوەستەیەکی کرد. مەشهەدی چاوی بڕی بووە خاڵێکی دوورو نادیار. باکۆ بە هەموو دەردەکانییەوە لەبەر چاوی بەرجەستە دەبوو. برایم لەسەری ڕۆیی:

- بۆیە ناچارین هەموو شتێ فێر ببین.

مەشهەدی بەگ چای کردە قۆرییەکەوە.

- گەر بەو مەرجانە قاییلی قەیدی نییەو زۆر چاکە.

برایم کە بەم قسەیە خۆشحاڵ ببوو گوتی:

- زۆر مەمنونم هاوڕێ بیگوف, کەم تا کورتێکیش ئاگاداری جموجۆڵو چالاکییەکانی خەڵکی لای خۆمان هەم.

مەشهەدی تەمەشایەکی کردو گوتی:

- با چایەك بخۆینەوەو بڕۆین بەڵکو چارەیەك بدۆزینەوە. خوێندنو سکی برسییان نەگوتووە. پیاڵەکانی لەسەر مێزەکە دانا. کۆنە چاکەتەکەی لەبەر کرد. لەودەمەدا چاوی بە زنجیری سەعاتەکەی کەوت کە لە گیرفانی چاکەتەکەیەوە شۆڕ ببۆوە. هەڵوەستەیەکی کرد. سەعاتەکەی دەرهێناو لێی ورد بۆوە. وەختێ هاتبوو بۆ پترزبۆرگ، سەلیمنازی دایکی ئەو سەعاتەی دابۆیێو گوتبووی:

- ئەمە یادگاری بابتەو بۆ تۆ ماوەتەوە.

باوك، ئەم وشەیە بەلای مەشهەدی بەگەوە گەلێ ئازیزو پیرۆز بوو.

مەشهەدی سەرنجێکی برایمی داو گوتی:

- ئەگەر ئەم سەعاتە بفرۆشین خەرجی چەد هەفتەیەکمان دابین دەکا بەڵام حەیفێ یادگارە.

برایم گوتی:

- نە، نا.... کارێکی دروست نییە.

دوای چا خواردنەوە هاتنە دەرێ. بۆ کوێ؟ کەسیان نەیاندەزانی.

---

مەشـهەدی لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "دەتـوانم سـەعاتەکە بخەمـە بارمتـەوەو هەنـدێ پـارە وەربگرم". رووی کردە برایم و گوتی:

- باشە ئەگەر بیخەمە رەهنەوە چەندمان دەدەنێ؟

برایم سەرێکی باداو گوتی:

- هاوڕێ بیگوف پێویست بەم کارە ناکا.

مەشهەدی رووی کردە برایم و گوتی:

- برایم من ئەمجارەیان هاوڕێ نیم، بەڵکو جەنابم، گەر بیخەینە رەهنـەوە لـە هـەموو شـتێ چاترە، یادگاری بابمەو ناکرێ بیفرۆشم....

برایم کە مێ بێ تاقەت بوو، هەوڵی دەدا لە رێ کردنا دوا نەکەوێ، گوتی:

- ئەدی ئەگەر پارەت نەبوو لە رەهنی دەربێنییەوە؟ خۆ سەعاتەکەت لە کیس دەچێ.

مەشهەدی بەگ کە گوێی لەم قسەیە بوو خێرا گوتی:

- سـەعاتێ بـۆ بـرادەر نـەبێ بۆچـی باشـە؟ مـن ئامـادەم سـەرم لـەم رێیـەدا دابنـەم چ جـای سەعات. چەند جوانیان گوتووە: شێریش بێ پشت و پشتیوان نەبێ.

*

سـەعاتە زیوەکـەی مەشـهەدی بـەگ بـە کـەڵکی گـەلێ کەسـی دی هـات. هـەر خوێنـدکارێکی ئازەری بێ پارە با خێرا دەکەوتە بیری سەعاتەکەی عەزیز بیگۆفەوە.

---

[1] شێریش بێ پشت و پشتیوان نەبێ.

[2] یەکێکە لە شارەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت.

(3) برا گەورەکەی لینین بوو کە لە سەردەمی نیقولادا گیراو لە سێدارە درا.

## ئارەزوو

**قاچاخ دا ایگید لیکدندیرا([1])**

**مەشـهەدی بـەگ لـە دوا سـاڵی ئامۆژگـای تـەکنۆلۆژی بـوو کـە حکومـەتی تـزاری دای خسـت. بـە بۆچـوونی رژێـم ئەمـە باشـترین بەرپەرچدانەوەی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی ئـەم دانشـگایە بـوو. مەشهەدی خۆی ئامادە دەکرد تا بۆ باکۆ بگەڕێتەوە. لەم رۆژانـەدا هەمیشـە سیمای دایکی لەبەر چاو بـوو. تـاپۆی دایکـی لـە هـۆش‌و خـەیاڵی دوور نەدەکەوتـەوە. کـە خـوا حـافیزی لـە ئانتونیـدا دەکـرد، کەبـەرەو وێسـتگا دەچـوو. کـە چـاوی بـە سـەلیمی هاوسـەفەری دەکـەوت پـتر دایکـی بەرجەستە دەبوو.**

**دوو هاوڕێی ئۆکرانیایی لەگەڵیان هاتبوون بۆ وێستگا تا بە رێیـان بکەن‌و ماڵئاواییـان لـێ بکەن. ئەو دوو هاوڕێ ئۆکرانییە بەو پارە کەمەی کە هەیان بـوو سـەرو چەپکێ گوڵی جوانیـان بـۆ کـڕی بوون. دیدەی پڕ گریان‌و دەنگی لەرزۆکیان بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ لەبیری سەلیم‌و مەشهەدیدا مایـەوە. دوا قۆنـاغی خوێنـدن بـۆ مەشـهەدی یـەکجار ئەسـتەم‌و نـاخۆش بـوو، بـەڵام سـەلیم کـە هەمیشـە نیگـەرانی دووری داك‌و بـابی بـوو، گـەلێك دڵـی خـۆش بـوو. پێکـەنین لـە زاری نـەدەبڕا، هـۆنراوەی شفنچـکو([2])"ی بـۆ هـاوڕێ ئۆکرانییـەکان دەخوێنـدەوە. هـانی دەدان کـە زووتـر بـۆ ئۆکرانیـا بگەڕێنـەوە. کـە شـەمەندەفەرەکە جـوڵا ئـەوجا هەسـتی کـرد لـە هاوڕێکـانی دوور دەکەوێتەوەو دەردی جودایی گەلێك گرانە، وەکو منداڵ دەستی بە گریان کرد.مەشهەدی گوتی:**

- **ئەوە چییە، دەگری؟**

**یـەکێك لـە خوێنـدکارە ئوکرانییـەکان بیری لـە پـازدە رۆژە زیندانییەکـەی مەشـهەدی کردەوەو گوتی:**

- **مەشهەدی بەگ لـە بیرمـان مەکـە، هـەر چـەندە نێوانمـان دوورە بـەڵام دڵمـان لێکدی نزیکـە بووەو دەبێ.**

هیوای سەرکەوتیان بۆ سەلیمو مەشهەدی خواستو خوا حافیزیان کرد. شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ, هەستی دوور کەوتنەوە لە دەوروبەری دانشگاو هاوڕێیان زۆری بۆ سەلیمو مەشهەدی هێنا. مەشهەدی لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێناو لێکدا لێکدا دەستی تەکان دەداو وەزرز نەدەبوو.

پترزبورگی پیرە شار نقومی بەرە بەیانێکی زیوین ببوو، جگە لە چەرە دووکەڵی، دوکەڵکێشی کارخانەکان چیتر بەرچاو نەدەکەوت. مەشهەدی بەگ بەر پەنجەرەکەی بەردا، بزەکەی سەر لێوی چۆوە. هەموو شتێ بە جێما، نوا ، دانشگا، هاوڕێیانو هەروەها زندان...

ئەوەی لە دڵی مەشهەدیدا ببوو بە گرێ ئەوە بوو کە دەیویست ئامۆژگاری هاوڕێ ئۆکرانییەکانی بکا کە لە نێو یەکدیدا تەباو یەك پارچەبن. بەڵام حەیفێ لەبەر چاوی خەڤو جاسوسان ئەمەی بۆ نەکرا.

سەلیم لەم کاتەدا لە فارگۆنەکە هاتە دەرێو گوتی:

– مەشهەدی، دوو هاوسەفەری سەیرمان بۆ پەیدا بوون. یەکێکیان پیرەمێردێکە ردێنی تا ئەژنۆی هاتووە. ئەگەر تا مۆسکۆ نەمرێ هەزار سڵاواتی دەوێ. دووەمیان دووچاوی پێوەیە دەڵێی ببزۆکن، بەردەوام دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی.

*

پیرەمێرێك لە فارگۆنەکەدا رۆنیشتبوو. ردێنی لە گسك دەچوو. مەشهەدی بەگ وەژوور کەوتو، ویستی بچێتە جێیەکەی خۆی، هەر کە چاو بە پیرەمێر کەوت خەریك بوو جڵەوی خۆی لە دەست بداو لە قاقای پێکەنین بدا. پیرەمێرەکە نیگایەکی کردنو:

– بە هەر حاڵ ئەمانە قسەی قۆڕو بێ مەعنان. بە زەبری تەمەنو تەجرەبە گەییومەتە ئەو ئاکامەی کە ئاشتیو تەبایی چاکترین رێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانن. ئاشتی خوازی کارێکی گەلێ گەورەو بە سوودە. هەستی تۆڵەسێنیو ئینکەبەرایەتی هەستێکی چاك نییە.

مەشهەدی بەوردی گوێی بۆ قسەکانی کابرای پیرەمێرد رادێرا بوو. بەڵام هیچی لێ هەڵنەکراند. سەلیم کە لە هەوەڵی قسەکانەوە لە وێندەر بوو، هەڵیدایێ.

– ببورە جەناب، تۆ پێت بە لێوار قەبرەوەیە، لە ژیان وەرز بووی، بەڵام ئێمە گەنجینو تازە هاتووینە مەیدانی پڕ لە شەپۆلی ژیانەوە. دەمانەوێ وەکو مرۆڤ بژین. ژیانێکی ئابڕو مەندانەو پڕ لە شکۆی مرۆڤانە. کۆمەڵی ئەوڕۆی ئێمە بەرەو دڕندەگەری دەبرێ تۆ هەقتە لەم تەمەنەدا وا بیر بکەیەوە.

پیرەمێرەکە نیگایەکی پڕ لە تەوسی سەلیمی کردو گوتی:

– نە هەقت ناگرم، ئەم کەفو کوڵە هی تەمەنەکەتە.

ئەوجا شانە رەقو تەقەکانی هەڵتەکاندو لەسەر رۆیی:

– بەڵام ئەوەشت بیر نەچێ کە منیش بەو قۆناغەدا رۆییووم.

سەلیم نیگەران بوو. بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– تۆ هێشتا لە سەدەی نۆزدەدا دەژی‌و ئاگات لەوە نییە کە ئێستاکێ لە سەرەتای سەدەی بست داین. دیارە جەنابت لەلاویشدا هەر گەرمی‌و سەرمای رۆژگارت نەچەشتووە.

پیرەمێرەکە راچڵەکی. گرژی تووڕەیی چەشنی چەخماخەیەکی کەم خایەن نیشتە سەر نیگای‌و ون بوو. ئەوجا رووی کردە سەلیم‌و گوتی:

– ئەم هەڵچوون‌و تووڕە بوونەت باش نییە. گریمان من بابایەکی پیری خەڵەفاوم ئەدی دۆستوفسکی کەڵە نووسەری روس چییە؟ یانی کابرایەکی شۆڕشگێڕ نەبوو؟ ئەدی چۆن لە دواییدا لەگەڵ ئەم رژێمە کۆمەڵایەتییەدا ئاشت بۆوە؟

مەشهەدی بەگ کە زۆری لەم قسانە ژنەوتبوو، ئیدی دەیزانی کێ لەسەر هەقە... دوا قسەی پیرەمێرەکە دەهری کرد. بێ سێ‌و دوو، و بە دەنگی بەرز خۆی تێکەڵ کرد:

– نەخێر دۆستوفسکی هیچ کاتێ شۆڕشگێڕ نەبوو. وشەی پیرۆزی شۆڕشگێڕ بە کەسانێ ناگوترێ کە لە ترسی سێدارە، لە بیرو ئامانجی خۆ لابدەن‌و ژێوان ببنەوە.

پیرەمێرەکە پێکەنی‌و بە تەوسەوە گوتی:

– تۆش سێدارەت دیبا، هەڵبەت تۆزێ بەم قسانەتدا دەچوویەوە.

– مەبەستم خۆم نییە، بەڵێ، ئێمە هێشتا جوانکەین. بەڵام ئەمە مەعنای وا نییە کە دەبێ خۆم سێدارە بدینم ئەوجا قسان بکەم. من قارەمانانی گیان فیدای ئەم رێیەم لەبیر نەکردوون. باشە چرینشفسکی لە یاد دەکرێ؟ ئەلکساندەر ئولیانوف لەبیر دەچێتەوە؟

مەشهەدی کەمێك بێدەنگ بوو، تووڕە بوون‌و هەڵچوونەکەی رەوییەوەو بە کاوە خۆ دەستی پێکردەوە.

– جەناب لەبەر ئەوەی ناتناسم، بە پێویستی نازانم چیدی لەسەری بڕۆم،

پیرەمێرەکە زۆر نارەحەت بوو، برۆکانی وێك هێناوەو گوتی::

– من... من مامۆستای ئامۆژگای موسکۆم، بە هەر حاڵ جاسوس نیم‌و مەترسە. بەڵام هەوڵ بدە ئەو مرۆڤە گەورەیە بناسیت.

مەشهەدی بەگ گوتی:

– ئەم قسانەی تۆ زیانی رۆشنفکرانی روسیای تێدانییە. شۆڕشگێڕانیش نکۆڵییان لەوە نییە کە دوستوفسکی هونەرمەندێکی مەزن بوو. وەکو کەڵە پیاوێکی روس ناوو شۆرەتێکی جیهانگیری هەیە. بەڵام ئەو رێیەی ئەو پێی چاکە بۆ ئێمە هاوتای خۆ کوژییە.

پیرەمێرەکە نەیتوانی لە مەبەستی مەشهەدی بەگ بگا، هەڵیدایێ‌و:

– هەڵبەتە ئەم قسەیە راستە کە لای کەسانی بچووك رەگەزێك لە حەقانییەت‌و حەق پەروەری هەیە.

ئەم قسانە تەنگەی سەلیمیان گرت. بە دەنگی بەرز گوتی:

– جەناب خەڵکی هەموو یەکسانن، خەڵکی گەورەو بچووك قسەی قۆڕن.

سەلیم لە پاڵ ئەم تووڕە بوونە نابەجێیەشیدا توانی بابەتەکە بگۆڕێو سەرە داوێك بداتە دەستی پیرەمێرەکە تا درێژە بە قسەکانی بدا. پیرەمێرەکە پێ دەچوو بەمە خۆشحاڵ بێ، بۆیە بە نەرمیو بە کاوەخۆ دەستی بە قسان کردەوە:

- ئەم قەوانە کۆن بووە کۆن، لەم روسیایەی ئێمەدا گەلێکیان هاوار کرد: "گەل، گەل"، زۆریان قڕو قەرەباڵغی کرد بەڵام ئەنجامەکەی چ بوو؟ جا ئەم قسانەی ئێوەش کاوێژ کردنەوەی ئەو شتە کۆنانەیە. بزاڤی دنیا لەسەر بناغەی یاسای تایبەتی وێستاوە. ئێوە دەتانەوێ ئەم یاسانە هەڵوەشێنن، بەڵام دووچاری هەمان چارەنووسی دۆنکیشۆت دەبن. ئەم قەوانەی ئەمڕۆ ئێوە بەو بێ سەرو بەرییە لێی دەدەنەوە باوی نەماوە.

"گەل" جارێ پێم بێژە "گەل" دەکاتە کێ؟ من دۆستوفسکی دەناسم، تۆلستۆی دەناسم، بەڵام بە هیچ جۆرێ لە چەمکی "گەل" تێ ناگەم. زۆرم پێ خۆش بوو کە باسی ئەم کەڵە پیاوانەتان هێنا گۆڕێ، یۆنانییەکان کە لە مێژوودا نێویان دەرکرد لە سایەی سەری پیاوە هەڵکەوتووەکانییەوە بوو. بە باوەڕی من گەر مێژوویەکی شکۆداریان هەبێ ئەوا لە سایەی سەری بلیمەتو هەڵکەوتووەکانیانەوەیە. گەلیش هەر لە سێبەری ئەوانەدا دەبن بە گەل. دەنا "گەل" جگە لە رەشو رووتی چەکلو مەکل چییە.

مەشهەدی بەگ قسەکەی پێ بڕیو گوتی:

- جەنابی پرۆفیسور ئەم قسانەی تۆ پولێکی قەڵب ناکەن. هەر هەموو قسەکانیشت کە بە ناوی خۆتەوە پێمانی دەفرۆشی هی نیتشەن.

پیرەمێرەکە سەرێکی بادا. مۆڕەیەکی لە مەشهەدی کرد. لێوی کەوتنە تەتەڵە. چارەی گرژو مۆن بوو. و ئەوجا گوتی:

- چ قەیدییە؟ من بیروبۆچوونەکانی ئەوم بە دڵە.

سەلیم کە خۆی زۆر بەڕاست دەزانی، بێوەی رووی دەمی لە کەس بێ گوتی:

- کەسێك کە تواناو بەهرەی "گەل" بە هیچ بزانێ نەك هەر کابرایەکی دڵ پیسە، بەڵکو مێشکیشی بۆگەنە.

کابرای پرۆفیسۆر ئەم قسانەی زۆر لەبەر گران بوو، و گوتی:

- لە سەرەتادا تۆزێ نەزاکەتتان هەبوو ، بەڵام وا دیارە....

سەلیم قسەکەی پێ بڕیو گوتی:

- نەزاکەت لە قسەو باسدا، یانی راستگۆییو راشکاوی.

پیرەمێرەکە تەواو دەهری بوو، هاواری کرد:

- بەسە کاکی خۆم، تۆ هێشتا منداڵیو بۆنی شیری خاوت لە زار دێ.

مەشهەدی بەگ لە دڵەوە قسەکانی سەلیمی پێ خۆش بوو، کە بینی پیرەمێرەکە تووڕە بووە بە ئیشارەتێك سەلیمی بێدەنگ کرد. ئەوجا لە فارگۆنەکە وەدەرکەوت.

پیرەمێرەکە رووی کردە هاوسەفەرەکەیو گوتی:

- وەڵڵا بابە جوانت گۆ. جا وەرە ئەم نەفامانە بیانەوێ دەزگای دەوڵەتی بگۆڕن!

سەلیم تووڕە بوو، و گوتی:

- پرۆفیسۆری کۆنەپەرستی تزار پەرست، ئەدی بۆگەن بوون چۆنە؟

پیرەمێرەکە بە دەنگی بەرز هاواری کرد: هاوسەفەرەکەی دیشیان خەبەری بووە.

- بەسە کوڕم بەسە، نامەوێ چی دیت لەگەڵ بڵێم.

کابرای سەر رووتاوە، کێشمانێکی خۆیدا، چاوەکانی هەڵگلۆفتو رووی کردە سەلیم:

- هەنووکە بۆ واز لەم دەحکەی مەلابەزێنییە نایەنن؟

سەلیم گوتی:

- ئەوەی بیرم لێ نەکردبێتەوە بەزاندنیەتی.

سەلیم کە زانی قسەکانیان بێ سوودە، دەستی دایە کتێبەکەیو کەوتە موتالاکردن، کتێبەکە رۆمانی "ئورفە"ی تورگینیف بوو.

*

مەشهەدی گومانی لەو پیاوەی تەنیشت پیرەمێرەکە پەیدا کردبوو. وەختی نووستن پیرەمێرەکە داوای کرد کە موناقەشە نا تەواوەکەیان تەواو بکەن. بەلام مەشهەدیو سەلیم شتاقیان وەلامی نەدایەوە. ئەو پیاوەی کە جێی گومانی مەشهەدی بوو، لەسەر جێگاکەی گینگڵی دەداو لە ژێرەوە سەیری دەکرن.

مەشهەدی بەگ سەرنجی هەموو رەفتارێکی دەدا، بە هەڵسوکەوتیا تەواو دڵنیا بوو کە جاسوسە, مەشهەدی بەگ ئیشارەتێکی سەلیمی کردو لە فارگۆنەکە وەدەر کەوت. سەلیمیش خێرا دووی کەوت. پاش ئەوەی بە وردی سەرنجی هەموو لایەکی دا، بە زمانی ئازەری بە سەلیمی گوت:

- سەلیم ئێمە زۆر غەدرمان کرد بەو جۆرە دەمی خۆمان لێ بەرەڵلا کرد. کابرا سەر رووتاوەکە جاسوسێکە ئاو لێڵ ناکا. دڵنیام هەر کە بگەینە موسکۆ یەکسەر بە گرتمان دەدا. جا بە هەر نرخێ بووە دەبێ خۆمانی لێ دەرباز بکەین.

سەلیم هەرچی دەکرد باوەڕی نەدەکرد. ئاخر ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە، خۆ کابرا بە درێژایی موناقەشەکە سەری پشتگیری بۆ قسەکانی سەلیمو مەشهەدی دەلەقاند.

سەلیم لە مەشهەدی پرسی:

- چۆنت زانی؟

- ئێستا وەختی نییە، پاشان پێت دەڵێم. دەبێ بە دزی ئەوەوە دابەزین. زۆر بە وردی تاقیبمان دەکا. سەلیم لە فکران را چوو. قتیارەکەش لێکدا لێکدا خێراتر دەبوو. چ شتێ لە پەنجەرەکانەوە نەدەبینرا، دنیا نقومی تاریکی بوو. کە جار جارێ رۆشنایی نێو فارگۆنەکە لە دەرێی دەدا تاپۆیەك بە دیار دەکەوتو خێرا لە چاو ون دەبوو.

سەلیم لە مەشهەدی پرسی:

- دەزانی ئێستا لە کوێین؟

مەشهەدی سەیری سەعاتەکەی کردو گوتی:

– دوو سەعاتێکمان ماوە بۆ مۆسکۆ.

شوتی قیتارەکە لە نێو لێڕەکەدا دەنگی دەدایەوەو قیتارەکە تازە گەییە بووە سەرەتای لێڕەوارەکان. سەلیم چاو بری بووە دەرێ، لە پڕ هاتە پەنای مەشهەدییەوەو گوتی:

– خێرا بیرێ بکەوە، من ئەقڵم بە هیچ کوێ را ناگا، خۆت سەرپشك بە.

مەشهەدی چووە لای دەزگای برێکەکەوە، تۆزێ وێستا، ئەوجا بە ئەسپایی گەڕایەوە نك سەلیمو دەمی لە پەنای گوێی نا:

– رێی هەڵاتنم دۆزییەوە، تۆ خێراکە جانتاکان هەڵگرە بیانبە هۆوێ.

– ئاخر یارۆ پێ دەزانێ.

– قەیدی نییە، خێراکە.

سەلیم بە پەلە وەژوور کەوت. جانتاکانی هێنا. یەکێکیانی دایە مەشهەدیو ئەوی تری بە خۆی بوو. ئەوجا بەخشکەیی رۆیشتن.

– هیچ بەجێ نەمابێ سەلیم!

– نەخێر....

مەشهەدی رووی کردە سەلیم و گوتی:

– هەر کە قیتارەکە وێستا بە پەلە بە دەستە راستا خۆت هەڵدە خوارێ، حاڵی بووی؟

مەشهەدی بەگ بە توندی دەزگای برێکەکەی راکێشا. هەر کە قیتارەکە وێستا بە پەلە خۆیان هەڵدایە خوارێ کابرای جاسووس تازە بە ئاگا هاتبۆوە، خێرا لە فارگۆنەکە وەدەرکەوتو کەوتە چاو گێڕان. هیچی نەبینی. نیگەرانو بێ تاقەت گەڕایەوە نێو فارگۆنەکە. گاردی قیتارەکە شپرزەو ترساو بەدەم پرسو پرسینەوە خۆی وەفارگۆنەکەی واندا کرد، چاو بە پرۆفیسۆرەکە کەوتو لێی پرسی:

– پیرەمێرد تۆ نەتزانی کێ ئەم کارەی کرد؟

– نازانم، بەڵام هێندە دەزانم کە ئەمە کاری مرۆڤی ئاسایی نییە.

دۆستوفسکی بە خۆڕایی ناوی جنۆکانی لێ نەناون.

– دۆستوفسکی کێیە کاکە؟ من لێم پرسیت کە....

– هەبێو نەبێ کاری ئەوانەیە.؟

– ئەوانە کێن؟

– جنۆکەکان، شەیتانەکان.

گاردەکە تفێکی رۆ کردو گەڕایەوە.

* * *

جووتە هاوڕێ ماوەیەکی باش بە بێشەکەدا رۆییشتن. 300– 400 شەقاوێ لە قیتارەکە دوور کەوتنەوە. وێستان. تا قیتارەکە بکەوێتەوە گەڕ.

قیتارەکە شووتێکی دوورو درێژی لێداو کەوتەوە رێ.

– ئەرێ مەشهەدی تۆ چۆنت زانی ئەو کابرایە جاسوسە؟

– لێرەوە وەرە. بۆ هێندەت پەلەیە؟ تۆزێ ئارامت بێ بۆتی باس دەکەم.
ماوەیەکی دی ڕۆیشتن، گەییشتنە چڕە دارستانێك، لەسەر ئەرزە کە ڕۆنیشتن. هەناسەیەکی قوڵیان هەڵکێشاو پڕ بە سینە هەوای پاك‌و فێنیکان هەڵمژی. ئیدی دەنگی شەمەندەفەرەکە نەدەبیسترا. سەلیم ویستی قسە بکا. مەشهەدی نەی هێشت. دنیا لە بێدەنگی و خامۆشیدا نقوم ببوو. مەشهەدی بەگ کە دڵنیا بوو چ کەسێك لەو دەوروبەرە نییە بە ئەسپایی گوتی:
– دەزانی چۆنم زانی؟
– نە.... چۆن؟
مەشهەدی پێکەنی‌و گوتی:
– من هەستێکی سەیرم هەیە. بە بۆنیا زانیم... تۆش حەوسەڵەیەکی سەیرت هەیە، ئاخر موناقەشە وەختی خۆی هەیە، سەگبابە دەیویست لە خەوا بمانگرێ... دەمێکە لە هەوای ئازادا نەنووستوم. ئەمە دۆزینەوەیە دۆزینەوە.
درەنگانێ خەو بردنییەوە.

* * *

بە یانی زوو کە مەشهەدی چاوی هەڵێنا، هەتاوی بەهار لە پشت گردۆلکە سەوزەکانەوە بە نازەوە خۆی دەنواندو هێدی هێدی بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا. سەیری کرد چەند پەڵە هەورێکی سپی دەوری هەتاویان داوە. سروشتی دڵڕفێن، بە ڕێزەوە خێر هاتنی میوانەکانی خۆی دەکرد، ئەو میوانانەی لە دەست مرۆڤی خۆ فرۆش پەنایان وەبەر هێنابوو، بۆنی گوڵ‌و گوڵوك دنیای پڕ کردبوو. پەڕندەی ئێسك سووك بەسەر چڵەکانەوە ئاوازی خۆش خۆشیان دەخوێند. هەرکە هەتاو پەڵە هەورەکانی جێ هێشت‌و تیشکی بە سروشتدا بڵاوکردەوە، چیمەنی بە ئاونگی چەشنی دانە مرواری نیشتە نێو تیشکی ڕۆژ، میوانەکان رایەخیان نەبوو. ئەوانیش لەگەڵ گوڵ‌و گوڵوکدا ئالکاوی یەکدی ببوون. مەشهەدی بەگ هەستا. چاوەکانی هەڵگلۆفت. کەوتە گەڕان بە دووی سەرچاوەیەکی سازکارا تا دەستو چاو بشوا. هەر لەو کاتەدا بانگی کرد:
– سەلیم، ئەهای سەلیم... کوڕە بنوڕە بنۆڕە لەو بەهەشتەی... هەستە هەی نامەرد.
مەشهەدی دیدە مەستی سروشتی رازاوە بوو، هەر هێندەی پێدەکرا تەمەشا بکا. سەلیمیش لە دەنگی ئەو رابوو. خۆی گەیاندە نك مەشهەدی بەگ، ئەویش نقومی جیهانی دیمەنی دڵفرێن بوو. تاوێ سەیری دەوروبەری خۆی کرد. کانییەکی روونی چکۆلەیان لێ بە دیار کەوت. شەنگە درەختی کەنار کانیاوەکە هێندەی دی جوانیان بە دیمەنەکە بەخشی بوو. جووتێ مراوی کێوی لە خوار کانیاوەکەوە سەرگەرمی مەلە بوون. بولبولی سەر چڵەکان بە نەغمەی شادی ئەو ناوەیان خرۆشاندبوو. سەلیم چونکە شاری بوو، بە جارێ سەراسیمە و حەیران دەیڕوانی. باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد کە ئەمە راستی بێ. مەشهەدی بەگ لە کەناری کانییەکە ڕۆنیشت‌و دەستی بە دەست و چاو شۆردن کرد. کە چاوی بە سیمای

شادو حەیرانی سەلیم کەوت، هەموو ماندوویێتی ئەو شەوە نەفرەتییەی بیر چۆوە. بە سەلیم–ی گوت:

- سەلیم ئەگەر قایل بی هەفتەیەك لەم ناوە دەمێنینەوەو وەکو رۆبنسن کرۆز دوور لە خەڵکی دەی گوزەرێنین ها؟

مەشهەدی بەگ هێندە ئاوێتەی جوانی لە رادە بەدەری سروشت ببوو, گوێی لە وەڵامەکەی سەلیم نەبوو، بۆیە گوتییەوە:

- قایلی یا نا؟

پاش چوار رۆژ گەییشتنە وێستگای قیتاری باکۆ. برادەرەکانی سەلیم کە هاتبوونە پێشوازی هەر چەندیان کرد هۆی دواکەوتنەکەی بزانن، چ وەڵامێکی نەدانەوە. مەشهەدی بەگ سواری گالیسکە بوو. خوا حافیزی لێکردن. کە گالیسکەکە کەوتە رێ سەیرێکی سەلیمی کردو گوتی:

**قاماخ دا ایگید لیکدندیرا.**

---

[1] هەندێ جار راکردنیش ئازایەتییە.

2– شاعیرێکی ئوکرانییە

3– رۆخانەیەکە بە نزیکی پترۆگرادا تێدەپەڕێ.

-5-

## چاوانی دلبەر

**بیرقیا باخاندا الدی جانیمی**
**گوزلری قدرتدن سورمە لینبدیر([1])**

سەلیمناز بە تاسەوە خۆی بۆ زەماوەندی کوڕەکەی ساز دەدا. کونجی ماڵەوەی گرتبوو. سەرومڕ خەریکی درونی نوێنی زاوایەتی مەشەهدی بەگ بوو. بەڵام هەمیشە دڵی لای مەشهەدی بوو. هەرکە لە دەرێ ڕا دەنگێ هاتبا, را دەپەڕی و سەیرێکی دەرێی دەکرد.
گالیسکەیەك لەبەر دەرگا وێستا. هەر کە گوێی لە دەنگی پێی ئەسپ بوو, راپەڕی و لە پەنجەرەکەوە سەری کێشا. کە چاوی بە پیرە گالیسکە کەوت پتر کەوتە ملەقوتێ, دڵی کەوتە تەپە تەپ. کە چاوی بە مە شهەدی کەوت بە غاردان بەرەو پیری چوو. حەزی دەکرد باڵ بگرێو مژدە بۆ ماڵی خزمو کەسوکاری بەرێ, وەکو کیژۆڵەیەك دەستگیرانەکەی بینی بێ دەستێکی بەسەرو زوڵفیا هێنا، بەڵام نەی پەرژا سەیری ئاوێنە بکا، جگە لە خۆی کەسی دی لە ژوورەوە نەبوو. بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– مناڵینە، ئەهای مناڵینە کوڕەکەم هاتەوە خێراکەن بچنە پێشوازی.

کەس وەڵای نەدایەوە. بە پەلە وەژوورێکی دی کەوت، هاواری کردەوە:

– منداڵینە ئەوە لە کوێن؟ خوا بتان باتەوە ئاوەها. رۆژانی دی کلتان لە چاو دەفڕاند، کەچی....

سەلیمناز وەختێکی زانی خۆی لە کۆڵانەکەو لەبەردەم گالیسکەکە بینییەوە:

- لە دەورت گەڕێم خوایە! کوڕم! کوڕەکەم...

نە هەقی نەبوو ئەمە بکا، ماوەیەك بوو لە کوڕە تاقانەکەی دوور بوو، سەلیمناز باوەشی بە مەشهەدی دا کردو ماچ بارانی کرد... مەشهەدی بەگ خۆی تەسلیمی دایکی کردو چ بێزارییەکی دەرنەبڕی. ڕێبوارانی کۆڵانەکە کە ئەم دیمەنەیان دەبینی هەڵوەستەکیان دەکردو ئەوجا دەڕۆیشتن. مەشهەدی بەگ نەیدەویست دڵی دایکی بشکێنێ. فرمێسکەکانی سەر گۆنای نەسڕی. دڵی بە هەناسەی گەرمو سۆزی دایکایەتی، دایکی دەکرایەوە. مەشهەدی کە بینی خەڵکەکە سەیریان دەکەن بە ئەسپایی دەستی دایکی لە گەردنی خۆی هەڵگرت. جانتاکەی هەڵگرتو وەژوور کەوت. سەلیماز دوای کەوت، لە خۆشیا زمانی بەسترا بوو.

سەلیمناز پاش مردنی شووەکە بە تەنێ دەژیا، بۆیە نە هەقی نەبوو دیداری کوڕەکەی بەو جۆرە کاری تێ بکا. مەشهەدی بەگ دنیایەك شادی بە دیاری بۆ هێنابۆوە. لە دڵی خۆیدا دەیووت: "مەشهەدی ژن دێنێو ئیدی بۆ هەمیشە لە تەنیایی دەخەلەسێم".

سەلیمناز لەلای خۆیەوە هەموو شتێکی بنیات نابوو. ماوەیەك لەوە پێش کیژێکی بەگەن کردبوو، میمکزای مەشهەدی بوو. سەلیمناز هەر ڕۆژەو بە بیانوویەك کیژەی دێنایە ماڵەوە. کیژەکە زۆر لە بارو شۆخ بوو. بووکێکی زۆرزانو ڕوح سووك بوو. تەنیا قایل بوونی کچەو مەشهەدی بەگ بەس بوو تا هەموو شتێك بڕێتەوە.

سەلیمناز بێ ئەوەی بە نیو نەخت چاو لە مەشهەدی بگوازێتەوە، بە چاوی خەیاڵ کوڕەکەیو بووکەکەی دەدی لە تەکیا وێستاون، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خوایە پێکەوە پیروخەڕۆ بن." ئەم دیمەنە هێدی هێدی لەبەر چاو ون بوو.

خزمو ئاشنایان هەر کە هەواڵی هاتنەوەی مەشهەدی یان بیست هەموو داباریینە سەریاو بازاڕی چاكو خۆشی گەرم بوو. کەیف وشادی کەسیان بەهی سەلیمناز نەدەگەیی. سەلیمناز هەموو ژیانو خۆشی خۆی لەسەر ئەو دانا بوو. گەورەی کردبوو. نابویە بەر خوێندن. لە مێژ بوو چاو لە ڕێی بوو. ئەو لە هەموو کەس پتر هەقی بەسەریەوە هەبوو. لە هەموویان پتر هەستی بە شادی دەکرد:

- ڕۆڵە ماندوویت؟ هەر ئێستا چایت بۆ دەم دەدەم. ئەهای منداڵینە یەکێکتان بێتە یارمەتیم.

سەلیمناز، مەبەستی ئەوە بوو بووکەکەی پەیدا بێو بێ یارمەتی بدا، بەڵام ئەو هێشتا نەهاتبوو. لە بری ئەو چەند ژنێکی خزم هاتنە کۆمەکی.

لە پڕ دەرگای ژوورەکە کرایەوە، پیرەمێرێ وەژوور کەوت. بە چاو بۆ مەشهەدی دەگەڕا. گسکە گەورەکەی لەبەر دەرکە داناو بە کاوە خۆ هاتە پێشێ:

- ئەهای ڕۆڵە ئەوە هاتییەوە؟ یاخوا بەخێر بێیتەوەو پێو قەدەمت خێرو خۆشی بێ.

ئەوجا کەوتە گلەیی و گوتی:

– ئەم کارەتم بە دڵ نەبوو، کە بۆ پترزبۆرگ ئۆغرت کرد خۆم بەرێم کردیت. هەق وابوو ئێستاش من بهاتبامە پێشوازیت. بۆ تەلەفۆنێکت بۆ نەکردم؟ باشە قەیدی نییە... دیارە لالۆ غولامت فەرامۆش کردووە.

لالۆ غولام دەستە تۆزاوییەکانی تەکاند، باوەشی بە مەشهەدی دا کردو لە کانگای دڵەوە ماچی کرد. ئەوجا لە پاڵ مەشهەدییەوە ڕۆنیشت و کەوتە بادانی سمێڵە ناسکەکانی. مەشهەدی هاتنی لالۆ غولامی لەوانی دی پێ خۆشتر بوو. لالۆ غولام چەند ساڵێ لەمەوبەر فەڕاشی ئەوان بوو. زۆری خزمەتی مەشهەدی بەگ کردبوو، مەشهەدیش ئەمەی هەر لەبەر چاو بوو. ساڵی سێیەمی دانشگا بوو کە مەشهەدی گیرا. لە زیندانا بوو کە دیارییەکانی دایکی پێ گەیی. دیارییەکان بریتی بوو لە 20– 30 قوتو پەنیرو پاکەتە پاقلاوە. لالۆ غولام ئەم دیارییانەی ڕەوانە کرد بوو. ئەوەی بەلای مەشهەدییەوە خۆش بوو، ئەوە بوو کە لالۆ غولام لە گرتنەکەی ئاگادار بوو. ئیدی چی لە دەست هاتبا درێغی بۆ نەدەکرد. تەنانەت نامەیەکیشی –هەڵبەتە کەسێکی دی بۆی نووسی بوو– بۆ ناردبوو. لە نامەکەدا گوتبووی: "کوڕم مەترسە... دەردو بەلا هەمیشە لە بۆسەدان بۆ پیاو. دان بە خۆتا بگرە، خۆڕاگربە".

ئەم رستانە هێشتا لە بیری مەشهەدیدا نەسڕابوونەوە. مەشهەدی بەگ لە و دەمەدا ئەو نامەیەی پێ گەیی کە لە ژووری ئینفرادی دا بوو. بێ یارو هاودەم تینوی قسەی ئاشنایە، دۆستێك بوو. بۆیە ئەم نامەیە بۆ مەشهەدی بەگ گەلێك بەنرخ بوو.

مەشهەدی بەگ قژەکەی لەسەر هەنیەی لاداو لەگەڵ لالۆ غولامدا کەوتە قسان:

– لالۆ گازاندەم لێ مەکە. بۆیە تەلەفۆنم بۆ نەکردیت چونکە دڵنیا نەبووم کە بێ سەریەشە دەگەمەوە ئێرە، هەڵبەتە لێم حاڵی دەبی؟

لالۆ غولام تا رادەیەك ئاگاداری بارودۆخ بوو، هەر جارێ چوبا بۆ بازێر خۆپیشاندان و جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانی دەبینی و بە هەواڵی تازەوە دەگەڕایەوە ماڵێ. بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا واتە مانگی دیسامبەری 1904 باکۆ ببوو بە مەڵبەندێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن. ئەم خۆپێشاندانانە لە سەرانسەری روسیادا دەنگی دابۆوە. لەم ڕۆژانەدا مانگرتنی گشتی کرێکارانی کانەکانی باکۆ سەرکەوتنی تەواوی وەدەست هێنا بوو. میری و ڕژێمی دیکتاتۆر بە چاوی خۆی گیانی ورە بەرزی و تەشەنە کردنی شۆڕشگێڕانی دەبینی. بەناو پاراستنی ئاسایشەوە هێزوی سوپایی ڕژابووە نێو جادەو شەقامەکان، بەلام نەیدەتوانی کرێکاری کانەکان دەستەمۆ بکاو ناچاری سازش کردنیان بکا. مەشهەدی بەگ کە هێشتا لە باکۆ بوو، بە بیستنی هەواڵی شۆڕشگێڕان و بزووتنەوەی ئۆپۆزسیونی باکۆ گەز گەز بالای دەکرد. خوا خوای بوو زووتر بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و بە هەموو توانایەکیەوە بەشداری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕەش و ڕوتانی گەل بکا. لالۆ غولام گوتی:

– باسی پترزبۆرگمان بۆ بکە، دەنگ و باسی وێندەر چییە؟ خوێندنت تەواو بوو یا ماوتە؟

سەلیمناز بە سینییەك خواردنەوە لێیان نزیك بۆوەو پرسیارەکەی لالۆ سەغڵەت و ناڕەحەتی کرد، گوتی:

- واز لەم قسانە بێنە، چما قسە قاتییە؟ خوێندن تاکەی، چاو لەسەر خوێندن دانا.

لالۆ غوڵام گوتی:

- بۆ نارەحەت دەبی خا سەلیمناز؟ خوانەخواستە خراوم نەوتووە.

ئەم دەم بۆڵەیەی سەلیمنازو لالۆ غوڵام بووە مایەی پێکەنینی دانیشتوان. لالۆ غوڵام کەمێك بەقسەکانی سەلیمناز درژ بوو، بەستەزمانە خراوی نەوتبوو. سەلیمناز بە خۆی ژنێکی قسە رەق بوو، خۆ بووکەکەش کە پیرەمێرێکی وەبەر دەست کەوتبوو، رەقتر دەهاتە بەرچاو.

لالۆ غوڵام لە بن لێوانەوە گوتی:

- تا ئێستا لەبەر دووری کوڕەکەی تۆزێ بەزەیی لە دڵدا بوو، خوا دەزانێ لەوڕۆ بەدواوە چمان پێدەکا.

لالۆ، سەلیمنازی چاك دەناسی، بەچاوی خۆی دیتبووی کە چەند پەرۆشی خوێندنی کوڕەکەی بوو. بەڵێ بە چاوی خۆی بینی بووی کە وەختێ خوازبێنی کەری دەهاتن چۆن بە تێلا وەدەری دەنان. بۆیە ویستی بابەتەکە بگۆڕێ‌و بەو بارەدا بای بداتەوە کە سەلیمناز پێی خۆشە، گوتی:

- مەشهەدی بەگ شوکر تۆ ئیدی پیاوی تەواوی، کاتی ئەوە هاتووە ماڵێ، شتێ پێکەوە بنەی.

سەلیمناز بزەیەکی هاتێ. لالۆ غوڵام نیشانی خۆی ئەنگاوت. میوانەکان چاویان بڕییە مەشهەدی بەگ‌و بە پەرۆشەوە چاوەنۆڕی وەڵامی ئەو بوون. یەکێك لە میوانەکان خۆی پێ نەگیراو هەڵیدایێ:

- مەشهەدی بەگ قسەی لالۆیە، وەختی ژن هێنانت هاتووە.

سەلیمناز قاپێکی بەسەر دەستەوە بوو، بە تاسەوە چاوەڕێی وەڵامی کوڕەکەی بوو. کە چ وەڵامێك نەبوو، گوتی:

- بۆ قسە ناکەی رۆڵە؟ لالۆ غوڵام لە هەموو ژیانیا هەر ئەم قسەیەی بەجێ بووەو کەچی بە تەمانیت وەڵامی بدەیەوە!

مەشهەدی بەگ بە شەرمەزارییەوە گوتی:

- ماندووم دایکە.

- رۆڵە تۆزێ ئینسافت بێ، کیژەکە دەڵێی مانگی چواردەیە. بە دیار تۆوە دانیشتووە. ئێستا وەك تەیری بێ باڵ سەری لێ شێواوە.

لالۆ غوڵام کە بینی سەلیمناز زۆر بە پەرۆشە، هەڵیدایێ:

- خا سەلیمناز توزێ خواردن بۆ میوانە خۆشەویستەکان بێنە.

خا سەلیمناز قاپە خواردنەکەی لە بەردەم مەشهەدی دا دانا. بەڵام هەموو نیگای پڕ گازاندەیان بڕییە لالۆ غوڵام. هەڵێکی قۆستەوەو سەیرێکی مەشهەدی بەگی کرد. ئێستا وەختی ئەو هاتبوو بۆوەی لەم بارە نا هەموارە رزگار بێ چیرۆکێ بگێڕێنەوە:

- مەشهەدی بەگ دایکت زۆر سەر سەختە، چاوی بە مندا هەڵنایە. جا مادامێکی تۆش هاتووییەوە شوکر هەموو گردوکۆین رێم بدە باگرێ دڵم بۆ هەمووتان بکەمەوە. چونکە دەزانم لەوڕۆ بە دواوە رۆژم لێ دەکا بەشەو.

لالۆ غولاّم دەستێکی بە سمێڵی دا هێنا. پیاڵە چایەکەی دانا. چاوێکی بە هەموو دانیشتواندا گێڕا. دەیوست زەمینە بۆ چیرۆکەکەی خۆش بکا، ئەوجا دەست پێ بکا تا دڵی میوانەکان بێنێتەوە جێ. بەلاّم کە نیگای غەزریوی سەلیمنازی بینی، هەڵوەستەیەکی کرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: "پێ دەچێ هێشتا زەمینە خۆش نەبوو بێ، گەر دەست بە شۆخیو سوعبەتان بکەم سەلیمناز تووڕە دەبێ. کەمێك بێدەنگ بوو، مژێکی لە جگەرەکەی داو پێکەنی. سەلیمناز کە چاوی بە بزە دەستکردەکەی ئەو کەوت. پەست بوو. بەلاّم چ قسەیەکی نەکرد، بە پەلە چایەکی بۆ خۆی داکرد.

- یەکێ بوو. یەکێ نەبوو، بابایەکی دێهاتی هەبوو. پشیلەیەکی هەبوو.

سەلیمناز خۆی پێ نەگیراو قسەکەی پێ بڕی:

- پیرەمێرد ئێستا وەختی چیرۆكو حیکایەتان نییە، کوڕەکەم لە رێوە هاتووەو ماندووە، وازی لێ بێنە با بە ئیسراحەت چایەکەی بخواتەوە"

مەشهەدی رووی کردە دایکیگوتی:

- دایکە تۆزێ حەوسەڵەت بێ، دڵی لالۆ مەیە شێنە, وازی لێ بێنە با قسەکەی بکا.

لالۆ غولاّم بەم قسەیەی مەشهەدی زاتی پەیداکردو لەسەری رۆیی:

- ... بەڵێ ئەم پشیلەیە تەنگی بەخاوەن ماڵەکە هەڵچنی بوو.

ژنو مێردە تەگبیر دەکەن کە پشیلەکە لە چۆمێکی دوور بەرەڵلا بکەنو لێی رزگاربن، رۆژێ کابرای دێهاتی پشیلەکە دەبن باخەڵی دەنێو بەرەو چۆمی وەرێ دەکەوێ. کە دەگاتە جێ وێردێ دەخوێنێو پشیلەکە بەرەللای نێو چۆمەکەی دەکاو بە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، جا گوێ لەسەربوردەی پشیلە بگرن.

پشیلەی تاین بە مەلە خۆی دەگەیەنێتە ئەوبەری چۆمی، ملی رێ دەگرێو دەڕوا. قەدەرێ بەو بیابانەدا دەڕوا، ئەنجام دەگاتە کۆشکی پاشایەك. هەواڵ لە کۆشکا بلاّودەبێتەوەو دەگاتە پاشا... پشیلەیەك لەوبەری چۆمەوە پەڕیوەتەوەو هاتۆتە کۆشکو سەراکەی ئەو...

پاشا دوای بیرکردنەوە ئەم فەرمانە دەردەکا:

ئەم پشیلەیە گیانلەبەرێکی پیرۆزە، کەس دەخڵی بەسەرییەوە نەبێ. ئەم وتەیە بنووسنو لە ملی بکەن. کەس بۆی نییە ئەم گیانلەبەرە پیرۆزە ئازار بدا.

فرمانی پاشا دەنووسنەوەو لە ملی پشیلەی دەکەنو ئەوجا بەرەڵلای بیابانی دەکەن. پشیلە بە ملو موش دەکەوێتە رێ، لە چۆمی دەپەڕێتەوەو دێتەوە ماڵی کابرای گۆڕین. کابرای دێهاتی کە ئەمە دەبینی سەری سوڕدەمێنێ، پشیلەکە دەباتە کن مەلای گوند تا فرمانەکەی ملی بخوێنێتەوە. کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ ژنەکەی دەباتە پەنایەكو بە ئەسپایی پێی دەڵێ:

– تا ئێستا فرمانی پێ نەبوو ئەوەندەی ئازار دەداین، خۆ ئێستا کە فرمانی هێناوە رۆژمان لێدەکا بەشەو.

کە چیرۆکەکە تەواو بوو هەموو میوانەکان پێکەنین، لەمەبەستی لالۆ غولام حالی بوون. سەلیمناز بە دەم چاتێکردنەوە وەلامی لالۆ غولامی دایەوە:

– تۆ کە ئەوەندە بێ شەرم بی، بنیادەم و پشیلە بخەیە ریزی یەکەوە بە کەڵکی چی دێی؟

میوانەکان دیسان پێکەنین. لالۆ غولام بە جوابەکەی سەلیمنازدا بۆی دەرکەوت کە بە تەواوی نیشانی ئەنگاوتووە. چاوێکی لە مەشهەدی بەگ داگرت تاسەیری تووڕە بوونەکەی دایکی بکا.

*

سەلیمناز بۆ سبەی چووە کن فاڵچی و کتێب گرەوە.... بزانم ئەو کیژەی من پەسەندم کردووە شوو دەکا یا نا؟ وەلامی فاڵچییەکەی بە دڵ نەبوو، پژمەیەکیشی بە دوا دا هات کە ئیشەکەی خراتر کرد، پاش رۆژی دی هەمدیس بە نیازی فاڵگرتنەوە لە ماڵ وەدەرکەوت. هەوەڵ کەرەت دوو کوری هەرزەی بینی کە جنێوی پیسیان بە یەکدی دەدا!! سەلیمنازی بەستەزمان چاوی رەشی کاڵ بۆوەو بە نائومێدی گەرایەوە، دوێنێ سەلیمناز کیژەکەی گاز کرد بووە ماڵەوە تا پەردەی پەنجەرەکانی لەگەڵ بدورێ، کیژە لێکدا لێکدا دەپژمی، ئەم پژمینە لە هەموو شتێ پتر سەلیمنازی نارەحەت کرد بوو. چەند رۆژێ تێپەرین. سەلیمناز جارێکی دی چوو بۆ لای فاڵچی. ئەمجارەیان فاڵەکەی بەدڵ بوو. شادو بەکەیف لەبەر خۆوە .گوتی! "ئۆخەی, ئیدی بەسە" بریاری دا هەر چۆنێ بووە سبەینێ رای کورەکەی وەرگرێ. پیرێژنە فاڵچییەکە دەستی خستبووە سەر فاڵەکەو چی بەزاردا هاتبوو گوتبووی: "گەلێکت رەنج کێشاوە، بەم زووانە خۆشحاڵ دەبیت، خۆشی و شادی دەکەوێتە ماڵت، بە مراز دەگەی".

سەلیمناز لە خەو رابوو، وتەی فاڵچییەکە هێشتا لەمێشکیدا دەزرنگایەوە. بە ئەسپایی وەژوورەکەی مەشهەدی کەوت. دەستی خستە سەر سنگی و بە بێدەنگی سەیری مەشهەدی دەکرد. قسەی پیرێژەنە فاڵچییەکەی وەبیر خۆی دێنایەوە: "زۆرت رەنج کێشاوە، بەم زووانە خۆشحاڵ دەبی، خۆشی و شادی دەکەوێتە ماڵت. بە مراز دەگەی؟.

مەشهەدی بەگ تلێکی داو چۆقەی ددانەکانی هات. سەلیمناز بە وردی چاوی تێ بری بوو. تەواوی ئەو قسانەی کە حازری کردبوون بیر چونەوە.

مەشهەدی بەگ بە ئارامی چاوی هەڵێنا کەبینی دایکی بە دیارییەوە وێستاوە گوتی:

– دایکە زۆر خەوتم؟

– نا، بنوو کورم، دیارە ماندوویت؟

– بەڵێ دایکە، زۆر ماندووم, دوێنێ شەو درەنگ هاتمەوە.

– لە کوێ بووی کورم؟

- له كانەكان بووم، بەڕاستنی کرێکاران ژیانێکی سەختو ناڕەحەت بەسەر دەبەن. ئەم سەرمایەدارە چەپەڵانە دەیانەوێ لە برسا بیانکوژن، ئەو رۆکار دەوەستێ.... بۆ بە پێوە وێستاوی دایکە؟ لەسەر ئەو کورسییە دانیشە باتۆزێ سەیرت بکەم.

مەشهەدی بەگ چاوی بڕییە دایکی. لێوی هەڵقرچاو، دەموچاوی تێك قوپاو، لە تەمەنی راستی خۆی پیر تر دەهاتە بەرچاو.

- پیر بوویت دایکە، بەڵام چیدی خەمت نەبێ، کوڕەکەت لە کنت دەمێنێتەوە.

سەلیمناز کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوجا گوتی:

- راستە کوڕم، من ئیدی پیر بووم، بەڵام خۆت گوتەنی غەمی ناوێ، چونکە کوڕێکی وەکو تۆم هەیە.... خوا یار بێ بەو زووانە بووکەکەشم دێنمە ماڵێ. ئەوجا بە ئاسوودەیی چاوەڕێی عیزرائیل دەکەم.
- بووك؟
- ئەدی چی کوڕم.
- بووکی چی دایە؟ خۆ من بە تەمانیم بەم زووانە ژن بهێنم. جارێ دەبێ دانشگا تەواو بکەمو ئەوجا ماڵو حاڵێ بۆ خۆ پێکەوە بنەمو... ئاخر ئەم حاڵە و ژن هێنانیان نەگووتوە.
- بۆ ناشکوری دەکەی کوڕم؟ مەگەر چی بووە، لە خوا بە زیاد بێ ماڵو ژیانی تۆ لە هی من گەلێ چاکترە.

ئەم قسەیە درێژەی کێشا. سەلیمناز ئەم هەلەی لە خوا دەویست بۆیە دەست بەرداری نەبوو. دەستی بە ستایشی کیژە کرد:

- کیژێکی سەلارو سەنگینە، هەموو کارێ دەزانێ، کەڵەگەتو ناوقەد باریكو خونچە لێوە. ددانەکانی دەڵێی دانەی مروارین خۆ چاوە رەشەکانی....

سەلیمناز لە یەکبینە باسی شۆخو شەنگی کیژەی دەکرد:

- چاوە گەشو رەشەکانی دەڵێی چاوی ئاسکن، بەتۆ بێ بە بکەیو بە بخۆی هەر دانیشیتو سەیری سای گەردنی بکەی.... باکۆ ژێرو ژوور بکەی لە چاوانی ئەو جوانترت بەرچاو ناکەوێ، چاوی دەزگیرانەکەت بە کلی سوبحانی رێژراون.

مەشهەدی بەگ چونکە دڵی نە دەهات قسەکەی دایکی بڕێ. زەردەیەکی کەوتە سەر لێوانو بێدەنگ بوو.

سەلیمناز لێفەکەی دایەوە بەسەر شانی مەشهەدیداو گوتی:

- من بەم ژنییەی خۆمەوە ئاشقی بووم، بە دڵی من هەر لایەق بە تۆیەوە جا تۆش بە کەیفی خۆت بکە کوڕە شیرینەکەم.

مەشهەدی بەگ دەستی خستە سەر زرانی دایکیو گوتی:

- دایە تۆ باسی هەموو جوانییەکی کیژەت کرد، بەڵام باسی هۆشو بیریت نەکرد.

ئەم پرسیارە بەلای سەلیمنازەوە سەیرو چاوەڕوان نەکراو بوو، لاوانی باکۆ کە دێنە سەر ژن هێنان بیر لە دوو شتان دەکەنەوە یەك جوانی کیژەو دوو جیازییەکەی. بۆ مەسەلەی هۆش‌و بیر بەلای سەلیمنازەوە سەیر بوو، بیری کردەوە: ئەمە چییە؟ خۆ شێت نییە. نەیتوانی وەڵامی پرسیاری کوڕەکەی بداتەوە. مەشهەدی کە لەمە حاڵی ببوو گوتی:

– دایکە من بابایەکی خوێنەوارم، ژنەکەشم دەبێ هاوشانی خۆم بێ‌و لەگەڵ زیندەگی مندا بگونجێ.

– چ قەیدییە کوڕم، من بە مە ناقایل نیم.

– رەنگە پستەخان زۆر جوان بێ، من لە مێژە نەمدیتووە، چاوە رەشەکانیشیم نایەتەوە بیر. من بە منداڵی هاو وازی ئەو بووم ئیدی لەوساوە تا ئێستا نە دیتومەو نە تاقە قسەیەکم لەگەڵ کردووە.

سەلیمناز ئەم قسەیەی پێ سەیر بوو، گوتی:

– ئەیەڕۆ قسەکردنی چی؟ خۆ کیژە رووس نییە دەستی دەنێو دەستان بخەی‌و بچنە گەڕانێ.

بەڵێ بیرو بیرکردنەوەی دایك‌و کوڕ ئاسمان‌و رێسمان بوو.

سەلیمناز جارێکی دیش قسەی فاڵچییەکەی وەبیر خۆ هێنایەوە.. "گەلێکت رەنج کێشاوە، بەم زووانە خۆشحاڵ دەبی، خۆشی‌و شادی دەکەوێتە ماڵت‌و بەمرازان دەگەی". مەشهەدی بەگ نەیدەویست دڵی دایکی بڕەنجێ، گوتی:

قەیدی چییە، چەند رۆژێکم مۆڵەت بدە دایە، خوا یار بێ نایەڵم زۆر بە چاوەڕوانی بووکەکەتەوە بمێنی. من بە مەرجێ دەی خوازم کە بە دڵم بێ! دەبێبە خۆم کیژە بدینم‌و سەیری بکەم.

*

مەشهەدی بەگ بە تاقە نیگایەك هاولفی خۆی دەناسی. بەڵام چ بکا کیژێ خۆی دەشاردەوەو ئامادە نەبوو لە نزیکەوە یەکدی بدینن.

رۆژێك لەو رۆژانە مەشهەدی لەگەڵ دۆت مامەکانیا قسە دەکا بە یەك کە پستەخان بۆ ماڵی مەشهەدی بێنن تا لە پشت دەرگاکەوە بیدینێ، پستەخان هێنرا بۆ ماڵی مەشهەدی. لە پشت دەرگاکەوە بینی. چاوانی کچەی زۆر بەدڵ بوو. هەستی دەکرد هێزێکی نادیار بەرەو پێشەوەی دەبرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ دەرگاکە بکەمەوەو وەژوور بکەوم‌و لە نزیکەوە بیدینم. نامەوێ ملکەچی نەریتی کۆن بم. با خەڵیکیش فێر بن."

مەشهەدی بەگ لەوەی پتر خۆی پێنەگیرا، دەرگاکەی کردەوەو وەژوور کەوت:

– خۆشحاڵم میمکزا.

ئەوجا دەستی برد تەوقەی لەگەڵ بکا. دۆت مامەکانی گلەیی ئەوەیان لێکرد کە لە پشت دەرگاکە نەمایەوەو قەولەکەی نەبردە سەر. بەڵام نەشیان توانی جڵەوی پێکەنین بگرن.

پستەخان چاوی داخستو دەستی دایە دەستی. مەشهەدی بەگ دەستی خستە ژێر چەناگەی میمکزاکەیو بە تۆپزی سەری هەڵبڕی و گوتی:

- میمکزا چاوەکانتم لێ مەشارەوە. پیاو ئەگەر چاوانی دەستگیرانی خۆی نەبینێ بەختەوەر نابێ.

*

ئەم رەفتارەی مەشهەدی لە تەواوی گەڕەك و باندا دەنگی دایەوە، خەڵکی گەڕەك ئیرادیان لەم رەفتارەی مەشهەدی دەگرت، بەڵام مەشهەدی لەگەڵ بیرو بیرکردنەوەی خۆیدا راستگۆ بوو، لە نزیکەوە میمکزاکەی بینیو هەڵسو کەوتی لەگەڵ کرد. ئاشنای هەموو رەوشتو ئاکارێکی بوو، دواییش پەسەندی کردو خواستی. دۆت مامەکانی مەشهەدی بەگیش کە هاتنە سەر شووکردن هەمان رێبازی ئەویان گرت. کوڕەیان دەبینیو پەسەندیان دەکردو ئەوجا شوویان پێدەکرد.

سەلیمناز گەلێ خۆشحاڵ بوو... گەرچی نەریتی کۆن رەچاو نەکرا، بەڵام ئەم نەریتە تازەیە چ زیانێکی بەو نەگەیاند بوو.

---

[1] بە تاقە نیگایە دڵی بردم، چاو جوانی چاو بە کلی خوایی.



## فەند

اخماقلار! نەچیخار چمادانیمی/ اختاریب هرشی التا ارشت اتمکدن؟([1])
بوتون قاچاخ مالی ارادا دئیل ببینیم دە، قبلیم دە اپاراریرام من!

مەشهەدی بەگ کە نزیکی ماڵ بۆوە، جاسوسێکی بینی لە پەنا دارتەلی کارەباکەوە وێستا بوو. پێی هەڵگرت. ئەو کابرایە سێ رۆژ بوو تاقیبی ئەمی دەکرد. ئەوا لێرە وێستاوە جگەرەکەی ناوەتە لا لێوی‌و تاقیبی مەشهەدی بەگ دەکات.

مەشهەدی گەییە بەر دەرگا. لە زەنگیدا. دەرگا کرایەوە، رووبەڕووی خەسوی بۆوە. دەستی راستی بە سینگی مەشهەدییەوەنا، رێی هاتنە ژوورەوەی نەدا.

- راوەستە، تا مژدانەکەم نەدەیتێ نایەڵم وەژوور بکەوی.

مەشهەدی بەگ تەواو شپرزە بوو، گوتی:

- تۆ جارێ رێم بکە نابینی ئەو سەگبابە دوام کەوتووە، ئەوە تۆ لە کوێ نووستووی؟

---

– ئەمەو ئەوەی تێدا نییە. دەی خێرا مژدانەکەم بدەێیو بڕایەوە.

ژنە دەست بەردار نەبوو، وەکو منداڵ گڕوی لێ گرتبوو. رێی نەدەدا.

– گەر وەکو کیژی خەڵکی کچی ببوایە هەقت بوو، بەڵام کچەکەی من کوڕی بووە.

مەشهەدی بەگ هەر کە گوێی لەم مژدەیە بوو هەموو شتێکی بیر چۆوە. پریاسکەکەی دەستی دایە خەسووی‌و بە پەلە وەژوور کەوت. ژووری چی؟ یەکپارچە خۆشی‌و شادی بوو سەلیمناز لە خۆشی ئەوەی ببوو بە نەنك لەپێستی خۆی نەدە هێوری. هەر ئەم ژوورو ئەو ژووری دەکرد. جارێ خۆی بە موبەقا دەکردو جارێ دەچووە ئەو ژوورەی منداڵەکەی لێ بوو. دەستە خۆشکانی پستەخان دەوریان دابوو. مەشهەدی دەرگای کردەوە. ویستی خۆی بگەیەنێتە ژوور سەری پستەخان، لە پڕ بیری کەوتەوە کە سڵاوی نەکرد. ئارەقی شەرمەزاری دەردا. سەری داخست‌و گەڕایەوە، چووە ژوورەکەی خۆی‌و جلەکانی داکەند. چووە بەر پەنجەرەکەو سەیرێکی کوڵانەکەی کرد. کابرا هەر لە جێی خۆی وێستا بوو لە دڵی خۆیدا گوتی: "شەیتان بە نەحلەت بی، ئەم جاسوسە وازمان لێ ناهێنێ". لە پڕ چەکە شاردراوەکانی ماڵەوەی بیرکەوتەوە: "هەبێ‌و نەبێ شکیان کردووە... ئەگینا ئەمە چ مانایەکی نییە".

سەلیمنازی گاز کردو بە ئەسپایی لێی پرسی:

– ئەوڕۆ کەس هەواڵی نەپرسیم؟

سەلیمناز وەك بڵێی شتێکی بیرکەوتەوە، دەستی بە باخەڵیا کردو پارچە کاغەزێکی بچووکی دەرهێناو دایە مەشهەدی. مەشهەدی بە پەلە کاغەزەکەی کردەوە، سێ دێڕی پوختەو کورتی تێدا نووسرابوو، خوێندییەوەو کەمێك لە دایکی دوور کەوتەوە.

– ئەوە چییە رۆڵە؟ کاغەزەکە چی تێدا نووسراوە؟ خوانە خواستە شتێکی خراپ لە گۆڕێیە!

لە کاغەکەدا نووسرابوو: برای ئازیز، هێلکەکان بشارەوە، چونکە ئەوڕۆ لای عەسر بەقاڵەکان دێن بۆ ماڵتان‌و دەیانەوێ بە هەرزان لێتی بکڕن.

سەلیمناز سەرسام و نیگەران، پرسی:

– رۆڵە چی روویداوە؟

– دایکە بە میوانەکان بڵێ هەر ئێستا بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان.

سەلیمناز بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

– ئەوە چی دەڵێی رۆڵە؟ چۆن بە میوان بڵێم هەستن بڕۆن؟

سەلیمناز ئەم قسەیەی کردو بێوەی چاوەڕێی وەڵام بێ خۆی بە ژوورێکی دیدا کرد. دڵی نەدەهات ئەم خوانی شادییە تێك بداو هەروا بەئاسانی وەی پێچێ. هەر بۆیەش قسەی نەکرد. ئەو پارانەی کە بۆ ئەم رۆژەی پاشەکەوت کردبوو، لە دەخیلەکەی دەرهێنا: هەر منداڵەو شتێکی وەرگرت‌و وەدەرکەوتن بۆ دوکانان. ژنەکانیشی بردنە ژوورەوەکەی خۆی‌و دەرگاکەی داخست. ئەوجا بە پەلە هاتەوە لای مەشهەدی‌و گوتی:

- خێراکە. کوڕم هەر کارێکت هەیە زوو ئەنجامی بدە.

مەشهەدی نوێنە زیادەکانی داگرت، چەکەکانی لەجێیەکی قایم تەقەت کردن. بە دایکی گوتی:

- دایکە ئاگات لێرەبێ، پەردەیەکیشی پێدا بدە با نوێنەکان دیار نەبن. حاڵی بوویت؟
- زۆر چاکە کوڕم، خەمت نەبێ.

*

عەسری ئەو ڕۆژە دەستەیەك پۆلیس ڕۆژانە ماڵی مەشهەدییەوە. میوانەکان شپرزە بوون، دوو پۆلیس لەبەر دەرکی حەوشە وێستا بوون. هەر کەسێ چوبا ژوورێ یا هاتبا دەرێ دەیانگرت. میوانەکان بە تەمای تەواو بوونی ئەم بەزمە بوون. پۆلیسەکان زۆر گەڕان بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە...

ئەو پۆلیسەی کە چەند ڕۆژێ بوو تاقیبی مەشهەدی دەکرد، لە قەیەکی کێشا بە دەرکی ژووری نووستندا. دەرگا کەوتە سەر گازی پشت، خۆی بەر لە پۆلیسەکانی دی وەژوور کەوت. لە خۆشیا هاواری کرد:

- ئاخری دۆزیمەوە، وەرن بۆ ئێرە.

مەشهەدی بەگ هێمن‌و بێدەنگ دەستی نابووە گیرفانی پانتۆڵەکەی‌و لەبەر دەرکە وێستا بوو. بە وردی سەرنجی پۆلیسەکەی دەدا.

پۆلیسە جاسوسەکە لە سوچێکی ژوورەکە وێستابوو، و چاوە دەرپۆقیوەکانی بڕی بووە خاڵێك. ئەو هێلکە قازەی کە بە بن میچەکەوە هەڵواسرابوو بە تەواوی خستبوویە گومانەوە. ئەو پۆلیسانەی کە بە دەنگی هاوارەکەی ئەوەوە وەژوور کەوتن چاویان بڕییە هەمان شوێن، ئەمەش سەبارەت بە دابێکی کۆنە، ئەو شتە بە دیار سەری ژنی زەیستانەوە هەڵدەواسن تا خۆی‌و منداڵەکەی لە چاوی پیس بە دوور بن.

جاسوسەکە، ڕووی کردە پۆلیسەکان‌و بە دەنگێکی لەرزۆکی ترساوەوە هاواری کرد:

- نارنجۆك، نارنجۆك...

مەشهەدی پۆلیسەکەی هێنایە لاوەو وەژوور کەوت، بەسەرسامی گوتی:

- نارنجۆکی چی؟ کوا؟

جاسوسەکە ئیشارەتی بۆ سەرێ کردو گوتی:

- ئەوەتا، تازە لە قافا گیرای‌و ناتوانی حاشای لێ بکەی. ئێمە لەم نارنجۆکانەمان زۆر دیوە.

مەشهەدی بەگ ترسنۆکی ئەوانی بۆ دەرکەوت. دەستی بردو هێلکە قازەکەی هێنایە خوارێ‌و لە قاقای پێکەنینیدا، پۆلیسەکان لە ترسا چەند شەقاوێ کشانەوە، مەشهەدی بەگ هێلکەکەی بە دەستەوە بوو، و یاری پێدەکرد، گوتی:

- مەترسن برادەران، ئەمە نارنجۆك نییە، هێلکە قازە، ئەمە نەریتێکی کۆنی لای ئێمەیە.

جاسوسەکە گوتی:

- ئێمە بەم قسەیە ناخەڵەتێین.

ئەوجا هاواری کرد:

- ئادەی بیگرن، دەنا نارنجۆکەکە دەتەقێنێتەوەو هەموومان دەکوژێ.

مەشهەدی بەگ تا هێزی تێدابوو هێلکەکەی دا بەعاردیدا. زەردێنەی هێلکەکە بەسەر رایەخی نێو ژوورەکەدا بڵاو بۆوە. سەلیمناز سەری لەم رەفتارەی مەشهەدی بەگ سوڕما، بەڵام دەمودەست لە مەبەستی کوڕەکەی حاڵی بوو. هەناسەیەکی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو. مەشهەدی کە گوێی لە هەناسە پڕ سۆزەکەی دایکی بوو نیگایەکی پڕ میهری کردو کەوتە دڵدانەوەی:

- دایکە ببوورە، ناچار بووم ئەم کارە بکەم.

لە کۆتاییدا مەسئوولەکەیان هاتە قسان و گوتی:

- با بڕۆین ئەم کارەی ئێوە نابەجێیە. ئاشکرایە کە ئێوە بە دووی چیدا دەگەڕێن؟ ئەم کارە راست نییە...

دوای کەمێك بێ دەنگی لەسەر رۆیی:

- جەناب ئەگەر ئێوە یەك تۆز ورد بن لە کارەکانتانا ئەم جۆرە شتانە روو نادەن.

ئەوجا بە نەفرەتەوە روانییە جاسوسەکەو گوتی:

- با بڕۆین، ئا ئەمە کارەکانتە؟ هێلکە قازت لێ دەبێ بە نارنجۆك....

*

مەشهەدی بەگ ئاسوودە نەبوو. کابرای جاسوس بۆ سبەینێ بە جل‌وبەرگێکی ترەوە پەیدا بوو. لە کۆڵانەکەدا وێستا، وەکو جاسوسێکی کارامەو بە بەهرە چاوی بڕیە پەنجەرەی ژوورەکەی مەشهەدی‌و لێکدا لێکدا جگەرەی دەکێشا، مەشهەدی بەگ بە دەم چوونە حەوشەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ تا زووە ئەم ئەمانەتە بنێرم بۆ ئەو شوێنەی رێکخراوی نهێنییمان دەست نیشانی کردووە. لالۆ غوڵامی کۆنە دۆستی گاز کرد:

- لالۆ غوڵام، وڵاخێك‌و دوو سەبەتەم پێویستە.

- وڵاخ؟ تۆی ئەندازیار لەکوێ‌و وڵاخ لە کوێ؟ رەنگە من باش حاڵی نەبووبم، وڵاخ؟

- بەڵێ، بەڵێ گوێدرێژ....

- باشە بۆ چیتە؟

- ئەگەر پێویستم نەبێ روو لە تۆ نانەم. هانێ ئەوەش پارەکەی. یەك سەعات مۆڵەتت دەدەمێ، باشە؟

لالۆ غوڵام سەرنجی مەشهەدی‌و پارەکەی دەستیدا بڕۆ چڕەکانی وێك هێنانەوەو لە فکران را چوو:

- ناکرێ منیش بەم کارە بزانم؟

نەخێر، هەنووکە دەچی یانا؟ بەڵام بیرت نەچێ تا نیوەی سەبەتەکان پڕ لە هێلکە بکە.

لالۆ غولاّم پیاوێکی دلۆڤان بوو، مەشهەدی بەگی زۆر خۆشدەویست، کەبینی مەشهەدی بەگ بە راستییەتی لە دڵی خۆیدا گوتی: "فێڵێکی بە دەستەوەیە!"
لالۆ قەولم دەدەیێ کە زوو بگەڕێیەوە؟
بەڵێ زوو دەگەڕێمەوە، بەلاّم نەمزانی چ  فەندێکت لەبن سەرییە.
مەشهەدی بەگ بزەیەکی کردو گوتی:

- پەلەت نەبێ هەر دەیزانی، بەلاّم ئێستاکێ نا، رەنگە چەند ساڵێکی دی بۆت بە دیار بکەوێ.
- ئەدی ئەگەر تا هەنگینێ نەمام؟
- دەمێنی، دەمێنی لالۆ.

لالۆ غولاّم رۆیی. مەشهەدی بەدەم بیرکردنەوەوە وەژوور کەوت. گڕوگاڵی کوڕەکەی لەهۆدەکەی دییەوە دەگەییە گوێی، هەموو ناخۆشییەکانی ژیانی بیر بردەوە. هەستی جوامێریی پێ دەبەخشی.

*

لالۆ غولاّم کەرێکی دێزی کڕی بوو، بەلاّم نەختێ گران کڕی بووی، مەشهەدی گوێی نەدایێ و گوتی:

- لالۆ دەبێ ئەوڕۆ بچییە وردە واڵە فرۆشی.
- رۆڵە تۆ پێم ناڵێی بە تەمای چیت؟
- لالۆ من تەنیا ئەوەندە دەزانم پێویستم بە کۆمەکی تۆ هەیەو تەواو.
- ئاخر من لە کوێ و چەرچێتی لە کوێ؟ ئەگەر بە تەمای من بی قازانج سەری مایە دەخوا.
- ئەگەر بە گوێی من بکەی زەرەر ناکەی.

مەشهەدی بەگ بە تەبیعەت کابرایەکی کەم دوو بوو، کەچی بۆ قایل کردنی لالۆ یەك سەعاتی تەواو چەنەیدا، لالۆ غولاّم گوتی:

- باشە بە گوێت دەکەم بەلاّم بە مەرجێ کەدەبێ فێڵەکەت بە منیش بڵێی.

مەشهەدی بەگ، لالۆی چاك دەناسی و دەیزانی چ ماڵێکە لە چوار مێخەت کێشابا ناوی هاوڕێی خۆی نەدەدا. بەلاّم عەیبێکی هەبوو کەمێ دەم شڕ بوو. بۆیە مەشهەدی کە ناچاری وتن دەبوو هەر شتە گشتییەکانی پێ دەگوت.

- لالۆ پیاوی چابەو ئەمجارەش فریام بکەوە. باشە من قەت خراپەی تۆم ویستووە.؟
- ئای لەوە، جا ئەگەر تۆ خراوەی منت بوێ ئیدی کێ متمانەی بە کێ دەمێنێ....
- رەحمەت لەبابت کە وایە دەبێ ئەم کاری چەچێتییەم بۆ بکەی.
- باشە کە من شتێ نەزانمو بە تۆبزی ملی پێوە بنەم یا ئەوەتا دەبێ من شێت بم یا تۆ کابرایەکی زەوق سز بی.

مەشهەدی بەگ پێکەنی و گوتی:

- نا، نا کەسمان شێت نین. دەی خێرا سەبەتەکان لە کەرە دێزەی بارکەو بکەوەڕێ، هەر کەسێ ویستی هێلکەت لێ بکڕێ بڵێ دانەی بە سێ کۆبیکە. یەکڕاست دێزەی وەپێش خۆ بدەو بچۆ بۆ –پیر بی بی هەیبەت– هەر گەیشتییە وێندەر کەمێ چاوەڕوان بکەو هەقت بەسەر هیچەوە نەبی. حاڵی عەرزم بووی؟
- بەڵێ، بەڵێ ئێستا حاڵی بووم، دیارە دەتەوێ نەزر بۆ کوڕەکەت بکەی. کوڕم ئەم کارە شەرمی ناوێ؟ خۆ لە هەوەڵێ را وات گوتباو ئەم هەموو راوە رێوییەت لێ نەکردبام. هێندەم بیر کردەوە سەرم هاتەژان. ئیدی ئەم هەموو چاوو راوەی بۆ چییە؟ کڕین و فرۆشتن، چەرچێتی، قازانج و زیان....
- لالۆ کەرە دێزەی بارکردو کەوتە رێ، مەشهەدی چووە بەر پەنجەرەکە، تا لە چاویش ون بوو هەر چاوی لێ نەگواستەوە. جاسوسەکە کە گومانی لە سەبەتەکان پەیدا کردبوو، دوورو نزیک دەیڕوانییە لالۆ غولام و تاقیبی دەکرد. لالۆ غولام بێ خەم و خەیاڵ بەو رێگاو کۆڵانانەدا تێ دەپەڕی کە مەشهەدی بۆی دانابوو. کەس هەقی بەسەرییەوە نەبوو، هەر کەسەو سەرقاڵی کاری خۆی بوو. لالۆ غولام سەری داخست بوو و بەرێی خۆیدا دەڕۆیی. جار ناجارێك زەختەیەکی بەگوێدرێژەکەوە دەژەنی تا خێراتر بڕوا. هەوا گەرم و هەتاوی هاوین زۆر بە تین بوو. لالۆ غولام تەواوێك رۆیی، کە لە شار وەدەرکەوت وێستا تا پشوویەك بدا. شەپقەکەی داکەن و ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی. هەڵی روانی و سەیری کرد زەلامێ بەدووی ئەودا دەهات. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم زەلامەم دیتووەو شێوەی دەکەم... ئەها ناسیمەوە، هەمان جاسوسە کە ماڵەکەی مەشهەدی پشکنی. باشە بۆ دووی من کەوتووە؟"

هەزاران بیرو غایلە بە مێشکی لالۆ غولامدا هاتن. هەبێ و نەبێ گومانی لێکردووم. کوڕە گومانی کردووە بە قیروسیا، خۆ سەبەتەکان لە هێلکە زیاتر چیدیان تێدا نییە، وا زۆر زۆر هێلکەیەکی دەرهێناو دای بە عاردیدا، چش لەوە هێلکەیەش... بەڕاست ئەگەر شتێکم سەبارەت بە مەشهەدی لێ بپرسێت چ وەلامێکی بدەمەوە؟

لالۆ غولام خۆی گێل کرد. کەمێك زاتی نایە بەر خۆی و دێزەی وەپێش خۆداو کەوتە رێ. کابرای جاسوس بە غاردان شوێنی کەوت. کە نزیك بۆوە بەردەم ولاخەکەی گرت و هاواری کرد:

- بوەستە
- وەبان چاو قوربان.
- ئەم سەبەتانە چییان تێدایە؟
- سەبەتە دەبێ چی تێدابێ قوربان؟ فەرموو سەیریان بکە.

جاسوسەکە سەیرێکی لالۆو تەماشایەکی سەبەتەکانی کردو گوتی:

- تۆ مەشهەدی بەگ دەناسیت؟
- ئەدی مەعنای چی قوربان.

- دەزانی کابرایەکی زۆر خەتەرە؟
- خەتەر؟! جا توخوا پیاوی لەو باشتر هەیە.

جاسوسەکە بیری هەر لای سەبەتەکان بوو. کە گوێی لەو وەڵامەی لالۆ غولام بوو بە جارێ دەهری بوو، و هاواری کرد:

- هەی بێ شەرەف، وا دیارە تۆش دەستت لەگەڵی تێکەڵە.
- خۆت بێ شەرەفی، جەناب....
- دەمت لێك نێ.
- وەبان چاو قوربان.

ئەم مشتومڕە زۆری نەبرد. کابرای جاسوس پوش‌و پەلاشی سەر سەبەتەکانی لاداو سەیرێکی نێوی کردن:

- تف، نۆبەتی هێلکە مریشکە!
- بەڵێ هێلکە مریشکە، یەکی بایی سێ کوبیکە.

لالۆ غولام ئێستا بۆی بە دیار کەوت کە کابرای جاسوس بۆ لە ماڵەوە تا ئێرە دووی کەوتووە. ئەوجا رووی کردێ‌و گوتی:

- قوربان مەشهەدی بەگ پیاوێکی چاك‌و بێوەیە. بۆ ماڵەکەی تەحەڕی دەکەن، بۆ خراپەی لەگەڵ دەکەن؟ ئەمە عادەتێکی کۆنە، هەڵبەتە نەزرو نیازی بۆ رۆژێکی وا قەرار داوە.

لالۆ غولام پاش ئەم قسانە کەرەکەی وەپێش داو کەوتەوە رێ. زوو لە گردۆڵکەیەك ئاو دیوو بوو، چاوی جاسووسەکەی لێ دیار نەما. کەمێ رۆیی، هەڵوەستەیەکی کردو ئاوڕێکی دایەوە. جاسووسەکە دیار نەمابوو. بە خەیاڵی ئاسوودەوە ملی رێگای گرت. لە دڵی خۆیدا دەیووت: کە پیاوێکی کەرە.

بۆ ئەوەی ئەمانەتی دۆستەکەی بە زوویی‌و بە سەلامەتی بگەیەنێتە جێ، پێی هەڵگرت.

*

لالۆ گەیشتە جێ، 7–8 کەس بەپیرییەوە هاتن, خۆشی نەیزانی چۆن کەرەکەو سەبەتەکانیان لێ رفاند. لالۆ وەکو راوچییەك نێچیری لە دەست چووبێ، ئەبڵەق و سەرسام دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی. هیچی نەبینی. لە پڕ چاوی بە مەشهەدی بەگ کەوت کە بە گالیسکە خۆی گەیاندبووە وێندەرێ، مەشهەدی خۆی گەیاندە لالۆ غولام‌و گوتی:

- ماندوو نەبی لالۆ، چت کرد؟ چەندت قازانج کرد؟
- قازانج! گوێ درێژەکەشیان لێ رفاندم.

مەشهەدی بەگ شتێکی بە گالیسکە چییەکە گوت‌و کەمێك لە لالۆ غولام دوور کەوتەوە. بەرەو پیری ئەو کوڕە چوو کە بۆ لای ئەم دەهات. ئەم کوڕە گەنجە، سمێڵی باریك، برۆکانی رەش، قەلافاتی رێك‌و پێك، چاوەکانی گەش بوو. یەکێك بوو لە هاوڕێ دڵسۆزەکانی مەشهەدی بەگ.

- بەخێر هاتی هاوڕێ مەشهەدی.

لەو دەمەدا کە بە گەرمی دەستی مەشهەدی دەگوشی گوتی:

- بیستم کوڕت بووە، عەمری درێژو بەنازی داكو باب گەورەبێ.

مەشهەدی بەگ بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئەرێ هێلکەکان بە سەلامەتی گەیشتنە دەستتان؟

کوڕە گەنجەکە دەستی خستە سەر شانی مەشهەدیو گوتی:

- بەڵێ، ئافەرین فەندێکی جوان بوو. هاوڕێیان زۆریان کەیف پێ هات. ئەم جۆرە داهێنانە بیری شۆڕشگێڕیمان دەوڵەمەندتر دەکا.

لالۆ غولام سەری لە هیچ دەرنەدەکرد. جارێ سەیری مەشهەدی و جارێ سەیری کوڕە گەنجەکەی دەکرد. بەو چەکانەی نەدەزانی کە مەشهەدی بەگ بەواو بە دزی جاسوسەکەوە ناردبوونی. نەشیدەزانی مەشهەدی بەو فێڵە خۆی لە جاسوسەکە دەرباز کردبوو.

---

[1] گەوچینە لە ژێرو ژوور کردنی جانتاکەمدا چ بەدەست دێنن! شتی قاچاخ لەوێدا نییە، بەڵکو لەنێو مێشكو دڵمدان.



## یەکێتی

**فملە، منەبیر سویلە نەدن حرمتین اولسون؟([1])**

**اخیر نەسبب سوز دمگە قد رتین اولسون؟**

مەشهەدی بەگ خۆی ئامادە دەکرد. تا بەشداری کۆبوونەوەی کرێکارنی کانەکان بکا. بۆیە هەر لە عەسرەوە بە دایکی گوتبوو:

– دایکە بەیانی زوو هەڵم بسێنە. ئێشم هەیە. دەبێ بچم بۆ کانەکان .

سەلیمناز بۆ سبەینێ بەیانی زوو وەژوورەکەی مەشهەدی کەوت دیمەنێکی ناخۆشی بینی، مەشهەدی هەر بە جلەکانیەوە خەوتبوو. دیار بوو بە دەم کتێب خوێندنەوەوە خەو بردبویەوە, چونکە کتێبێکی قەبەی شین باو لەسەر مێزەکەی خزی بوو, و کەوتبووە سەر عاردی. سەلیمناز قەدەرێ لەکورەکەی راما خەوێکی قوڵی لێ کەوتبوو.

---

مەشهەدی بەگ وەکو چۆن مامۆستایەکی چاك بەر لەوەی بچێتە پۆلەوە، هەموو پرسیارو وەڵامی دەرسەکەی ئامادە دەکا، بەو شێوەیە بابەتە سیاسییەکانی خۆی ئامادە دەکرد، تاکو بتوانیٚ شتە عەوام خەڵەتێن‌و نا زانستییەکان لە نێو کرێکاراندا ریسوا بکا، بتوانیٚ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە گوینە بکرێن بەچاکی بداتەوە، پێش وەختە خۆی ئامادە دەکرد. بەڵکو هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەکی ئەوە بوو بە زمانێکی سادەو رەوان وەڵامی کرێکارەکان بداتەوە. بۆ پشتیوانی قسەکانیشی پەنای وەبەر قسەی نووسەرانی رووس‌و پەندی ئازەری‌و هۆنراوەی رەخنەگرانەی صابر دەبرد. مەشهەدی بەگ لە کاتی قسەکردندا بە پرسیاری وەك: دروستە یان نا؟ رازین یا نا؟ حەقمانە یانا؟ زەحمەتکێشانی ئامادەبووی کۆڕەکانی دەهێنایە سەر شەوق‌و ناچاری دەکردن بەشداری گفتوگۆکان بکەن، چونکە بەم شێوەیە دەیتوانی پرسیارە زانستییەکان بە زمانێکی سادە روون بکاتەوە. مەشهەدی بەبیٚ نووسین قسانی دەکرد. هەوڵی دەدا هەموو چەمکێکی بابەتەکان بە مێشکی بسپێریٚ، هەر بۆیەش هەندیٚ جار کۆڕەکان درێژەی دەکێشا. یان پرسیاری جۆراو جۆری زۆر دەکران. هەندیٚ جار رێکدەکەوت کە هەندیٚ شت یا هەندیٚ پێشنیازی بیر بچێت، مەشهەدی بەگ لەو کاتانەدا هەوڵی دەدا پشت بە وتەی مامۆستاو رێبەرانی پرۆلیتاریا، مارکس، ئەنگلز، لینین ببەستیٚ‌و لە رێگای ئەوانەوە پەردە لە رووی تیورییە نا پرۆلیتاری‌و ئەنتی پرۆلیتارەکان لابداو بە سادەیی روونی بکاتەوە.

سەلیمناز، چاوی بەو پارچە کاغەزانە کەوت کە لەسەر مێزەکە بڵاو ببوونەوە. مەشهەدی بەگ شەویٚ نووسیبونی. سەلیمناز نیگای لە نێوان مەشهەدی بەگ‌و کاغەزەکاندا دابەش کردبوو... لە دڵی خۆیدا گوتی: خوا بمگێڕیٚ لە دەورت یاخوا. ئاخر بەزەییەکت بە خۆدا نایەتەوە؟ لە پڕ قسەکەی دوێنیٚ عەسری مەشهەدی بیرکەوتەوە. دەستی نایە سەر سینگی‌و هێدی هێدی رای تەکاند. مەشهەدی بەگ بە پەلە رابوو، گوتی:

– چییە دایکە؟ دوا کەوتوم؟
– نە رۆڵە. ئەوە بۆ هەر بە جلەکانتەوە خەوتووی؟ ئاخر ئەمە راست نییە...
– دایکە تەنانەت چایە خەست‌و خەلیسەکەی تۆش خەوی نەزڕاندم.

مەشهەدی بە پەلە هەستا، دەستوچاوی شت‌و گەڕایەوە:

– دایکە درەنگ هەڵت ساندووم، دەبوا ئێستا لە کانەکان بام، خێرا نان‌و چایەکم بدەنیٚ با بڕۆم.

مەشهەدی بەگ بە پەلە قاوەڵتی کرد، هێشتا ژن‌و منداڵەکەی لە خەو رانەبوو بوون، حازرو ئامادە لە ماڵ وەدەرکەوت، 20– 3– شەقاویٚ رۆیی، عەرەبانەیەکی بە کریٚ گرت، گوتی:

– بیٚ زەحمەت یەکڕاست بۆ باڵاخانا.

کە مەشهەدی بەگ گەییە کانەکان، هەتاو یەك– دوو رمیٚ بەرز ببۆوە. ئەسپەکان تەواو ماندوو بوون، پێچکەی عەرەبانەکە تا نیوەی رۆچووە گڵ‌و چەقی. عەرەبانچییەکە گوتی:

– تا کویٚ بڕۆم؟

مەشهەدی بەگ قەسرێکی یەك نهۆمی نیشانداو گوتی:

- تا بارەگای گەل.

ئەوجا دابەزیو بە عەرەبانچییەکەی گوت:

- تۆ عەرەبانەکەت دەربێنەو بگەڕێوە. قەیدی نییە بە پێ دەڕۆم. شەوێ سەعات نۆ وەرەوە بە شوێنما.

بارەگای گەل کەوتبووە نێو ئەو کوختە پەرپوتانەوە کە کرێکارانی کانەکان تێیاندا دەژیان. عەرەبانەکە لە سەرووی بارەگاکەوە چەقی.

مەشهەدی بەگ لە هەوەڵەوە سەری کانەکانی دا، وەکو هەمیشە دیدەنی هاوڕێ کرێکارەکانی دەکرد، کە شەویش داهات خۆی بە ماڵەکانیاندا دەکردو قسەی لەگەڵ دەکردن، کەسێك نەبوو لەو هەرێمەدا مەشهەدی بەگ نەناسێت. کرێکاران پاش ئەوەی دەستیان لە کاری پڕ مەشەقەتی رۆژانە هەڵدەگرتو بۆ ماڵ دەگەڕانەوە بە دیتنی مەشهەدی زۆر کەیف خۆش دەبوون، دەتگوت مژدەو هیواو ئاوات لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو ژێرخانە تاریكو شێدارانە دێنێ. کرێکارەکان بە حوکمی کارەکەیان ئاشنای گەلێ ئەندازیاری پۆشتەو پاكو خاوێن ببوون. بەڵام ئەزموونی کارکردنو بەڵگەی رۆژانە چاوی کردبوونەوەو بە ئاسانی جیاوازی نێوان مەشهەدیو ئەوانیان دەرك دەکرد. پراتیکی رۆژانەو خەباتی خۆیان وای لێ کردبوون کە خەڵکانی خەمخۆرو بە ئەمەك بناسن، زۆر لەو ئەندازیارانە کە دەهاتنە ماڵی کرێکارەکان خواردنەوەو میوەیان لەگەڵ خۆ دێناو لەگەڵیان رۆدەنیشتنو خۆشەویستیو دۆستایەتی خۆیان بۆ کرێکارەکان دەنواند، بەڵام زۆری نەدەبرد خاوەنکار دەمی چەور دەکردنو ئەوانیش پشتیان لە کرێکارەکان دەکرد. تەنانەت هەندێ جار خیانەتیشیان دەرهەق بە کرێکارەکان دەکرد، بەڵام مەشهەدی شتێکی دی بوو، هەمیشە لە گەڵیان بوو و لێیان جودا نەدەبۆوە. لە رۆژی تەنگانەدا جێی نەدەهێشتن، کە بۆ داوای مافەکانیان دەچوونە دامو دەزگاکانی دەوڵەت، مەشهەدی بەگیش لەگەڵیان دەچوو، کرێکاران هەرگیز ئەم قسانەی مەشهەدییان بیر نەدەچۆوە کە بەرامبەر بە فەرمانداری باکۆ کرد بووی: تا کەر پیاوانی وەکو ئەو دەم راستی دەزگای دەوڵەت بن، کرێکاران رۆژی خۆش بە خۆوە نابینن.

مەشهەدی بەگ بە کەنار بیرە نەوتەکاندا تێ پەڕیو بۆ بارەگای گەل گەڕایەوە. ئەم بارەگایە بریتی بوو لە هۆڵێکی تەسکی درێژ، ئەکتەرەکانی ئازەربایجان هەندێ جار لەم هۆڵەدا نمایشنامەیان بۆ کرێکارەکان پێشکەش دەکرد. کرێکارەکان هەر کاتێ بیانویستایە ئەم بابەتە بەرنامانە ساز بکەن تەگبیریو راوێژیان بە مەشهەدی بەگ دەکردو دەیانووت: تۆ باشتر دەرك بە پێویستییە مەعنەوییو رۆشنبیرییەکانی کرێکاران دەکەی.

مەشهەدی بەگ، هەوڵی دەدا تا دەکرێ نمایشنامە زانستی- هونەرییەکان سادەترو هاسانتر بخرێتە روو. هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە دەبێ ئەو نمایشنامانەی بۆ کرێکاران دەنوێنرێ -کە زۆربەیان نە خوێندەوار بوون- سادەو کاریگەر بێ، تا هوشیاریان بکاتەوە. هەمیشە دەیگوت:

- بابەتی جوانو قووڵ لە شیر بڕندەترە.

یا کاتێ بیویستایە نموونە بێنێتەوە، دەیگوت:

- گەر دەتانەوێ تەماشاڤان قێز لە رژێم بکاتەوە، وێنەی حاجی قارا بخەنە روو، هەوڵ بدەن لەو دەمەیدا کە کرێکاران بە دیتنی نمایشنامەکانتان دەکەونە پێکەنین. دژمنی چینەکەی خۆشیان بناسن، بەڵێ پێویستە بە دژمنی خۆیانی پێ بکەنن، ئیدی سەردەمی پەندو ئامۆژگاری بەسەر چووە. گەر بتانەوێ ئامۆژگاری سەرمایەدارو چەوسێنەران بکەن ئەوا بە قەد نووکە دەرزییەك کاریان تێ ناکەن.

مەشهەدی بەگ هێندە تێکەڵی کرێکاران بوو کە بە تەواوی شارەزای هەموو خوو رەوشتو وردو درشتێکیان ببوو. دەهات ئەو شتانەی لە رێگای شانۆگەرییەکی کرێکارانەی سادەو رێكو پێکەوە دەخستە روو تا بتوانێ رەوشتو یاسا شاراوەکانی کۆمەڵ بە زمانێکی سادەی کرێکارانە بخاتە روو. هەندێ جار کە دەهاتە سەر ئەو باسانە بەم شێوەیە سەرنجی رادەکێشا.

- لە تەواوی نمایشنامەکاندا پارێز لە فریوکاری بکەن. بچنە بنجو بناوانی کارەکانەوە. گەر تەماشاکەران پابەندی نووسەر بنو نووسینەکە رۆڵی بنج بڕی کاریگەرانە بگێڕێو رووداوەکانو چۆنیەتی چارەسەر کردنیان لەسەر شانۆ بدینین، ئەوا دەتوانین بڵێین کارەکانمان گەییوەتە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر.

ئەو کرێکارو ئەکتەرانەی کە دەوریان دەگێڕا ئامۆژگارییەکانی ئەویان لە گوێ دەگرتو هەندێ پرسیاریان لێ دەکرد.

- بۆ نووسەرانی ئازەری شتێك لەمەڕ کرێکاران نانووسن؟ بۆ نموونە وەکو گۆرکی.

راستە ئێمە کرێکارانی موسڵمانین، بەڵام ئێمەش حەز دەکەین کە کرێکاران وەکو ئادەمیزادی ئابڕومەند لەسەر شانۆ سەیری خۆ بکەن. بۆ ئێمە لە ئەدەبیاتی خۆماندا کرێکارو زەحمەتکێشی لەم بابەتە نابینین؟

عەزیز بیگۆف وەڵامی دەدانەوە:

- گۆرکی لە ناوجەرگەی کرێکارانەوە هەڵقولابوو، ئەوان پەروەردەیان کرد، ژیانی گۆرکی لە بۆتەی ژیانی کرێکاراندا جۆشی خواردبوو، هەستی بە تواناو هێزی لەبن نەهاتووی کرێکارانی روس کردبوو. توانی لە رێگای قارەمانەکانی خۆیەوە کە زۆری خۆش دەویستن، دەست پێشکەری بکا. لە نێو ئێمەدا هێشتا ئەم جۆرە نووسەرانە هەڵنەکەوتوون. هەڵبەتە ئەمەش شتێکی تا رادەیەك ئاساییە، چونکە کرێکارانی ئازەربایجان تازە هاتوونەتە مەیدانی خەباتی چینایەتییەوە. بەڵام خەمتان نەبێو ئەم بابەتە نووسەرانە لە نێو ئێوەشدا هەڵدەکەونو پێداویستییە رۆشنبیرییەکانی کرێکاران ئەم جۆرە نووسەرانە دەخوازێ، ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە. نووسەرو شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی ئێمەش، بەم حاڵەشەوە کە هەن، هەوڵی کەمیان نەداوە، ئێوە نووسینی صابرتان خوێندۆتەوە؟ گۆڤاری مەلا نەسرەدینتان دیتووە؟ ئەو برادەرە رێك دەربارەی ژیانی ئێستای کرێکارانی ئێمە دەنووسێت. من بەش بە حاڵی خۆم بە شاعیرێکی

گەورەی دەزانم. ئەوەتا صابر حەشر بە ئاخوندو مەلاکان دەکا، ئەمە کەم نییەو زاتێکی گەورەی دەوێ، چونکە تا ئێستاش خورافاتو شتە تورەهاتەکان رۆڵێکی گەورەی وێرانکاری دەبینن. بۆچی هۆنراوەکانی صابر لەسەر شانۆ ناخوێننەوە؟ ئەکتەرەکان پێویستیان بە نمایشو ئۆپەرێتی نوێو زانستی هەیە. ئێوە لە پاڵ شانۆگەری ( حاجی قاراو موسیو ژوردانـدا) پێویستیتان بە شانۆگەری دی هەیە. شانۆگەری ئەوتۆ کە رەنگدانەوەی هەموو دەردو رەنجێکی کرێکاران بێت.

ئەوجا مەشهەدی بەگ هەقی دایێو گوتی:

- هەقتانە، زۆرمان دەوێ. بێگومان ئەم کەلێنانە پڕ دەکەینەوە. ئەزموونی شۆڕشی روسیا بە ئاشکرا ئەم راستییە نیشان دەدا.

مەشهەدی بەگ لەو دەمەدا کە بەرەو نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بارەگای گەل دەچوو، پەردەیەکی گەورە سەرنجی راکێشا، بە پیتی عەرەبی لێی نووسرابوو: ئەوشۆ شانۆگەرییەکی یەك پەردەیی بەنێوی "نەوت" پێشکەش دەکرێ.

مەشهەدی بەگ هەرچی کردو کۆشا، نێوی نووسەرەکەی لەسەر پەردەکە نەبینی، لە دڵی خۆیدا گوتی: دیارە نووسەرەکەی نایەوێ ناوی خۆی ئاشکرا بکا. لەوەیە نووسەرەکە خۆیشی دەوری تێدا ببینێ. بە کەیف و خۆشحاڵ دەرگای نووسینگەکەی کردەوەو وەژوور کەوت. لاوێکی کەڵەگەتی لاوازی عەینەك لە چاو لە ژوورەوە پیاسەی دەکرد. مەشهەدی بەگ نەیناسی. ئەم کابرایە نێوی ئەحمەد سائیل بوو. سووکە خوێندنێکی لە تورکیا خوێند بوو. هەر رۆژەی لە خزمەتی مەرامو مەبەستێك دابوو.

مەشهەدی بەگ لێی پرسی:

- ئەوە بەڕێوەبەر لە کوێیە؟

ئەحمەد سائل، سەراپای مەشهەدی بەگی بە نیگادابێژت و گوتی:

- نازانم، خۆی هیچی نەووت. کەسیش نازانێ کێوە چووە.

ئەوجا سەری بەرز گرت، وەك سەربازێکی گوێ رایەڵ تا توانی پێی بەزەویدا کوتاو دەستی بە پیاسەکردنەوەی خۆی کرد.

- بۆ کەس لێرە نییە؟

- ئەدی من چیم؟

- تۆ هیچ. تۆ ناڵێم.

سائل ئەفەندی عەینەکەکەی داکەندو مۆڕەیەکی لە مەشهەدی بەگ کرد:

- ئەوە تۆ چۆن بە شەرێکی؟! پێم نەگوتی کەس نازانێ کێوە چووە؟!

مەشهەدی بەگ بزەیەکی ساردی بە روویاداو بەبێ قسە وەدەرکەوت و بە هەمان رێی خۆیدا گەڕایەوە. رووەو کانەکان نشێو بۆوە. دیمەنی ئەو لاوە. ئەتوارو رێو رۆیشتنی، روانین و سەیر کردنی، نا ئاسایی و پێکەنین هێنەر بوو. چەند سەیر قسەی دەکرد. فەرامۆش کردنی زمانی زگماکی خۆی، شێوەی رەفتارو هەڵسوکەوتی بەڕاستی پێکەنین هێنەر بوو. مەشهەدی

بەگ زۆری لەسەر نەڕۆیی، بە پەلە خۆی گەیاندە لای کرێکارەکان کە خەریکی هەڵکەندنی بیرە نەوتێکی تازە بوون. سڵاوی کرد. یەکێك لە کرێکارەکان بە دەستی گریساوی ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی، هەر کە چاوی بەمەشهەدی بەگ کەوت هاواری کرد:

- هاوڕێ بیگۆف بە خێر هاتی.

دەستەیەکی 6-7 کەسی سەر قاڵی هەڵکەندنی بیر بوون. عەزیز بیگوف لێیان چووە پێشێ، سەیرێکی ناو بیرەکەی کرد:

- ئەوە چییە دیسان درێلەکەتان شکاوە.
- بەڵێ، لە بەیانییەوە هەرچی هەوڵ دەدەین بۆمان دەرنایەت نازانین چ بکەین؟ ئیدی نانەو لە قوڕگی شێردایە... خوا رۆژی کەس بەم رۆژە نەگەیەنێ.

جلو بەرگو سەرو چاوی کرێکارەکان یەکپارچە تۆزو گەیس بوو. تەنیا بریقەی چاویان نیشانەی ژیانی دەنواند. چاوی شەکەتو ئاوساویان بڕی بووە مەشهەدی بەگ، بەڵکو قسە خۆشەکانی بیان خاتە سەر زەوقو شەوقو....

ئەو کرێکارە کە سڵاوەکەی مەشهەدی بەگی سەندەوە، ئیشارەتێکی بۆ بیرەکە کردو گوتی:

- خەریك بوو فوارە بکا، ئەم درێلە پشتی شکاندووین. سێ رۆژە ماڵی خۆمان نەدیوە. تۆزێ پێش تۆ خاوەنکارەکە هات، سەیرێکی کردو لێیدا رۆیی.
- چی پێ وتن؟
- گوتی ئەگەر درێلەکە دەرنەیەننەوە یەك پولتان نادەمێ.
- پێتان گوتبا... ئێمە چ بکەین، خۆ خەتای ئێمە نییە کە شکاوە.

مەشهەدی بەگ بەدەم ئەم قسانەوە سەیرێکی دیکەی نێو بیرەکەی کرد. بیرەکە نزیکەی 40-50 مەترێك قووڵ بوو. کەرەستەکانیشیان کۆن بوو، بۆیە دەرهێنانەوەی درێلەکە زەحمەت بوو، کرێکارەکان هەر چییان کرد بۆیان دەر نەهاتەوە.

مەشهەدی سەری هەڵبڕی. سیمای نا ئومێدو نیگای ماتی کرێکارەکان داوای چارەسەریان لەو دەکرد.

مەشهەدی بەگ گوتی:

- درێلەکە دەردێت، بەڵام پێویستە بەر لە دەرهێنانەوەی قەرارێ لەگەڵ خاوەن کارەکەدا بکەن.

کرێکارەکان تێکڕا گوتیان:

- چ قەرارێ؟
- بیرەکە بۆنی گازی لێ دێ. دیارە گازەکە نزیکە. دوور نییە لەگەڵ دەرهێنانەوەی درێلەکەدا فوارە بکا. دەزانن ئاکامی ئەمە چ دەبێ؟

یەکێك لە کرێکارەکان کە پشتی کوڕ ببووەوەو لە هەموویان نزیکتر بوو لە بیرەکەوە گوتی:

- هەزارو یەك بەڵا بەسەر ئەو کەسەدا دێ کە درێلەکە دەردێنێ.

ئەم کرێکارە وشەی مەرگی بەزاردا نەهات. هاوڕێکانی لەو ئاشکراتر گوتیان:

- ئەوەی درێلەکەی دەردێنێ با لە ئێستاوە حسێبی مردوو بۆ خۆی بکا.

ئەم بیرە سامناکە کە بە مێشکی هەندێکیاندا هاتبوو، کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر کەسیان. مەشهەدی بەگ هەستی کرد مەرگیان لەم ژیانە پڕ مەشەقەتە پێ خۆشترە.. یەکێکیان بە دەم دەست راوەشاندنەوە گوتی:

- ئا دەی ئێوە پێم بڵێن بزانم چۆن دەردێ بزانە بۆ دەچمە خوارێ یانا، پیاو یەك کەڕەت بمرێو بڕێتەوە لەم مەرگی بەرە بەرەیە باشتر نییە؟!

عەزیز بیگوف گوتی:

- نە گیانە نا. ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئەم قسەیە راست نییە.

ئەوجا بە کرێکارەکانی گوت:

- پێویستە خاوەنکارەکەتان ناچار بکەن کە ئەگەر شتێ قەوما خەرجی ماڵو منداڵتان بکێشێت. تا ئەم قەرارەی لەگەڵ نەکەن دەست بە هیچەوە مەدەن. خۆ ئەگەر ویستی بە تەماحی پارەیەکی کەم بتان خەڵەتێنێ، رازی مەبن.

جاران وا باو بوو هەر کرێکارێ شان بداتە بەر ئەم کارە خەتەرانە، پێشەکی پاداشتێکی لە خاوەن کارەکە وەردەگرت، واتە پارەیەکی کەمی لە قەبێڵی خوێنەکەی خۆی وەردەگرت. هەموو کرێکارەکانی دی چاویان دەبڕییە دەستو بازوو، مروەتو جوامێری خاوەنکارەکە. خاوەنکار بۆی هەبوو دوای ئەنجامدانی کارەکە سووکە پاداشتێکیان بداتێ یا بێ چ هەقو هقوقێ بەرەڵلایان بکا.

لەم کاتەدا دوو کەس لە بیرەکە نزیك دەبوونەوە. یەکێکیان زەینەڵ بەگی خاوەنکارو ئەوی تریان وەستایەکی پیر بوو. ناوی عەلی بوو. ئەم وەستا عەلییە لەسەرانسەری باکۆدا ناسرا بوو. زەینەڵ بەگ بە تەکە تەك ورگە زلەکەی دابووە پێشو زنجیری ئاڵتوونی سەعاتەکەی دەبریسکایەوە. ئاغایانە وێستابوو. دەمێ دەیڕوانییە وەستا عەلیو دەمێ دەیڕوانییە کرێکارەکان. گوتی:

- چیتان کرد؟ دەری دێنن یا نا؟

کرێکاریکی لاو رووی تێکرد:

- بەگ، مەرجێکمان هەیە.

زەینەڵ بەگ کە گوێی لەم قسەیە بوو نیگایەکی عەزیز بیگۆڤ کردو گوتی:

- ئەوە عەزیز بیگۆفیس لێرەیە! ئەوە بۆ هەر کاتێ ئەو دێتە ئێرە ئیدی کێچتان دەکەوێتە کەوڵی. مەرج؟! ئادەی بڵێ بزانم مەرجی چی؟!.

- دەبێ خەرجی خێزانەکانمان، خێزانی هەمووومان بگرییە ئەستۆ ئەوجا درێلەکە دەردێنین.

- نەمگووت؟!... باشە بۆ خێزانی هەمووتان؟ خۆ هەر یەك کەس درێلەکە دەردێنێ.

- راست دەکەی بەگ، بەڵام هەموومان وەك یەك رەنجمان بە بیرەکەوە کێشاوە..

زەینەڵ بەگ، ئاماژەی بۆ وەستا عەلی کردو گوتی:

- ئەوە دەناسن؟ من مەرج و شت نازانم، کێ درێلەکە دەربێنێ ئەوە پارەکە حەلاڵ دەکا.

هەموو بە بەرقەوە روانیانە وەستا عەلی. وەستا عەلی لە فیکەی خۆی حاڵی بوو. لە ترسا لە کرێکارەکان دوور کەوتەوە. لەو دەمەدا کە دەیویست بڕوا گوتی:

- بۆ وا تەماشام دەکەن؟ ئەگەر پیاون دەری بێنن.

ئەوجا رووی کردە زەینەڵ بەگ:

- بەگ من خوا حافیز، دەیانەوێ کەوڵم بکەن، من هەقم بەسەر کاری ئەوانەوە نییە.

زەنیەڵ بەگ گوتی:

- ئەی ئافەرین ترس؟ وەرە بزانە ئەم بیرە قازانجی دەبێ یا نا؟

مەشهەدی دانی بە خۆدا گرت و چاوەڕێ بوو بزانێ کار دەگاتە کوێ، ئەوەی کە پتر وەستا عەلی نیگەران کردبوو، مەشهەدی بەگ بوو. هەر کە گوێ لە نێوی ئەو بوو لە هاتنەکەی ژێوان بۆوە. چونکە دەیزانی مەشهەدی بەگ چ ماڵێکەو چەندە خۆشەویستی کرێکارانە. لە دڵی خۆیدا گوتی: جا من چیم بەسەر ئەم سەریەشەیەوەیە، خۆ درێلەکەش دەربێنم و پارەکەش وەربگرم ئەوا کرێکارەکان بە تاقە ئیشارەتێکی ئەو گەرووم هەڵدێننەوە.

- وەستا، ئەهای وەستا ئادەی وەرە پێشەوە ئەوە لە چ دەترسی؟

وەرە پێشەوە سەیرێکی بکە کێ دەڵێ زیانی لە قازانجی پتر نابێ!

وەستا عەلی بە نە بەدڵییەوە هاتە سەر بیرەکە، سەیرێکی خوارەوەی کرد، ئەوجا دەمی وەپەنا گوێی زەنیەڵ بەگ ناو گوتی:

- دەتوانم دەری بێنمەوە.

کرێکارەکان هەموو مات و نا ئومێد سەریان داخست. ئاخر وەستا عەلی گاڵتەی پێ نەدەکرا، کام درێلەی کەوتبا هەر شوێنێکی عاسییەوە هەر وای دەکردو دەری دێنایەوە. کرێکارەکان ئەمەیان چاك دەزانی. ئەم وەستایە زۆر لە خاوەنکارەکە دڵ رەقتر دەهاتە پێشچاو. لە هەر شوێنێ درێلێ، شتێ سەقەت با یا عاسێ با خێرا سەرو سەکوتی پەیدا دەبوو.

وەستا عەلی رووی کردە زەینەڵ بەگ:

- بەگ ئەم بیرە فوارە دەکا، دەرهێنانی درێلەکە زۆر زەحمەتە. هەر کەسێ بیەوێ دەرێ بێنێ دەبێ پێشوەختە کفنەکەی حازر بکاو وەسێتی تەواو بکا.

خاوەن کار، هەر کە گوێی لە وشەی فوارە بوو خەریك بوو لە کەیفان شاگەشکە ببێ.

- ها؟ ئاوها؟ فوارە؟ نەوت؟ خۆ گوێتان لێ بوو؟

مەشهەدی بەگ ئیشارەتێکی بۆ لای کرێکارەکان کردو گوتی:

- بەگ گوێ بگرە، ئەمانە بیرەکەیان هەڵکەندووەو نەوتەکەش هی ئەمانە.

زەینەڵ بەگ گوێی لە قسەکەی مەشهەدی بەگ بوو. بە وەستا عەلی گوت:

- ئادەی با موعامەلەکەمان ببڕینەوە، ئەوجابا ئەمانیش هەر بە خەیاڵی مەرج و مەرجکاری بژین... ئەو هەموو پارەیەم لە کوێ بوو!

مەشهەدی بەگ نیگایەکی تووڕەی زەینەڵ بەگی کردو گوتی:

- هەتە یا نیتە دەبێ پەیدای بکەی، پێت وانەبێ ئەم کرێکارانە بێ پشتو پشتیوان بن.
- ئەرێ تۆ چیت، سەلکی سیری، قنچکی پیازی؟
- من؟
- ئا، ئا تۆ.
- من مەشهەدی بەگی کوڕی عەزیز بیگوف-م، لەسەر حەقی کرێکاران هەردوو چاوت لە جێی چاوێکتەوە دەردێنم. وەستا عەلی تۆش بەئاستەم پێ خوار دابنەی ئەوجا تێت دەگەیەنم وەستا عەلی کێیە!

مەشهەدی هێند بە گەرمی قسەی دەکرد، کرێکارەکانیش زاتیان وەبەر گەڕا، دەتگوت کۆمەڵە سەربازێکی گورجو گۆڵو چاوەنۆڕی فرمانی فەرماندەکەیانن تا هێرش بەرنە سەر دژمن. بە خۆشەویستیو ڕێزەوە دەیان ڕوانییە مەشهەدی بەگ. وەستا عەلی ترسی لێ نیشت، خۆی دایە پەناو ویستی هەڵێ.

مەشهەدی بەگ رووی کردە کرێکارەکان:

- هاوڕێیان گەر داواکەتانی جێبەجێ نەکرد، دەست بە هیچەوە نەدەن، ئەم خاوەنکارانە چاویان سوور بووە، نەیەڵن خایەنی وەکو وەستا عەلی توخنی بیرەکە بکەوێ. سەگبابانە فێرن بێنە سەر حازرەکی.

ئەوجا رووی کردە زەینەڵ بەگ:

- تۆش ئەو بابەت مرد کە جارێکی دی بە ئارەزووی خۆت کرێکاران بچەوسێنییەوە.

زەینەڵ بەگ لە حەژمەتاندا قەپی بە زنجیری سەعاتەکەی خۆیدا دەکرد. بۆ گیرفانەکانی دەگەڕا تا دەستیان تێ بخا، بە دەنگی بەرز گوتی:

- ئەم بیرە هی کێیە؟ هی منە یا هی تۆیە؟
- هی کەسمان نییە، هی ئەم کرێکارانەیە.
- سەیرە؟ نۆبەتی ئەم قەوانەیە؟!
- کەیفی خۆتە، ئەگەر داواکەیان جێبەجێ نەکەی ئەو درێلە دەر ناهێنرێتەوە، وەستا عەلی-ش جارێکی دی روو بکاتە ئەم کانانە لاقی دەبڕینەوە.

کرێکارەکان پێشتر مەشهەدی بەگیان دەناسی، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبوون کە هێندە ئازاو بوێرو بێ باك بێ.

- چ چارێکم نییە، دەچم شەقاوەو پیاو کۆ دەکەمەوە تا حیسابێکتان بۆ بکەم.
- بڕۆو بێ منەت بە، کام کەل سەختە بچۆ بیگرە.

دەستی بۆ لای کرێکارەکان درێژ کردو گوتی:

- هەر یەکێك لەمانە بەرانبەر بە (20) شەقاوەی تۆیە، وایە هاوڕێیان؟

کرێکارەکان پێکەنین. لە دڵی خۆدا دەیانگوت: کوڕە ئەم مەشهەدی بەگە چەند پیاوێکی ڕەشیدە.

ئێستا بۆیان دەرکەوت کە خاوەنکارەکەیان چ قەلەزراوێکی بودەڵەیە. تەنانەت هەندێ لەو کرێکارانەی کە جاران مەراییان دەکرد لە دڵی خۆدا ژێوان بوونەوە.

زەینەڵ بەگ ورگە زلەکەی وەپێش خۆیداو کەوتەڕێ. بەدەم هەڕو گیڤەوە هاواری کرد:

- هەر ئێستا دەچم پیاوەکانم ئاگادار دەکەمەوە.

هەر چەند هەنگاوێك‌و ئاوڕێکی پاشەوەی دەداوەو هەڕەشەی دەکرد:

- باشە باش، کەمۆکەیەك سەبرم لێ بکەن...

مەشهەدی بەگ پێکەنین گرتبووی.هەر جارێ کە زەینەڵ بەگ ئاوڕی دەدایەوە تا بە خەیاڵی خۆی بیان ترسێنێ، مەشهەدی هاواری دەکرد:

- ئێمە وا لێرە وێستاوین، خێراکە بۆ هیچ شوێنێ ناڕۆین.

ئەوجا رووی کردە کرێکارەکان‌و گوتی:

- ئەو شەلاتی‌و چەقۆکێشانە مەگەر تەنیا ژنان لێیان بترسێ. گەر هاتن بۆ ئێرە بتان بینم چۆن شاپ تڕێنیان بکەن. باشە؟

کرێکارەکان نەیاندەزانی چۆن سوپاسی بکەن. جوامێری مەشهەدی هەموو ماندووبوونێکی بیر بردنەوە. مەشهەدی بەگ گوتی:

- سەعات شەشی ئێوارە لە بارەگای گەل حازر بن تا تۆزێ پێکەوە باسی خواست‌و گیروگرفتەکانتان بکەین. نەیەڵن کەس توخنی بیرەکە بکەوێ. خاوەنکار بە خۆی مەجبورتان دەبێتەوە. من دەیناسم چ ماڵێکە.... من دەڕۆم، سەعات شەش لە بارەگای گەل یەکدی دەبینینەوە.

کرێکارەکان گوتیان:

- زۆر چاکە، سەعات شەش هەموومان دێین.

مەشهەدی بەگ لێیان هەڵبڕاو رۆیی. سەیری سەعاتی کرد، دوازدەی نیوەڕۆ بوو. هێشتا شەش سەعاتی ماوە هەبوو تا سەری هەموو کانەکان بداو تێکڕای کرێکارەکان بۆ کۆبوونەوەکە بانگ بکا.

*

مەشهەدی بەگ بە تەما نەبوو لەلایەن خەنیمە سیاسییەکانیەوە بەرەنگارییەکی ئەوتۆ بکرێ، بەرنامەی مەنشەویك‌و داشناکەکان ئەوەبوو کە کرێکاران‌و خاوەنکاران پێکەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن تا بەهاوکاری هەردوولا مەسەلەی کرێکاران چارەسەر بکەن، ئەم بەرنامەیە لە نێو کرێکارەکانیشدا لایەنگرانی پەیدا کردبوو. چونکە لە نێو کرێکاری کانەکاندا هێشتا کێشەی چینایەتی بە تەواوی گەشەی نەکردبوو بۆیە گیانی سازشکاری لەنێو کرێکارەکاندا تەواو بنچ بڕ نەببوو.

هۆڵی کۆبوونەوەکە مەنتەسیڵ بوو. دووکەڵی جگەرە هەناسەی سوار دەکرد. بۆنی نەوت‌و گازویلیش لەولاوە بوەستێ. بەڕێوەبەری کۆڕەکە یەکێ بوو لە کرێکارە کۆنەکانی ناوچەی بالاخانا. نێوی پۆلا بوو. ئەم پۆلایە باوەڕی بە راوێژ کردن نەبوو، هەر بۆیەش وەختێ

نوێنەری مەنشەویکەکان قسەی دەکرد، فشاری بۆ هێنا کە لە کورتی بیبڕێتەوە. بەڵام خەڵکەکە نارەزاییان دەربڕی:

- وازی لێ بێنن با قسەی خۆی بکا، لێی گەڕێ با تەواوی بکا.

مەشهەدی بەگیش بەگەڵ ئەوان کەوت و گوتی:

- لالۆ پۆلا لێی گەڕێ با قسەکانی تەواو بکا، تا زیاتر قسە بکا زیاتر پەردە لە رووی سازشکارانەی خۆی هەڵدەماڵێ.

پۆلا دەستی هەڵبڕیو داوای بێدەنگ بوونی لێکردن:

- بێ زەحمەت بێدەنگ بن، با بزانین ئەم برادەرە چ شەکرێ دەشکێنێ.

کابرای قسەوێژ هەر چەند جلو بەرگی کرێکارانەی لەبەر بوو بەڵام بە دەمو دوویا دیار بوو کە یەکێکە لە رۆشنبیرانی مەنشەویك. دەستی بۆ لای مەشهەدی بەگ درێژ کردو گوتی:

- تۆ، بەڵێ جەنابی عەزیز بیگۆف تۆ دژمنی کرێکارانی. دەتەوێ نان بڕاویان بکەی. بە کۆمەڵێچ قسەی قەبەو زلی خەیاڵی و بەڵێنی بێ سەرو بەر تەفرەیان دەدەی. ئێمە مەبەستمان لە راوێژو تەگبیر ئەوەیە کە داخوازییەکانیان بخەینە بەرچاوی سەرمایەدارانو لەم بارە نالەبارە ئابوورییەو لە هەژاریو نەداری رزگاریان بکەین. ئێمە سوود و بەرژەوەندی کرێکارانمان لە هەموو شتێ بەلاوە بەنرخترو پیرۆزترە. ئێمە لایەنگری کۆبوونەوەی راوێژکارینو بۆ پێشەوەی دەبەین.

قسەکانی تەواوکرد، هەندێ لە دانیشتوان چەپڵەیان بۆ لێدا. بەڕێوەبەری کۆڕ پرسی:

- نۆرەی کێیە؟ کێ دەیەوێ قسە بکا.

- من.

ئەحمەد سائل ئەفەندی هەستا، هات لە جێگای قسەوێژی پێشوو وێستاو گوتی:

- راوێژو تەگبیر رەگی حەیاتی کرێکارانە. ئەمە جگە لەوەی کارێکی مرۆڤانەی چاکە. سەرمایەدارانیش هەقی خۆیانە وەکو مرۆڤ بژین. ئەوانیش وەکو کرێکاران ماف ژیانیان هەیە.

لالۆ خۆی پێ نەگیراو هەڵێدایێ:

- ئەرێ ئەفەندی تۆ لە کوێوە پەیدا بووی؟

- من؟

- بەڵێ، تۆ.

- من دۆستو نوێنەری گەلم.

- نێوت چییە؟

- ئەحمەد سائل.

- زائل؟

- نەخێر، نەخێر سائل.

- فەرقی نییە. باشە فەرموو.بەڵام ئەوەش بزانە کەس لەم قسانەی تۆ تێ ناگا ئیدی بۆ بە خۆڕایی خۆت ماندوو دەکەی.

سائل ئەفەندی بە روو قایمی درێژەی دایێ:

- ئێوە بۆ یەکێتی دەشێوێنن؟ دەوڵەمەندو هەژار، کرێکارو سەرمایەدار هەموو هەر رۆڵەی یەك میللەتن. ئایا کرێکارێکی تورك‌و سەرمایەدارێکی تورك رۆڵەی یەك دایك نین؟ ئەگەر سەرمایەدارێ دەسی هاوولاتییەکی دێهاتی بگرێ شایەنی خۆشەویستی‌و رێز نییە؟

کەس بایەخی بە قسەکانی ئەحمەد سائل نەدا، هۆڵەکە ببوو بە یەکپارچە غەڵبە غەڵب. کرێکارەکان لە نێو خۆیاندا قسانیان دەکرد. بازاڕی گفتوگۆیان گەرم بوو. کەس لە قسەکانی ئەحمەد سائل تێ نەدەگەیی. چاویلکەکەی داکەند، کەمێك وێستا. لالۆ پۆلا گوتی:

- ئەفەندی برادەران هیلاکن. لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەسەر کار بوون. کەمێ لە کورتی بیبڕەوە.
- من تەواوم کرد.
- چاکت کرد.

یەکێك لەنێو ئاپۆراکەوە هاواری کرد:

- لالۆ پۆلا گەر لە قسەکانی حاڵی بووی بۆ ئێمەشی بگێڕەوە.

لالۆ پۆلا گوتی:

- هیچی لێ حاڵی نەبووم.

تێکرای دانیشتوان لە قاقای پێکەنینیاندا. مەشهەدی لە هەموویان پتر پێکەنی. لە سووچێکەوە دانیشتبوو، و سەرگەرمی راوێژکردن بوو لەگەڵ کرێکارەکانا. دانیشتوان بە ئاشکرا ببوون بە بە دوو بەرەوە. بەڵام هێشتا مەعلوم نەبوو کام بەرە سەر دەکەوێ. لەم کاتەدا یەکێك لەو کرێکارانەی کە مەشهەدی بەگ لە نزیکەوە دەیناسی. هەستایە سەرپێ‌و دەستی بە قسان کرد:

- ئێمە بە خۆڕایی خۆ ماندوو دەکەین. بەڕای من راوێژو راوێژکاری چ دەردێکی ئێمە تیمار ناکا، دیسان دەیانەوێ بە قسەی زل‌و فشە بەڵێن تەفرەمان بدەن.

چاوێکی گێران نیگای لەسەر قسەوێژی یەکەم -کابرا مەنشەویکەکە بوو- گیرسایەوە دەستی بۆ لای وی راکێشا.

- ئەو برادەرەی کە جنێوی بەعەزیز بیگوف دا، سەیر کەن، سەیر کەن ئەو برادەرە دەڵێم. ئەوە بە چ هەقێ خۆی بە دۆستی ئێمە دەزانێ. خۆ ئێمە گەدا نین، ئەگەر راست دەکاو دۆستی ئێمەیە بۆ لەبری ئەو قسانە پێمان ناڵێ کوڕینە ئاگاتان لە خۆ بێ‌و نەکەن باوەڕ بەو گورگانە بکەن کە چوونەتە پێستی مەڕەوەو خۆیان گەیاندۆتە ئێرە.

یەکێك لە نێو ئاپۆراکەوە هەڵیدایێ:

- ئەو گورگانە دەکەنە کێ؟

- پرسیارێکی نابەجێیە. بە خۆتان دەزانن مەبەستم کێیە. گورگ ئەوانەن کە رەنجی شانی ئێمە دەخۆن. هەر کاتێکیش بیانەوێ هاوڕێکانمان بە گرت دەدەن و هەواڵەی زندانیان دەکەن. کوا ساموێلوف؟ کێ ئەوی گرت؟ ئارلف لە کوێیە؟ کێ خانلاری کوشت؟ من لەگەڵ تەواوی بۆچوونەکانی هاوڕێ عەزیز بیگۆف دام. نابێ بە قسەی فریوکارانی خاوەنکارو دارو دەستەکانیان هەڵخەڵەتێین. ئێمە لە ماوەی کاری سەختی رۆژانەوە دەیانناسین، نەك لە رێگای قسە لووسەکانیانەوە. جا کە ئەم هەموو شتەمان لەلا عەیان بێ ئیدی بۆ خۆ تەفرە بدەین؟

هەر خۆی بەدەم دەست راوەشاندنەوە وەڵامی دایەوە.

- پێویستمان بە یەکێتییە. ژیان و مانمان بە یەکێتییەوە بەندە. ئەوانە دەیانەوێ لێکدیمان هەڵاوێرن و بێکەس کوژمان بکەن. ئێمە دەبێ یەك بگرین، بەڵام نەك بەو جۆرەی ئەم ئەفەندییە باسی کرد. دەزانن ئەو چ رێیەکمان نیشان دەدا؟

هەموو بەیەك دەنگ:

- چ رێیەك؟

- ئەو دەڵێ سەرمایەدارو کرێکار رۆڵەی یەك دایکن. بەڵام درۆ دەکا. ئێمەی کرێکار رۆڵەی یەك دایکین.

ئەو کرێکارە دەم گەرمەی کە بەرگری لە بۆچوونەکانی مەشهەدی بەگ دەکرد نێوی تیموفیف بوو، کرێکارێکی رووس بوو. شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

- رۆڵەی یەك دایك لە ژوورێکا دەنوون، لەسەر یەك خوان نان دەخۆن.

هەرگیز زەینەڵ بەگ برای من نییە، بەڵکو دژمنی منە، کابرایەك بۆ سەرکوتکردنی خۆمان و داوا رەواکانمان پەنا وەبەر هەزارو یەك فێڵ و دەهۆی دەبا ئیدی ئەمە چۆن دەبێ بەبرا؟ مافمان پێ شێل دەکا. نازانم ئەمە لە کەنگێوە بۆتە برای من!

مەشهەدی بەگ زۆری کەیف بەم قسانە هات، هەڵیدایێ!

- تیموفیف هەقی خۆتە. دەم خۆش و قسەکانت زۆر بە جێ و راستن.

ئاگری قین لە چاوە گەشەکانی ئەم کرێکارە دەبۆوە. هەر چەندە نەیدەتوانی قسەکانی بەرەوانی و بێ گرێ بکا، بەڵام چونکە هەڵقوڵاوی ناخی دڵی بوون، کاریان کردبووە سەر تەواوی دانیشتوان. هەموو چاویان بڕی بووە لێوە لەرزۆك و کەم خوێنەکەی ئەو، سەرو دەستی نەدەجولاند، تەنیا هەندێ جار نەبێ کە قسەکەی بە چاکی بۆ نەدەهات کۆڵەمستی دەگوشی و رای دەوەشاند. کە گوێی لە دەنگی پشتگیری مەشهەدی بەگ بوو هێندەی دی گەرم بوو:

- سەرمایەدارەکان کە پێویستیان پێمان دەبێ بە برا، برا زمانی لوسیان دەخەنە گەڕ لەگەڵمان و هەر کە بە مەرامی خۆ گەیشتن ئیدی برایەتی لە گۆڕێ نامێنێ و بە بابیشمان لە مزگەوتێکا نوێژیان نەکردووە!

کرێکارەکان دایانە قاقای پێکەنین. کە هۆڵەکە کپ بۆوە کابرای مەنشەویك هەڵیدایێ:

- تۆ دەتەوێ چ بڵێی؟
- دەمەوێ بڵێم راوێژ کاری بێ سوودەو بالێرەوە هەڵوەشێتەوە. کرێکاران داوایەکی رێك و پێك بنووسن و بە خۆیان بکەونە سەروکاری. چونکە سێ ساڵ لەمەوبەر ئەمەمان کرد. گەر کرێکاران یەك بن کەس پێیان ناوەستێ و بە ناچاری وەڵامی داخوازییەکانیان دەدرێتەوە.
- ئەمە قسەی عەزیز بیگوفە، ئەدی رای خۆت؟
- دە گەوجە گەوج، چما عەزیز بیگۆف کێیە؟
- حورمەتی خۆت بگرەو قسەی جوان بکە.
- ئاخر قوربان جەنابتان ئاوەکەتان واڕشت. ئەوی سینگ بخوا، سینگ دەکوتێ.

لالۆ پۆلا دەستی هەڵبڕی و هەموویانی بێدەنگ کرد. ئەوجا رووی کردە قسەوێژە مەنشەویکەکەو گوتی:

- تۆ هەر چیت بە زارا هات بە هاوڕێ بیگوفت گوت: ئیدی بۆ نایەڵی یونس-یش قسەی خۆی بکا؟

کرێکارەکان بە یەك دەنگ گوتیان:

- یونس بەردەوام بە.

یونس شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

- من چ قسەیەکی دیم نییە، ئەگەر بە گوێی من دەکەن با راوێژکاری لە ئێستاوە هەڵوەشێتەوە. ئیتر سوپاس.

هەر کەسەو رایەکی دەردەبڕی. هەراو هەنگامەیە بوو ئەوسەری دیار نەبوو:

- واز بێنن، موناقەشە بەسە، وازبێنن هیلاك بووین، بەسە.

لەم کاتەدا قسەوێژە مەنشەویکەکە بە دەنگێکی ناسك گوتی:

- من دەمەوێ قسان بکەم.

کرێکارەکان هاواریان کرد:

- بەسە هیلاك بووین، قسان مەکە.

لەم کاتەدا یەکێك لە نێو ئاپۆراکەوەو بێ وەی ئیزن لە کۆڕگێڕ بخوازێ هەستاو پڕی دایە کابرای مەنشەویك و گوتی:

- قسەی چ دەکەی، هەی نۆکەری لە باب نۆکەری سەرمایەداران، پێم ناڵێی قسەی چ دەکەی؟

کرێکارەکان بە یەك دەنگ:

- بێدەنگ بەو نامانەوێ گوێمان لە قسەی تۆ بێ.

مەشهەدی حەزی دەکرد نۆرەیەکی دیکەشی بدرێتێ. هەر چەندە دەیزانی زۆربەی کرێکارەکان دژی راوێژکارین، بەڵام نەیدەویست قسە بێ سەرو بەرەکانی ئەحمەد سائل بەبێ وەڵام بڕۆن. لالۆ پۆلا وەك بڵێی هەستی بەمە کرد، بۆیە گوتی:

- هاوڕێ بیگوف ئەگەر قسەت ماوە، وەرە پێشترەوە.

مەشهەدی بەگ لە فکرانڕاچوو، سەیرێکی نێو هۆڵەکەی کرد، دەستێکی بە ردێنە چڕو ڕەشەکەیدا هێنا، کرێکارەکان سەراپایان بوو بە گوێو موویان لێ نە دەبزووت عەزیز بیگۆف ئیزنی لە کۆڕگێڕ وەرگرتو دەستی بە قسان کرد:

- یەکێك لە قسە بێژەکان گوتی: بەرژەوەندی و قازانجی کرێکاران بەلای ئێمەوە لە هەموو شتێ بە نرخ و پیرۆز ترە. ئەم قسەیە وەکو قسە جوان بوو بەڵام داخەکەم هەر قسەی رووت بوو و بەس.

ئەوجا بە ئیشارەتی دەست قسەوێژە مەنشەوێکەکەی نیشانی کرێکارەکان داو گوتی:

- ئەم برادەرە دەیەوێ کرێکاران سازش (مساومە) بکەنو چاویان لە بەزەیی و مەرحەمەتی سەرمایەداران بێ. بەڵام ئێمە چ دەڵێین؟ ئێمە دەڵێین ژیانی کرێکاران تەنێ لە ڕێگای ڕاپەڕینو خەباتی گشتی کرێکارانەوە دابین دەبێ. بەڕای ئێمە چاوەڕوانی و دانیشتن تەنیا قازانجی سەرمایەدارانە.

هاوڕێیان بێگومان هەندێکتان وتارەکەی دوێنێی ڕۆژنامەی "قودوك"تان خوێندۆتەوە یا بیستووە. لەوێدا گوتراوە کە : تاکتیکی هەڵوەشاندنەوە ناکۆکی نێوان کرێکارانی نەوتو کرێکارانی کۆڵکاری "حفريات" توندتر دەکا.

ئەوجا رووی کردە ئەحمەد سائلو گوتی:

- ئەم برادەرەش دەیەوێ لە هەمان ڕوانگەوە داواتا لێ بکا کە کارێکی وەها نەکەن لە بەزەیی و لوتفی سەرمایەدارانی نەوت بێ بەش بن، جا من لێرەدا گەرەکمە هەندێ شتی رابردووتان بۆ روون بکەمەوە. ئەگەر بیرتان مابێ پارەکە لەکارخانەی چنینکاری تیقنوفدا مانگرتنێك روویدا ئەوەی لەو کاتەدا لە هەموو کەس پتر باسی برایەتی کرێکارو سەرمایەداری دەکرد ئەم جەنابی تیقوفە بوو. بەڵام لەو لاشەوە بۆ سەر کوتکردنی مانگرتنە کە پەنای وەبەر قوزاقان برد. ئەم قوزاقانە بەبەر چاوی برا سەرمایەدارەکانەوە, کرێکارە ئازەرییەکانیان دایە بەر شاپانو هەزارو یەك جنێوی سەر بە کۆلکەیان دانێ. پێم وایە ئێستاکێ زۆر کەس ئەوەی بۆ روون بۆتەوە کە کرێکارو سەرمایەدار لە هیچ شوێنێکدا دانوویان پێکەوە ناکوڵێ.... خانلار لە کانی کێدا کاری دەکرد؟.

هەڵبەتە هەمووتان لە من باشتر دەزانن کە لە کانەکانی مختاروفدا کاری دەکرد. مختاروف کێیە؟ ئازەربایجانی نییە؟ ئەدی خانلار کێ بوو؟ ئەویش ئازەربایجانی بوو. ئێستا دەرکەوت کە برایەك، برایەکی کردە قوربانی دەست رێژی گوللە، رۆڵەیەك، رۆڵەیەکی دی لە خاكو خوێنا گەوزاند؟ نەء, ئەفەندی ئالای برایەتی لە نێوان ئەم برایانەدا هەڵناکرێ. ئاشت بوونەوەیان مەحاڵە. کەچی تۆ لە هەوڵی ئاشت کردنەوەیانداى.

ئەحمەد سائل وەکو ئەوەی دەستێك لە بینی نرابێ بە دەنگێکی نوساو گوتی:

- من لەگەڵ خوێن ڕێژیدا نیم. ئێوە دەتانەوێ تۆوی ناکۆکی لە نێو میللەتدا بچێنن.

عەزیز بیگوف بە کاوەخۆ لەسەری رۆیی:

- تۆ لەگەڵ خوێن رشتنا نیت؟ رەنگە وابێ. بەڵام خۆ ئەوانەی لە پێشا دەستیان دایە چەك هەر ئاغاکانی ئێوە بوون. بۆچی؟ چونکە ئێمە ئاژاوەگێڕ نەبووین. ئێمە ئەم رەفتارانە بە ئاشکرا دەبینین و ناتوانین چاوپۆشییان لێ بکەین. خۆ ئێوەش دەی بینن، بەڵام دەتانەوێ چاو بەست لە کرێکارەکان بکەن‌و بیشارنەوە، ئەوانەی لێرەن دۆست‌و دژمنی خۆ چاك دەناسن. دەمویست چەند قسەیەکی دیکەش لەگەڵ سائل ئەفەندی بکەم، بەڵام کە یونس قسەی کرد ئیدی بە پێویستی نازانم لەوەی پتر لە سەری برۆم. ئەفەندی ئیدی میللەت لێکدی هەڵبڕان. سەدان گورگی دڕندەش لە پشت گوتەو قسە زلەکانی تۆوە واتە: میللەت، یەکێتی میللەت-ەوە خۆیان مەڵاس داوە. ئەمە وەکو رۆژی روناك بۆ هەمووان دیارە.

عەزیز بیگۆف قسەکانی تەواو کردو رووی کردە لالۆ پۆلا:

- بە نیسبەت منەوە مەسەلەکە روون‌و ئاشکرایە، گەر رازیت، بیخە بەردەم رای گشتی.

سائل ئەفەندی بە قسەکانی مەشهەدی تەواو قەڵس بوو، لە پڕ راپەڕی و هاواری کرد:

- دەمەوێ جارێکی دیکەش قسە بکەم.

غەڵبە غەڵب لە هۆڵەکەدا پەیدا بوو. کۆمەڵێك لێکدا لێکدا پێیان بە عاردیدا دەکوتاو هاواریان دەکرد:

- پێویست ناکا چ قسەیەکی دی بکەی.

لالۆ دەستی هەڵبڕی تا بێدەنگیان بکا، بەڵام ئەمجارەیان نەیتوانی هەروا بە ئاسانی هێوریان بکاتەوە. تا گوتی:

- دەیکەن بە دەنگ دان، بە دەنگدان.

هێدی بوونەوە. ئەفەندی هیچ بە خۆیدا نەشکایەوە، دووبارەی کردەوە:

- مۆڵەتی قسەکردنم دەدی.

لالۆ پۆلا رووی گرژ کردوگوتی:

- ئەفەندی ئێمە کارمان هەیەو بەڕاستی لە قسەکانت وەرز بووین، بەسە، ئەحمەد سائل تەریق بۆوەو گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. مەشهەدی بەگ کەتەواو لە بۆڕ خواردنی خەنیمەکانی دڵنیا بوو، لە جێی خۆی دانیشت‌و بە شادییەوە سەیری نێو هۆڵەکەی دەکرد. هێندە ئاوێتەی کۆڕو کۆبوونەوەکە ببوو هەر ئاگای لەوە نەمابوو کە سێ سەعات بەسەر وەعدەکەیدا تێپەڕیوە. دەمێ بوو عەرەبانچییەکە لە دەرێ را چاوەنۆڕی بوو. ژمارەیەکی یەکجار کەمی ئامادەبووان نەبێ ئیدی هەر هەموو لەگەڵ رایەکەی ئەودا بوون. مەشهەدی بە قسە زۆربەی دژمنانی حزب‌و کرێکارانی ریسوا کرد. بە تایبەتی رەقیبە مەنشەویکەکەی کە تەواو بۆڕی خواردبوو، کە ئەو هەموو دەستەی بینی بۆ لایەنگری بەلشەویکەکان هەڵبڕا بوون، تەواو دەهری بوو، قژی خۆی دەڕنییەوە ئاقیبەت خۆی پێ نەگیراو هاواری کرد:

- هاوڕێیان ژێوان دەبنەوە. ئێوە دۆستو دژمنی خۆتان ناناسن.

بەڵام فایدەی چی، کار لە کار ترازا بوو. کات درەنگ بوو، کرێکارەکان هەستانو بەرەو دەرگای دەرێ هەیان کرد. ئەگەر ئەکتەرەکان کەمێ درەنگ تر هاتبانە سەر شانۆ ئەوا خەڵکەکە هۆڵەکەیان بە تەواوی چۆڵ دەکرد.

مەشهەدی بەگ وەك ئەوەی بارێکی قورسی لەسەر شان لاچوو بێ، بە تەنیشت ئەحمەد سائلدا تێپەڕیو ڕۆیی. کە عەرەبانچییەکەی بینی گازی کرد:

- عەلی عومران، ئەوە لێرەیت.
- بەڵێ لێرەم، فەرموو.

مەشهەدی بەگ بە تەکانێ خۆی فڕێ دایە نێو عەرەبانەکەو گوتی:

- خێرا باژۆ، بە چوار ناڵە بڕۆ.

عەرەبانچییەکە، قامچییەکی بە ئەسپەکانا کێشا، ئەسپەکان وەکو ئەوەی ئاگریان لەسەر پشتی کرابێتەوە بۆی دەرچوون. هەوا فێنك بوو، بڵێسەی ئاگر لە بیرە نەوتەکانەوە بەرز دەبۆوە. عەرەبانچییەکە زۆر خێرا بەرەو شار دەبۆوە.

عەزیز بیگۆف ئوپەرێتی "نەوت"ەکەی لە بەڕێوەبەری نووسینگەی بارەگای گەل وەرگرتو خوێندییەوە، بەڵام ئەمجارەش هەر نووسەرەکەی نەناسی. ئەم ئۆپەرێتە بە زمانێکی زۆر سادە نووسرا بوو، باسی کەسێك بوو کە تازە لە تورکیا گەڕا بۆوە. بەڕێوەبەری کانە نەوتەکان بوو، ڕێوی ڕەفتار بوو لە گەل کرێکارەکاندا. دەقاو دەق وێنەیەکی زیندووی ئەو کەسانە بوو کە لە وڵاتو لەگەڵ دابڕا بوون، بە ڕواڵەتیش خۆیان بەلایەنگیری کرێکاران نیشانە دەدا، ژێراو ژێریش نۆکەری قازانجی سەرمایەداران بوو، و هەوڵی بۆ پتر چەوساندنەوەی کرێکاران دەدا.

*

پەردە لادرا، تەماشا کەران هێمن و بێدەنگ چاویان بڕییە شانۆ. دیکۆری شانۆ تەلاری بەڕێوەبەرایەتی نەوت بوو، ئەو تەلارەی کرێکارەکان ڕۆژی چەندین جار بە بەردەمیا تێ دەپەڕین. بەڕێوەبەری کانەکان لووت بەرزو فیز زل هاتە سەر شانۆ، گەر لە گەڵ ئەحمەد سائلدا رات گرتبان بە زەحمەت لێکدی جودا دەکرانەوە. ئەوە ئەکتەرەی کە ڕۆڵی بەڕێوەبەری نەوتی دەبینی کوتو مت لە ئەحمەد سائل دەچوو، باڵای بەرز، سەری رووتاوە, چاویلکە لە چاو. ئەکتەرەکە هێند لێهاتووانە دەورەکەی دەبینی سات بە سات پترو چاکتر وێنەی ئەحمەد سائل لەبەر چاوی تەماشاکەر بەرجەستە دەکرد. لە کاتی قسەکردنا زوو زوو چاویلکەکەی دادەکەند. تەنیشتی لە بەرانبەرەکەی دەکردو لەسەر شانییەوە قسەی لەگەڵ دەکرد، کە ناچار با تەوقە لەگەڵ یەکێکدا بکا بە ئاستەم نووکی قامکەکانی بۆ درێژ دەکردو زوو دەستی دەکێشایەوە. کە میوانەکەی ڕۆیشتبا خێرا قامکەکانی لە شووشە دیتۆڵەکە هەڵدەکێشا تا پەنجەکانی لە میکرۆب پاك ببنەوە.

ئەکتەرەکە زۆر بە جوانی دوو روویی و ریاکاری رەزا فەندی نیشاندا، هەموو تەماشاکەرانی هێنایە پێکەنین. پێکەنین هێندە درێژەی نەکێشا, هەموویان وایان هەست دەکرد کە ئەم پیاوەیان واتە –رەزا فەندی– لە شوێنێ دیتوە. یونس، ئەو کرێکارەی لە کۆبوونەوەکەدا قسەی کرد، لە تەنیشت پۆلاوە رۆنیشتبوو. لە پڕ هاواری کرد:

– ئای لەوە! خۆ ئەمە ئەحمەد سائل ئەفەندییە؟

هەموو پێکەنین. خاوەنکارێك، یەکێك لە کرێکارەکانی بە رەزا فەندی نیشانداو گوتی:

– گوێت لە قسەی ئەو نەبێ. ئەوە حەیوانێکە بۆ خۆی.

رەزا فەندی گوتی:

– چبکەم؟ زۆربەی رەقیبەکانم لەم جۆرەن.

ئەحمەد سائل ئەفەندی تاقەتی چوو، هەستایە سەر پێ و لە شوێنی خۆیەوە هاواری کرد:

– درۆیە، درۆیە من وانیم.

کرێکارەکان پێکرا پێکەنین. ئەو هەستاو رۆیی. بەر لەوەی بگاتە دەرێ دەمرێژێ جوێنێ مزرو ئاوداری هەواڵەکرا.

کە مەشهەدی بەگ گەییشتەوە ماڵێ، شانۆ تەواو ببوو. کە پێکەنینی کرێکارەکانی دەبینی، پێکەنین بە خەنیمە بۆڕ خوار دووەکانی، هێندەی دی خۆشحاڵ دەبوو.

---------------

1 ئەی کرێکار رێزی وتراو بگرە. بۆ توانای وتنت نییە.

2– صابر: میرزا عەلی ئەکبەری صابر ناسراو بە هۆپ– هۆپ، یەکێکە لە شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی ئازەربایجان.

3– ناوچەیەکی پڕ نەوتە، کانە نەوتی زۆری تێدایەو نێوی گوندێکیش بوو.

4– سائل ئەفەندی لە کاتی قسەکردنا وشەی ئەستەمولێ بەگەڵ زمانە ئازەرییەکەی خۆی دەخستو هەر کەسێ گوێی لێ با پێکەنینی پێدەهات.

5– داشناك: رێکخراوێکی سیاسی ئەرمەنییەکان بوو.

6– رۆژنامەی داشناکەکان بوو.

-8-

## دوئێل

گولەنی هاوایا ئاتماخدان باشقانون چارسی قاڵما میشدی(1)

شەو درەنگ بوو، پستەخان لە ژووری نووستندا خەریکی نواندنی کۆرپەکەی بوو. مەشهەدی بەگ بە ئەسپایی دەرکەی کردەوەو بە ئیشارەت گازی کرد. پستەخان کە سیمای خەمباری مەشهەدی بەگی بینی، بە پەلە منداڵەکەی خستە سەر جێگاکە، کە دڵنیابوو نووستوە، چوو بۆ ژوورەکەی مەشهەدی بەگ.

کە وەژوور کەوت دیمەنێکی سەیری بینی، پۆلیسێکی سمێل بابڕ خەریکی پیاسەکردن بوو. مەشهەدی بەگ لێی چووە پێشێ، دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

- لە پۆلیسخانەوە داوایان کردووەو هەر ئێستا دەچمو دەگەڕێمەوە. تۆ هیچ خەمت نەبێ ئەگەر بشمگرن باکم نییە چونکە من خۆم دەناسمو چ خەتایەکم نییە، بۆیە خۆیان مەجبوور دەبن رەهام بکەن، حاڵی بووی؟

مەشهەدی بەگ کە چاوی بە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی پستەخان کەوت، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- نا، پستە نا ئەمە راست نییە، کاری وا بچووك گریانی ناویٚ.

عەزیز بیگوف کە زانی پۆلیسەکە زمانی ئازەری نازانیٚ، بە ئەسپایی بە پستەخانی گوت:

- رەنگە ماوەیەك ئەم جیٚو ئەو جێم پیٚ بکەن. بەڵام تۆ دەبیٚ لە مێردەکەت ئازاتر بی. ئادەی فرمێسکەکانت بسڕە.

مەشهەدی بەگ، دەستەسڕەکەی دەرهێناو فرمێسکەکانی بۆ سڕیو بزەیەکی بە روویاداو گوتی:

- ئە ئاوها.

بزیەك کەوتە سەر لێوی پستەخانو هەر زوو ئاوا بوو. بە گوێی مێردەکەی کردو هێور بۆوە:

- مەشهەدی دەترسم فریوت بدەنو بۆ زیندانت بەرن؟

- تۆ خەمت نەبیٚ نە.

ئەوجا رووی کردە پۆلیسەکەو بە ساردییەوە گوتی:

- بڕۆیین جەناب....

پستەخان لە نێوان ترسو ئومێدەوە بیری لە چارەنووسی شووەکەی دەکردەوە، کە مەشهەدی بەگ لە ماڵ وەدەرکەوت، ماڵەکە نقومی خامۆشییەکی مەرگ ئاسا بوو. سەلیمناز چوو بووە ماڵە خزمانو هێشتا نەهاتبۆوە. پستەخان لە دڵی خۆیدا دەیگوت: گەر بتوانم قەناعەت بە سەلیمناز بکەم نیوەی بارەکەی سەرشانم لادەچوو.

بەڵام ئەو خۆی دەناسیو دەیزانی ئەمەی لە باردا نییە. سەلیمناز لەگەڵ یەکەم سەرنجدا هەست بە نەبوونی مەشهەدی دەکاو هۆی ماتەڵ بوونو نەهاتنەوەی دەپرسیٚو کاسەی سەبری پڕ دەبیٚ و دەست بە گریان دەکا. پستەخان خەمبارو تەنیا بوو, دەیویست بگری، بەڵام هێشتا ئامۆژگارییەکەی مەشهەدی بەگی لە گوێدا دەزرنگایەوە... بە دوای هاو دەمێکدا دەگەڕا تا دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژیٚ، بەڵام کەس لە ماڵەوە نەبوو، ئەم تەنیاییە سەد هێندەی دی خەمو پەژارەی زیاد دەکرد ئەو ماڵەی لە بەیانییەوە سەرومڕ خەریکی بوو، و پاکی دەکردەوە ئێستا لەبەرچاوی ببوو بە وێرانەیەکی چۆڵو سامناك. وەختیٚ مەشهەدی بەگ رۆیی ئەم هەستی دەکرد لە جاران خۆشتری دەویٚ، بە بۆچوونی خۆی گرتنو حەپس کردن ی شووەەی زۆر نزیك و لە گوین بوو. مەشهەدی بەگ ناو بەناو سەلیمنازو پستەی لەو مەترسیانە ئاگادار دەکردەوە کە لە ڕێی بوون. بەڵام پستە بە تەما نەبوو وا زوو بە زوو ئەم پێشهاتە روو بدات. ماتو خەمبار لە جێی خۆی وێستا, قسەکەی مەشهەدی بەگی.

- زوو دەگەڕێمەوە.

وە بیر خۆی هێنایەوەو لە پەنجەرەکەوە روانییە دەریٚ. چاوی بە زەلامێك کەوت، دەستی خستبووە پشتیو لەکۆڵانەکەوە هەڵی دەڕوانییە پەنجەرەکەی ئەمان. بە پەلە پەنجەرەکەی داخستو پەردەکەی دادایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "کە کابرایەکی بیٚ شەرمە، چۆن چاوی

بڕیوەتە ژوورەکەی ئێمە؟ خوا دەکا مەشهەدی بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە بزانە چۆن سووك و باریك ئەمەی دەخەمە دەستی و پێی دەڵێم مەشهەدی ئاگات لە خۆ بێ، رۆژەکەی خراوە، ئەم هەموو رەنجەت لەگەڵ خوێندن و قوتابخانە داوە، ئیدی بەسە، ئاخر بەرخورداربی تۆ تازە بوویت بە باوك.

دەنگی دەرکەی حەوشە وەئاگای هێنایەوە.. دەنگی پێڵاوەکانی سەلیمنازی ناسییەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر هەواڵی مەشهەدی پرسی چی پێ بڵێم؟" وا چاکترە هیچی لێ نەشارمەوەو رێك و رەوان شتەکەی بۆ بگێڕمەوە.

سەلیمناز چار شێوەکەی هێنایە خوارێ و وەژوور کەوت. هەر کە وەژوور کەوت دەستی بە پرتەو بۆڵەکرد:

- نازانم ئەم بنیادەمە بۆ هێندە دڵ رەق و بێ بەزەیین؟ وا دەزانن مردن هەڵگیراوەو ئیدی نامرن.

ئەوجا گوتی:

- ئەو رۆژە مەشهەدی و هاوڕێکانی لە ماڵی مامی کۆ دەبنەوەو قسان دەکەن، هەڵبەت کارێکی نهێنیان هەبووە. بایرام ناوێکی کرێکار لەبەر دەرکە دادەنێن تا ئەگەر شتێ بوو زوو ئاگاداریان بکاتەوە. ئەو بەستەزمانەش هەر کە پۆلیس دەگاتە ئەو ناوە هەموویان ئاگادار دەکاتەوە. بەڵام خۆی تووش دەبێت. رەحیم بەگی مامی مەشهەدی شتێکی بە گوێی پۆلیسەکاندا چپاندبوو، و ئەوانش بایرامیان لەگەڵ خۆ بردبوو. هەنووکە حەپسیان کردووەو خوا دەزانێ ئاخۆ بەری دەدەن یا نا؟ پێم گوت: ئەیەڕۆ رەحیم تۆ لە خوا نەترسای، لەودنیا یەکدی نابیننەوە؟ بۆ بووی بە سەبەبکاری ئەو داماوە؟ چی بڵێ باشە؟ وتی: سەلیمناز کوڕەکەی تۆ خوا نەناسێکە هاوتای نییە، خێزان و مام و.... ئەم شتانە ناچنە ئەقڵییەوە... تێکەڵ گاوران بووەو دنیا لێك دەنێین..

سەلێمناز بە دەم قەد کردنی چارشێوەکەیەوە، نیگای لە نیگای پستەخان هەڵەنگوت:

- ئەوە بۆ وا رووت گرژ کردووە کیژم؟ دەڵێی گریاوی، چ بووە؟

ئەوجا نیگەران و پەشێو روانییە دەوروبەری خۆی و گوتی:

- ئەدی مەشهەدی لە کوێیە؟ خۆ قەرار بوو ئەوشۆ بێتەوە.

نیگای سەلیمناز دڵی پستەخانی دەسمی. بە هیچ جورێ نەیدەتوانی هەواڵی گرتنەکەی مەشهەدی لێ وەشێرێ، بە دەنگێکی نووساوو، وەك لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێ گوتی:

- پۆلیس هاتنە ماڵەوەو بردیان.

ئەوجا دەستی بە چاوییەوە گرت و دەستی بە گریان کرد. لێوی سەلیمناز کەوتنە تەتەڵە، ویستی شتێ بپرسێ بەڵام داخ و کەسەر بینی گرت و قسەکان لە ئەوکیدا تاسان. بە تۆبزی بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، پرسی:

- نازانی بۆ کوێیان برد کیژم؟

پستەخان وەڵامی پێ نەدرایەوە. سەلیمناز سەری بووکەکەی لە ئامێزی خۆی ناو کەوتە دڵدانەوەی:

- ئیدی سەر بێ سەر یەشە نابێ ئێستاش چ نەبووە کیژەکەم، گەر خوا بە ئێمەی دابێ بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە.

لە پڕ قسەکەی گۆڕی و گوتی:

- دیارە لەبەردەم مەشهەدی بەگیشدا گریاوی؟

پستەخان راستییەکەی پێ گوت:

- خۆم پێ نەگیرا میمی. ئاخر ناخۆشە لە پڕ بڕژێنە ژوورەوەو لەگەڵ خۆدا بیبەن.
- نە کیژم، باشت نەکرووە. ئەگەر بۆ زیندانیشی بەرن نابێ بێڵی ئەو گریانی تۆ بدینێ.تۆ هێشتا منداڵی، پیاو کە ئازایەتی ژنەکەی بدینێ قەت سەر بۆ دژمن شۆڕ ناکا, وەختێ کە پۆلیس خەزورتیان گرت و بردیان پێی گوتم:
- ئەگەر منت خۆش دەوێ نابێ دڵۆپە فرمێسکێ هەڵڕێژی.

منیش پێم گوت:

- خۆ دڵم بەدر نییە؟

گوتی:

- من تەنیا ئەو کاتە هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە تۆ لە بەردەم دژمنا بگری.

لەو زەمانەوە ئیدی کەس گوێی لە گریانی من نەبووە.

دوای ئەم قسانە وەك بڵێی باری سەر شانی سووکتر بوو، هێدی هێدی پشتی راست کردەوەو گۆناکانی سڕی.

* * *

مەشهەدی بەگ لە دەرکەوە وەژوور کەوت. بەڕێوەبەری پۆلیس زۆر بێ هەواو خاکی خۆی نواند، بەڕێزەوە لەبەری هەستاو دەستی گوشی، وەکو یەکێك بە دیداری دۆستێکی شاد بووبێتەوە چاك و خۆشییەکی گەرمی لەگەڵ کردو، کورسییەکی بۆ دانا:

- فەرموو، فەرموو.

مەشهەدی ئەم گەرم و گوڕی و وێڵ نواندنەی بەڕێوەبەری پۆلیسی پێ سەیر نەبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم زۆڵانە بە رواڵەت هیچیان نەهێشتۆتەوە."

ئەوجا بە هێمنی لەسەر کورسییەکە دانیشت. بەڕێوەبەری پۆلیس لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت. بزەیەکی بێ تام بەسەر لێوییەوە تاسا بوو، گوتی:

- ئومێدەوارەم قسەی ناشیرین و رەفتاری ناجۆرت لەگەڵ نەکرابێ.

مەشهەدی بەگ سەری باداو گوتی:

- نەخێر.

مەشهەدی لە فکرانڕاچوو. پێویستە زۆر وریا بم.

بەڕێوەبەری پۆلیس وەك بڵێی بیەوێ دڵی مەشهەدی رام بکا زۆر بە نەزاکەتەوە گوتی:

- من قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم بە ناهەق کەسێ ئازار بدەم، دایمە حەزم کردووە راستییەکان بە شێوەیەکی دۆستانە روون ببنەوە. هەندێ شتم تەواو لەلا ئاشکرایە. بۆ نموونە دەزانم کە تۆ ماوەیەکە لە دەوڵەت نا رازیت. تا رادەیەك هۆیەکەشی دەزانم. من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە هۆی ئەم نارەزاییەت دەگەڕێتەوە بۆ دوور خستنەوەو کوشتنی بابت. بەڵام ئەمە دروست نییە چونکە بابی تۆ دژمنی خۆی لە سیبریا دەرمان خواردی کرد، وا نییە؟ ئیدی ئەقڵیەتی عەشایەرییەو.....

بەڕێوەبەر کەمێك بێدەنگ بوو, ئەوجا لەسەری رۆیی:

- بابت کارێکی خراپی کردبوو. بە رۆژی روناك‌و بە بەرچاوی خەڵکییەوە حاکم جەباری کوشتبوو... دە بابە هەر دەتکوشت بە دزییەوەو لە پەنایەکەوە کوشتبات...

بەڕێوەبەری پۆلیس زیرەکانە وشەکانی هەڵدەبژاردو دەیویست دڵسۆزییەکی لە رادەبەدەر بنوێنێ تا دڵی مەشهەدی بەگ بە دەست بێنێ. بەڵام مەشهەدی لەوە وریاتر بوو بەم قسانە بخەڵەتێ‌و نەرم بێ، خێسەیەکی لە بەڕێوەبەر کردو گوتی:

- من بەش بە حاڵی خۆم حەز ناکەم ئەو کایە بە با بکەمەوە.

بەڕێوەبەر بزەیەکی کردو گوتی:

- بەڵام من پێویستم پێیەتی. بابت جەبار بەگی کوشت، دەوڵەت 25 ساڵ حوکمی بۆ بڕییەوەو نەفی سیبریای کرد. واتە سزای خۆی وەرگرت. گەر حوکمەکەی تەواو کردباو تاقە رۆژێك زیاتریان لە زیندان هێڵاباوە ئەو دەمە دەبوو بە بێ ئینساف. بەڵام کوشتنی بابت تاوانێکی دزێو بوو...

مەشهەدی بەگ سەری داخستبوو، قسەکەی بەڕێوەبەری بڕی‌و گوتی:

- کوشتنی بابی من لایەنێکی مەسەلەیەکە، لایەنی دووەم ئەوەیە کە هێشتا بکوژەکەی نەگیراوەو بە سزای خۆی نەگەیەندراوە!

- راستە، منیش دەمویست ئەوە بڵێم، رەنگە تۆ ئەوە بە شتێکی پێویست نەزانی.

- بەڵێ، تەنانەت رێ بە خۆ نادەم بیریشی لێ بکەمەوە.

- ئەمە بێ ئینسافییە.

بەڕێوەبەرنەیتوانی گیانی تۆڵەسێنی لای مەشهەدی بوروژێنێ. هەستی بە تووڕە بوونی مەشهەدی کرد، بەڵام خۆی گێل کردو گوتی:

- من لە جێی تۆ بام تۆڵەی بابم لە بکوژەکانی دەستاندەوە، بەڵام وا دیارە تۆ دەتەوێ تۆڵەی بابت لە دەوڵەت بکەیەوە. بۆچی؟

مەشهەدی بەگ ویستی هەستێتە سەر پێ. بەڕێوەبەری پۆلیس داینایەوەو گوتی:

- دانیشە، دانیشە، زۆرمان درێژە دایێ‌و با هەنووکە بێینە سەر گەوهەری مەسەلەکەو لە کورتی بیبڕینەوە.

ئەگەر بۆ ئەوەتان هێناومەتە ئێرە گیانی تۆڵەسێنی-م دەمەزەرد بکەنەوە، ئەوا رەنجتان بە فیڕۆ چووەو دەچێ جەناب....

بەڕێوەبەر گوتی:

- من هەست دەکەم تۆ پێویستت بەمەیە، چونکە تۆ تاوانباری راستەقینەت فەرامۆش کردووەو لە شوێنێکی دیدا بۆ خوێنی بابت دەگەڕێی، تۆ بە خۆڕایی بوغزت لە دەوڵەت هەڵگرتووە.

مەشهەدی بەگ زۆر بە هێمنی گوتی:

- تۆ بە چییا دەزانی من بوغزم لە دەوڵەت هەڵگرتووە؟

بەڕێوەبەر کەمێك شڵەژاو گوتی:

- بۆچی لەسەر شتێکی بەڵگە نەویست دەڕۆی؟ ئەوی عەیانە چ حاجەت بە بەیانە؟!
- من حەز دەکەم بۆمی بسەلمێنی.

بەڕێوەبەر تا ئێستا باشی هێنابوو، بە شادییەوە نووکی قامکە سپیو باریکەکانی دەکێشا بەسەر مێزەکەی بەردەمیا. دوای بێدەنگیەکی زۆر گوتی:

- جەنابی عەزیز بیگۆف ئەم مەسەلەیە تا ئێستا دووجار سەلمێنراوە.

مەشهەدی بەگ بە هەمان نەزمی ئەوو دوای بێدەنگییەکی کەم گوتی:

- لە کوێ و کەی؟
- لە کوێ؟ لە پترۆگراد، تۆ لەوێ لە بری دەرس فێر بوون، خەراپەکاری فێر دەبووی. هەر بۆیەش دووجار زیندان کرای. هەڵبەتە بیرت ماوە؟

مەشهەدی بەگ تۆمەتە بنەڕەتییەکەی پەڕاندو بە زرنگییەوە کەوتە هێرشی پێچەوانە:

- قوربان من لە خوێندنەکەم ناڕازی نیم، گەر تۆش دەتەوێ تاقیم بکەیەوە ئەوا ئەمە خۆ زەحمەتدانێکی خۆڕاییە.

بەڕێوەبەر لە دوا ئامۆژگاری خۆیدا گوتی:

- لە پترۆگرادو لە ئەنجامی دوور کەوتنەوەت لە باکۆو لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گۆڕانێکی زۆر بەسەر بیروبیرکردنەوەتا هاتووە... ئەمە بەڵگەی ناوێ. بایرام دان بەوەدا دەنێ کە تۆ لە ماڵی مامتو بەناوی میوانییەوە کۆبوونەوەی نهێنیت کردووە.

بەڕێوەبەر بە تەما بوو بەم قسانە مەشهەدی بەگ غافڵگیر بکا. بەڵام مەشهەدی کەمو زۆر خۆی شێلو نەکردو بواری رەقیبەکەی نەدا. هەر چەندە مەسەلەی دان پێدانانی بایرامی رەچاو کردبوو بەڵام کە بینی ئەو لەوێ نییە بێ سێ و دوو گوتی:

- ئا..... بێگومان ئەمەش بلۆفێکی تازەیە!
- دەتوانم روو بە رووتان بکەمەوە.
- دەتەوێ بم ترسێنی؟ بەڵام بێ سوودە چونکە تۆ هێشتا ئاشنایەتی بایرامو منت نەسەلماندووە.
- جارێکی دیکەش تۆیان لە کانەکانی مامت دا دیوە کە قسەت کردووە.

عەزیز بیگوف بە تەوسەوە گوتی:

- به راستی ئەم قەوانە سواوەو تامی نەماوە. بە تۆبزی گریێ دەست دەخەنە ددان، لە بری ئەم هەموو هەڕو گیڤەو بوختانانە، بەڵگەیەکی بنجبڕ بێنەو ئیدی پێویست بە تووڕە بوونو درێژدا دڕی ناکا. ئێوە بە ناهەق تەقە بە تاریکییەوە دەنێن قوربان، بۆیەش تەقە بە تاریکییەوە دەنێن چونکە چارێکی دیتان نییە.

بەڕێوەبەر تووڕە بوو کەڵبەکانی بە دیار کەوتن:

- عەزیز بیگوف ئەم قسانە زۆرت لەسەر دەکەویٚ.

مەشهەدی بەگ کە زانی زاڵە، بیٚ وەی خۆی شێلو بکا، دەستەکانی هەڵتەکاندنو گوتی:

- چ دەبیٚ؟ ژیان دیاردەیەکی ئاڵۆزە، پێویستە هەموو مرۆڤێك خۆی بۆ ئامادە بکا، منیش لەم رووەوە پێشوازی لێدەکەم.

---

[1] جگە لەوەی گوللە بە ئاسمانەوە بنیٚ چ چارێکی دی نەبوو.



## هوپ - هوپ

بنزەرم پیر قوجامان داغەکی، دیادا دو رار([1])

کوڕیژگە رۆژنامەفرۆشەکە، کە گەییە بەر دوکانی بەقاڵەکان، ملە باریکەکەی درێژ کردەوەو تا زاری گرتی هاواری کرد:

- مەلا نەسرەدین، یاڵلا مەلا نەسرەدین....

- کەربەلایی ردێن بە خەنە، لەسەر کورسییەك لەبەر دوکانەکەی رۆنیشتبوو وەنەزی دەدا، وەك لەنکاو سیخورمەیەکی لیٚ بدریٚ راچڵەکی.ترساو چاوەکانی کردەوە، مۆڕەیەکی لە رۆژنامەفرۆشەکە کرد، لە خەیاڵێکی هێندە شیریندا بوو ئەوسەری دیار نەبیٚ. کەربەللایی لەو خەیاڵەدا خۆی بۆ پەریان مەڵاس دابوو. هەر چەند چاوی لە کوڕیژگەکە

بوو، بەڵام خەیاڵی لەو دنیاو لەلای پەرییان بوو. کوڕەکە ئەمجارەیان بە ئانقەست دەنگی لێ هەڵبڕی‌و هاواری کرد:

- مەلا نەسرەدین، یاڵڵا مەلا نەسرەدین.

کەربەلایی کە لە خەوی شیرین راپەڕی بوو، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، ویستی ئەم ملۆزمە کە هەموو رۆژێ لەم کاتانەدا نیوە رۆحی دەکا، تەمێ بکا. هەر چەند گەڕا بەردێ، کەستەکێکی بە دەستەوە نەهات، لەشی کە تلیاك وەکو قامیشی لێ کردبوو بەتۆبزی راست کردەوەو بە هەناسەبڕکێ هەستایە سەرپێ‌و بە دەنگێکی نووساو، وەك ئەوەی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێ، لەکوڕەکەی خوڕی:

- هەی حەرام زادەی بیژ، ئەوە بۆ وەك تەوقی نەعلەت لە ئەستۆی من ئالاًوی؟

کوڕەکە زیاتر دەنگی لێ هەڵبڕی:

- مەلا نەسرەدین.

کەربەلایی توڕە بوو:

- ژەهری ماری مەلا نەسرەدین، دەردی بابی مەلا نەسرەدین ئاخر هەی توخمە سەگ من کەنگێ رۆژنامەم خوێندۆتەوە؟

کوڕەکە پێشوەختە رێی هەڵاتنی دابووە چاو. وەکو ئەکتەرێکی لێهاتوو کەوتە لاسایی کردنەوەی کەربەلایی. وەك ئەو دوولا خۆی کۆم کردەوە، ملی درێژ کرد. چاوەکانی دەرپەڕاند، وەك ئەو بە دەنگی نووساوەوە گوتی:

- کورە خۆت ژەهری ماری، خۆت دەردو بەڵای، شەرم لەو ردێنە چەرمووەت ناکەی؟

کەربەلایی خۆی خڕهەڵداو بۆ کوڕەکە چوو. کوڕە دوای تۆزێك هەڵهات.

کەربەلایی تەریق و شەرمەزار لە جێی خۆی وێستا. کوڕەکە پشتیدا بە دیوارێکەوە دوکاندارەکان هەموو هاتبوونە دەرێ‌و بە کەربەلایی پێ دەکەنین. بەمجۆرە هەموو رۆژێ دەبوو بە مایەی پێکەنینی خەڵکی. تەواو ئابڕووی چوو بوو. جاری وابوو مشتەرییەکانیش زەمیلەکانیان دادەناو بە پێکەنینەوە دەیانڕوانییە ئەو بەزمە. یەك مانگی خشتە ئەو کوڕە هەموو رۆژێ لەم کاتەدا لە دوکانەکەی کەربەلایی نزیك دەبێتەوەو هاوار دەکا:

- سەدا، حەقیقەت....

مەلا نەسرەدین هەفتانە بوو، ئیدی ئەو رۆژە جەژنی بوو، زوو زوو دەیگوت:

- کەربەلایی، هاپۆ مەلا وێنەی تۆی کێشاوە ها سەیری خۆت بکە. کەربەلایی ئەمە باوکتە.

کەربەلایی دەهەری دەبوو، ها لێرە ها لەوێ دوی دەکەوت. جارێ وا هەبوو هەر تاکە پێڵاوێکی بەلایەکدا دەپەڕی‌و بەپێ خاوسی شوێنی دەکەوت. ئەنجام بۆی نەدەگیراو بە پەشیمانی دەگەڕایەوە. خەڵکی بۆ خۆیان لە پێکەنیندا خەنی دەبوون. کەربەلایی خۆی نابۆوە کە تۆڵەی لێ بکاتەوە. هەر رۆژەی جۆرە کەڵەك‌و فێڵێکی بۆ دەنایەوە تا بیگرێ. کەچی لە ئەنجاما هەر خۆی دەبوو بە مەزەی پێکەنینی خەڵکی. بازاڕی کەربەلایی رۆژ بە رۆژ کەسادتر دەبوو، هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو چۆن لە دەست ئەم ملۆزمە رزگار بێ.

کوڕیژگەکەش دەست بەرداری نەدەبوو.

- کەرانباوگاوی باوەحیز وازم لێ بێنە.
- کەربەلایی من لێت زویر نابم، تۆ لە جێی بابامی.
- باشە، باش گەر دەستێکم دەتگاتێ....
- پێڵاوەکانت لە پێ بکەوە، با گومیان نەکەی کەربەلایی.. ها ها... ها ها..

ئەم کوڕە هەر کەسێ گاڵتەی بە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کردبا ئەم بەزمەی پێ دەگێڕا. تۆڵەی خۆی دەکردەوە. کەربەلایی حەجمانی لەبەر هەڵگیرا بوو، خەنجەرت لێ دابا خوێنی لێنەدەهات. تینوی خوێنی کوڕە بوو. لەم کاتەدا دەستێك بەرشانی کوڕیژگەکە کەوت. دەمو دەست لە پێکەنین کەوت. گەروی وشك بوو، وایزانی کەربەلاییە. 10- 12 شەقاوێ دوور کەوتەوەو ئەوجا ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە. خاوەن دەستەکە مەشهەدی بەگ بوو. مەشهەدی لە سوچێکا وێستا بوو, و سەیری ئەو بەزمەی نێوان کەربەلاییو ڕۆژنامەفرۆشەکەی دەکرد. کوڕەکە دڵی خێرا خێرا لێی دەدا، چاوە دەرپەڕیوەکانی لە دوکانەکەی کەربەلایی نە دەگواستەوە. کە مەشهەدی بەگی بینی پێدەکەنێ، لێی نزیك بۆوە. لە نێو ئەو خەڵکانەدا کە لە بری دەست گرتنو نەوازش بە قسەی نا شیرینو جنێو پێشوازییان دەکرد. تاقە دۆستەکەی خۆی ناسییەوەو بە دیداری شاد بوو، لە نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی باوەشیا دانەیەکی دەرهێناو بە گورجی بۆی درێژ کرد:

- فەرموو مشتەری. ژمارەی تازەیە. هاپۆ مەلا ئابڕوی نیکولای بردووە.

مەشهەدی بەگ دەستی بە گیرفانیا کرد، پارەی دەرهێناو گۆڤارەکەی لێ وەرگرت.

- ڕۆژنامەشم هەیە... حەقیقەت، سەدا، کاسبی، ناتەوێ؟
- سەلامەت بی، ئەمەم بەسە..

دوای ئەوەی پارەکەی وەرگرت، ئیشارەتی بۆ لای کەربەلایی کردو گوتی:

- ئەو بێ مەزەبە، چاوی بەرایی نادا مەلا نەسرەدین بدینێ. هاپۆ مەلا پیاوی چاکە، تۆڵەی من لەوانە دەستێنێ.

مەشهەدی بەگ نیگایەکی چاوە شینە ڕاستگۆکانی کرد، منداڵێکی زیرەك دیار بوو. کوڕەکە خۆشەویستییەکی زۆری لە نیگای مەشهەدیدا بەدی دەکردو هەستی دەکرد زۆر جیاوازترە لەو کەسانەی هەموو ساتێ تووشیان دەبێ. دەمێ بوو مەشهەدی بەگی دەناسی. بەڵام هێشتا نەیدەزانی کێیە. کوڕیژگەکە کە دەی بینی ئەو وەکو خەڵکانی دی بەبێ ویژدانی ڕەفتاری لەگەڵ ناکاو پیاوێکی دڵسۆزە لە ناخا هێندەی کەیف پێ دەهات هەر مەپرسە، بەوە دڵی خۆش بوو کە بەلای کەمەوە لەم دنیایەدا دۆستێکی بۆ خۆی پەیدا کردووە.

سەیرێکی پارەکەی نێو دەستی خۆی کرد. مەشهەدی بەگ وەکو هەموو جارانی دی دووقاتی نرخی گۆڤارەکەی دابوییێ.

- مشتەری فەرموو باقی پارەکەت.

مەشهەدی بەگ زۆر بە دیقەت رەفتارو هەڵسوکەوتی ئەم منداڵەی دابووە بەرە زەین. لە پشت خەندە پاکو بێگەردەکەیەوە دنیایەك خەمو رەنجی شاراوەی بەدی دەکرد. راستە چاوە شینەکانی بریقەی شادییان دەدایەوە بەڵام رەنجو دەردیش لەسێبەریا چاو شارکێییان بوو.

- موشتەری باقی پارەکەت.

مەشهەدی بەگ لە مەبەستی حاڵی دەبوو:

- بۆ خۆت... دایكو باوکت لە کوێن؟

- من نەمدیون... خاڵم بە خێوی کردوم. ئێستاش بە رەنجی خۆم دەژیم.

- لە قوتابخانەیت؟

- بەڵێ، پۆلی سێیەمم... قوربان بەیارمەتیت با برۆم رۆژنامەکانم بفرۆشم.

- فەرموو، سبەی کە دەرست تەواو بوو بەم ئەدەرسە... وەرە بۆ لام.

مەشهەدی بەگ ئەدەرسی ماڵەکەی خۆی بۆ نووسیو دایێ. عەرەبانەیەکی بەکرێ گرتو هەوراز بۆوە.

مەشهەدی بەگ کەوتە هەڵدانەوەی پەرەکانی گۆڤاری مەلا نەسرەدەین. سەیری وێنەکانی کرد، هەندێ لە وتارەکانی خوێندەوە. دنیا بەرەبەرە تاریك دەبوو. گۆڤارەکەی قەد کردو لە بەرکی نا، بەڵام بیری هەر لەوێ بوو. زمانە سادەو رەوانەکەی مەلا نەسرەدینی زۆر بە دڵ بوو. هۆنراوەی شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کە ئەشکی خوێنیان دەباراند خوێندەوە. مەشهەدی بەگ پێی وابوو مەلا نەسرەدین ژیانو خەڵکی لای خوێنەر خۆشەویستتر دەکا. خەمو شادی ئادەمیزاد گەشتر نیشان دەدا. رای مەشهەدی بەگ بەمجۆرە بوو: "کە مرۆڤ دەگرێ هێزی خەبات کردنی خاو دەبێتەوە. ئامانجی ئەدەبی رەسەن ورە بەرز کردنەوەو ئومێد بەخشینە بە خوێنەر. ئەدەب دەبێ لە پاڵ خستنە رووی تاڵیو نا هەمواریيەکانی ژیاندا، خوێنەر بەرەو کۆری خەباتیش رابکێشێت".

لە پڕ منداڵە رۆژنامەفرۆشەکەی بیر کەوتەوە کە دەربارەی مەلا نەسرەدین دەدوا. لە دڵی خۆیدا گوتی: "راست دەکا، مەلا نەسرەدین تۆڵە دەستێنێ".

عەرەبانەکە لەبەر قوتابخانەیەکدا وێستا. مەشهەدی کرێکەی دایێ، خۆی بە قوتابخانەکەدا کرد، دەرس دەستی پێکرد بوو، لە یەکێك لە پۆلەکان نزیك بۆوە. قوتابییانی نێو حەوشەکە بەرەو پۆلەکان دەچوون. مەشهەدی بەگ لە دەرگایدا، ئیزنی لە مامۆستا خواستو وەژوور کەوت. شەپقەکەی داکەند. دوازدە کرێکار لەم پۆلەدا دەیان خوێند. ئەمانە پێشتریش مەشهەدی بەگیان دەناسی. مامۆستاکە چاوی لێی نەدەگواستەوە. دەیویست بزانێ چ دەڵێ و چی دەوێ. مەشهەدی لە تەنیشت کرێکارێکەوە دانیشت گوتی:

- تۆ خەریکی کاری خۆت بە، حەز دەکەم گوێم لە دەرسەکەت بێ.

مامۆستا لە رەفتاری ئەم کابرا بێگانەیە حاڵی نەبوو. دوای بێدەنگییەکی کەم بە کرێکارێکی پیری گوت:

- بخوێنە بزانم....

کرێکارەکە کەوتە حنجە کردن، تاکو وشە قورسەکان بە دروستی بخوێنێتەوە. ئارەقەی شین و مۆری دەردا، مامۆستا پتر شەرمی لە میوانە کە دەکرد. مەشهەدی بەگ روخسەتی لە مامۆستا وەرگرت و گوتی:

- سەر لەوە دەرناکا، بە زمانێکی قورس نووسراوە. شتێکی هوپ- هوپ ی بدەیێ با بیخوێنێتەوە..

مامۆستا، کە ئەمەی بیست تەزوویەکی پێدا هات، سەرسامییەکی سەیر نیشتە سەر نیگای، دەستەکانی کەوتنە لەرزین. ئەم میوانە ناوەختە چی و چکارەیە هەر تاو نا تاوێ روخسەت دەخوازێ و قسەیەك دەکا، خۆ هەر ئەوە ماوە خۆی هەستێ و دەرسەکە بلێتەوە! لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە کێیە، چی کارەیە؟ بە چ هەقێ خۆی لە کاری من هەڵدەقورتێنێ؟

ئەوجا چاوی داخست.

مەشهەدی گوتی:

- مەترسە. مەترسە... شتێکی هۆپ – هوپ یان بدەرێ با بیخوێننەوە...

مامۆستاکە پتر شەرمەزار بوو، ئەوجا گوتی:

- ئاخر ئەم کتێبە چ شتێکی ئەوی تێدا نییە.

مەشهەدی بەگ گۆڤارەکەی لە بەرکی دەرهێناو گوتی:

فەرموو ئەوە گۆڤاری مەلا نەسرەدین.

گومان و دوو دڵی لە چاوانی مامۆستادا دەبریقایەوە. ئەوانەی لە پۆلەکە بوون هەستیان بەمە نەکرد. تەنیا مەشهەدی بەگ زانی کە مامۆستا پارێز دەکاو نایەوێ شیعری هوپ- هوپ یان پێ بخوێنێتەوە.

مامۆستا گوتی:

- ببوورە قوربان... ئاخر ئەمە راست نییە.

مەشهەدی بەگ گوتی:

- ببوورە من دەمەوێ دەرسەکەتان بۆ هاسان بکەم. چونکە کرێکار پتر لەم هۆنراوەیە تێ دەگاو ئەوسا نە رەنجی تۆو نە عەزیەتی ئەوان بە فیڕۆ ناچێ.

مامۆستا سوور بۆوە، هێندەی نەمابوو چاوە رەش و گەشەکانی پڕ بن لە فرمێسك. لە وتنەوەی هۆنراوەی هوپ – هوپ نە دەترسا. شەرمی لە مەشهەدی بەگیش نەدەکرد. هیچ یەکێك لە قوتابییەکانیش نێویان نەدەدا، کەچی هەر حەزی نەدەکرد ئەم کارە بکا. چونکە ئەو مامۆستایەی بەو هەموو بێ فیزییەوە دەرسی بە پۆلێکی دوازدە کەسی دەگوتەوە، ئەو مامۆستایەی کە نێوی هوپ- هوپ هات و سوور هەڵگەڕا، نە مەشهەدی بەگ و نە قوتابییەکان نەیان دەناسی، ئەو مامۆستایە صابر بوو.

بۆیە لە دڵەوە پێشنیازەکەی مەشهەدی بەگی پێ خۆش نەبوو. بەڵام لەوەی پتر نەدەکرا دەست بەڕوویەوە بنێ. گۆڤارەکەی وەرگرت و دایە دەست کرێکارە پیرەکە. کرێکارە پیرەکە

هەر کە جارێکی خوێندەوە دێڕی یەکەمی لەبەر کرد: "فعلە ئوزنی سن دەبیر انسان سانیرسان([2])"

مەشهەدی بەگ پێکەنی، رووی کردە مامۆستاکەو گوتی:

- بزانە؟

مەشهەدی هەستی بە نیگەرانی مامۆستا کردو گوتی:

- بۆ نیگەرانیت؟

ئەم قسەیە بە جارێ لە زەوقی صابریدا. دوای تۆزێ کە قوتابییەکان تێکڕا هۆنراوەکەیان بە جوانی دەخوێندەوە، مامۆستا خۆ بەخۆ کەوتە سەر کەیفان.

هۆنراوەکەی دایە یەک بەیەکیان تا بیخوێننەوە، دوای ماوەیەک شەرمی نێوان مامۆستاو مەشهەدی بەگ رەوییەوە، نە مەشهەدی لێکدا لێکدا داوای لێبوردنی دەکردو نە مامۆستاش لە رەفتاری ئەو سەرسام دەبوو.

- دەبینی مامۆستا گیان؟ گەر دایمە هۆنراوەی وایان پێ بڵێیتەوە هەم خۆت خۆشحاڵ دەبی و هەم کرێکارەکان و هەم ئێمەش...

صابر سەیرێکی مامۆستای کرد، وشەی ئێمەی بەجۆرێ درکاند! بۆ وەی بزانێ ئەم "ئێمەیە" دەکاتە کێ، ئارەقە نیشتە سەر هەنیەی: ناشێ زانی بێتی کە هۆپ هۆپ منم، لە کوێ؟ لە کێ؟".

مەشهەدی هەستا، شەپقەکەی لەسەرنا، تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ مامۆستادا کردو گوتی:

- بە دوعا دەرسەکەتم زۆر بە دڵ بوو، هەوڵ بدە زیاتر هۆنراوەی هوپ- هوپ-یان پێ رەوان بکە.

صابر تا بەر دەرکەی بەرێ کرد، بە واقی وڕەوە قەدەرێ لێی راما، ئەمە چ بەڵایەک بوو! تازە لە دەسی خەڵکی شماخی رزگار بووم، نایەڵن لێرەش بحەوێمەوە؟

هێور بۆوە. ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی، لە کرێکارە پیرەکەی پرسی:

- ئەمە کێ بوو؟

- نایناسیت؟ مەشهەدی بەگ بوو مامۆستا، کوڕێکی زۆر چاکە.

صابر بە دەم دەرس گوتنەوە بیرێکی هەر لای مەشهەدی بوو، چ بوو وا لە پڕ وەژوور کەوت! شارەزای دەرس گوتنەوەش بوو! هەموو کرێکارەکان دەیانزانی بیری مامۆستا لای دەرس گوتنەوە نییە، بەڵکو لای مەشهەدی بەگە.

*

صابر 3-4 رۆژان بێ تاقەت بوو، نیگەران و پەشێو چاوەنۆڕی دەکرد. چ هەواڵێکی مەشهەدی بەگی پێ نەگەیی، ویستی لە کرێکارەکان بپرسێت، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ ژێوان بۆوە. کە بە تەنێ لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، بیری لەو دەکردەوە، سیمای ئەو زەلامە نەناسەی کە لە پڕ وەژوور کەوتبوو، لەبەر چاوی ون نەدەبوو، ردێنە چڕو رەشەکەی کە تا رادەیەک لە

ردێنی ئەم دەچوو، جل‌و بەرگە ساکارو پاکو خاوێنەکەی، چاوە مەنگەکانی تێکڕا لەبەر چاوی بەرجەستە ببوون: بۆچی هاتبوو؟ بۆ هێندە لەسەر هۆنراوەی هوپ– هوپ سوور بوو؟ صابر هەر چەندی بیر کردەوە ئەقڵی بە هیچ کوێ را نەگەیشت. خەفەتی لەوە دەخوارد کە بۆ ئەو ڕۆژە لێی نەپرسی مەبەستی چییە؟ لە ڕێگا، لە کوچەو کۆڵان‌و بازاڕدا، لە هەموو شوێنێکا چاوی بۆ ئەو دەگێڕا. لە دڵی خۆدا دەیگوت: ئەگەر بە ڕێکەوت بیدینم یەك سەعاتان بەری نادەم، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی لێ وەر دەگرم کە 5-4 ڕۆژە پێیانەوە دەتلێمەوە. دەستی لێ هەڵناگرم تا هەموو شتێ لە بنج‌و بناوان نەکەم.

بەڵام مەخابن لە هیچ شوێنێ تووشی نەهات. چەند جارێ لێبڕا ئەدرەسەکەی لە کرێکارەکان وەربگرێ‌و بچێتە دیدەنی. بەڵام لە دڵی خۆدا دەیگوت: ڕەنگە باش نەبێ.

بۆیە ئەم بیرەی لە مێشکی خۆی تاراند.

ڕۆژنامەفرۆشەکە صابری دەناسی، دەمەو عەسرانێك بە بەر ماڵەکەی صابردا تێ دەپەڕی، لە پڕ دەنگی لێ هەڵبڕی:

- سەدا، حەقیقەت، کاسبی....

صابریش وەکو هەمیشە پەنجەرەکەی کردەوەو بانگی کرد، نامەیەکی دایێ‌و چەند جارێکی لێ دووپات کردەوە.

- ئاگادار بی نەیدەیە دەستی کەس، یەکڕێ دەیبەی بۆ وێستگای تەفلیس‌و دەیدەیە دەستی هەمان پیاو.

کوڕەکە گوتی:

- بە بان چاو مامۆستا گیان، چت خەم نەبێ.

نامەکەی وەرگرت‌و بەدەم هاواری ڕۆژنامەوە دایکێشا. بەدەم ڕێگاوە چەد دانەیەکی لە ڕۆژنامەی حەقیقەت فرۆشت‌و پارەکەی وەرگرتن. ژمارەی تازەی مەلا نەسرەدین دەرنەچوو بوو، بۆیە بە بێدەنگی بە بەر دوکانەکەی کەرەبەلاییدا تێپەڕی. لە پڕ مەشهەدی بەگی بیر کەوتەوە، چونکە لەو ڕۆژ بەم لاوە سێ جاران چوو بووە ماڵیان، ماڵەکەیانی بە باشی دەناسییەوە. ئیدی بە دڵنیاییەوە بەرەو ئەوێندەر ڕۆیی. لە دەرکە نزیك بۆوەو لە زەنگیدا. پستەخان دەرکەی کردەوە. کوڕەکە هەواڵی مەشهەدی بەگی پرسی: دوای تۆزێ پستەخان لەسەر قسەی مێردەکەی کوریژگەکەی وەژوورخست. مەشهەدی بەگ تازە لەسەر کار گەڕابۆوە، لەپشت مێزێك ڕۆنیشتبوو و نانی دەخوارد. کە دۆستە چکۆلەکەی بینی بە گەرمی خوڵکی کرد. بۆنی گۆشتاو هەموو وردە دەمارەکانی کوڕەی بزواند. دەمی ئاوی کرد. بەڵام دا نەنیشت‌و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- سەلامەت بی.

مەشهەدی بەگ جارێکی دی خوڵکی کردەوە. ئەمجارەیان قایل بوو، ئاقڵ‌و ئاخغر ڕۆژنامەکانی لە پەنجەرەکەدا داناو لەو جێیە دانیشت کە پستەخان نیشانیدا. لە ژیانیا خواردنی وای نەدیتبوو. ئەو نانە سپییەی گوشی بوویانە نێو گۆشتاوەکەوە نەوسی تێر

ترین مرۆڤی دەبزواند. نێوی دۆستەکەی فێر ببوو، حەزی نەدەکرد پێی بڵێ مشتەری، بە خاڵە مەشهەدی بانگی دەکرد، مەشهەدی بەگیش نێوی ئەو فێر ببوو، بە دەم نان خواردنەوە گوتی:

- پۆلا ئەورۆ تاقیبم کرد، سەیرم کرد ئەو نامانەی کە پێم دابووی گەیاندبونت ئافەرین... پستەخان قاپەکەی پۆلا پڕ کەوە.

- نە لالۆ مەشهەدی سەلامەت بی، تێر بووم, ئەگەر دەبینی بە پەل پەل خواردم لەبەر ئەوەیە فریای رۆژنامەکانم بکەوم.

مەشهەدی بەگ سەیرێکی کردو پێکەنی.

- پۆلا نان باش بخۆ، بۆ عەسر کارم پێتە.

پستە خان نیگایەکی پڕ گازاندەی مێردەکەی کرد، ویستی بڵێ: چما لەبەر ئیش نانی دەدەیێ؟. بەلام هەستی کرد ئەمە بەینی خۆیانە، بۆیە قسەی نەکرد.

پۆلا هەستا. رۆژنامەکانی لەبن باخەڵی نا. خۆی ئامادەکرد دوعا خوازی بکاو بڕوا.

- پۆلا قسەیەکم پێتە.

مەشهەدی بەگ خۆی بە ژوورەکەی دیدا کرد. جانتایەکی لەکارتۆنێك دەرهێناو بۆ پۆلای درێژ کرد:

- بیگرە، دوێنێ کە دەچووم بۆ سەر ئیش بینیتم جانتات نەبوو.

پستەخان هەر چەند لەمناڵی را شارەزای چاوتێری مەشهەدی بەگ بوو، بەلام لەبەر ئەوەی ئەم جانتایەی وەکو دیارییەك بۆ کوڕە چکۆلەکەی خۆی دانا بوو، بەدڵە خورپەیەکی نائاساییەوە سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد. بزەیەکی کاڵ بەسەر گۆناکانییەوە دەدرەوشایەوە، چاوەکانی تەژی رووندکی خۆشەویستی بوون، دەستەکانی دەلەرزین.

چاوانی پۆلا لە شادیدا بریقانەوە، دوو مانگان کاسبی کرد با ئەوجاش پارەی جانتایەکی وەهای نەدەهاتە دەست، ئەم جانتایە هەموو خەمو پەژارەیەکی بیر بردەوە. ئەم کوڕە بەستەزمانەی لە کۆڵان و بازاڕەکاندا بە هەڵەپاس و پڕ روو نێوی دەرکردبوو، یەکسەر جانتاکەی وەر نەگرت. زۆری بەلاوە ئەستەم بوو هەروا بە ئاسانی پڕ بداتە دیاری خۆشەویستترین دۆست.

مەشهەدی بەگ گوتی:

- پۆلا شەرم مەکە برا....

جانتاکە تەواو مەستی کردبوو. چاوە شینەکانی کە فرمێسکی شادییان تێدا قەتیس مابوون هێندەی دی جوانیان دەنواند. بەتاسەوە دەیڕوانییە جانتاکە. بیری لەوە دەکردەوە کە رەنگە ئەمە بۆ تاقی کردنەوەی وی بێ. نزیکتر بۆوە. نیگایەکی خێرای کردن و بۆی دەرکەوت کە چ تاقی کردنەوەیەك لە گۆڕێ نییە. دەستی بردو جانتاکەی وەرگرت. لە کەیفان هەموو شتێکی بیر چۆوە، رۆژنامەکانی لە دەست کەوتنە خوارێ. کاغەزەکەی صابریش کەوت.

مەشهەدی بەگ دانەوییەوە تا ڕۆژنامەکانی بۆ هەڵگرێتەوە، چاوی بە نامەکەی صابر کەوت، هەڵی گرت‌و پشتەکەی خوێندەوە، گوتی:

- پۆلا ئەمە چییە!

پۆلا بەڵێنەکەی خۆی بیر کەوتەوە، پڕی دایە نامەکەو لێی ستاندەوە، لە دڵی خۆیدا شەرمی بە خۆ هات کە ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ مەشهەدی بەگ کرد. گوتی:

- لالۆ مەشهەدی بم بوورە، بەڵێنم داوە بە کەسی نیشان نەدەم.

گەرچی ئەم قسانە بۆ پۆلا و بە تایبەتی بەرانبەر بە مەشهەدی بەگ زۆر قورس بوون، بەڵام مەشهەدی بەگ پێی خۆش بوو، چەنگە نیشانەی ئەوە بوون کە پۆلا منداڵێکی بەوەفایەو متمانەی پێ دەکرێ.

مەشهەدی ویستی تاقی بکاتەوە.

- ئاخر خۆ ئێمە دۆستین بەرخوردار، ئەمە وا نابێ.

- نەخێر ئەو متمانەی بە من هەیە، منیش قسەم داوەتێ

پۆلا ملی نەدایە خەت، مەشهەدی بەگ کە زانی بۆی نایەتە ڕەدا، بزەیەکی هاتێ‌و گوتی:

- زۆر باشە پۆلا، قەیدی نییە مەیڵێ.... پێویست ناکا...

کوڕەکە ویستی بڕوا. پستەخان چووە دەرێ. پۆلا وێستا، سەراپای مەشهەدی بەگی بە نیگا دابێژت، سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد کە بینی هەر خۆیان لە ژوورێن گوتی:

- لالۆ مەشهەدی گەر تۆش بەڵێنم بدەیێ کە بە کەس نەڵێی پێت دەڵێم. من متمانەم بەتۆ هەیە، گەر متمانەم بە تۆ نەبێ ئەدی بە کێم هەبێ؟ ئەم کاغەزە هی هوپ– هوپە. لەم باکۆ گەورەو گرانەدا هەر من دەناسێت. ئەم کاغەزەی بۆ مەلا نەسرەدین ناردووە.

- هوپ– هوپ ئەدی خۆی لە کوێیە؟

- خۆی؟ لە ئوتێلی تەورێزە، لە ژووری ژمارە پێنج....

ئێستا هوپ– هوپ–ی ناسی. مەشهەدی بەگ هەر هێندەی مابوو لە کەیفان باڵ بگرێ‌و بەسەری کۆت‌و بە پێی خاوس تا ئوتێلی تەورێز غاردا. گوتی:

- هەر بژی پۆلا، شەرتی پیاوان بێ ئەم قسەیەت بە کەس نەڵێم.

پاش نیو سەعات لە دەرکەی ژووری ژمارە پێنجی ئوتێلی تەورێز درا، صابر لە ژوورێ را خەریکی نووسین بوو. کە دەرکەی کردەوە لە جێی خۆی هیشک بوو.

*

دوو بە دوو لە دەوری مێزە چکۆڵەکەی ناوەندی ژوورەکە ڕۆنیشتبوون. مەشهەدی بەگ کەم قسەی دەکرد. صابریش بە هاتنی کوتوپڕی ئەو تەواو شڵەژابوو، کە قسەکانی ئەو ڕۆژەی قوتابخانەی وەبیر خۆی هێنایەوە گەییە قەناعەتێ کە مەشهەدی بەگ مرۆڤێکی خراو نییە، لەگەڵ ئەوەشا قسەکانیان سنووری کورتە پرسیارو سووکە وەڵامی نەبەزاند. صابر لە پڕ پشتی ڕاست کردەوە، پێ دەچوو ئازاری هەبێ رووی گرژ بوو. مەشهەدی بە هەستی بەمە

کرد. صابر تەواو تێك چوو. پێچێکی خوارد، چاوی بڕییە خاڵێکی نا دیارو لە فکران ڕاچوو. نیگایەکی میوانەکەی کردو گوتی:

- دەمێکە دوور لە تۆ نەساغم، باداریم لەگەڵە گورچیلەم نەخۆشە. یەك ساڵی ڕەبەقە هەموو دەم هەر بە تەمای مردنم. ئێمە بەمە دەڵێین خەبەردانی دڵ.

مەشهەدی بەگ قسەکەی پێ بڕی:

- ئەوە چ دەڵێی؟ مردنی چە؟ تۆ هێشتا گەنجی و هەوەڵتە. جگە لەمەش... تۆزێ بێدەنگ بوو، بزەیەکی هاتێو ویستی قسەیەکی گونجاوتر پەیدا بکا:

- ئەرکی زۆرت لەسەرەو شایستەی مەرگ نیت. بەڕاستی ئەو کارانەی کە گەنج و ڕۆشنفکری ئەوڕۆ نەیان کردووە، دەبێ ئێمە بیکەین. هەقی خۆیتی نێویان بنەی ناسکە ڕۆشنفکر.

صابر بەم قسانە بڕێك هاتەوە سەرخۆ. تا ئێستا قسەی وای دەربارەی بەرهەمەکانی خۆی لە کەس نەبیستبوو. وای خەیاڵ کرد گوایە مەشهەدی بەگ بەشی بالآی ئەدەبیاتی تەواو کردووە، پرسی:

- پێ دەچێ بەشی ئەدەبیاتت تەواو کردبێ؟

مەشهەدی بەگ دەستێکی هەڵتەکاندو گوتی:

- نەخێر... من ئەندازیارم... هەر کەسێ لاف ڕۆشنفکری لێ بدات دەبێ سەر لە ئەدەبیاتیش دەربکا، مرۆڤ بەبێ ئەدەبیات چ نییە، من باوەڕ ناکەم کەسێ لە کۆمەڵدا هەبێ تا ڕادەیەك دڵبەندی هونەری جوان و ناسك نەبێ. گەر سەلیمناز دایکی یەکەمم بێ، ئەوا ڕۆمانەکەی چرنیشفسکی دایکی دووەممە. ئەم دووانە منیان گەورەو پەروەردە کردووە، کە لە ڕووسیا بووم، نەمدەتوانی بەرهەمی نووسەرەکانی خۆمان بخوێنمەوە، دەزانی ئەمە چ دەردێکی گەورەیە: پیاو هێندەی دی هەست بە نامۆیی دەکا، بەڵام لەوەتەی هاتوومەوە باکۆ، تا ڕادەیەك ئەم کەلێنەم پڕ کردۆتەوە.

صابر کەلە شماخی بوو زوو زوو دەچووە نك عەباس سوحبەت ی دۆستی. عەباسسوحبەت شاعیرێکی ئازەرییە. هەرچی نەزانیبا لێی دەپرسی. ئێستاش زۆر کەیف خۆش بوو بە ناسینی مەشهەدی بەگ. بە دووی هەلێکدا دەگەڕا تا پرسیارێك بکا، لە پڕ دەنگی وەرگەڕانی پایتونێ بەرز بۆوە، بوو بە غەڵبە غەڵب و صابر بە پەلە چووە بەر پەنجەرەکەو سەیرێکی خوارێی کرد. ئەوجا ڕووی کردە مەشهەدی:

- پایتۆنەکە وەرگەڕاوە... باشە کەس نەمردووە. یا ئەسپەکان ناشین یا شوفێرەکە ناشییە. هەر ڕۆژەی شتێك لەم کۆڵانەدا ڕوو دەدا... دوێنێ پایتۆنەکە منداڵێکی شێلا. زۆرم پێ ناخۆش بوو. ئاه... کە شارێکی قەرەباڵغ و ناڕەحەتە. لەلای ئێمەش ترس هەیە، بەڵام جۆرێکی دییە. منیان لە وڵاتی خۆم دەربەدەر کردووە. وابیر دەکەنەوە کە گوایە چ شتێ لە شاعیری شەرمتر نییە.

تەمی خەمێکی زۆر نیشتە سەر سیمای، یادگاری تاڵو رەنجدیدەیی دەنواند. بێنێکی دایەو گوتی:

- دەزانی شاعیرانی رووسیاش بەمجۆرە تەنگەتاو دەکرێن؟
- شاعیرانی رووسیا؟ بۆ نه ء ؟ دەزەانی گۆرکی ناچار کرا رووسیا بە جێ بهێڵێو روو لە هەندەران بکا؟ نووسەرانی رووسیا لەم رووەوە یەکجار بەدبەختن. حەپس، نەفی کردن، تێ هەڵدانو کوشتن... بەڵام ئەوان ناترسنو تا دوا هەناسە خەبات دەکەن.

صابر ئەم قسانەی لە عەباس سوحبەتی دۆستی نەبیستبوو. سوحبەت بەوەندە وازی دەینا کە باسی کەلە شاعیرانی رووس بکا. هەندێ جار خۆی لە جیهانی لێکدانەوەی وردەکاریو جوانی بێ سنووری ئەو شیعرانەدا دەتوانەوە کە پێکەوە دەیان خوێندەوە. ئەو شیعرانەی کە خوێنەری ئاسایی پەی پێ نەدەبردن ئەو هێدی هێدی روونی دەکردنەوە.

قسەکانی مەشهەدی بەلای سابیرەوە تازە بوون بۆیە زۆر بە تاسەوە گوێی دەگرتو هەڵی دەگرتنەوە. ئازارەکانی خۆی بیر چۆوە، ئەوجا گوتی:

- پێویستە زمانی رووسی فێر ببم. دوو ساڵە خەریکم بەڵام نەخۆشیو سەرقاڵی ماوەم نادەن. کەسێ رووسی نەزانێ وەکو ئەوەیە کلیلی گەنجینەیەکی یەکجار گەورەی ون کردبێ.

مەشهەدی بەگ بە دەم سەر لە قاندنەوە قسەکەی بۆ سەلماند:

- پێ دەچێ عەباس سوحبەت رووسییەکی چاك بزانێ، وەرگێڕانەکانیم زۆر بە دڵە. بە تایبەتی هۆنراوەکانی پوشکین و لیرمەنتوف جوان وەرگێڕاوە. تەمەنی چەندە؟ تۆ گەورەتری یا ئەو؟
- بە ئەقڵو ئاوەز ئەو، بە تەمەن من.

ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار لەدڵەوە پێکەنی..

- خوێنەوارییەکەی چۆنە؟
- من شاگردی ئەوم, مامۆستامە. من کەمێك شارەزای شاعیرانی فارسی زمانو عوسمانیانم. بەڵام ئەو دەریایەکە لەو گۆڕەی.

مەشهەدی بەگ لە رێگای خوێندنەوەی ئەو هۆنراوانەوە کە لە رۆژنامەو گۆڤارە ئازەرییەکاندا بڵاو دەبوونەوە باوەڕێکی ئەوتۆی بە ئەدەبیاتی عوسمانی نەبوو. ویستی رای صابریش بزانێ بۆیە پرسی:

- کامیانت لە هەموویان پتر پێ پەسەندە.
- کامیان؟ نامیق کمال... ئەویش چارەنووسێکی سەیری هەبوو. ئەویش پاش دوور خستنەوەو نەفی کردن کوژرا! زۆردارێکی وەکو عبدالحمید لە شیعرەکانی دەترسا، من نەمتوانی بە داشۆرین بیترسێنم، کەچی نامیق کمال لەپاش مردنیش بە هۆنراوەی "وەتەنو یاسیلیسترە" ترسی بەردەدایە هەناوی عبدالحمیدو وەزیرو گزیرەکانی.

مەشهەدی بەگ ئەم هۆنراوەیەی نەبینی بوو. زۆری کەیف بەوە هات کە صابر پوختەکەی بۆ روو کردەوە. گوتی:

- ئەدی توفیق فیکرەت چۆنە؟ حەزی لێدەکەی؟
- فیکرەت؟ زمانەکەی دەستکردو پڕ پێچ و پەنایە. من ئەوە بەڕاست نازانم کە نووسینەکانی وەکو خۆی چاپ دەکەینەوە. پێویستە هۆنراوەی زۆربەی شاعیرانی عوسمانی بکرێن بە ئازەری. خۆ ئەگەر بۆت رێکەوێ و لە محمد هادی بپرسیت ئەو چاکتری لێ دەزانێ...

صابر تەزوویەکی پێدا هات. هەستی دەکرد مەشهەدی بەگ خۆشی دەوێ. هەردووکیان رایان وابوو کە شاعیر نابێ لە شیعریا زمانی جەماوەر فەرامۆش بکا.

مەشهەدی بەگ لە پڕ پرسی:

- هۆنراوەی گوێزڵیم کە لە ژمارە هەژدەی گۆڤاری مەلا نەسرەدین بڵاوبۆتەوە هی تۆیە؟ نا، نا بۆ ئینکاری دەکەی؟ لە دوورەوە هاوار دەکا کە هۆنراوەی صابرە.

صابر بە ناچاری گوتی:

- هی منە.
- باشە بۆ دێڕی سێیەم و پێنجەمی لە رووی کێشەوە جیاوازن؟ پێت سەیر نەبێ؟ نەبێ بە خۆ هەڵکێشان کەمۆکەیەك سەرم لە کێشی هۆنراوە دەردەچێت. یەکسەر هەست بە لەنگی هۆنراوەکە دەکەم.

صابر سوور هەڵگەڕا، هۆنراوەکەی دەرهێنا، خوێندییەوەو گوتی:

- راست دەکەی. ئێستا هۆیەکەیت پێ دەڵێم. هۆی هەوەڵ و ئاخیر خەوەکوتکێ و وەنەوز دانە... شەوان هەڵەکانی رۆژنامەی سەدا راست دەکەمەوە، رۆژنامەکەی ئێمە هەواڵدەری تایبەتی نییە، چاوەڕێ دەکەین تا رۆژنامەی کاسبی و حەقیقەت بڵاو دەبنەوە، ئەوجا هەواڵەکانی ئەوان وەردەگێڕین. ئەم هۆنراوەیەم لە چاپخانەکەی هاشم بەگدا نووسی، کەبەشی یەکەمیم نووسی بە دەم وەنەوزدانەوە خەوم لێ کەوت. کە لە خەو رابووم پاشماوەکەیم تەواو کرد.

مەشهەدی بەگ داوای لێبوردنی کرد. صابر گوتی:

- نا، نا من رەخنەم پێ خۆشە. زۆرم کەیف بە خوێنەری وا وردبین دێ.

مەشهەدی بەگ بە تانیا رۆیی:

- لە هۆنراوە چاپ کراوەکانت کامیانت بەدڵە؟
- هیچیان.... هۆنراوە چاکەکانم ئەوانەن کە بە تەمام بیان نووسم.
- کەی؟
- وەختێ کە چیدی وەنەوزو خەوە کوتکێ زەفەرم پێ نەبا...

مەشهەدی بەگ پێکەنی. ئەم شۆخییەی شاعیری زۆر بە دڵ بوو. لە پڕ گوتی:

- درۆ دەکەی. تۆ ئێستا بە هۆنراوەکانتەوە لە دڵی میللەتا دەژی. راستە تۆ حەقتە پێ نەکەنی و گلەیی لە تەنگ پێ چنین بکەی. بەڵام کێ تەنگ بە تۆ هەڵدەچنێ؟ بازرگانەکان، مەشهەدییەکان، کەرەبەلاییەکان و ئاخوندەکان و... تۆ بڕۆ نێو کرێکارانەوە ئەوجا خۆشەویستی و قەدر زانیت بۆ بە دیار دەکەوێ. بە رێکەوت یەکێ دەبینی کە هوپ-هوپ نەناسێ و خۆشی نەوێ. ئەوانە میللەتی راستەقینەن. من کە لە پۆلا رووم لێ نای هۆنراوەی هوپ- هوپیان بدەیێ تا بیخوێننەوە ئەمەم مەبەست بوو.

مەشهەدی بەگە هەستا، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. هۆنراوەیەکی پۆشکینی خوێندەوە. بە صابری گوت:

- تۆش هۆنراوەی وا بنووسە.

صابر لە دڵی خۆوا گوتی: راست دەکا، من هێشتا لە سەرەتادام.

لەو رۆژە بە دواوە بوون بە دۆست. صابر بە پەرۆشەوە چاوەنۆڕی دووەم دیداری بوو. ئەو رۆژەی بە دوو ساڵ لێ چووە سەر.

*

پۆلا "مەلا نەسرەدین" ئەوڕۆی هەموو ساغ کردەوە. تەنیا دوو دانەی پێ مابوو. هێدی هێدی بە کۆڵانەکەدا دەهاتە خوارێ تا ئەو دوو دانەیەش بفرۆشێت.

لەم ژمارەیەدا کارێکاتێرێکی تیقویفی ملیۆنێری باکۆ بڵاوکرابۆوە، ئەمە تەواوی شاری خرۆشاندبوو، خوێندەوارو نەخوێندەوار راپسک راپسک گۆڤارەکەیان لێکدی رادەفڕاند. پۆلا وەکو هەمیشە جانتاکەی لە بن باخەڵەی نابوو. گەییە بەر نانەواخانەیەك. بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- مەلا نەسرەدین، مەلا نەسرەدین.

کەربەلایی وەك بڵێی لە ئاسمان بۆی دەگەڕاو لە عاردی وەچنگی کەوت، دەم بە پێکەنین بەرەو رووی چوو، گوتی:

- ئەهای بچکۆل دانەیەکم بۆ بێنە.

پۆلا هۆپێکی لە خۆما، خەریك بوو لە کەیفان بکەوێتە سەما. دانەیەکی بۆ کەربەلایی درێژ کردو گوتی:

- ئەوڕۆ هاپۆ مەلا حەشری کردووە. وەی گیان گیان یەك دانەم ماوە، ئەویش بۆ لالۆ مەشهەدی.

کەربەلایی پارچە دراوێکی گەورەی دایێ و باقیەکەی لێ وەرنەگرتەوە.

گوتی:

- بچکۆل گیان وەرە دانیشە دەنێرم گۆشتاوت بۆ بێ، ئەمە هەتیوشی! بە زاتی خوا نەم زانیوە. پێویستە لەمەولا دەستت بگرم، بۆ موسوڵمانەتی نەماوە؟ وەرە، وەرە هەر ئێستا دەنێرم گۆشتاوت بۆ بێ، دیارە برسیتە.

پۆلا سەیرێکی جانتاکەی کرد، بە گومانەوە روانییە کەرەبەلایی و گوتی:

- نه قوربان، دیاره تەماحت کردۆتە جانتاکەم دەنا ئەم ڕێیە نزیکە لە کوێ‌و ئەم کرێ بارە چەورە لە کوێ! بەڵام چاك بزانە ئەم جانتایە بە هەموو دوکانەکەت ناگۆڕمەوە...

جانتاکەی توند بە خۆوە قرساندو دوورکەوتەوە.

- وەرە رۆڵە، لە چی دەترسیت؟
- نامەوێ.
- بۆ؟ گۆشتاو؟
- نەخێر نامەوێ، ئەوەش باقیەکەت، دەستکەوتی ئەمڕۆم زۆر بوو.
- باشە هەڵیگرە بۆ سبەی
- پێویستم نییە.

پۆڵا تەواو گومانی لێکرد، ویستی لە دوورەوە باقییەکەی بۆ هەڵداو بڕوا. گوتی:

- ها باقیەکەت.

سەراپای کەربەلایی دایە بەر نیگای قین‌و گوتی:

- بابیشم لە گۆڕێ بێتە دەرێ ئەم جانتایەی نادەمێ.
- نە بابە نە، من جانتای تۆم بۆ چییە؟
- وتم پارەکەت بگرە.
- سەیرە بێ وەری بگرمەوە! خۆ گاور نیم. بە تەمانیت حەقی هەتیوم دەرخوارد بدەی؟ ئیلان‌و بیلان دەبێ گۆشتاوێکیشت بۆ بکڕم.

کەربەلایی هەنگاوێکی لێ وەپێش کەوت:

- دەبێ ئەوڕۆ ئاشت ببینەوە، ئیدی هەموو رۆژێ و بەر لە هەموو کەسێك گۆڤارو رۆژنامەکانت بێنە بۆ لای من، باشە!

کەربەلایی زەردەخەنەیەکی پڕ سۆزی بە روویادا، توند مەچەکی گرت، راکێش راکێش وە ژووری خست، لەسەر کورسییەکی داناو گوتی:

- چ ترسێکت لە جانتاکەت نەبێ.. ئەو چاوە کوێر بێ کە تەماحی لە جانتای تۆ بێ.

پۆڵا لام و جیمی نەکرد. دانیشتبوو و بیری لەوە دەکردەوە چۆن کەربەلایی وا لە پڕ گۆڕا. دیار بوو چ تەماحێکی لە جانتاکەی نەبوو. پێ دەچوو ئۆینێکی دی لە ژێر سەرا بێ، کەربەلایی لەبەر دوکانەکەی خۆیەوەو روو لە چاخانەکەی بەرانبەر هاواری کرد:

- صفدر... گۆشتاوێك‌و دووچای..

پۆڵا لە ئاقیبەتی ئەم میواندارییە دەترسا، ئەم ماستە نەك موویەك بگرە گورسێکی تێدا بوو. موچوڕکێکی پێدا هات. لە چاو تروکانێکا گۆشتاوەکە هات. لەوەی ماڵی مەشهەدی بەگ بوو، ئەوەی کە هێشتا تامی لە ژێر ددانی دەرنەچوو بوو، پۆڵا هەڵوەستەیەکی کرد، کەربەلایی بەر لەو پەنجەیەکی لێداو گوتی:

- بخو بابەکەم بخۆ...

دوای تۆزێ چایەکەش هات، پۆڵا بە تاسوقەوە ملی پێوەنا.

*

صابر و مەشهەدی بە دەم قسەوە هاتن و گەیینە کۆڕنیشەکە، بایەکی فێنك و خۆشی دەهات. قژەکەی مەشهەدی بەگ هەر سا نا ساتێ بەدەم بایەکەوە بەر دەبۆوە سەر هەنیەی. نەیانزانی ئەو ڕۆژە بۆ ژمارەی گەردشکاران کەم بوو، دەریاکەش هەر چۆڵ بوو، تەنیا یەك پاپۆڕ بە دووکەڵ دەردانەوە دوور دەکەوتەوە.

صابر بەردەوام بوو و گوتی:

- لە برسان ببوو بە داسك و دەرزی، پێستی بە هێسکییەوە نووسابوو.... شەش مانگە دەیناسم، یەکێکە لە قوتابییە هەرە چاکەکانی قوتابخانەکە. منداڵێکی زرینگ و بە ئاوەزە، زۆرم پێ سەیرە ئەم ڕازەی درکاندووم.

مەشهەدی بەگ لە بن لێوانەوە گوتی:

- بە هەر حاڵ زیانێکی نییە.

- بریا بم بوایەو کارێکی وام کردبا خوێندن تەواو بکا.... هەر بە چاوەکانیا دیارە دەبێ بە پیاوێکی گەورە...

مەشهەدی بەگ هەنگاوەکانی سووك کردنەوەو گوتی:

- حەیفێ گەلێ لەم خونچانە دەبنە قوربانی برسێتی و باخچەی میللەت لێیان بێ بەش دەبێ... گاڵتە نییە لە 90٪ی منداڵانی ئێمە لەبەر برسێتی و نەداری ناچنە قوتابخانە. خۆ ناشکرێ هەموو هەر بە ڕۆژنامەفرۆشی بژێوی خۆ پەیدا بکەن.

صابر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەو مرۆڤەی کە ئەو هەموو پێکەنین و گەش بینییەی لە هۆنراوەکانیا جێ کردبۆوە، لە ژیانی ڕۆژانەیدا تەنیا بوو... بەشی هەر خەم و هەناسەی سارد بوو. بە دەگمەن بریقەی شادی بە چاوەکانییەوە دەبینرا. گوتی:

- تەنیا ئایندەو پاشە ڕۆژە کە بە فریامان بکەون.

چاوی بڕییە ئەو شوێنەی کەئاسمان و دەریا باوەشیان بە یەکدیدا دەکرد، وەك ئەوەی مەودای نێوان خۆی و داهاتوو بپێوێ. مەشهەدی بەگ کەوتە دڵدانەوەی:

- ڕاستە، بەڵام هەق نییە تۆ ڕەش بین بی. تۆ لە ناخدا بەسەر ئەم ڕۆژگارەدا زاڵ بووی. تۆ وەکو ئەو کێوەی کە شەپۆلی تووڕەی دەریا ناتوانێ ڕای ماڵێ...

صابر بە دەم تەماشا کردنی دەریاوەو لە پڕ بێ وەی بە خۆی بحەسێ ورتە ورتێکی لێوە هات: بنزەرم بیر قوجامان داغە کە دەریا دە دورار... و لەسەری ڕۆیی:

- با منیش لە هەموو ژیانما بۆ یەکەمجار ستایشی خۆ بکەم.

هۆنراوەکەی تەواو نەکرد. کە گەیینە پاینی کۆڕنیشەکە نیگایان لە دیمەنێکی سامناك هەڵەنگوت، سەراپایان هیشك بوو... مناڵێکیان بینی لە سێبەری درەختێك دەمەو ڕوو کەوتبوو.

مەشهەدی بەگ بە پەلە خۆی گەیاندێ، هەوەڵجار نەیناسییەوە، کە دانەوییەوە سەیری کرد منداڵێکەو بە هەردوو دەست جانتایەکی بە خۆیەوە قرساندووە، یەکسەر ناسییەوە. کەوتە

سەر چۆکان، سەراپای کەوتە لەرزین. صابر بە دیارییەوە وێستا بوو، مەشهەدی رووی کردیٚو بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە گوتی:

- هەبیٚو نەبیٚ لە برسا مردووە.

صابر بوینباخەکەی شل کردەوەو گوتی:

- وە لە ماندوێتیدا.

* * *

پۆلآیان بردە ژوورێك، وەختیٚ پزیشکەکە لەو ژوورە وەدەرکەوتو بە ساردییەکەوە کە هەموویانی تاساند گوتی:

- دەرمان خوارد کراوە.

صابر بە چاوی پڕ لە گریانەوە دێڕە هۆنراوەیەکی دی گوت، یەکەم هۆنراوەی غەمگینی خۆی پێشکەش بە پۆلآ کرد:

أی دەربدر گریب اورەگی قان اولان چو جوق

بیر لوقمە نان اوچون گوێزی گریان اولان چو جوق[62]

هوپ- هوپ کە تا ئەم کاتە سەرومڕ پێدەکەنی، ئێستا وەکو دایکانیٚ کە جگەرگۆشەی خۆ بلاوێننەوە، دەستە سڕ بەدەستو زارپڕ لە قسەو چاو تەڗی گریان بوو.



## دۆست

دوست یولوندا چووعون الار قار الار(1)

---

[1] کێوی دێر زەمانەمو لە نێو دەریا دەوەستم.

[2] ئەی منداڵی دەربەدەری دلٚ پڕ لە خوێن

بۆ پارووە نانێك چاوانت بوونە بێشکەی گریان.

لالۆ غولاّم چوو بۆ لای بەڕێوەبەری پۆلیس، بە دەستووری بەڕێوەبەر 15 – 20 دەقیقەیەك لە دەرێ وێستا. لەو ماوەیەدا هەزاران بیرو خەیاڵی بە مێشکدا هات. لە ترسا رەق راوێستا بوو، کەمو زۆر نیگای لە بەڕێوەبەر نەدەگواستەوە. بەڕێوەبەر کابرایەکی بالاّ بەرزی باریكو بنێس بوو. قژی لە ناوەندێ را شانە کردبوو، دەستە سپیو لاوازەکانی نابوونە بن باڵیو هێدیو ئارام دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، وەکو یەکێکی کەم خەو ناوە ناوە باوێشکێکی دەداو ددانە سپیو سفتەکانی بە دیار دەکەوتن.

بەڕێوەبەر بە لالۆ غولاّمی گوت دانیشێ. ئەویش ئاهێکی تێ گەڕاو کەمێك هێورییەوە. لەسەر کورسییەكو بەرانبەری بەڕێوەبەر رۆنیشتو بە چاوانی ئەبڵەقەوە تێی هەڵدەڕوانی. ژوورەکە نقومی بێدەنگی ببوو. تەنیا هەردووکیان لە ژوورەوە بوون. پەردەی پەنجەرەکان دادرا بۆوە، ئەو دەرکەی لالۆ غولاّمی لێ وەژوور کەوتبوو، داخرابوو. بەڕێوەبەر هێند بێدەنگ بوو لە تۆ وایە لاڵە، لالۆ زۆر لەم بێدەنگییە دەترسا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەبێو نەبێ خەبەرم لێدراوە، باشە ئەگەر حەپسم بکەن قوڕی کوێ بەسەرا بکەم؟"

بێ تاقەتو نیگەران چاوی بڕی بووە دەمی بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەر هەستا، چووە بەر پەنجەرەکە، گەڕایەوەو لەسەر کورسییەکەی رۆنیشتەوە.

زۆر بە شێنەیی پرسی:

- پیرەمێر چەند سەر خێزانت هەیە؟

لالۆ غولاّم هەرچی سەری هێناو برد ئەقڵی بە هیچ کوێ را نەگەییشت، گوتی:

- شەش قوربان پێنج منداڵو دایکیان.
- باشە تۆ ئەو منداڵانەت لێ تەوقن، بۆ بەزەییەکت پێیاندا نایەتەوە؟ باوك ئەوەندە دەرهەق بە منداڵی خۆی بێ رەحم دەبێ؟
- خۆ دژمنم نین؟ کارو کاسبیم هەمووی بۆ وانە. لەخوا بەزیاد بێ کەسیان لە برسان نەمردوون. شەوو رۆژ رەنج دەدەم تا موحتاجی ئەمو ئەو نەبم.

بەڕێوەبەر جگەرەیەکی دەرهێناو دایگیراند، مژێکی قوڵی لێداو گوتی:

- درۆ دەکەی پیرەمێرد، ماڵو منداڵی تۆ لە نانی وشك زیاتر چیدی ناخۆن، ئێمە هەموو شتێ دەزانین. تۆ مانگانەیەکی کەم وەردەگریو زۆر زەحمەتە بەو دەرامەتە کەمە رەشە خێزانێکی حەوت کەسی بە خودان بکرێ.

لالۆ غولاّم کەیفۆکەیەکی بە قسەکە هات، لە دڵی خۆدا گوتی: چ کابرایەکی چاكو بە بەزەییە؟! ئەوجا گوتی:

- قسەی جەنابتە قوربان، بەلاّم زۆر شکور کە ماڵو منداڵی من نانی هیشیکیان چنگ دەکەوێ، چونکە خەڵکانێ هەن نانە رەقیشیان دەست ناکەوێ؟
- باشە ئەگەر ئەم مانگانەکەت لێ ببڕدرێ ژنو منداڵت چ دەکەن؟
- هیچ قوربان، لە برسان دەمرن.
- دەمرن. زۆر راستە. ئەمە دەزانی بۆ رەحمیان پێدا ناکەی؟

لالۆ غوڵام کە گوێی لەمە بوو گەرووی هیشك بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی:
"هەر زوو زانیم بۆیە بۆ ئێرەیان بانگ کردووم تا بمگرن".
چ وەڵامێکی نەدایەوە.
– پیرەمێرد تۆ ئەگەر لەبەر خاتری ئەوانیش بووە کارێکی ئابڕوومەدانە بگرە ئەستۆ، تۆ بە جاریٚ ئەرکی باوکایەتیت وەلاناوە.
– قوربان لە هەموو باکۆدا خانچییەکی وەکو من پەیدا نابیٚ. ئەو حەوشەیە هێند بە جوانی گسك دەدەم وەکو ئاوێنە دەبریقێتەوە.
رۆژی جاریٚ تەنەکەی خۆڵەکان دەڕێژم، رۆژی سیٚ جاران سەکۆکە ئاوڕشێن دەکەم، لە خوا بە زیاد بیٚ کارەکەم ئابڕومەندانەیەو قەت غەڵەتی وا ناکەم پارەی حەرام دەرخواردی ماڵو منداڵ بدەم.
بەڕێوەبەر هەستا، چەند مژێکی یەك لە دوای یەکی لە جگەرەکەیدا، چڕە دووکەڵ کۆکەکۆکی بەلالۆ غوڵام خست.
- من دڵم بە حاڵی تۆو مناڵەکانت دەسوتیٚ. خۆتیش پیٚ ناچیٚ کابرایەکی خراپ بی، بەڵام تۆ لە قسەکانی من حاڵی نابی. بە خۆت دەزانی خانچیش خزمەتگوزاری دەوڵەتە.
- بەلیٚ وایە.
- باشە بۆ دەوڵەت لەو شتانە ئاگادار ناکەی کە لە دەوربەرت روو دەدەن؟
بەڕێوەبەر مۆڕەیەکی لە لالۆ غوڵام کرد. لچێکی هەڵقورتاند!
- بۆ ئەو شتانە لە دەوڵەت دەشارییەوە؟
- جا من چیم شاردۆتەوە قوربان، هەموو رۆژیٚ بەیانی زوو فەراشەکەو نزیکی نیوەڕوانیٚ نەوت فرۆشەکە دێنە حەوشەوە. شەوانیش لەوەختی خۆیدا چراکە هەڵدەگیرسێنم.
بەڕێوەبەر لە پڕ گۆڕا، چاوی سوور بوون، ددانی جیڕ کردەوە:
- پیرەمێرد خۆتم لیٚ گێل مەکە. من پازدە ساڵە لەم دایەرەیەدا کار دەکەم.
- منیش پتر لە بیست ساڵە لە نێو خانان غاراوم.
- زارت تێك نیٚو....
- بە بان چاو قوربان...
لالۆ غوڵام تەواو نا ئومێد بوو، دەستێکی کەوتە پاش و یەکی کەوتە پێش، دەستی لە ژیان شۆرد. لە فکران راچوو: ئیدی قوتار بوونم نییە. کلۆڵ خۆتان زاڕوڵەکانم. ئیدی کیٚ خەمتان دەخوا؟ ئەگەر هەر لێرەوە هەواڵەی سیبریام نەکەن باشە. نەمزانی ئەم بەڕێوەبەرەم بە پیاوێکی باش هاتە بەرچاو، تومەز بە فێڵە لەگەڵم، چاو چاو چۆن سەیرم دەکا, دەڵێی بابیم کوشتوە.
بەڕێوەبەر لە کاریگەری قسەکانی خۆی دڵنیا بوو، دەستی بە قسان کردەوە. پەشێوی و پەژارە نیشتە سەر سیمای لالۆ غوڵام، لە فکران راچوو: هەرچی سەر دێنمو سەر دەبەم چ

گوناح و خەتایەکم نەکردووە، چ خوا نەناسیٚ داوی بۆ ناومەتەوە؟ خۆ من قەتم خراپە بۆ چ کەس نەبووە!

بەڕێوەبەر پرسی:

- پیرەمێرد، دوێنیٚ عەسر سەعات پێنج بۆ کویٚ چوو بوویت؟

لالۆ غولاٚم راستو راست کردییە قولەمستی:

- چوو بووم بۆ مەیانی قوبا.

بەڕێوەبەر تووڕە بوو:

- پیرەمێرد درۆیان مەکەو بەزەییت بە منداڵەکانتا بێتەوە.
- بەزاتی خوا درۆ ناکەم.
- راستییەکەی بلٚیٚو بڕێتەوە.
- وە حەزرەت عەباس درۆ ناکەم.
- زارت تێك نیٚو...
- وەبان چاو.

لالۆ غولاٚم ئاهێکی تێگەڕا، تەواو لە بیٚ تاوانی خی دلٚنیا بوو.

بەڕێوەبەر بە هێمنی لەسەر قسەکەی رۆیی:

- تۆ، مەشهەدی بەگی عەزیز بیگۆف دەناسیت، ئێستا دەمەویٚ ناوی هەموو ئەو کەسانەم پیٚ بلٚێی کە دوێنیٚ لە مالٚی ئەوان کۆبببوونەوە. دەنا زیندان دەست ماچ دەکا، تۆ هەموویانت دیتووەو بە ئانقەست خۆت گێل کردووە. بەلٚکو خۆتیش یەکێکی لەوان. کە لە مالٚی بیگوفدا کۆبوونەوە دەکرا تۆ چاودێری شەقامو کۆلاٚنەکەت دەکرد. تاوانەکەت زۆر گەورەیە کابرا، تاوان شاردنەوە سیٚ سالٚ زیندانی بەدواوەیە.
- قوربان مەشهەدی بەگ بابایەکی میوان پەروەرە. بە خۆی لە کار بەدەستانی دەولٚەتە. بە رەزامەندی شاو بە رای خەلٚکی بووە بە ئەندامی دوما.

لالۆ غولاٚم هەرچییەکی زانی بوو، گوتبووی. وەی دەزانی ئەندامەتی مەشهەدی لە کۆمیتەی شارا، شتێکی یاسایی و رەوایە.

- من دەیناسم قوربان. کابرایەکە حەز بە خۆشگوزەرانیو ئاسایشی خەلٚکی دەکا. کرێکارانیش زۆریان خۆش دەویٚ.
- بۆ درۆ دەکەی پیرەمێرد؟ بۆ خۆت لە پرسیارەکانم دەدزییەوە؟
- بە زاتی خوا درۆ ناکەمو هەرچییەکی دەزانم پێتانی دەلٚێم. پیاوی وەکو مەشهەدی بەگ کەم دەست دەکەون.
- وەلاٚمی پرسیارەکانم دەدەیەوە یانا؟
- بە خوا لەوەی زیاتر نازانم.
- نایزانیت؟
- بەلٚیٚ.

- کەر پیاو.
- تۆ برا گەورەی ئێمەی. چ قەیدییە.
- بێدەنگ.
- وەبان چاو.

بەڕێوەبەر بە وەڵامە تەڕ دەستەکەی لالۆ غوڵام تەواو نیگەران ببوو. لالۆ غوڵام کە لە کۆڕو کۆبوونەوە نهێنییەکەی مەشهەدی بەگو هاوڕێکانی: شائومیان، فیولتف، چاپاریدزەو.. و ەئوانی دی بێ خەبەر بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "کابرا پیاوێکی میوان پەروەرە، لەگەڵ دۆستو ئاشنای خۆدا کۆ دەبنەوەو بۆ خۆ قسان دەکەن." هێواش هێواش بۆی دەر دەکەوت کە ئەم میوانداریییە لەبەر چییە، ئێستا هەست دەکەم کە مەشهەدی بەگ بە خۆڕایی ئەم میوانداریییەی نەدەکرد.

بەڕێوەبەر توڕە بوو، لە زەنگیدا، یەکێك وەژوور کەوت. رووی تێکردو گوتی:

- ئەم پیرەمێرە فڕێ بدە زیندانەوە.

ئەوجا رووی کردە لالۆ غوڵام:

- بڕۆ پیرەمێر، سێ چوار رۆژی دی کە برسێتی زۆری بۆ هێنای ئەوسا قەدری عافێت دەزانیو وەڵامی پرسیارەکانم دەدەیەوە. هەر لەوێوە لالۆ غوڵام برا بۆ زیندان.

*

(5) رۆژی تەواوی بێ هیچ لێ پرسینەوەیەك لە ژوورێکی تەنگ و تاریدا بەسەر برد. لەو ماوەیەدا دەردی دڵی خۆی بۆ دیوارەکان هەڵدەڕشت. دوو جاریان بۆ دایەرەی پۆلیس برد، هەمان وەڵامەکانی پێشوی دانەوە. دوو – سێ کەڕەتیان فەلاقە کرد، وەڵام نەگۆڕان، بەلانی کەم رستەی "مەشهەدی بەگ مرۆڤێکی چاکە"ی دە جاران دووبارە کردەوە. پۆلیس هیچیان لێ هەڵنەکڕاند، کاغەزێکیان پێ مۆر کردو ئازادیان کرد.

لالۆ غوڵام دوای ئەم بەزمە دەستی لە خانچێتی هەڵگرتو جلی کرێکاری لەبەر هەڵکێشاو رووی کردە کانەکان. کە مەشهەدی بەگی بینی بوو پێی گوتبوو:

- ئاگات لە خۆ بێ رۆڵە ئێمەی هەژار دژمنان زۆرن، بەر لەوەی لە مەشهەدی هەڵبڕێ هەموو شتەکەی لەسەری تا بنی بۆ مەشهەدی گێڕا بۆوە، هەر چەند بەڵێنی بە پۆلیس دابوو بەڵام چۆنی دەتوانی گرێی دڵی بۆ نزیك ترین دۆستی نەکاتەوە:
- کوڕم من دەمەوێ لە کانەکاندا کار بکەم، تاقەتی تێ هەڵدانم نییە، ئەگەر بشمرم منداڵەکانم سەرگەردان دەبن.

ئەملاو لای مەشهەدی بەگی ماچ کردو خودا حافیزی لێکرد. بۆ بابایەکی وەکو ئەو پاش بیست ساڵ خانچێتی دابڕانو دوور کەتنەوە لە هاوسێ ئەمەکدارەکانی زۆر ناڕەحەتو ئەستەم بوو. پستە خان هەموو حەوتوویەك یارمەتی دەدان یاسەلیمناز– هەر چەند لەگەڵ ئەودا رێكو تەبا نەبوون– هەموو رۆژێ خواردەمەنی بۆ منداڵەکانی دەنارد. ئەمانە بۆ ئەو مرۆڤی چاك بوون.

**لالۆ غوڵام باری کردوماڵو منداڵەکەی بردەوە بۆ کاولە وەچاغی کەسوکاری خۆی. لە ژێر خانێکی داڕوخاوی پەرپوتی گوندەکەی خۆیاندا گیرسانەوە.**

---

[1] – لە پێناوی دۆستا، لە بەفرو تۆفان مەپرینگێوە.



## یەکماڵی

**هەشیئن تزەسی دوێستون کهنەس([1])**

---

[1] هەموو شتێ تازە بێ چاکەن بەڵام دۆست کۆنە بێ.

مەشهەدی بەگ لە ماڵ وەدەرکەوت. گوێی بە دەنگی زەلامێکی نا ئاشنا زرینگایەوە کە لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەگوت. هەڵوەستەیەکی کرد. گۆرانییەکی یەکجار بە سۆزو دڵگیر بوو. شنەبایەکی خۆشی لەسەر دەریای خەزەرەوە دەهات، دەنگی گۆرانییە کە بە پێی توندیو هێواشی شنە باکە توندو هێواش دەبوو.

| | |
|---|---|
| من عاشیق سرین ایاز | مە اسیر سرین ایاز |
| دوست گلسن قادانی | دوشمنین سرینە ایاز(2) |

مەشهەدی بەگ یەکەمجاری بوو گوێی لەم ئاوازو سەدا خەمناکو دڵگیرە بوو. دڵبەندی گۆرانییەکە ببوو. دەتگوت سەدایەکی دۆستانەیەو لە دنیای غەیبەوە بۆ لاواندنەوەی ئەو هاتووە.

مەشهەدی بەگ نەیدەزانی گۆرانی بێژەکە بە چ خەیاڵو مەبەستێك ئاوها بە دڵو بە کوڵ هەڵی کردۆتە ئەم گۆرانییە. هەر هێندەی دەزانی کە گۆرانییەکی میللییەو ئەو کابرایە بە دەنگێکی خۆشو دڵرفێن دەیڵێتەوە.

باکۆ لەم رۆژانەدا لە نێو گڕو تاوی چاوەنۆڕیدا دەسوتا. زۆربەی خەڵکی نەیان دەزانی چ دەقەومێ، بەڵام چاوەنۆڕی بگرەو بەردەیەکی تەواو بوون. هەر هەواڵێکی تازە بە دە دەققە لەسەرانسەری شارا بڵاودەبۆوە. خەڵکانی پیرو دنیا دیدە دەیانگوت:

- شار بۆنی خوێنی لێ دێ. بەدبەختییەکی گەورە خۆی لێ مەڵاس داوین، ئەگەر شەری نێوان ئەرمەنیو موسوڵمان بقەومێ هەموو ماڵ وێران دەبین.

مەترسییەکە لەوەدا بوو کە مساواتچییەکان رۆژ بە رۆژ خۆیان لە باکۆدا قایمتر دەکرد، دەستیان لەگەڵ کۆنەپەرستانو ئەنتی شورشیانی پشت قەفقاس تێکەڵ کرد تا بچنە کوشتو کوشتاری ئەو ئازەرییانەی دەیانویست ئازربایجان بە کۆماری روسیای شورەوییەوە گرێ بدەن. بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە هیچ تاوانو خراپەیەك نەدەپرینگانەوە.

عەزیز بیگۆفو هاورێکانی ئاگایان لە فێڵو دەهۆی دژمنانی شۆڕش بوو، ئەو دژمنانەی هێشتا شۆڕش نەی پەرژا بوو لە نێویان بەرێیو سەرکو تیان بکا. ئەوانەی دەچوونە نێو خەڵکی، بە تایبەتی کرێکارانی دواکەوتوو، پڕوپاگەندەیان دژی شۆڕش دەکردو هانیان دەدان چەك هەڵگرن دژی شۆڕش.

سەلیمناز ئوقرەی لێ برا بوو، هەمیشە لە سۆراخی مەشهەدی دابوو، نەیدەویست بەو رۆژە رەشە لە ماڵ وەدەرکەوێ، پستەخانی نیشانی مەشهەدی بەگ دەداو بۆ چەندین جار لێی دەپاڕایەوە.

- کوڕم! دەست لەم کەلەوەکێشییە هەڵگرە. منو ژنەکەت سەرگەردانو بەدبەخت مەکە.

---

2 من ئاشقی هەوای پاكو فێنکم– بای فێنك دێ، هەوای پاك و فێنك – دەردو بەڵای دۆست– لەگیانی دژمن کەوێ.

لەپڕ سەدای گۆرانییەکە بڕا، وەك بڵێی یەکێك لەپشتەوە دەستی نایە سەردەمی و بێدەنگی کرد، مەشهەدی بەگ نیگەران بوو. گوتی:

- با بڕۆین دایە. تۆ خۆت هەراسان مەکە، قەولم داوەو دەبێ بڕۆین.

هێشتا بیست شەقاوێ لە ماڵ دوور نەکەوتبوونەوە، زەلامێك لە کۆڵانەکەی بەرانبەریانەوە بە دیار کەوت. بابی پستە خان بوو کە پستەخانی بە جلی ئاڵاو واڵاو دەمو چاوی ئارایشت کراوەوە بینی وای هەست کرد کە بۆ سەر شایی دەچن، بە واق وڕماوی پرسی:

- خێرە، ئەوە بۆ کوێ دەچن؟!

- دەچینە سەیری شانۆگەری.

- شانۆی چی؟ ئەرمەنییەکان بە نێو شار وەربوونو هەر موسوڵمانێ بگرن گۆشاو گۆش سەری دەبڕن. دەی خێرا بگەڕێنەوە. ئاخر هەی بێ بەلا بی هەموو شتێ بە وەختی خۆی.

بەم قسانە تەسەلای دڵی نەهات. رووی کردە کچەکەیو بە توڕەیی گوتی:

- ئەوە شێت بوون؟

مەشهەدی بەگ کە خەزووری بەم توڕەییە بینی... گوێی نەدایێو کەوتە رێ:

- دە بەسە، تۆ لە چ دەترسیت؟ گوێ مەدەیێ هیچ روو نادات.

سەلیمناز کوڕی خۆی دەناسی و دەیزانی چماڵێکە، بۆیە بە بێدەنگی بە دووی کەت. بابی پستەخان توند دەستی کیژەکەی خۆی گرت، دەیویست نەیەڵێ بڕوا:

- بابە دەستم بەردە با بڕۆم جێیان هێشتم.

- دە قیروسیا. نازانم بەم شەوە ئەجەلتان هاتووە یا چی؟ من سەر لەمە دەرناکەم.

پستەخان بە غاردان شوێنی سەلیمنازو مەشهەدی بەگ کەوت. بابی پستەخان ناڕەحەت بوو، قەدەرێ لەپاشەوە سەیری کردن، لە دڵی خۆیدا گوتی:

"سەیرە، تۆ بڵێی تێك چووبن؟".

بڕیاریدا دوور بەدوور و بەجۆرێ کە مەشهەدی پێ نەحەسێ تاقیبیان بکا. کە ئەوان لە کۆڵانەکە سوڕانەوە ئەم بە پەلە شوێنیان کەوت. ماوەیەك دوایان کەوت کە دیقەتی دا لە شانۆکە رەت بوون. لە دڵی خۆدا گوتی: بۆ شانۆ ناڕۆن. مەشهەدی بەگ چاوبەستی لێکردم. ئەنجام لەبەر ماڵێکدا وێستان، هەموویان لەبەر تیشکی گڵۆپی کۆڵانەکە دیار بوون. مەشهەدی بەگ لە زەنگیدا. دوای 3-4 دەقە دەرگا کرایەوەو هەموویان وەژوور کەوتن.

ئەم دەستەسڕەکەی دەرهێناو ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی. ماوەی نیو سەعاتێك بەبەر ماڵەکەدا هاتوچو، نەکەس وەژوور کەوتو نەکەس هاتە دەرێ. سەرمای شەو هەموو گیانی هێنابووە لەرز. هیچی دەست نەکەوت. شەکەتو ماندوو رێو رێ گەڕایەوە. ئەو شەوە زۆری چاوەنۆڕ کرد. بەڵام نە زاواکەیو نە کیژەکەی شتاقیان نەگەڕانەوە. خۆی پێ نەگیرا بەرەو

ماڵی کچەکەی کەوتە ڕێ. جگە لە پاسەوانی کاروانسەراکە کەسی دی نەبینی. پرسیاری لێکرد:

- ئەرێ نازانی ئەمانە کێوە چوون؟
- چیت دەوێ؟
- تۆزێ کارم هەیە، ئەمە ماڵی کچمە.
- منیان ڕاسپاردووە کە بە کەس نەڵێم.
- پیاوی چاکەو... ئەزیەتم مەدە.
- من ناتوانم هیچ شتێ بڵێم، چونکە وەك دەڵێن قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ.
- شەیتان بە نەحلەتی خوابێ.

پاسەوانەکە گسکەکەی دانا. تەنەکەی خۆڵەکەی هەڵگرتو بەرەو شوێنێکی نادیاری برد. کە کەوتە ڕێ سەیرێکی خەزووری مەشهەدی کردو گوتی:

- خۆت ماندوو مەکە پێت ناڵێم.
- خۆ بۆ شوێنی خەتەر نەڕۆییون؟
- نەبابە.... شوێنی خەتەری چی؟
- بەشکو....
- دەی بی بڕیەوە، چوون بۆ ماڵی شائومیان، دڵت ڕەحەت بوو؟
- سەیرە؟! وا دیارە شێت بوون. بەم ئاخر زەمانە چوون بۆ ماڵی بابایەکی ئەرمەنی.

*

ژنی خاوەن ماڵەکە خێرهاتنێکی گەرمو گوڕی میوانەکانی کرد. ژوورێکی سەربەخۆی دانی. نوێنی پاكو خاوێنی بۆ ئامادە کردن. سەلیمناز زۆری کەیف بەمە هات. هەمیشە لای مەشهەدی بەگ ستایشی خاوەن ماڵەکەی دەکرد. لە دڵی خۆیدا گویت: جا با ئەرمەنیش بن... ڕوحم بە قوربانی هەرچی مرۆڤی چاكو ئەمەکدارە...

مەشهەدی، ئەو شەوە تاکو بەرەبەریان لە ژوورەکەی شائومیان نەهاتە دەرێ، تەنیا دووجار لە دەرگاوە سەری کێشاو نازناوی چەند کەسێکی لە سەلیمنازو پستەخان پرسی، سەلیمناز وڕوکاسی ئەو پرسیارانە بوو. لە کاتی نووستندا لە پستەخانی پرسی:

- کچم ئەمانەی بۆ چییە؟ چ ئیشێکیان بە شۆڕەتی خەڵکی هەیە؟ نەکا....

شائومیان زۆر نەساغ بوو، نیگەرانی ئەو بارودۆخە بوو کە لە تەقینەوەدا بوو. بە ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو، زوو زوو هەندێ شتی دەنووسییەوە! مەشهەدی بەگ ئەم نیگەرانییەی لە ڕەفتاریا بەدی دەکرد. شائومیان ڕەنگی پەڕی بوو، چاوی بە قوڵا چوو بوون، لە کاتی نووسیندا دەستی دەلەرزی. مەشهەدی بەگ بەم جۆرە نیگەرانییەکەی شائومیانی لێك دەدایەوە: "شائومیان لە هەموو کەس چاتر ئاگای لە مەسەلەکانەو".

کات درەنگە... سەلیمناز خۆی پێ نەگیرا، لە پشت دەرگاکەوە سەیری ژوورەکەی کرد. شائومیانو مەشهەدی هیلاك و ماندوو سەرگەرمی قسان بوون. هەندێ جار بێدەنگیەکی

قووڵ دەکەوتە نێوانیانە. بەبێ تاقەتی لەسەر جێگاکەی راکشا. مەشهەدی بەگو شائومیان لە ژوورەکەی خۆیانەوە ناڵەو وڕینەی ئەویان گوێ لێ دەبوو. شائومیان رووی کردە مەشهەدیو شپرزەو شڵەژاو گوتی:

- مساواتچییەکانو مەنشەویکەکان لەگەڵ داشناکەکاندا هێزێکی گەورەیان دژی کرێکاران تەیار کردووە. بێگومانم لە هەڵگیرسانی شەڕ، جا ئێمە دوو ڕێمان لە بەرە یا بێدەنگ بینو مەلولانە چاوەڕێی کۆتایی بەزمو فەرتەنەکە بکەین یا سەرسەختانە بچینە مەیدانو بەگژیاندا بچین. پێویستە بچینە نێو جەماوەرو هەموو رەشو رووتەکان لە ئاکامو مەترسی ئەم ئەنتی شۆڕشانە ئاگادار بکەینەوە.
- باشتر وایە بڵێی یەك رێمان لەبەرە، چونکە نە تۆ، نەمنو نە حیزب بێدەنگ نابین.

شائومیان دوا لێکدانەوەی خۆی بەمجۆرە روون کردەوە:

- ئەگەر مساواتچییەکان دەستیان بە هێرشی چەکدارانە کرد، دەبێ لەشکری سوور وەڵامی ددان شکێنیان بداتەوە.

دنیا وردە وردە روناك دەبۆوە. شائومیان شەپقەکەی هەڵگرت، پاڵتۆکەی لەبەر هەڵکێشا.

- با بڕۆین.

وەختێ هەموو لە خەو رابوون، ژوورەکەی شائومیان کەسی تێدا نەبوو، کەوتنە مقۆ مقۆ:

- بۆ کوێ چوون؟

سەلیمناز کەوتە بیری ئەو خەونەوە کە بینی بووی. لە خەونیا مەشهەدی بەگ بە دەستی ئەرمەنییەکان کوژرا بوو. سەلیمناز هەر کە خەونەکەی وەبیر هاتەوە فرمێسك زایی چاوەکانی. دەستی بە گریانێکی بە کوڵ کرد. پستە خانیش گوێ بە گوێی ئەو لە هۆڕژنی گریانی دا لە پڕ ژنەکەی شائومیان بە پارچە کاغەزێکی چکۆلەوە وەژوورکەوتو گوتی:

- چوون بۆ باڵاخانا([3])

هەموو خۆشحاڵ بوونو هێورینەوە.

* * *

لەمێژ بوو نیوەرۆژە ئامادە ببوو، شائومیانو مەشهەدی هێشتا نەگەڕابوونەوە. سەلیمناز لەبەیانییەوە تامی زادی نەکردبوو. زوو زوو هەواڵی شائومیانی لە منداڵەکانی دەپرسی، بەڵام چ وەڵامێکی دەستگیر نەبوو. کوڕە چکۆلەکەی شائومیان لە هەموویان پتر رمودەی میوانەکان ببوو. نە سەلیمناز لەو دەگەیشتو نە ئەو لە قسەکانی سەلیمناز حاڵی دەبوو. کوڕە چکۆلەکە لە کۆڵانو گەڕەکدا هەنێ وشە لە منداڵە موسوڵمانەکانەوە فێر ببوو، کە فۆنەتیکی رووسی دەیگوتنەوە هێند لە زاری شیرین بوو دەتگوت هەنگوینی لە زار دەبارێ. سەلیمنازیش هەندێ وشەی رووسی دەزانین کەلەو شیرینتر دەی گوتنەوە. بەڵام بایی ئەوە نەبوو وەڵامی پرسیارەکانی بە دەست بکەون. لە پڕ لە زەنگی دەرگا درا، مناڵە چکۆلەکە بەر لە هەموویان مژدەی هاتنەوەیانی بە سەلیمناز دا. شائومیان و مەشهەدی بەگ وەژوور

کەوتن. چاك‌و خۆشی لەگەڵ میوانەکان کرد. کەوتە ستایشی مەشهەدی بەگ. ئەوجا بە سەلمینازی گوتی:

- دایە دیارە لە بەیانییەوە نانت نەخواردووە؟ فەرموو با پێکەوە نیوەڕۆژە بکەین.
- سەلامەت بی کوڕم.

شائومیان دەستی گرت، لە ژووری نان خواردن‌و بە تەنیشت خۆیەوە داینا. خواردنی سەر سفرەکە کەمیش بوو، و هەرزان. مەشهەدی بەگ ئاگاداری ژیانی سادەو هەژارانەی شائومیان بوو. ژنەکەی شائومیان سفرەکەی بە لەتە نان‌و پەتاتەی سوورەوە کراو رازاند بۆوە. پستەخان لە تەنیشت مەشهەدی بەگەوە دانیشتبوو، سەیری شائومیانی دەکرد کە خەریکی خزمەتکردنی سەلیمناز بوو. کوڕە چکۆلەکەی شائومیان بە بێدەنگی رۆنیشتبوو، و سەیری میوانەکانی دەکرد. لە هەموویان پتر هۆگری سەلیمناز ببوو. قاپێ شەرابیش لە ناوەندی سفرەکە دانرابوو. ژنەکەی شائومیان ئەم قاپە شەرابەی بە هەزار بەدبەختی پەیدا کردبوو. شائومیان جارێ دەی نۆڕییە مەشهەدی‌و جارێ دەینۆڕییە سەلیمناز. هەر چەند دڵنیا بوو کە سەلیمناز ناخواتەوە بەڵام هەر بۆ وێڵ نواندن پەرداخەکەی ئەویشی پڕ کرد. ئەوجا بە مەشهەدی بەگی گوت:

- مەشهەدی بە پورێ بڵێ کە ماڵ ماڵی خۆیەتی‌و چۆنی پێ خۆشە با وا رەفتار بکا.

ئەوجا بە زمانی رووسی ئەم رستانەی دووبارە کردەوە:

- کرێکاران گەرەکیانە بەرگری بکەن، ئەگەر بتوانین لوتی ئەنتی شۆڕشییەکان بشکێنین، ئەوا کارێکی چاکمان کردووە، مەسەلەکە یەکجار حەساسە. ئەوان تەواو پڕ چەکن، پەرداخەکەی خۆی هەڵگرت‌و بە زمانی ئازەری گوتی:

ساغ ئولاق، وار ئولاق، بولبل ئولاق، قفسدە ئولمایاق([4])

پەرداخەکەی خۆی لە پەرداخەکی مەشهەدی بەگ داو یەکسەری بینی پێوەنا. وردە وردە قسان گەرم بوو. لە پڕ چاوی بە سەلیمناز کەوت، شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

- ئەوە بۆ نان ناخۆی پۆرێ؟ ئاخر چۆنە بێ...

ژنەکەی شائومیان چووە لای سەلیمنازو 2–3 قاژ پەتاتەی سوورەوە کراوی لە قاپەکەی کرد:

- بخۆ پورێ گیان. بۆ شەرم دەکەی؟

مەشهەدی بەگ سەیرێکی دایکی کردو ورتە ورتێکی لێوەهات، پستەخان هەستی بە نیگەرانی مەشهەدی بەگ کردبوو. هەر چەندە سەلیمناز شائومیانی بە قەد کوڕەکەی خۆی خۆش دەویست، بەڵام ئامادە نەبوو نانی ئەرمەنیان بخوا. شائومیان چەندی لەگەڵ کردو کۆشا فایدەی نەبوو، و دەمی لەهیچ نەدا، سەلیمناز گەر پێی شەرم نەبا رێك‌و رەوان پێی دەگوتن خواردنی ئەرمەنیان حەرامە.

---

شائومیان چاوێکی لە مەشهەدی بەگ داگرتو گوتی:

- پوریٚ ئێمەش لە هەمان موغازە کڕیومانە کە ئێوە شتی لیٚ دەکڕن. بۆ وەستاوی، بخۆ.

سەلیمناز شەرمەزار بوو، کز کز سەیری مەشهەدی بەگی دەکرد وەك بلێی بە نیگا بەمەشهەدی بەگ بلیٚ: بەرخوردار بی رۆڵە کە ئێمەت بۆ ئێرە دێنا بیرت لەمە نەکردەوە؟

مەشهەدی بەگ لە دڵی خۆیدا بە پیٚ داگرتنو هەوڵی بێفایدەی شائومیان پێدەکەنی. دەیزانی دایکی بە ناچاری لەسەر سفرەکە دانیشتووەو مەحاڵە تاقە پارووییەکیش بخوا.

- دایکە تۆ بۆ واز لە دژمنایەتی مەزەبەی نایەنی؟ هەموو هەوڵیکی ئێمە بۆ لە ناو بردنی ناکۆکی نێوان موسوڵمانو ئەرمەنیانە، کەچی تۆش....

سەلیمناز بەو قسەیە قەڵس بوو، وەڵامی دایەوە.

- تۆ قسەی سەیر دەکەی کوڕم؟ دەتەویٚ گوناح بارم بکەیو رەنجی چەند ساڵەی خوا پەرستیم بە فیڕۆ بدەی؟

شائومیان ئەم گیرییەی سەلیمنازی پیٚ خۆش بوو، چ قەیدییە ئەوە قەناعەتی خۆیەتی. گوتی:

- پوریٚ لەوڕۆ بە دواوە تۆ چێشتەکە لیٚ بنیٚ. ئێمە دەی خۆینو مەمنونت دەبین... باشە؟

سەلیمناز بەم پێشنیازە گەشایەوە.

*

عەسری ئەو رۆژە شەڕ دەستی پێکرد. خەزووری مەشهەدی شەوو رۆژیٚ بوو چاوەڕوانیان بوو. هەر کە هاڕەی دەستڕێژ لە شارا دەنگی دایەوە ئیدی بە جاریٚ ئارامی لیٚ هەڵگیراو ئومێدبڕ بوو، دەعوەتیان کردوون تا سەریان بڕن، بێگومان ئێستا کوژراون. خۆزیا نەم دەهێشت بڕۆن. خۆ داکی منداڵەکان پیٚ بزانیٚ خۆی دەکوژیٚ. سەری ماڵە دراوسێکانیدا، حاڵەکەی بۆ باسکردن، بەلاّم قسەیەکی خۆشی لە کەس نەبیست. لە بری دڵی بدەنەوە خوێیان بە برینەکەیەوە دەکرد، ئەگەر چووبنە ماڵی کابرایەکی ئەرمەن تازە دەستیان لیٚ بشۆ، کە ئەو قسانەی گویٚ لیٚ بوو هێندەی دی دڵی سەغڵەت بوو، لە فکران راچوو: "هەموو ئەم بەندو بالۆرەیە لە ژێر سەری شائومیان دایە". نەیدازانی بەکیٚ باوەڕ بکا چووە کۆڵان، هەموو ئەو ناوەی دایە بەر زەین، چ ئەرمەنییەك لەو ناوە نەبوو. لە دوورەوە دەنگی تەقەو دەستڕێژ دەهات. خەڵکی لە ترسا چرا کانیان خامۆش کردبوو، کەگەییە بەر ماڵی مەشهەدی بەگ ئیستێکی کرد، پاسەوانەکە، کە بەو شێوەیەی بینی پێی گوتی:

تۆ بە خۆڕایی لێرە وێستاوی، هەڕۆوە ماڵی خۆت، خەمی ئەوانت نەبیٚ، ئەوان هاوڕێی یەکترنو هاوڕیٚ خیانەت لە هاوڕێی خۆ ناکا.

- دەمەویٚ بچم بە دوویاندا، بەلاّم نازانم شائومیان...

- ئەوەندە فەقیر حاڵ مەبە کابرا، جاریٚ تۆ شائومیان دەناسیت؟

- بەلاّم کابرا ئەرمەنییەو پشتی پیٚ نابەستریٚ.

بە قسەكانی كابرای پاسەوان خۆش حاڵ بوو. بەڵام دڵی هەر ئاسوودە نەبوو. بەدەم بیركردنەوەوە لەو ناوە دوور كەوتەوە. كە گەییە سەری كۆڵانەكە گوێی لە تەقەیەك بوو. دەنگی تەقەكە زۆر نزیك بوو، سەراپای كەوتە لەرزین و ترسی لێ نیشت، ئەللاهو ئەكبەر. كەوتەوە رێ. كۆڵانەكان چۆڵ و هۆڵ بوون، پەنجەرەی ماڵان داخرابوون. لە هەندێ ماڵ كزە رووناكییەك بەدی دەكرا. لەدڵی خۆیدا گوتی: "بێفایدە، هەر دەبێ بڕۆم." پێی هەڵگرت. لە پڕ تێیان را خوڕی، لە جێی خۆی هیشك بوو:

- بوەستە زەلام.

بەرەو لای دەنگەكە گەڕایەوە. زەلامێكی لێ هاتە پێشەوە، لە ترسا هەر ئەوە نەبوو روحی دەربچێ. دڵی خێرا خێرا لێی دەدا:

- بەم شەوە كێوە دەچی كابرا؟

دەمی كەوتە تەتەڵە:

- دوو رۆژە كوڕەكەم دیار نییە بە دووی ئەودا دەگەڕێم.
- كوڕەكەت كێیە؟
- كابرا ئەرمەنی بوو. كە بەمەی زانی قەڵەمی دەستو پێی شكا. كابرای ئەرمەنی دەستی بۆ گیرفانی خۆی برد، ئەم لە ترسا شەقاوێ كشایەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: دەمانچەكەی دەردێنێ!

كابرای ئەرمەنی جگەرەیەكی دەرهێناو پێی كرد

- ترسام وەمزانی دەمانچە دەردێنی!
- چی؟... بگەڕێوە بۆ ماڵی خۆت. تاقمێ لەو پێشەوە وێستاون دەستیان بكەوی پێستت دەگروون. تۆ من ناناسیت, بەڵام من تۆ دەناسم. تۆ خەزوورەكەی مەشهەدی بەگ نیت؟ من هاوڕێی ئەوم.
- هاوڕێی مەشهەدی بەگ؟

ئەم پرسیارەی لە خۆشیا كرد. قەدەرێ لە كابرای ئەرمەنی ورد بۆوە بەڵام زەینی نەچۆیەوە سەری و نەیناسییەوە.

- بگەڕێوە، بۆ ماڵێ.

لە خۆشیا بیری چوو سوپاسی كابرا بكا. بە پەلە گەڕایەوە. كابرای ئەرمەنی لەچاو تروكانێكا ون بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: هەبێ و نەبێ لە سوچێكا خۆی مەڵاس داوە تا لە پاشەوە تەقەم لێ بكا. ئەرمەنی چاك و خراپیان هەر گڵاوو ناڕەسەنن، گەییشتەوە كۆڵانەكەی خۆیان، دەنگی تەقە نەهات. بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵەوە. 3 شەوو رۆژ یەك تەختە بۆی كەوت.

* * *

سەلیمناز و ژنی خانەخوێكەیان تەواو هۆگری یەكدی بوون. نێوی ئیكاترینا سرگیونا بوو، سەلیمناز ئەو ناوەی بۆ نەدەهات و پێی دەووت: یكڤارتا، بەڵام بەمە ناڕەحەت نەدەبوو،

هەموو شارەزای سەلیمناز ببوون. کە بیویستایە دەست نوێژ بگرێ یا نوێژ بکا... کەس خۆی لە کاری هەڵنەدەقورتاند. بەیانی ئەو ڕۆژە لە ماڵی شائومیان وەدەرکەوتو بەرەو ماڵی خۆیان بۆوە. کیسەیەك برنجی لە ماڵەوە هەبوو، بۆ ڕۆژی تەنگانەی دانابوو. کیسە برنجەکەی دا بەشانیاو گەڕایەوە. بە هەزار شەڕە شەق هەندێ ڕۆنیشی پەیدا کرد. چێشت لێنان بۆ ئەو وەکو ئاو خواردنەوە وابوو. زۆربەی کاتی خۆی بە ئامان شۆردن دەبردە سەر. مەنجەڵ و قاپەکانی پاك بوون. بەڵام سەلیمناز جارێکی دیکەشی شۆردنەوە، ئەوجا دڵی داکەوت، ئێستا پاك بوونەوە.

پستەخان برنجەکەی کردبووە سەر سینییەك‌و بژاردبووی. کەچی سەلیمناز جارێکی دی بژاردییەوەو ئەوجا شۆردییەوە.

چێشت لێنانەکە درێژەی کێشا. کوڕە چکۆلەکەی شائومیان هەر بە دەوری سەلیمنازدا دەهات. هەستی دەکرد خواردنیکی تایبەتی دروست دەکا. لە دایکی چووە پێشێ‌و بەئەسپایی گوتی:

– دایکە, چی لێ دەنێت؟

– پلاو.

– پلاو؟ ئەدی بۆ ئەوەندەی برد؟ کە تۆ لێی دەنەی زوو پێدەگا.

– بڕۆ ئەولاوە کوڕە، هەقت بەسەر کاری گەوران نەبێ.

منداڵەکە دیسان پرسی:

– پلاوی ئەوان چ جیاوازییەکی لەگەڵ هی ئێمە هەیە؟

ئیکاترینا چاوەڕێی ئەم پرسیارە نەبوو، کەمێك شڵەژاو ئەوجا گوتی:

– هیچ، پلاوی ئەوان...

بە خۆیشی نەیدەزانی دەیەوێ چ بڵێ. تووڕە بوو، و گوتی:

– لاکەوە هەتیوو....

منداڵەکە گوتی:

– دەزانم، دەزانم تۆیش نایزانی.

ئەوجا دەستی بە قسان کردەوە:

– تۆ قاپ‌و ئامانەکانت بەلم‌و چەو نەدەشت، بەڵکو تەنێ بە ئاوی گەرم..

ئەگەر سەلیمناز گوێی لەم قسانە بوایە تووڕە دەبوو، بەلای ئەوەوە جیاوازی پلاوی موسوڵمانان‌و ئەرمەنیان لەوەدا بوو کە کێ لێی دەنێ. بەدەم چێشت لێنانەوە چوار رکاتان نوێژی کرد. ایکاترینا سرگیوناش لەم ماوەیەدا پانتۆلێکی بۆ کوڕە چکۆلەکەی دروو، ماڵەکەی پاك کردەوە، فریای ئەوەش کەوت کە کورتە حیکایەتێ بۆ کوڕەکەی بگێڕێتەوە. کە مێردەکەی و مەشهەدی بەگ هاتنەوە هەموو ئەو شتانەی بۆ گێڕانەوە. لەو دەمەدا کە هەموو یەکماڵی سەرقاڵی فراڤین بوون لە پڕ گوللەیەك بەر پەنجەرەکە کەوتوو شووشەکەی پارچە پارچە بوو. مەشهەدی بەگیش وەکو هەموویان دەستی بە مراکەکەوە هیشك بوو، چاوی بڕییە وردە شووشەکان. شائومیان

نیگای ئەبڵەقی بڕییە مەشهەدی بەگ‌و مراکەکەی دانا. مەشهەدی بەگ گوێی بۆ هەراو هەنگامەو غەڵبەغەڵبی نێو کۆڵانەکە شل کرد. بۆی دەرکەوت هێرش کەرەکان موسڵمانن، بە پەلە هەستاو گوتی:

– خێراکەن ئێوە بچنە ژوورەکەی دی. شائومیان تۆش بڕۆ...

شائومیان دەیزانی مەسەلە چییە، دەستی کوڕە چکۆلەکەی گرت‌و بردییە ژوورەکەی دی.

یەکێك لە دەرێ را هاواری کرد:

– پێ دەچێ نەی پێکابێ، یەکێکی دی پێوە بنەن.

لەگەڵ شریخەی دووەم گوللەدا هەموو شووشەکان وردو خاش بوون‌و رژانە خوارێ.

مەشهەدی بەگ بە پەلە دوور کەوتەوە. دەنگێکی دی لە دەرێ را بەرز بۆوە:

– لێی دەن، چاوەڕێی چین.

هێندەیان دەست رێژ کرد، شووشە بە پەنجەرەکانەوە نەما، سەلیمناز لە ژوورەکەی دییەوە دادو بێدادی بوو، کوڕە چکۆلەکەی شائومیان دەگریا، گوللەیەکی دی بەر دیواری ژوورەکە کەوت‌و کاشییەکی چینی وردو خاش کرد. مەشهەدی بەگ لە پڕ دەرکەی کردەوە، دەستەیەکی 20–25 کەس رژا بوونە ئەو ناوە. 3–4 کەسی مل ئەستوور، کلاوەکانیان تا بناگوێ دادابۆوە، ماوزەڕ بەدەست لەبەردەم دەستەکەدا وێستا بوون. یەکێکیان بواری ناداو لێکدا لێکدا دەستڕێژی دەکرد. ئەوانی دی هیچیان بە دەستەوە نەبوو. بە دەنگی ئەو هەراو هەنگامەیەوە هاتبوون. چەند کەسێکی دیکەش تفەنگیان پێ بوو. یەکێك لەنێو دەستەکەدا کوتەکێکی بە دەستەوە بوو. ئەم دەستەیە تینوی خوێن رشتن بوون، هەرکە چاویان بە مەشهەدی بەگ کەت هاواریان کرد:

– لێی دەن، ئەم گاورە بتۆپێنن....

مەشهەدی بەگ نەڕاندی بەسەریاندا:

– کێ دەکوژن؟ من؟

تاقمەکە سارد بوونەوە، تەنانەت هەندێکیان تفەنگە سوارەکانیان هێنایە خوارێ. هەندێکیان مەشهەدی بەگیان ناسییەوە، تەریق و شەرمەزار خۆیان دایە پەنا. دەنگ گڕێك لە پاشەوە هاواری کرد:

– لێی دەن.

مەشهەدی بەگ لێیان نزیك بۆوە، ئەوانیش هێور بوونەوەو دەستیان هەڵگرت. ئەوجا رووی تێ کردن‌و نەڕاندی:

– چاوەڕێی چین؟ ئادەی دەست بکەنەوە.

نیگای یەکە بە یەکەی کردن‌و گوتی:

– خۆتان مەکەن بە گەپجاڕ، ئەمەی ئێوە دەستان داوەتێ کارێکی باش نییە،

زەلامە دەنگ گڕەکەی پاشەوە هاتە پێشێ‌و فیشەکێکی بە حەوادا تەقاندو گوتی:

– موسولمانینە من دڵنیام ماڵی شائومیان لەم ناوەیە، رەحمی پێ مەکەن، گاورە.

مەشهەدی بەگ بۆوەی وا بنوێنێ کە دەمانچەی پێیە دەستی برد بۆ گیرفانیو رووی کردە کابرای دەنگ گڕ:

– ئەگەر پیاوی دەست بکەوە، بزانە لە خوێنت دەگەوزێنم یا نا.

خەنیمەکەی ترساو دەستی هەڵگرت. یەکێك لە دواوە هاتو قۆڵی گرتو بردییە دواوە:

– وەرە ئەم لاوە، ئێمە بۆ کوشتنی ئەرمەنیان هاتووین، ئەمە برا کوژییە.

دەیانویست بڵاوەی لێ بکەن. مەشهەدی بەگ تێی راخوڕین:

– بوەستن:

ئەم تێ راخوڕینە زیاتر ئەمر کردن بوو تا قسەی برایانە. تاقمەکە وەستان هەموو گەڕانەوە بۆ لای مەشهەدی. پەشیمانی لە نیگایاندا بەدی دەکرا. مەشهەدیش هێور بۆوە و گوتی:

– هەموو بچنەوە ماڵی خۆتان ئەم چەکانەش بپارێزن رۆژێ دێ پێویستمان پێیان دەبێ، بەڵام نەك بۆ ئەرمەنی کوشتن، بەڵکو بۆ دژمن کوشتن، حاڵی بوون؟ دەبڕۆنەوە دەی.

ئەو زەلامەی ماوزەڕەکەی پێ بوو، ئەم بڵاوە لێکردنەی پێ ناخۆش بوو، لە جێی خۆی نەبزووت، چاوی بڕی بووە ئەو پەنجەرەیەی کە بەخۆی یەکەم گوللەی لێ دا، دیار بوو چاوی بۆ شائومیان دەگێڕا. مەشهەدی لە مەبەستی حاڵی بوو، بەهێمنی کەوتە ئامۆژگاری کردنی:

– بڕۆ کاکە بڕۆ، تۆ شەرم ناکەی؟ یانی من نازانم کێ دنەی داوی؟! قەت باوەڕ بەسەرمایەداران مەکە، هەرکە کای خۆیان رایی کرد، شاپێکی تەڕو تازەت تێ هەڵدەدەنو ئەو وەخت دەبی بە گەپجاڕی دۆستو دژمن.

کابراکە ئەم قسانەی گوێ لێ بوو، بە بۆڵە بۆڵ دوور کەوتەوە. لەو سەری کۆڵانەکەوە پێچی کردەوەو لە چاو ون بوو.

مەشهەدی بەگ گەڕایەوە. نانەکە سارد ببۆوە. بێدەنگییەکی سامناك ژوورەکەی داگرتبوو. ژوورەکە یەکپارچە وردە شوشەو بەردو گەچ بوو.

مەشهەدی بەگ چووە ژوورەکەی دی، سەلیمناز هێشتا هەر دەگریا، پستەخان لە ترسان لێوی شین هەڵگەڕابوو. شائومیان لە ژوورەکەی خۆی بوو، مەشهەدی بەگی بینی، بە پیرییەوە چوو، سیمای شائومیان نەگۆڕا بوو. چاوە گەشەکانی بڕییە مەشهەدی:

– بە رێکەوتێکی سەیر رزگار بووم، ها؟

– نا شائومیان، ئەمە رێکەوت نەبوو. مرۆڤ کە خوێن بەرچاوی بگرێ ناتوانێ بە چاکی نیشان بپێکێ.

* * *

چەند رۆژێ تێ پەڕین. بارودۆخی شار هێور بۆوە، پرولیتاری باکو توانیان لە شەڕێکی قارەمانانەو بە زەبری خوێنی شەهیدان ئەنتی شۆڕشیان تەفرو تونا بکەن.

لە شارا هێشتا دەوڵەتی شوراکان پایەدار بوو، هێزی مساواتچیان سەرکوت کران، شائومیان لەو ماوەیەدا سەرقاڵی رێبەریو سەرپەرشتی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی دەکرد. کە ئەو

هاتەوە مەشهەدی بەگ هێشتا نەگەڕا بۆوە سەلیمنازو پستەخان هێند گریا بوون چاویان ببوو بە کاسەی خوێن. شائومیان بە یەکەم نیگا هەستی کردو گوتی:

- پورێ بۆ ئەوەندە گریاوی؟

ئەوجا بەدەم دڵدانەوەی پستەخانەوە لەسەر قسەکەی رۆیی:

- خەمی مەشهەدی بەگتە؟ زۆر ساغ و سەلامەتە. تۆزێ سەبر بگرن هاکا هاتەوە.

بەڵام ئەم هەواڵە زۆری کەیف خۆش نەکردن. سیمای شەکەت و خەمباری شائومیان خستبوونییە گومانەوە.

سەلیمناز و پستەخان هیچیان لەمەڕ شەڕی ئەو چەند رۆژە لە شائومیان نەپرسی. ئەوەیان زۆر لا مەبەست نەبوو.

ئیکاترینا سرگیونا لە سیمای مێردەکەی رامابوو. زۆر شتی سامناکی لە نیگای مێردەکەیدا بەدی دەکرد. شائومیان هیچی دی نەگوت.

چووە ژوورەکەی خۆی. هێند ماندوو بوو هەر بە جل و پێڵاوەکانییەوە راکشا، دەمو دەست خەوی لێکەوت.

مەشهەدی بەگ هاتەوە. هەموو بە پیرییەوە چوون. ئەویش خەمگین و لێو بەبار بوو، سەلیمناز پرسی:

- ئەرێ رۆڵە کوژراو زۆرە؟

مەشهەدی بەگ بێ تاقەت و ماندوو گوتی:

- هەر مەپرسە دایکە، ئەم هەفتەیە هەفتەی خوێن بوو. خوێنێکی وا کە لە مێژوودا نەبووە، بەڵام خۆشبەختانە سەرکوت کران.

مەشهەدی بەگ هێندە ماندوو بوو خۆی بە پێوە نەدەگرت. لەسەر جێیەکەی راکشاو بە پستەخانی گوت:

- چ شتێ وەکو بێ خەوی پیاو لە پێ ناخا. زۆر ماندووم

شائومیان کە بەیانی مەشهەدی بەگی بینی گوتی:

- مەشهەدی بەگ پێ دەچێ ئەوانە دەست بەردار نەبن، لە داخی شکانی خۆیان دەیانەوێ شەڕەکە بخەنە قاڵبی شەڕی ئەرمەنی و موسوڵمانان.

داشناک و مەنشەویك و مساواتچییەکان دەیانەوێ سیمای شۆڕشگێڕی پرۆلیتاری ئازەربایجان لەکەدار بکەن.

مەشهەدی بەگ هەستی بە نیگەرانی هاوڕێکەی کرد، گوتی:

- شائومیان! دیارە ئەوانە ئۆیینی زۆریان لەبن سەرە, بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرەیە ئەمەیە کە پرۆلیتاری ئازەربایجان هۆشیارن و رووی چەکەکانیان نەکردۆتە کرێکارانی ئەرمەنی. بەڵکو مساواتچییەکانیان کردووە بە نیشانە.

---

[1] هەموو شتێ تازە بێ چاکەن بەڵام دۆست کۆنە بێ.
2 من ئاشقی هەوای پاکو فێنکم– بای فێنك دێ، هەوای پاك و فێنك – دەردو بەڵای دۆست– لەگیانی دژمن کەوێ.
[3] سەلامەت بین، بژین، ببین بە بولبل، بەڵام نەك بەندی نێو قەفەز
[4] نێوی شوێنە

# خرۆشان

**ایگید ئولر ادی قالاز، مخنتین، ینی قالار([1])**

مانگی حەوتی ساڵی 918 بوو. قات و قڕی و گرانییەکی سەیر لە باکۆدا بڵاوبۆوە. بارودۆخی شوراکان رۆژ بە رۆژ دژوارتر دەبوو. مەنشەویك و (SR)و دژمنانی گەل دەستیان تێکەڵ کردبوو، و لێکدا لێکدا بە دزی و بە ئاشکرا پاشقولیان لە نوێنەرانی کرێکاران دەگرت.
پروپاگەندەچییان کەڵکییان لەم بارودۆخە نا هەموارە وەرگرت، خۆیان گەیاندە هەموو کون و قوژبنێ، کانە نەوتەکان، کارخانەکان، کۆڕی کرێکاران... هۆی ئەم قات و قڕی و گرانییەیان دەدایە پاڵ بێ توانایی بەلشەویکەکان... خەڵکیان هان دەدا دژی بەلشەویکەکان هەستن.
لالۆ غولام یەکێك بوو لەو کرێکارانەی کە برسێتی زۆری بۆ هێنابوو. هەرچی سەری دێناو دەبرد لە هۆی ئەم قات و قڕییە تێ نەدەگەیی. کرێکارەکانی بەگەڵ خۆی داو چوو بۆ لای ئەو پروپاگەندەچییەی دادو بێ دادی بوو لە دەست ئەم گرانییە. گوتی:

– شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ئەگەر سەبەبکارانی ئەم وەزعە نالەبارەم چنگ بکەوێ دەمو قەپۆزیان دەشکێنم.

لەم رۆژانەدا زەلامێکی نەناس هاتە هەرێمی کانەکان و هەواڵێکی تازەی لەگەڵ خۆی هێنا:

– برایانی موسوڵمان تەنیا ئێمەی کرێکار دەردی برسێتی دەکێشین، ئەوانە بە ئانقەست وا لە ئێمە دەکەن.

ئەو کرێکارانەی کە ئەم جۆرە پروپاگەندانەیان بە دڵ نەبوو، بەگژ ئاژاوە چییاندا دەچوونەوەو بە درۆیان دەخستنەوە. برسێتی زۆری بۆ هەموویان هێنا بوو. هەموو هەر تووڕە بوون، پروپاگەندەچییان هەموو جۆرە تۆمەت و بوختانێکیان بۆ شائومیان و دەوڵەتی شورەوی ئازربایجان هەڵدەبەست.

– نان، ئازوقەو دانەوێڵە زۆرە، بەڵام کار بە دەستانی دەوڵەت لە نێو خۆیان و دارو دەستەی خۆیاندا دابەشی دەکەن. لە دەمی کرێکارو ماڵ و منداڵی کرێکاری دەگرنەوەو بە نرخی زیاد دەیفرۆشنەوە. لە سایەی سیاسەتی بەلشەویکەکاندا رۆژمان بەم رۆژە رەشەگەیی. برادەران شائومیان دژمنی باب کوشتەی چینی کرێکارە. دەی سا چاو بکەنەوە، راپەڕن و دۆست و دژمنی خۆتان چاکتر بناسن.

ئەم پڕوپاگەندە چییە بە دەنگی بەرزو بە متمانەوە قسەی دەکرد، لەسەری رۆیی. بۆ هەموو شتێ لە شارەکانی دیدا زۆرە، بۆ لە گنجەدا گرانی نییە؟
چونکە بەلشەویکەکان لەوێ حوکم بەدەست نین.
کرێکارێك راپەڕی و گوتی:

- برادەران بەگوێی ئەم کابرایە مەکەن، ئەم هەمووی بوختانە، باشە بەلشەوێك دەکەنە کێ؟ ئەوانیش هەر ئێمەن، شائومیان یەکێکە لە دڵسۆزەکانی باکۆو گەلی باکۆ، لە گنجەدا کە ئەم برادەرە بە شان و باڵیاندا هەڵدەڵێ، مساواتچییەکان ئاغای مەیدانن، هەموو دەزانین ئەوانە کۆمەڵێ ئاژاوەگێڕن و هەر ئەوان بوون ئاژاوە خوێناوییەکەی مانگی مارتیان لە باکۆ نایەوە. ئەمانە بەکرێ گیراون، خۆیان بە پاشایانی عوسمانی فرۆشتووەو بە تەمان کودەتا لە دەوڵەتی شورەوی بکەن، جا بۆیە باوەڕ بە قسەی ئەم کابرایە مەکەن و دەری کەن.

هێندە برسی بوون کەس گوێی لە قسەی کابرای پروپاگەندەچی نەگرت، ئەوەی مەبەستیان بوو و بەردەوام لێیان دەپرسی ئەمە بوو:

- نان، کوا نان؟

کرێکارە بەلشەویکە کە گوتی:

- هاوڕێیان وریا بن دژمنی ئاژاوەگێڕ خۆی نەگەیەنێتە ریزەکانتان.

برسێتی خەڵکەکەی شپرزە کردبوو، لالۆ غولام تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، لە پڕ بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- ئێمە نانمان دەوێ نان، جا هەر کێیەك بماندات بۆ ئێمە فەرق ناکا. خەڵکەکە تێکڕا گوتیان:

- نانمان دەوێ نان.

* * *

شائومیان کە بەمەی زانی تەلەفۆنی بۆ مەشهەدی بەگ کرد:

- مەشهەدی بەگ پێویستە بە خۆت بچی بۆ ئەوێندەر. بروسکەیەکیش لە مۆسکۆوە هاتووە بەڵکو لەگەڵ خۆتی دەبەی. لە ئێستەوە خۆت بۆ مردن حازر بکە. زۆربەیان بە بەڵێنە ساختەکانی دژمن هەڵخەڵەتاون.

مەشهەدی بەگ هەر دوای تەلەفۆنەکە بە پەلە کەوتە رێ، گەییە کانەکان هاواری برسییان گوێی پیاوی کەڕ دەکرد. هەراو هەنگامەیە بوو مەپرسە. ئەو خەڵکە برسییە بۆ کەسێك دەگەڕان داخی دڵی خۆیانی پێ بڕێژن، کوڕم دەویست بوێرێ نزیکیان بێتەوە! مەشهەدی بەگ لە ئوتۆمبیلەکە دابەزی، بە پەلە خۆی گەیاندە خەڵکەکە، کابرای پروپاگەندەچی کە ئەوی بینی، هاواری کرد:

- برایانی موسوڵمان، بەلشەویکان نە بە خەمی ئێوە بوون و نە مشووری برسێتیتان دەخۆن.

خەڵکەکە بە یەك دەنگ:

- نان، نان. نان، نان.

مەشهەدی بەگ نیگایەکی سیمای خەماوی و گەروی هیشك و چاوی بە قوڵا چووی کرێکارەکانی کرد، هەستی کرد قسەکردن بێفایدە. لە فکران راچوو، دەبێ چارێك بدۆزێتەوە،

کرێکـاران بـە هـاتنی مەشـهەدی بـەگیان زانـی. ورده ورده خـاو بوونـەوەو بێـدەنگ بـوون، پروپاگەندەچییەکە مەشهەدی بەگی بە خەڵکەکە نیشانداو گوتی:

– برادەران ئا ئەمە دژمنی ئێوەیە... دۆستی شائومیانو دژمنی کرێکارانی ئازەربایجانە.

پاش کەمێك بێدەنگی، خەڵکەکە لە پڕو بەیەك دەنگ هاواریان کرد:

– بیکوژن.

لالـۆ غـولام لـە پاشـەوە وێسـتابوو، هێشـتا مەشـهەدی بـەگی لێـوە دیـار نـەبوو، لەگـەڵ کرێکارەکانی دیدا بەرەو مەشهەدی هێرشیان هێنا. مەشهەدی بەگ بێدەنگ بوو. کە ئەو حاڵەی بینی دەستێکی هەڵبڕی و لە جێی خۆی رەق راوەستا. ئەو خەڵکە داخ لە دڵەی خۆیان بۆ کوشتنی مەشهەدی سازدا بوو خوێنو برسێتی بەر چاوی گرتبوون، کە ئەم رەفتارەی عەزیز بیگۆفیان بینی ئەوانیش سارد بوونەوەو لە جێی خۆیان وێستان، ئەم خەڵکە سادەو پاکەی کە سەراپایان لە گریسو گازویل هەڵکشابوو، برسیو تووڕەش بوون، بەڵام کە نیگایان لە نیگای پڕ سۆزی مەشهەدی هەڵەنگوت ساردبوونەوە.

مەشهەدی لە فکران راچوو، ئەگەر فریای خۆی نەکەوێ لەوەیە ئەم خەڵکە برسیو تووڕەیە سەر لە نوێ پەلاماری بدەنەوە. خۆ ئەمجارە هێز نییە ساردیان بکاتەوە. بۆیە خێرا گوتی:

– هاوڕێیان خەمی نانتان نەبێ، نان هەیە.

پڕوپاگەندەچییەکە گوتی:

– درۆ دەکا، ئەم کابرایە بە درۆیان گۆشکراوە.

بەڵام مەشهەدی قەسەکەی پێ بڕیو کەوتە قسەکردن.

– گوێ بگرن.

حەشاماتەکە بێدەنگ بوو، مەشهەدی بەگ خۆی گەیاندە جێیەکی بەرزو گوتی:

– هاوڕێیان، بروسەکەیەك لە مۆسکۆوە هاتووە گوێ بگرن با بۆتانی بخوێنمەوە.

نیگایەکی پڕ سۆزی کرێکارەکانی کرد:

– هاوڕێیان، بروسکەکە دەڵێ: "بەم زووانە رێگای نێوان خاساڤیودو– پتروسك دەکەینەوە، هەموو جۆرە کۆمەکێك بۆ باکو دەنێرین، ئەو تەتەرەی کە نامەی شائومیان دەبا، لە ساریت سینەوە کەوتە رێ، بە هەر نرخێ بووە ئازووقە دەنێرین، تکاتان لێ دەکەین دان بە خۆتانا بگرنو تا دەتوانن بەرەی حاجی قبووڵ توند بگرن".

هەموو کڕو کپ بوون، پڕوپاگەندەچییەکە دەتگوت لە ترسا مت بووە. یەکێك لە کرێکارەکان لە مەشهەدی بەگ نزیك بۆوەو رووی کردە کرێکارەکانو گوتی:

– هاوڕێیان ئەوە ئازووقەمان مسۆگەر بوو، کەواتە با بڵاوەی لێ بکەین.

مەشهەدی بەگ لەو کرێکارەی پرسی:

– ئەوڕۆ چەندی مانگە؟

– دەی مانگە.

مەشهەدی بەگ کاغەزێکی دی لە گیرفانی دەرهێنا:

- ئەمەش بروسكەی هاوڕێ سرگیوە با بۆتانی بخوێنمەوە: سبەینێ لە ڕێگای دەریاوە دە هــەزار باتمــان ئازووقــەو دانەوێڵــە دەنێــرین. فەرمانــداری ئێســتاو روپــولو تریســك سەرپەرشتی بار کردنەکەی دەکەن. لەگەڵ ڕێزو سڵاوی گەرممان بۆ هەموو هاوڕێیان و پرۆلیتاریای باکۆ کە قارەمانانە دژی دژمنانی شۆڕش دەخەبتن. س. ئورجونیکیدزە."

کە مەشهەدی بەگ سەرگەرمی خوێندنەوەی بروسکەکە بوو، لە پڕ لوولەی دەمانچەیەك لە پەنای پروپاگەندەچییەکەوە بە دیارکەوت، مەشهەدی بەگ چاوی لە جێیەکی دی بوو، بۆیە نە لولەی دەمانچەکەو نە ئەو زەلامەشی بینی کە سێرەی لەم گرتبوو، لالۆ غولاّم مەشهەدی بەگی ناسییەوە، ئەو چاوەی تێی بڕی بوو لێی نە دەگواستەوە. چاوەڕێی هەلێ بوو چاكو خۆشی لەگەڵ بکا، لە پڕ چاوی بە لوولەی دەمانچەیەك کەوت کە لە نزیك ئەوەوە سێرەی گرتبوو. تا زاری گرتی هاواری کرد. کابرای چەکدار ترساو کشایەوە:

- هەی نامەردی خوێڕی... دەتەوێ کێ بکوژی؟.

ئەو زەلامەی کە لەگەڵ پروپاگەندەچییەکەدا هاتبوو دەیویست تەتەری بەلشەویکەکان کە مژدەی خۆشی بۆ کرێکارەکان هێنابوو- بکوژێت.

لالۆ غولاّم توند کابرای چەکداری گرتو وەکو نووسنەك بە بەرۆکییەوە نووسا، لە پڕ گوللەیەك تەقێنرا، لالۆ غولاّم هاواری لێ هەستاو بەربۆوە.

خەڵکەکەدا ڕژانە سەریان، قینو تورەییان لێ دەباری. پەلاماریانداو بەیەك دەنگ:

- سەگبابانە هاوڕێکەیان کوشتین.

- ئەم سەگبابانە بکوژنەوە.

مەشهەدی بەگ دڕی بە خەڵکەکەداو چووە پێشێ. بەلاّم بەر لەوەی ئەو بگات، کرێکاران بە شاپان کابرای چەکداریان پساندو لاشەکەیان لەگەڵ عاردیدا تەخت کرد. مەشهەدی بەگ لالۆ غولاّمی ناسییەوە. لەو ڕۆژەوە کە کرابوو بە قۆمیسەر "رابەرو بەرپرسیار" بە دووی ئەم کۆنە دۆستەیدا دەگەڕا، کەچی وا هات بەسەر لاشەی بێگیانو خڵتانی خوێنیا. هەر چەندی دەکرد ئەم داخەی لە دڵ دەرنەدەچوو.

گریا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زەحمەتە. گێڕابوویانەوە کە مەشهەدی بەگ تا لاشەکەی لالۆ غولاّم بە خاك سپێردرا بوو، بۆ شار نەگەڕا بۆوە، بەلاّم سەلیمناز کە ئەم هەواڵەی بیستبوو، زۆر گریا بوو.

------------

[1] پیاوی چاك هەرگیز نامرێ, مردوو ئەو کەسەیە بە چاکی باس نەکرێ

**من مبارەزە ایستیرم. من دالغالار لاوو رشماغا حاخدیرەم([1])**

**ژنێکی عەبا بەسەر دەستی دوو منداڵی گرتبوو، لە دەروازەکەی ساختمانی شورای قۆمیسەرانی خەڵکی باکۆوە وەژوورکەوت.**

**منداڵەکانی شڕپۆش بوون، بە قاڵدرمەکاندا چوونە خوارێ. زەلامێکی بینی و لێی پرسی:**

- **ئەرێ کاکە لێپرسراوی ئێرە لە کوێ دەبینرێ؟**
- **پورێ ئێرە مەسئول و لێپرسراوی نییە تۆ کێت دەوێ؟**
- **دەمەوێ قۆمیسەر ببینم.**
- **کامیان پورێ؟**
- **هی ئازووقەو نان و....**

**زەلامەکە لە مەبەستی حاڵی بوو، سێیەم دەرگای گەورەی بە دەستی راستدا نیشانداو گوتی:**

- **تەماشاکە پورێ، ئەوە ژووری قۆمیسەری هەرێمە، بچۆ بۆ ئەوێ.**

**ژنەکە لەگەڵ هەردوو منداڵەکەیدا سەرکەوتەوە، دەیویست یەکێکی دی بدینێ و ژووری کۆمیسەری نیشان بدا، کەسی نەبینی. چوو بۆ ئەو ژوورەی کە زەلامی یەکەم نیشانی دابوو ژووری چاوەڕوانی پڕ بوو. یەکێك جگەرەی دەکێشا. یەکێکی دی بە دەنگی بەرز لەگەڵ ئەوەی تەنیشتیا قسەی دەکرد. یەکێکی دی مرخێش مرخێش دەیویست خۆی بگەیەنێتە لای کۆمیسەرە. هەراو هەنگامەیە بوو ئەوسەری دیار نەبێ. دوو کوڕی گەنج لەبەر دەرگای کابینەکەدا لەسەر نۆرە کەوتبوونە مشت و مڕ. گەنجێك لە سوچێکا دانیشتبوو. ژنە عەبا بەسەرەکە لێی چووە پێشێ. حاڵ و حیکایەتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە:**

- **لێرە دانیشەدایە، بەڵێ ئێرەیە، دانیشە.**

**ژنە پشوویەکی خۆشی هاتێ:**

- **ئەرێ کرمیسەر موسوڵمانە یا...؟**
- **کۆمۆنیستە دایە.**

**ژنە عەبا بەسەر زۆری گوێ لەم زاراوەیە ببوو، بەڵام مەعناکەی نەدەزانی. وای دەزانی کۆمونیستیش دینێکی دییە. گوتی:**

- **کۆمیسەر تەرجومانی هەیە؟**
- **تەرجومانی چی؟ خۆی ئازەرییە، پێویستی بە تەرجومان نییە.**
- **ئەگەر من حاڵەکەی خۆمی بۆ باس بکەم لێم تێ دەگا؟**
- **زۆر چاکیش لێت تێ دەگا دایە.**

**منداڵەکان دەتگوت کێوین. جارێ ئەبڵەق و حەیران دەیانڕوانییە یەکدی و جارێ دەیان روانییە خەڵکەکەو خۆیان بە دایکیانەوە دەقرساند، ژنەش لێکدا لێکدا هێوری دەکردنەوە:**

- **مەترسن رۆڵە مەترسن.**

ئەوانەی لە کابینەکەی کۆمیسەرەوە وەدەر دەکەوتن هەر هەموو خۆشحاڵ دەهاتنە بەرچاو، کە یەکێك لێی دەپرسین: کارەکەتان جێ بەجێ بوو؟ دەیانگوت: بەڵێ. ژنە ماوەیەك چاوەڕێی کرد. لە بەیانییەوە تا نهوو پتر لە بیست جاران لە کۆمیسەری پرسی بوو، تاقەتی چوو بوو، بەڵام پرشنگی هیوا لە چاوانیا دەبریقایەوە. منداڵەکانیش لێکدا لێکدا چنگیان لە جلەکانی گیر دەکرد. رووی تێ کردن:

– ئێستا نۆرەی ئێمەش دێ، خاڵە کۆمیسەر نانتان دەداتێ.

ئەو کوڕە گەنجەی کە لەلایەوە دانیشتبوو، هەڵیدایێ:

– نان؟

وای زانی هەر بۆ ژێر کردنەوەی منداڵەکانی ئەم قسەیەی کرد. ئەوجا گوتی:

– نانی چی پورێ؟ خۆ کۆمیسەر نان نا بەخشێتەوە.

ژنەی تاین کە گوێی لەو قسەیە بوو بە جارێ ئومێد بڕ بوو، کە نۆرە هاتە سەر ئەو هۆڵەکە پڕ بۆوە لە خەڵك: ئیدی دەتگوت کاروانسەرایە جونێ دەهات و جونێ دەڕۆیی.

دەستی منداڵەکانی گرت و وەژوور کەوت، پیاوێکی بینی، سەری داخستبوو، و سەرقاڵی نووسین بوو. کە سەری هەڵبڕی و ژنەکەی بینی، رەنگی زەرد هەڵگەڕا، ئەو ژنەی کە لە بەیانییەوە کۆمیسەری لێ ببوو بە قولەی قاف کە لێی ورد بۆوە پشوویەکی خۆشی هاتێ. چاوە بە قولاچووەکانی لە ژێر عەباکەوە دەبریقانەوە. خۆی لە بەردەم کۆنە ئاشنایەکیاندا بینییەوە کە سێ ساڵ بوو نەی بینی بوو.

کۆمیسەرەکە لە بەری هەستا، لێی هاتە پێشێ، چاك و خۆشییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ کرد:

– ئەمە تۆی پورێ گیان؟

– کوڕم بەو خوایە باوەڕم نەدەکرد تۆ کۆمیسەر بی؟

منداڵەکان لە گەرم و گوڕی کۆمیسەر حەیرمان. کە ئەو هەموو روخۆشییەیان لە کۆمیسەر بینی پتر باوەڕیان بە بەڵینەکانی دایکیان هێنا.

ئەو ژنە رەشپۆشەی کە کۆمیسەر پێی دەگوت پورێ، مەحسومی ژنی لالۆ غولام بوو. کۆمیسەرەکەش مەشهەدی بەگ بوو.

* * *

مەشهەدی بەگ لە مێژ بوو، هەر بە ڕێگای گوندەکانی دەوروبەری باکۆوە، بوو. خەریکی دامەزراندنی لیژنەی کشتوکاڵ بوو تا مەسەلەی زەوی و زار چار بکەن. ئەوڕۆ بە ڕێکەوت کەوتبووە کابینەکەی خۆی و گوێی لە سکاڵای خەڵکی دەگرت و کارەکانی بۆ رادەپەڕاندن. زۆربەی سکاڵاچییان داوای نان و ئازووقەیان دەکرد. بێوەژنی منداڵ لەبەر، کرێکاری پیرو بێکار، پەککەوتەو... هەر هەموو یەك داوایان هەبوو: نان.

مەشهەدی بەگ لەو ماوە کەمەداکە کرابوو بە کۆمیسەری هەرێم توانیبووی بە زیرەکی و دانایی خۆی زۆربەی جوتیارەکان لە دەوری حکومەتی شورەوی خڕ بکاتەوە. زۆربەی جوتیارەکان دەیانناسی. رووت دەکردە هەر شوێنێ باس باسی دڵسۆزی و سادەیی و کارزانی ئەو بوو.

جووتیاران هەڵیان بژاردبوو کە ببێ بە سەرۆکی شورای جووتیاران، کۆمیسەری گەل. مەشهەدی بەگی کوڕی عەزیز بیگوف یەکێ بوو لەو خەباتگێڕانەی کە بەردەوام دژی دژمنانی گەل تێدەکۆشا. بۆیە رۆژ بە رۆژ دەچووە دڵی بێگەردی زەحمەتکێشانەوەو نێو بانگی پتر دەبوو. دێهاتییەکان، دێهاتییە هەژارەکان کە لە ئەنجامی شۆڕشی پرۆلیتارەوە لە کوێتو زنجیری فیوودالیزمی گەندەڵ رزگار ببوون و پێیان نابووە جیهانی ژیانێکی تازەوە سەر لەبەر ئەویان بە نوێنەری راستگۆو شۆڕشگێڕی راستەقینەی حکومەتی شورەوی دەزانی، ئەو دێهاتییانەی بە بەشە زەوی خۆ نا قایل بوون، ئەو مامۆستایانەی گیروگرفتی فێرکردن و دەرس وتنەوەیان دەهاتە رێ، ئەو جووتیارە هەژارانەی کە کەرەستەی تەواویان بۆ زەوی کێڵان نەبوو... ئەمانە هەموویان پەنایان بۆ مەشهەدی بەگ دەبرد تاوەڵامی سکاڵای خۆیان دەست نەکەوتبایە نەدەگەڕانەوە.

بارەگای راستەقینەی مەشهەدی لە نێو جەماوەردا بوو، لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەی جووتیارانا، لە شوراکانا، لە کارخانەکاندا بوو. هەر لەوێ گیروگرفتەکانی حەل و فەسڵ دەکردن، لە بری ئەوەی جووتیارو کرێکار بۆ سکاڵای خۆ بچنە شار، ئەم دەچووە گوندو کارخانەکان، دەیویست ئەوەیان بۆ بسەلمێنێ کە حکومەتی شورەوی لەوانەو بۆ ئەوانەو چ شتێ ناتوانێ لێکدیان هەڵاوێرێ.

مەشهەدی بەگ زۆربەی شەوان نەدەخەوت. هەر وەختێ سکاڵایەك لە جێیەکەوە هاتبا، یا هەواڵێ هاتبا کە لێپرسراوێك کارێکی نابەجێی کردووە خێرا خۆی دەگەیاندە ئەوێندەرێ. جاری وا هەبوو لە پڕ خەبەرێ دەهاتە کە دژمنانی شۆڕش خەریکی ئاژاوە نانەوەو جموجۆڵن، بەپەلە خۆی دەگەیاندە ئەوێو دەکەوتە پرس و تەحقیق.

زەحمەتکێشانی شارو گوند کەیفیان پێ دەهاتو بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرد، دژمنانی گەل و شۆڕش چارەیان نەدەویستو ژێراو ژێر چاڵیان بۆ هەڵدەکەند.

مەشهەدی بەگ ئەوڕۆ بە رێکەوت لە کابینەکەی خۆی بوو. ئەو ئازوقەو دانەوێڵانەی کە هاوڕێ "ارجونیکیدزە" ناردبووی بە جوانی دابەش نەدەکرا. هاوڕێیەکی نزیکی ئاگاداری کردبۆوە کە هەندێ لەو ئازووقەیە لە بازاڕی رەشا فرۆشاوە. لێپرسراوانی دابەشکردنی ئازووقە بە خۆیان دزیویانەو لە بازاڕا دەیفرۆشن، بۆیە ئەمەیان کردووە تا پاشا گەردانی و بشێوی بکەوێتە ناو خەڵکەکە.

مەشهەدی بەگ لە هەمان کاتیشدا یاریدەدەری کۆمیسەری ناوخۆش بوو. دەبوو سەرپەرشتی ئەم کارەش بکا. بەڵام سکاڵای زۆرو زەبەندی خەڵکەکە بواریان نەدەدا.

- هاوڕێ عەزیز بیگۆف ئازووقەمان دەوێ!
- مەشهەدی بەگ لە برسا بە هیلاك چووین!.
- هاوڕێ کۆمیسەر رەحمێ بە ماڵو منداڵە بێ چارەکەما بکەن!
- رۆڵە گیان تەمەن درێژبی، یارمەتییەکمان بدەن!
- ئەگەر حکومەت حکومەتی هەژارانە ئەوا منیش هەژارمو نەختێ ئاردم بدەنێ!

ئازووقە کەم بوو بۆیە مەشهەدی بەگ نەیدەتوانی وەڵامی بنبڕی ئەو هەموو داوایانە بداتەوە، زۆری لەبەر گران بوو کەسانێ کە لە ڕێی دوورەوە هاتبوون هەروا بە دەستی خاڵی بگەڕێنەوە. کە پورە مەحسوم وەژوور کەوت، ئەم شەکەتی خۆی بیر چۆوە. پور مەحسومی لە تەنیشت خۆی لەسەر کورسییەك دانا. ئەجا سەیرێکی منداڵەکانی کرد، جلە شڕو دراوەکانیان بە ئاشکرا گلەیی دەنواند. لە باوەشی گرتن و ماچی کردن، ئەم ڕێکەوتە بۆ مەشهەدی هەم خەمناك و هەم چاوەنۆڕ نەکراو بوو. کە ژن و منداڵی لالۆ غولامی بەم وەزعەوە بینی تەواو ناڕەحەت بوو. پورە مەحسومی داماو کەلە ژیانی مێردەکەشیا هەر بێ گوزەران بوو تەواو پیر ببوو، منداڵەکانیشی بەو جلە شڕانەوە هێندەی دی لەڕو لاواز دەهاتنە بەرچاو. مەشهەدی بەگ دنیایەك گلەیی و گازاندەی لە چاوانی ئەو منداڵە تامەزرۆ مل باریکانەوە بەدی کرد: " بۆ تا ئێستا بیرێکت لە حاڵی ئێمە نەکردۆتەوە؟" نە نان نە ئازووقە، نە جل و بەرگ... حکومەتی ساوای شورەوی دەبووا لەم بارە دژوارو نا هەموارەدا یەکجار سەرسەختانە لە هەوڵ و کۆشش دابێ.

مەشهەدی بەگ منداڵەکەی داناو لە پورە مەحسومی پرسی:

- پورێ منداڵەکانی دی چۆنن، سەلامەتن؟

- بێ وەی بی، خراپ نین، ئەوانیش هەروەکو ئەم دووەن. ئێستا لە گوندا دەژین، جل و بەرگ زۆر مەبەست نییە، ئازووقەکەش کە...

مەشهەدی بەگ گوتی:

- دەزانم پورێ ئەو ساڵ هەموو هەر خراپین.

منداڵەکان کە تازە کۆنە هاوسێکەی خۆیان ناسی بۆوە، دامێنی دایکیان با دەداو نیگای پاکیان داوای یارمەتی لە مەشهەدی بەگ دەکرد.

- پورە مەحسوم هەر ئێستا منداڵەکان بەرەو یەکڕێ بچۆ بۆ ماڵی ئێمە، پستەخان لە ماڵەوەیە.

ئەوجا کاغەزێکی نووسیوو دایێ.

- عەمر درێژ بی کوڕم، لە دەوری ماڵ و منداڵت گەڕێم.

فرمێسك زاییە چاوی. دەستی منداڵەکانی گرت و لە کابینەکە وەدەرکەوت. بەدەم ڕێوە دوعای خێری بۆ مەشهەدی دەکرد.

پاش ڕۆیشتنی پورە مەحسوم زۆری بیرکردەوە. لە پڕ مەرگە دڵتەزێنەکەی لالۆ غولامی بیرکەوتەوەو خەمێکی قورس دای گرت. دەرگای کابینەکەی داخست و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

- تا زووە وەرە بۆ ئێرە، دوانەکەوی!.... ئەم قسانە هەڵگرە بۆ دوایی. بەڵێ، بەڵێ، لە بری قسەی زل دەبوایە وەکو شۆڕشگێڕێ بەویژدانەوە کارەکانت ئەنجام بدایە، وا دیارە مرووەدەی قسەی زل بووی و تەواو.

تەلەفۆنەکەی بڕی، ژمارەی تەلەفۆنەکەی شائومیانی لێدا؟

- سەلامولیێك هاوڕێ شائومیان، بەڵێ من مەشهەدی بەگم، دوێنێ عەسر گەڕامەوە، لە زۆربەی دێهاتەکاندا جووتیاران پێش چوونی من کۆبوونەوەی خۆیان کردووەو بەڵێنی پشتگیری حکومەتی شوڕەویان تازە کردۆتەوە. زۆربەی لادێکان لەگەڵ حکومەتدان. هەڵبەتە چەمیش بێ چەقەڵ نابێ... بەڵام ئەوانە زۆر کەمن. هاوڕێ شائومیان بە خۆت ئاگاداری هاوڕێ سرگیو ئازووقەی ناردبوو، دوو ناوچە هەن هەر هیچیان پێ نەگەییوە... چۆن؟ وایە، SR و مەنشەویکەکان لەو ناوچانەدا دەسەڵاتیان هەیە, یەکێکیانم داوا کردووە تەنانەت ئامادە نین قسەشم لەگەڵ بکەن. خۆم تاقیبی مەسەلەکەم کردووەو ئەمڕۆ عەسر لە کۆبوونەوەی شوارادا دەیخەمە روو.

تەلەفۆنەکەی داخستەوە، بەر کابینەکەی ببوو بە هەراو هەنگامەیە ئەو سەری دیار نەبێ. مەشهەدی بەگ دەرگاکەی کردەوە، رووی کردە ئەو خەڵکەی نێو هۆڵەکەو گوتی:

- زەحمەت نەبێ دە دەققەیەك دان بە خۆتاندا بگرن.

ئەوجا لەگەڵ یەکێکدا چووە ژوورەوە. ئەو زەلامەی مەشهەدی بەگ ناردبووی بە دوویدا گەنجێکی 27- 28 سالان بوو. دەستە بالا، سمێڵ شانە کراو، پۆشتەو پەرداخ، چاویلکەیەکی لە چاو بوو. بە فیزێکەوە چاویلکەکەی داکەن و کەوتە پاك کردنەوەی لە پڕ رووی کردە مەشهەدی بەگ و گوتی:

- من وێڕای ئەوەی بێ چ قەیدو شەرتێ پەیڕەوی حکومەتی شوڕەوی دەکەم، بەلام ئامادەنیم وەلامی تۆ بدەمەوە. چونکە تۆ کۆمیسەری هەرێم-ی و مافی ئەوەت نییە دەست بخەیتە کاروباری ئازوقەوە.

لەگەڵ ئەم قسە توندانەیدا جار جاریش دەستی رادەوەشاند، دەیویست مەشهەدی بەگ تووڕە بکا، بۆیە پتر دەنگی لێ هەڵبڕی:

- تۆ بە چ هەقێ ئەمرم بەسەردا دەکەی؟ ئاخر تۆ چیت؟

مەشهەدی بەگ پێشتر ئەم کوڕەی دەناسی.. کورسییەکی نیشانداو بە هێمنی گوتی:

- تۆ جاریێ فەرموو دانشیە!..... بۆ ئەوەم بانگ نەکردویت کە ئامۆژگاریم بکەی و سنوور بۆ کارەکانم دابنەی. دەمەوێ وەلامی ئەم پرسیارەم بدەیەوە:

- لەبەرچی ئازووقەت بۆ کرێکارانی بایبل و سوراخانی نەناردووە؟

کابرای چاویلکە لە چاو ترسا، سەری داخست و سەیری مەشهەدی نەکرد، مەشهەدی بەگ لە مەبەستەکەی تێ گەیی و درێژەی دایێ:

- بو وەلام نادەیەوە؟

- ئامادەنیم وەلامی تۆ بدەمەوە. لە کۆبوونەوەی شورادا وەلامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە.

مەشهەدی بەگ تووڕە بوو، و گوتی:

- تۆ لەم لەحزەیەوە بۆت نییە بێیتە کۆبوونەوەی شورا.

- ئەمەش بە دەستی تۆ نییەو شورا بڕیاری لەسەر دەدا.

- زۆرچاك بزانه ئەو ئازووقەیەی كەبەلشەویكەكان بە هەزار بەدبەختی پەیدایان كردووە، تۆ دژی حكومەتی شورەوی بەكارت هێناوە.
- ئەمە چە قسەیەكە؟
- قسەیەكی زۆر بە جێیەو تۆش كابرایەكی غایەن‌و تاوانباری.
- بەچ هەقیٚ ئەم قسەیە دەكەی، بەڵگەت چییە؟
- حكومەتی كرێكارو جووتیاران داوات لێدەكەن دان بە تاوانی خۆتدا بنەی.
- لە هەموو جێیە خۆت بە خاوەن ئەم قسەیە دەزانی؟
- قسەی زیاد مەكەو لەم لەحزەیەوە دەست بەسەری.
- بە چ هەقیٚ؟
- بۆ وەی چاك دڵنیابی با ئەوەشت پیٚ بڵێم كە من یاریدەدەری كۆمیسەری ناوخۆشم.

* * *

كۆبوونەوەی شورای كۆمیسەرانی خەڵكی باكۆ، مەسەلەی ئازووقەیان كردبوو بە بەشێك لە بەرنامەكەیان، لەو دەمەدا كە مەشهەدی بەگ سەرقاڵی راگەیاندنی هەواڵەكەی خۆی بوو، زەنگی سەعاتەكە دووی پاش نیوەڕۆی لێدا. جگە لە كۆمیسەران، سەرنووسەری رۆژنامەی كرێكارانی باكۆش "ئارسن ئەمیریان" ئامادەی كۆبوونەوەكە ببوو. ئارسن هەمیشە جلوبەرگی خاوێنی دەپۆشی. ردێنی دەتاشی. ئەمجارەیان چونكە یەكریٚ لە چاپخانەوە هاتبوو فریای خۆ گۆڕین‌و خۆ قۆزكردن نەكەوتبوو. كاغەزێكی لەبەر دەما بوو، لێكدا لێكدا سەرنج‌و تێبینییەكانی دەنووسییەوە. ناوە ناوەش بزەیەك دەكەوتە سەر لێوی. لە مێژ بوو مەشهەدی بەگی دەناسی‌و زۆریشیان یەكدی خۆش دەویست. كارزانی و لێهاتووی مەشهەدی بەگی زۆر بە دڵ بوو، مەشهەدی بەگیش زۆری كەیف بە گوتارە ئاگرینەكانی ئەو دەهات. لەم دواییەدا ئارسن هەموو رۆژیٚ هەواڵیٚ یا گوتارێكی لەمەڕ چالاكییەكانی مەشهەدی لە دێهاتەكاندا بڵاودەكردەوە. بە رای ئەو مەشهەدی بەگ لە كۆمیسەرەكانی دی چاكتر هەستی بەژان‌و ئازارو گرفتی جووتیاران دەكرد. ئارسن بۆ ئەو گوتارانەی كە لە مەڕ جووتیارانی دەنووسی، تەگبیرو رای لەگەڵ مەشهەدی بەگ دەكرد.

كە شائومیان مۆڵەتی قسەكردنی بە مەشهەدی بەگ دا، ئارسن ملی قوت كردەوە، سەراپای بوو بە گویٚ‌و مووی لیٚ نەدەبزووت. مەشهەدی بەگ لە سەرەتادا هۆی شپرزەیی ئازووقەی روون كردەوە و لە كۆتاییدا گوتی:

- دژمنانی شۆڕش لەم رووەوە قسووریان نەكردووە. هاوڕیٚ شائومیان راست دەكا، ئێمە هەرگیز تەسلیم نابین‌و هەر كەسیٚ مل پێچی بكا بیٚ رەحمانە بەگژیا دەچینەوە. بە رای من ئێمە ناچارین ئەم مەسەلەیەش لە ئەستۆی خۆ بگرین‌و بەخۆمان بەڕێوەی بەرین. ئەم SRـەی كە ئەوڕۆ ئەمری گرتنیم دەركردووە، واتە "ترویانیف" بە ئانقەست درێغی لەدابەشكردنی ئازووقەكەدا كردووە، دەیەویٚ لەسەر خواست‌و راسپاردەی حیزبەكەی خۆی كرێكارانی باكو لە حكومەتی شورەوی هەڵگەڕێنێتەوە.

هاوڕێ ئالیوشا چاپاریدزە سەرێکی لەقاندو گوتی:

- هاوڕێ بیگوف زۆر چاکی بۆ چووەو چاکی کردووە ئەم کابرایەی گرتووە، ئەو بەڵگانەی لای ئێمەن ئەوە دەسەلمێنێ کە ترویانیف دوو مانگە جاسوسی بۆ ئەوان دەکا لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ژمارەی جاسوسانی SR ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادین.

دانیشتوان لە قاقای پێکەنینیاندا. مەشهەدی بەگ ڕووی کردە ئارسن و گوتی:

- هاوڕێ ئارسن تۆش لە ڕۆژنامەی "کرێکارانی باکۆ"دا ئەم بابەتە زەلامانە بەتەواوی ڕیسوا بکە. من چ قسەیەکی دیم نییە، تەنیا ئەوە نەبێ هەر چەند بۆ من و هاوڕێ ئالیوشا زەحمەتە، بەڵام پێویستە SR و مەنشەویکەکان لە کارگێڕی کاروباری ناوخۆو ئازووقە دوور بخرێنەوەو تەنانەت لە سبەییەوە هەندێکیان بگیرێن.

تێکڕا ڕایەکەی مەشهەدی بەگیان پەسەند کرد، هاوڕێ چاپاریدزە وێرای ئەوەی سەرۆکی شورای باکۆو کۆمیسەری ناوخۆ بوو کاروباری ئازووقەشی کەوتە ئەستۆ. هاوڕێ چاپاریدزە لەگەڵ ئەو هەموو مەسئولیەتەدا کە هەی بوو ئەمەشیانی بێ چ خۆ دزینەوەیەك قبووڵ کردو گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی هەشت ڕۆژێکدا باکۆو ئەو دیو قەفقاس و لنگران... لە برسێتی و قات و قڕی ڕزگار بوون. کۆبوونەوەی شورای کۆمیسەران بەرەبەیان تەواو بوو. بۆ نیوەڕۆ مەشهەدی بەگ بەرەو گوندەکان ڕۆیی، پاش هەفتەیەك بۆ باکو گەڕایەوە.

* * *

مەشهەدی بەگ زوو زوو چاپاریدزەی دەبینی. جارێکیان بە پێکەنینەوە پێی گوت:

- ئیدی کەس بە برسێتی سەر نانێتەوە. هەر کەسەو بەشی خۆی ئازووقەو نانی هەیە. ئێستا نۆرەی کتێب و قەڵەم دەفتەرە بۆ قوتابخانەکان.. چۆن ئەوجا بکرێی بە کۆمیسەری پەروەردە!

ئەم قسانەی مەشهەدی بەگ گەلێ یادگاری شیرینی وەبیر ئالیوشا هێنایەوە چاوەڕەش و گەشەکانی لە خۆشیا بریقانەوەو گوتی:

- لە گەنجیدا زۆرم حەز لە مامۆستایەتی بوو. بەڵام وەك دیارە بەو ئاواتە نەگەییم, ژێوانیش نیم، چونکە لە ئەنجاما قوتابخانەی چاك دادەمەزرێنین. لە ئایندەیەکی نزیکا دژمنانمان لە نێو دەبەین و ئەودیو قەفقازیش دەخەینە پاڵ کۆمارەکەی خۆمان. پێوەندیمان لەگەڵ ڕوسیای مەزندا قایمتر دەکەین و ڕەنگە هەنگینێ کاری مامۆستایی دەئەستۆ بگرم, بەڵام نەء.

ئالیوشا هەنیەی گوشی و قژە ڕەشەکەی لادایە لاوە.

- زۆری دەوێ.. .خۆمان نا، بەڵام منداڵەکانمان ئەو ڕۆژە دەبینن.

لە ژیانی قۆمیسەراندا بە دەگمەن ئەم ساتە ئارامانە ڕێ دەکەوتن. مەشهەدی بەگو هاوڕێکانی لەم کاتانەدا ئارەزوو حەزی دڵڕفێن و جوانیان دەخستە سەر شاشەی خەیاڵ.

بەڵام ڕووداوی تاڵ، قات و قڕیو برسێتی خەڵکی باکۆ، گەمارۆ دانی لە سێ لاوە، قوتەقوتی دژمنانی شۆڕشو کینەی SRو مەنشەویکەکان ئەم ئارەزووە ناسکانەیانی دەسڕییەوە. ئەوان لە هەموو کەس زیاتر هەستیان بەو ڕێگا دوورو درێژو هەڵدێرە سامناکانە دەکرد کە لەبەر دەمیان بوو.

نیوەی شەو بوو، مەشهەدی بەگ بۆ ماڵ گەڕایەوە. پستەخان نەبێ ئیدی ئەوانیدی نووستبوون. سەلیم-ی هاوڕێی قوتابخانەشی لە ماڵەوە دانیشتبوو و چاوەڕێی ئەوی دەکرد. کە مەشهەدی بەگی بینی هەستایە سەرپێو چاکو خۆشی لەگەڵ کرد.

- ئەوە لە کار کردن ماندوو نابی؟ نە لە دایەرە دەبینرێی و نە دەکەویە ماڵ، سەیرە؟!

مەشهەدی بەگ دەمێ بوو سەلیمی نەبینی بوو، بەگەرمی پێشوازی کرد:

- بەختی تۆیە ئەوڕۆ زوو هاتمەوە. ئەگینا ئەگەر چووبام بۆ گوندان یەکدیمان نابینی. ئێ دە قسە بکە، دەنگو باس چییە؟ زۆرم گلەیی لێت هەیە.

مەشهەدی بەگ ڕووی کردە پستە خان و پرسی:

- ئەرێ ئەو ڕۆژە پورە مەحسوم هات بۆ ئێرە؟

- بەڵێ، هەندێ ئاردم دایێو تۆزێکیش پارە بۆ منداڵەکانی... بەستەزمانە تەواو لە پێ کەوتبوو.

مەشهەدی بەگ هێشتا هەر بە پێوە بوو، گوتی:

- زۆرم برسییە، هیچمان هەیە؟

پستەخان کە هەموو ڕۆژێ لە عەسرەوە, چاوەڕوانی مەشهەدی بەگی دەکرد، ڕووی کردە سەلیم و گوتی:

- چاوت لێیە دەیەوێ بەسەر پێوە شتێ بخواو بڕوا.

مەشهەدی بەگ دەستی نایە سەر شانی ژنەکەیو دەم بە خەندە گوتی:

- ئەوشۆ هەتا بەیانی لەگەڵ ئێوە دەبم، هەر ئێستاش دادەنیشم، چ قسەت ما؟

پستەخان سفرەکەی ڕاخست، جوتە هاوڕێ ماوەیەك تەماشای یەکتریان کرد. چەند نانێکی جۆو دوو ئارووی پاککراوو قاپێ شۆربای لەسەر دانرا، جووتە هاوڕێ بە تاسووقەوە نانیان خوارد.سەیم هەستا کە بڕوات، بەڵام مەشهەدی بەگ دەستی گرتو نەیهێشت.

- بۆ کوێ؟ من جارێ نانووم، قسەم بۆ بکە بزانم خەریکی چیت؟ ئێستاش خەریکی کاروباری ئەندازیاریت یا تۆش وەکو من خۆ ئامادە دەکەی ببی بە کۆمیسەر؟

- نا، مەشهەدی بەگ من تاقەتی کۆمیسەریم نییە.

- بۆ؟

- باشە ئێوە ئەندازیارتان ناوێ؟

- ئێوە؟ ئەم قسەیەت تازە بابەتە، چما ئێمە کێینو تۆ کێی؟

سەلیم دەستی بە پێکەنین کرد:

- لەوەتـەی بـووی بـە کۆمیسـەر مـەعنا لـە هـەموو شـتێ دەردەکـەی؟ مەبەسـتم ئەوەیـە ئایـا حکومەتی شوڕەوی ئەندازیاری پێویستە یانا؟
- ئەدی مەعنای چی. هەنووکە پێویستمان بەوەیە هەموو توانامان یەك بخـەین و لـە ڕێگـای گەشەپێدانی شوڕەویدا تێ بکۆشین.

بێنێکی دایەو پرسی:
- ئەرێ منداڵت هەیە، نییە؟
- هەمە.
- کوڕە یا کیژ؟
- کیژە
- بریا کوڕ بایە.
- فەرقی چییە؟
- بۆ ئەمڕۆ پتر پێویستیمان بە پیاوی جەنگاوەرە.

هەردووکیان پێکەنین. لە پڕ سیمای سەلیم گۆڕا. مەشهەدی بـەگ چاوەڕێی چ شـتێکی جدی لێ نەدەکرد. سەلیم هەستاو گوتی:
- هەندێ قسەم پێت هەبوو، بەڵام با بمێنێ بۆ دوایی.

پستەخان لە سوچێکا دانیشتبوو، بە شادییەوە دەیڕوانییـە ئـەو جووتـە هاوڕێیـە. کـە گوێی لەو قسەیە بوو هەستاو چووە دەرێ. مەشهەدی بەگ بە ئەسپایی پرسی:
- چ قسەیەکت هەیە بیکە.

سەلیم بە ئەسپایی گوتی:
- ئاگات لە هێرشی سوپای عوسمانیان هەیە.
- بەڵێ.
- ئەدی بە تەمای چین؟
- هێزی شوڕەوی بەرانبەریان دەوەستێ.
- باشە دەرەقەتیان دێین؟
- وەڵامی ئەم پرسیارە بڕێك قورسە، بەڵام بە هەر حاڵ بە سەریاندا سەر دەکەوین.

سەلیم هەستی بەوە کرد کە بڕیاری مەشهەدی بەگ پاشـگەز بوونـەوەی نییـە. کـەمێ بێـدەنگ بـوو. نەیـدەتوانی نـاخی بـۆ مەشـهەدی بـەگ بکاتـەوە. چـونکە هـەر لـە سـەردەمی دانشـگاوە مەشهەدی بەگی دەناسی و دەیزانی قسەو ڕەفتاری یەکەو نابن بـە دوو. بۆیـە دڵنیـا بـوو هـەر قسەیەکی بکا مەشهەدی بەرپەرچی دەداتەوە، لە دڵـی خـۆدا گـوتی: "ڕاسـتە ئێمـە لـە زووەوە دۆسـت و هـاوڕێین بـەڵام نـاتوانم هەرچییەك کـە خـۆم قەناعـەتم پێیـەتی بەویشـی بسـەلمێنم. هەرچییەك بڵێم ئەوا دەڵێ: دژی لەشکری تورك دەجەنگین."

سەلیم نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکا. مەشهەدی گوتی:
- لەولاوە دژمنانی تریش باکۆیان گەمارۆ داوە. وەزعەکە خەتەرە.

- دەزانم، ئاخر بۆیە منیش دەپرسم ئاخۆ باکۆ بەرگەی ئەم هەموو هێرشە دەگرێ؟

- سەلیم پێ دەچێ تەواو ورەت بەردابێ. مرۆڤی کۆمۆنیست نابێ وا بێ.

- نەخێر ورەم بەرنەداوە. بەڵام ژن و منداڵ ناڕەحەتی کردووم. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر عوسمانیان دەست بەسەر باکۆ دا بگرن. ئێمەومانان لە هیچ شوێنێ جێمان نابێتەوەو لە سێدارەمان دەدەن. باشە تۆ بیرت لەمە کردۆتەوە؟

- بەڵێ، هەموو ئەمانە دەزانم، بەڵام ئەم شتانە یەك زەڕە کارم تێ ناکاو نام ترسێنێ.

سەلیم گوتی:

- ئەوی راستی بێ من متمانەم زۆر بە دۆستەکانیش نییە.

مەشهەدی بەگ گوتی:

- مەبەستت لەکام دۆستانەن؟

سەلیم سەری داخستو بێدەنگ بوو. کە بینی مەشهەدی بەگ چاوەڕێی وەڵامە گوتی:

- خەڵکی ئازربایجانم مەبەستە. خۆ ئەگەر هەندێ واقیع بین بین ئەوا رەنگە تا رادەیەك نا هەقیان نەبێ. من خۆیشم چاوەڕوانی ئەمە نەبووم. پێ دەچێ کارەساتە دڵتەزێنەکەی مانگی مارت بیر چووبێتەوە، بەڵام ئێوە.....

مەشهەدی بەگ لەسەر پاشماوەی قسەکانی سەلیم نەوەستا:

- وا دیارە کارەساتەکەی مانگی مارت دەخەیە ئەستۆی ئێمە، وا نییە؟ بەڵام ئەمە تەنیا بیرکردنەوەی تۆ نییە، بەڵکو هەندێ لە دۆستانی راڕاو دوو دڵی حیزبیش هەمان بیرکردنەوەیان هەیەو ئەم قسانەی تۆ دەکەنەوە.

سەلیم رەنگی بوو بە زەعفەرانی زەرد:

- مەشهەدی بەگ تۆ تۆزێ سەبر بکە با من قسەکانم تەواو بکەم. ئەوسا هەرچییەك دەڵێی کەیفی خۆتە. تۆ ئەوە چاك بزانە ئەگەر عوسمانیان باکۆ بگرن ئەوا خەڵکی تەواوی کارەساتەکان دەخەنە ئەستۆی کۆمۆنیستان و بەر لە هەموو کەسێك تۆڵە لە ئێمە دەستێنن، خۆ ئەگەر تورکەکانیش لاقەمان نەکەن –کە ئەمەیان مەحاڵە– ئەوا خەڵکەکە دەمانکوژن. ئاخر ئەوان جەزرەبە خواردووی دەستی کۆمۆنیستانن.

مەشهەدی بەگ تووڕە بوو، بیری چۆوە کە گوایە بە چپەو بە دزی پستەخان و ئەوانی دییەوە قسە دەکەن، دەنگی لێ هەڵبڕی:

- هەموو خەڵکی؟

- نالێم هەموویان، بەڵام زۆربەیان... تۆ ئەوەت لە یاد بێ کە وەختێ لەگەڵ مساواتچییەکاندا بەشەڕ هاتن گەلێ هەژاری بێ تاوان شەهید بوون. یانی پێت وایە کەسوکاری ئەوانە هەروا بە ئاسانی بتان بەخشن؟ تۆ دڵنیای هەر ئەوانەو بەر لە گەیشتنی عوسمانییان نامانکوژن؟!

- ئاخ سەلیم. تۆ بە قەڵافات گەورەی، بەڵام بە ئەقڵی منداڵێکەوە بیر دەکەیتەوەو قسە دەکەی، کەسێ نەمرێ دەبینی خەڵکی کێیان خۆش دەوێ، ئێمە یا تورك؟ تۆ چ

حیسابێکت بۆ کرێکارانی باکۆ نەکردووە. خۆ هەموو کەسێکی باکو هەر بەکرێ گیراوو بازرگان نییە؟ ئەوڕۆ لەباییل بووم، کرێکاران بەریز وەستا بوون تا خۆیان لە سۆپای سوورا ناونووس بکەن. ئەگەر لەوێ بای ئەوسا دەتزانی کرێکارانی باکۆ چەندیان رق لە عوسمانیانە. بەدڵو بەگیان ئامادە بوون بچن بۆ بەرەی شەر!

- مەبەستم کرێکاران نەبوو، کرێکاران بە خۆیان حکومەتی شورەویان هێناوەتە سەرکار. دیارە شتێکی ئاساییە بەرگری لێ بکەن.
- ئەدی جووتیاران؟ باوەڕت بە وانیش نییە؟
- بۆ نە ء ، زۆریش متمانەم پی هەن.
- ئەدی مەبەستت لە خەڵکی کێیە؟ ئەگەر مەبەستت کۆمەڵێ چڵکاو خۆری خوێڕییە ئەوا دڵنیابە بەرگەی لێشاوی خرۆشاوی کرێکارو جووتیار ناگرن.

سەلیم بێدەنگ بوو. دیار نەبوو بەو قسانەی مەشهەدی قاییلە یا نا. جووتە هاوڕێ بە بێدەنگی دانیشتبوون و هەریەکەیان دەیڕوانییە لایەك، دەتگوت لێکدی زویر بوون. سەلیم هەستا، دوعاخوازی لە مەشهەدی بەگ کردو رۆیی. مەشهەدی بەگ پاش رۆیشتنی ئەویش بۆ ماوەی 10-15 دەققەی دی هەر بیری کردەوە: سەلیم زۆری پێ بوو، و کەمی دەرخست وا دیارە هەواڵی هێرش هێنانی تورکان تەواو نیگەرانی کردووە.

لە پەنجەرەکەوە روانییە دەرێ، باکۆ لە باوەشی گرێکی سوتێنەرا مت ببوو. مەشهەدی بەگ هەڵچوو، لەبەر خۆوە گوتی: "باکۆ هی ئێمەیە سەلیم، ئەوانەی کە حکومەتی شورەویان لە باکۆ دامەزراندووە، دەبێ بتوانن بەرگریشی لێ بکەن".

مەشهەدی بەگ حەزی دەکرد رای پستەخان سەبارەت بە قسەکانی سەلیم بزانێ. گازی کرد:

- پستە، هۆ پستە.

وەڵام نەبوو. پێ دەچوو پستەخان ماندوو بووبێ و خەوی لێ کەوتبێ. هەموو رۆژێ لە عەسرەوە چاوەڕێی مەشهەدی بەگی دەکرد. کە منداڵەکەی دەنووست بە تەنێ چاوەنۆڕی دەکرد. ئەوشۆ کە لە سەلامەتی مێردەکەی دڵنیا بوو، بێ خەم لێی خەوتبوو. مەشهەدی بەگ شپرزەو نیگەران لە فکران را چوو: لەشکری عوسمانیان نیازی خراپە، دەیەوێ جەزرەبەیەك لە ئاڵای کۆمارە ساواکەمان بدا. مساواتچییەکان تێ هەڵدەچنەوەو دژمنایەتی مەزەبی هەڵدەگیرسێننەوە. بەڵام ئاخۆ بابایەکی کۆمۆنیست بەم هەڕو گیڤە دەترسێت؟!

هەر خۆی وەڵامی دایەوە: نەخێر....

لە سەر جێگاکەی راکشا، پاش نیو سەعاتێك ئەم دیوو ئەو دیو کردن خەوی لێکەوت.

* * *

شورای کرێکاران، جووتیاران و سەربازانی باکۆ تێکڕا بەیاننامەکەی هاوڕێ شائومیانیان پەسەند کردو رایان لەسەردا، بەیاننامەکە بریتی بوو لە قەراری سەرکوتکردنی دژمنانی ناوخۆو ئەودیو قەفقاس و بەکڕداچوونی داگیرکەرانی بێگانەی ئەڵمان و تورك.

"پرولیتاری باکۆو سوپای سوور ئامادەن تا دوا هەناسە بەگژ داگیرکەرانی ئەڵمانیادا بچن‌و بەرگری لە ئازادی‌و سەربەخۆیی خۆیان بکەن. بەرگری لە پێوەندی نەپساوەیان لەگەڵ کۆماری مەزنی روسیای سوشیالیستدا بکەن.

*

کۆتایی مانگی حەوتی ساڵی 1918 بوو. لەشکری شوڕەوی بەرەو بەرەی جەنگ کەوتە رێ. هاوینێکی گەرم بوو. سوپای سوور هەوەڵ دەستیان لە هێزی ئەڵمانی– تورکی وەشاندو زیانێکی زۆری گەیاندنێ. شەڕ هەڵگیرسا، بەرەی تازە کرایەوە. لەشکری تورك بە فەرماندەیی نازم پاشا بوو. سوپای سوور قارەمانانە بەگژیدا دەچوو. چوار دانە رۆژ لە یەکبینە شەڕ بوو، سوپای سوور نەی هێشت تاقە شەقاوێ بێنە پێشێ. کەرتی راستی بەرەی شۆڕش شکستی هێنا، بەرەی کورد ئەمیریش سەنگەرەکانیان چۆڵ کردو دەستیان بە پاشەکشێ کرد. پڕۆپاگەندەی دژمنیش لە بەرەکانی دیدا هێزی سوپای سووری تەواو کز کردبوو. لەشکری تورك بە هاواری: ئەڵڵا.. ئەڵڵا کەوتبوونە هێرش، لە جێی خۆیان راگیرا بوون، شەڕەکە مەودایەکی بێ وێنەی وەرگرتبوو.

*

مەشهەدی بەگ هەواڵی بەرەکانی جەنگی پێ گەیی. بەپەلە کەوتە خۆ، لەشکرێکی گەورەی لە کرێکارو جووتیاران سازداو ناردی بو کۆمەکی سوپای سوور.

رووی کردە ئەو کرێکارو جووتیارانەی کە ئامادە بوون بچنە بەرەی شەڕ:

- هاوڕێیان مەرگی مەردانە زۆر شەریفترە لە ژینی بن دەستی، بن دەستی کێش؟ هی عوسمانیان! جا ئێمە لەم شارەدا تەنیا دوو رێمان لەبەردەمە یا مردن یا ژیان. عوسمانیان هەموو دیارییەکی دەستیان بۆ ئازربایجان ئەسارەت‌و کۆیلەیەتییە.

ئەوجا ئەم بەیانەی سەبارەت بەو خائینانەی کە لە بەرەکانی جەنگدا نا ئومێدیان بڵاو دەکردەوە، دەرکرد:

- خائینی شۆڕش‌و نیشتمان هەر کەسێ بێ پێویستە هەر لە مەیدانی جەنگدا لە سێدارە بدرێ.

مەشهەدی بەگ وەستانی بۆ نەبوو، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ ئەم گوندو ئەو گوندی دەکرد، سەری لە بەرەکانی جەنگ دەدا. هەموو هەڵەو لایەنە کزەکانی هەڵدەسەنگاندن‌و هەواڵەکانی بە هاوڕێ شائومیان رادەگەیاند.

مەشهەدی بەگ کەمی هێزی خۆیان‌و زۆری هێزی دژمنی بەراورد کرد، گەییە قەناعەتێ کە پێویستیان بە یەك ملیۆن جەنگاوەرو فیداکار هەیە. چوو بۆ گوندەکانی نزیکی بەرەی شەڕ، مەبەستی گلاوی عوسمانیانی بۆ روون کردنەوە.

هاتوچونی مەشهەدی بۆ گوندەکان‌و بە تایبەتی لەم سەرو بەندەدا جێی مەترسی بوو، چونکە بەگ‌و خانەکان کەوتبوونە کلکە لەقێ‌و فیت نانەوەو کوشتنی بەرپرسیارانی کۆمۆنیست، رۆژ بە رۆژ هارتر دەبوون.

عەزیز بیگوف، سواری ترومبیل بوو، و چوو بۆ یەکێك لەو گوندە پڕ مەترسیانە. ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، جادەکەی خوار ئاوایی بڕی، چووە ناو گوندەکەوە. کەمێ دوور لە ماڵەکان وێستا، دابەزی، خۆی تەکاند. لە تینواندا زاری هیشك ببوو. کانییەك لە خوار ڕێگاکەوە بوو، چووە سەر کانییەکە، دەمو چاوی شتو تێری ئاو خواردەوە. شوفێرەکەش بە دوویا چوو، شپرزە و نیگەران گوتی:

- هاوڕێ کۆمیسەر دڵم ناڕەحەتە. بەڕای من وێستانو لادان لەم گوندە کارێکی دروست نییە. با دەستو چاومان بشۆینو بگەڕێینەوە.

مەشهەدی هەستی بەم نیگەرانیو ترسەی عەلی کرد:

- لەبەر چی عەلی؟

- هاوڕێ کۆمیسەر ئەم گوندە خەتەرە، 3-4 ڕۆژ لەمە پێش یەکێك لە ئەندامانی حیزبو سکرتێرەکەی لەم گوندەدا کوژران.

- عەلی تۆ کەنگێ وا ترسنۆك بووی: ئەوە چییە ماوەیەکە زۆر باسی مردن دەکەی. یانی دەتەوێ قسە لەگەڵ خەڵکی گوندەکە نەکەین؟

- هاوڕێ کۆمیسەر من خەمی تۆمە. نا مەرد بم گەر خەمی خۆم بێ، خەڵکانی وەکو من بشمرن زۆر گرینگ نییە، بەڵام تۆ... ئاخر...

تازە سەرو سەکوتی 5-6 منداڵ لە دووری ئۆتۆمبیلەکە بە دیار کەوتبوو.

- نەء عەلی، ئەم گوندە تۆ گوتەنی ئەگەر خەتەریش بێ هەر دەبێ قسان لەگەڵ خەڵکەکەی بکەین، نابێ بەبێ ئەنجام بگەڕێینەوە.

دەستەسڕەکەی دەرهێنا، دەموچاوی سڕی:

- با چاوەنۆڕ بکەین تا هۆو منداڵانە دەگەنە ئێرە. ئەوسا دەیان نێرین بۆ نێو گوند تا هەموو جوتیارەکانمان بۆ گاز بکەن.

خەڵکەکە، کە خۆیان ترومبێلەکەیان بینی خۆ بە خۆو دەستە دەستە لە گوندەوە بەرەو کانییەکە هاتن. منداڵەکان کە تا ئەو ڕۆژە ترومبێلیان نەبینی بوو زۆر نەدیو بدیانە سەیریان دەکرد. کە مەشهەدی بەگ لێیان نزیك بۆوە سەریان نا پەنا گوێی یەکتریو ئیشارەتیان بۆ لای ئەو دەکرد:

- پێ دەچێ پیاوێکی زۆر گەورە بێ.

یەکەم دەستەی خەڵك گەیشتن. یەکێکیان کە تازە بە نوێنەری حیزب هەڵبژێردرابوو. هەستی کرد مەشهەدی بەگ نوێنەری حکومەتی شوڕەوییە. گوتی:

- هاوڕێ: ئەوە بۆ لێرە دابەزیون؟ خۆ ئەگەر نەداراش بین نانو چایەکمان پی هەڵدەسوڕێ، فەرموو با بڕۆینەوە بۆ نێو گوند.

مەشهەدی بەگ سوپاسی کرد:

- سەلامەت بی هاوڕێ.

ئەوجا نیگایەکی خەڵکەکەی کردو گوتی:

- کێ مەسئولی ئەم گوندەیە؟

- قوربان چووە بۆ شماخی... من جێگری ئەوم، ببورە نەمناسیت, تۆ هاوڕێ عەزیز بیگۆف نیت؟

شوفێرەکە گوتی:

- با، خۆیەتی.

مەشهەدی بەگ چووە سەر تاوێرێكو خەڵکەکەی بانگ کرد:

- وەرن دانیشن با تۆزێ قسان بکەین. دەنگوباسی ئەم ناوە چییە؟

سکرتێری گوندەکە، لە تەنیشت ئەوەوەو لە سەر عاردەکە رۆنیشتبوو، گوتی:

- هاوڕێ کۆمیسەر هەڵبەتە ئاگاداری کوشتنی ئیمام قولی هەی، ئێمە تا ئێستا بکوژانی ئەومان دەستگیر نەکردووە، بەڵام دڵنیاین کە موڵکدارانی گوند کوشتویانە. چونکە هەزاران هیکتار زەوی لێ سەندنەوەو بەسەر جووتیارە هەژارەکاندا دابەشی کرد...

عەزیز بیگوف قسەکەی پێ بڕی.

- باشە ئەم موڵکدارانە ناویان نییە، کەسوکاریان نییە؟ پێویستە بە خۆتان پیاو کوژەکان بدۆزنەوە نەك من.

سکرتێرەکە بێدەنگ بوو. لە ناخەوە ئیعترافی بەبێ دەسەڵاتی خۆیان کرد "ئێمە پیاونین.. کەسێ پیاو نەبێ چی لە دەست دێ؟

جووتیارێك لە تەنیشت سکرتێرەکەوە وێستا بوو. گۆچانەکەی نابووە ژێر چەناگەیو خۆی بەسەریا دابوو. گوتی:

- ئەشەدو لەسەر ئێمەیە بیگرین.

ئەم پیاوە جوتێ شڕە پێڵاوی لە پێدا بوو، جلو بەرگێکی پینە پیناوی لەبەر بوو. کورتە بنەو قەڵەو بوو، لێکدا لێکدا شانی هەڵدەتەکاندو پێڵوی دەتروکاند:

- ئەو بەراز بابە شەوێ بە دزییەوە کوشتی. رای کردووەو کەس نازانێ کێوە چووەو لە کوێندەر خۆی شاردۆتەوە؟

ژمارەی خەڵکەکە بەرە بەرە زۆرتر دەبوو. پاش هەمووان ردێن سپی گوندو موڵکدارەکان هاتن، بەلالوتەوە سڵاویان کرد، هەروا 5–6 شەقاوێ لە دووری مەشهەدی بەگ وێستان.

یەکێك لە نێو خەڵکەکەوەو بە تەوسەوە هەڵیدایێ:

- جەنابی کۆمیسەر عوسمانیان کەنگێ دەگەنە ئێرە؟

عەزیز بیگۆف بە وردی سەرنجی هەموویانی دا، دەیوست خاوەنی ئەم پرسیارە بناسێت:

- هەر دەبێ بە خەیاڵی ئەو پلاوە بی.

ئەو جووتیارەی کە خۆی دابوو بەسەر گۆپاڵەکەیدا گوتی:

- ئەدی بە خەیاڵی چ بێ؟ هەر چییەکی هەبوو لێی سەندراو مەڕو ماڵاتەکەشی بەسەر ئێمەدا دابەش کرا.

هەمان دەنگی پێشوو بەرز بۆوە:

– خوا دەکا دەگەن، ئەوسا بە ملکەچی دێیە بەر دەرکەم و سواڵی مستێ دانەوێڵەم لێدەکەی. هەنگێ منیش دەیڕێژمە بەر سەگ و نایدەم بە تۆ.

مەشهەدی کابرای بینی، ئەوجا بینی. کابرایەکی کامڵی دەستە باڵا، سمێڵەکانی بادابوو، شەپقەیەکی خورمایی لەسەر کردبوو. مشتومڕی زیوینی خەنجەرێك لەبەر پشتێنەکەیدا دەبریسکایەوە. ئەوانەی دەوروبەری بەڕێزەوە سەیریان دەکرد.

عەزیز بیگۆف بە ساردییەوە گوتی:

- ئێمەش هەوڵدەدەین کە هەژاران سەر بۆ تۆو نموونەی وەك تۆ دانەنەوێنن.
- ئەم هەوڵانەتان بێ سوودە کاکی کۆمیسەر. لە قالوبەلاوە نەبووەو نەبینراوە بابایەکی ئەرمەنی ببێ بە سەروەرو گەورەی موسولمانان.

دیاربوو کابرا شەڕی دەفرۆشت، بەڵام کۆمیسەر پارێزی نەداو گوتی:

- هاوڕێیانی گوندی چاو بکەنەوەو ئەو موڵکدارانە بناسن کە زەوییەکانیان دابەش کراوە، چاوە چاوی ئەوەیانە عوسمانیەکان بگەنە ئێرە. جا ئێوەش هەوڵ بدەن و مەهێڵن دژمن بستێ لە خاکی وڵاتمان داگیر بکا.
- ئێمە حکومەتی شوڕەویمان بۆ هەمیشە دامەزراندووە. پێویستە دەنگی خاینانی وەکو ئەو کابرایە خەفە بکەین و بواریان نەدەین جارێکی دی زیندوو ببنەوەو سواری سەری هەژاران ببنەوە.

کابرای موڵکدار کەوتە هەڕو گیڤ:

- دەنگی من خەفە دەکەن! زۆرت نەماوە جەنابی کۆمیسەر، هاکا عوسمانیان گەییشتن. بزانە چۆن هەنگینێ ئەسپە کوێتی لێ زین دەکەم و باکۆ خۆت بگرە وا هاتین! ئیدی هەنگینێ مەعلوم دەبێ کێ کوڕی بابی خۆیەتی.

عەزیز بیگۆف هەستایە سەرپێ. کابرای بە تەواوەتی بینی.

- هاوڕێیان ئا ئەم خاینە دژمنی وڵاتەکەمانە, زۆربەی دژمنانی ئێمە لەم بابەتە کەسانەن. هەر ئەمانەن دژمنیان هێناوەتە سەرمان، تا جارێکی دی بین بە خوێنی هەژارو زەحمەتکێشانەوە بنێین. حکومەتی شورەوی بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەمانە دەستی داوەتە چەك و داوای کۆمەك لە ئێوە دەکا. جا هەر کەسێ نایەوێ جارێکی دی ببێ بە نۆکەرو ئاڵقە لە گوێی ئەم بەگ و ئاغایانە پێویستە...

شوفێرەکەی مەشهەدی بەگ لە دواوە سیخورمەیەکی تێوە ژەندو گوتی:

- هاوڕێ کۆمیسەر ئەوانە چەکدارن و دوور نییە تەقەت لێ بکەن.

مەشهەدی بەگ گوێی نەدایێ و لەسەری ڕۆیی::

- جا یارمەتی دانی کرێکارانی باکۆو سوپای سوور هەر ئەوە نییە دەست بدەیە تفەنگ و بچیتە شەڕ، کۆکردنەوەی ئازووقەو گۆشت و پەنیرو ڕۆن و... ناردنی بۆ بەرەکانی جەنگ خۆی لە خۆیدا جۆرە بەشدارییەکە لەم جەنگە.

شوفێرەکە دیسان وریای کردەوە:

- هاوڕێ کومیسەر ئەو نا مەردە هەموو تاوانێکی لێ دەوەشێتەوە.

کابرای موڵکدار لە پڕ هەڵیکێشایە خەنجەر، نەعرەتەیەکی کێشاو هێرشی بۆ مەشهەدی برد:

- ئەهای خەڵکینە بۆ وێستاون، بۆ ئەم بەد رەوشتە ناکوژن؟ ئاخر ئێمە سبەی بە چ چاوو روویەکەوە پێشوازی برا عوسمانییەکانمان بکەین؟!

هەر لە سەرەتاوە خەڵکەکە بوون بە دوو بەشەوە، ئەوانەی کە لە دەوری سکرتێر خڕ ببوونەوە هەوەڵجار لە بریقەی خەنجەرەکەی ئاغا ترسان. بەڵام پاشان ترسیان شکاو بە کۆمەڵ رووبەڕووی ئاغا وەستانەوە. لەو کاتەدا گوللەیەك لە پشتیانەوە تەقێنرا، باش بوو کەس پێوە نەبوو.

دیار بوو هەر بۆ ترساندنی لایەنگرانی سکرتێر بوو. مەشهەدی بەگو شوفێرەکەی هەڵیان کێشایە دەمانچە، عەلی خۆی دایە پێش مەشهەدی بەگو کەوتە هەڕەشە لە ئاغا:

- تاقە هەنگاوێ بێیتە پێشەوە جەرگت ئاو دەدەم، خەیاڵ نەکەی بەرانبەرەکەت بابایەکی دەستەوستان بێ؟!..

پیرەمێردێکی ردێن سپی کەوتە بەینەوە، ئەو نەبا شەڕێکی حێل دەقەوما. ئاغاو جووتیارەکان کەکابرای ردێن سپییان بینی، کەمێ هێور بوونەوە.

یەکێك لە نێو قەرەباڵغییەکەوە هاواری کرد:

- لالۆ لاکەوە ، خۆت لەم گوڵمەزە مەدە؟

کابرای ردێن سپی تووڕە بوو، هاواری کرد:

- بو کوێ لاکەوم کابرا، لێگەڕێم یەکدی بکوژن؟!

ئەوجا رووی کردە ئاغای خەنجەر بە دەست.

- ئاخر تۆ چیت تا خەنجەر لە کار بەدەستی دەوڵەت هەڵکێشی؟ هەی بەدبەخت، ئەدی ئەگەر عوسمانیان شکان و گەڕانەوە هەنگینێ قوڕی کوێ بەسەری خۆدا دەکەی؟ لات وایە تیر بارانت ناکەن؟!

سکرتێری گوند، رووی کردە کابرای تفەنگ بە دەست:

- ئەهای مەدەد شەش پەنجە خێرا تفەنگەکەت تەسیلم بکە. ئەدی بڕیاری کۆمیسەری هەرێمت نەبیستووە؟

هەموو چاوەنۆڕ بوون، کابرای شەش پەنجە، یەکێکی رێوەڵەی کورتە باڵا بوو. ساڵدانە ساڵدانە هاتە بەرەوەو تفەنگەکەی دانا.

پیرەمێرە ردێن چەرمووەکە لە مەشهەدی بەگ نزیك بووەو بە ئەسپایی پێی گوت:

- برازایەکی منیش تفەنگێکی هەیە. رای دەسپێرم تەسلیمی بکا، بەڵام دەبێ بیبەخشیت.

عەزیز بیگۆف هەستی کرد ئەم ماستەموویەکی تێدایەو ئەم کابرایە ئۆینێکی لەبن سەرییە، بەڵام بە روویا نەداو گوتی:

- زۆر چاکە.

له دڵی خۆیدا کەوتە گازاندە لە سکرتێر: "باشە بۆ تا ئێستا قسەت نەکردووەو قەپۆزی ئەم خوێڕیانەت نەشکاندووە؟"

پاش ئەوەی جووتیارەکان بڵاوەیان لێکردو ڕۆیشتن. پیرەمێردە ردێن چەرمووەکەو چەند کەسێکی دی مەشهەدی بەگیان خوڵك کرد کە بچنەماڵەوە. بەڵام مەشهەدی بەگ بە بیانووی سەرقاڵییەوە لەگەڵیان نەچوو، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ سکرتێری گوند پیاسەی کردو گوێی لە هەموو رازو گازاندەکانی گرت، ئەویان بەجێ هیچشت، سواری ترومبێلەکەیان بوون و یەکڕێ بۆ بەرەی جەنگ. هەرکە گەییشتە بەرەی جەنگ خێرا هەواڵی خیانەتی بەتالیونی حەوتەمیان دایێ. مەشهەدی بەگ وا راهاتبوو هەمیشە بە هێمنی گیرو گرفتەکانی وەردەگرت و کەم و زۆر خۆی شپرزە نەدەکرد. بەڵام ئەم هەواڵە زۆری نیگەران کرد. لەوێ جووتیاران گیرۆدەی پروپاگەندەی ناحەزو دژمن ببوون و لێرەش بە هۆی خیانەتی چەند فەرماندەیەکەوە بەتالیۆنی حەوت شیرازەی پچڕا بوو.

مەسەلەکەش بەم شێوەیە بوو، عوسمانییەکان لەلای راستی بەرەکەوە هێرش دەکەن، دەبوا فەرماندەکانی بەتالیۆنی حەوت بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم هێرشە لە ڕێگایەکی زەلکاوەوە هێز بپەڕێننەوەو سەنگەری تازە لێ بدەن. ئەم کارە کرا بوو، بەڵام لەئاکامی خەم ساردی و خیانەتی هەندێ لە فەرماندەکان، بە تالیۆنی حەوت لەم زەلکاوەدا گیرۆدە ببوون. زەلکاوەکەش لافاوی رووبارەکەی هاتبووە سەرو هێندەی دی عاسێ ببوو، ژمارەیەکی زۆری سەربازەکان خنکابوون و گەلێك لە چەکە قورسەکان نقومی قوڕاو ببوون، عوسمانییەکان بۆسەیان بۆ نابونەوەو پەلاماریان دابوون و هێڵەیان پێ کردبوون. بەمجۆرە بەتالیۆنی حەوت تێك شکا بوو و پاشەکشەی کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا فەرماندەی بەرەی راست توانی بووی پاشماوەی بەتالیۆنەکە کۆ بکاتەوەو سەر لە نوێ ڕێکیان بخاتەوەو لەزەلکاوەکەیان بپەڕێنێتەوە. ئەم بەشەی بەتالیۆنەکە قارەمانانە بەرگرییان کردبوو، شەست شەهیدیان دابوو و نەیان هێشتبوو هێزی عوسمانیان بێتە پێشەوە.

مەشهەدی بەگ تووشی فەرماندەی خەتاکار بوو، لە حەژمەتاندا قسەی بۆ نەکرا، لێوی خۆی گەست، تێکشکانی ریزەکانی سوپا لە کاتێکی وا ناسکدا خیانەتێکی ئاشکرایەو چاوپۆشی لێ ناکرێ. نەیدەتوانی قینی خۆی بشارێتەوە، ئاگر لە چاوانی دەباری، رووی کردە فەرماندەی خەتابارو گوتی:

- تۆ پێم ناڵێی ئەمە ناو دەنەی چی؟ ترس؟ ئەمە ترسی پێ ناڵێن. بەڵکو خیانەتێکی گەورەو تاوانێکی حاشا هەڵنەگرە.

فەرماندەکە بەبەرچاوی هەمووانەوەو زۆر بەساردی پشتی کردە مەشهەدی و ویستی بڕوا. مەشهەدی بەگ پێشی لێگرت:

- وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە، بە ناوی شۆڕشەوە وەڵامم لێت دەوێ.

دیسان مەشهەدی پشت گوێ خست. فەرماندە دەیگوت ئامادە نییە وەڵامی غەیرەز کۆمیسەری جەنگ بداتەوە. بۆیە زۆر بێ شەرمانە دەستەسڕەکەی دەرهێناو کەپوی سڕی.

مەشهەدی بەگ یەخەی گرتو چەند جارێکی راوەشاند. فەرماندە تووڕە بوو گوتی:

- ئەگەر خیانەتیش بێ من بەرپرسیارم نەك تۆ. تۆ چیت؟ ئێمە كۆمیسەری جەنگمان هەیە، دادگای سوپاییمان هەیە.

كۆمیسەرانی باكۆ لە حاڵەتی وادا بەكۆمەڵ وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بۆیە مەشهەدی بەگ بەو قسانە زۆر تورە بوو. كەوتە شوێن فەرماندەكەو تێی راخوڕی:

- بوەستە.

- ئەوجا بە دەنگی بەرز گوتی:

- – راستە من كۆمیسەری جەنگ نیم، بەڵام كۆمۆنیستم. بە ناوی كۆمۆنیزمەوە هۆی ئەم خیانەتەم لێت دەوێ. سەربازەكان دەستە دەستە لەسەر عاردەكە دانیشتبوونو سەیری فەرماندەكەیان دەكردو چاوەڕێی كۆتایی گفتوگۆكە بوون.

مەشهەدی بەگ كە بینی فەرماندەكە زۆر بێ منەتە هەستی كرد رەنگە دڵی لە كەسێك رەنجا بێ، گەڕایەوە لای سەربازەكانو گوتی:

- كۆمۆنیستەكان با بێنە پێشترەوە.

3–4 كەسیان هەستان، بەچەكەوە هاتنە بەردەمی مەشهەدی بەگ.

مەشهەدی بەگ فەرماندەكەی نیشان دانو ئەمری پێكردن:

- هەر ئێستا چەكی بكەنو قوڵ بەستی بكەن.

یەكێك لە كۆمۆنیستەكان بەسەرسامیی گوتی:

- هاوڕێ تۆ بە چ حەقێ فەرمانی وا دەردەكەی؟

یەكێكی تریان تفەنگەكەی ئامادەكردو گوتی:

- هەر ئێستا هاوڕێ عەزیز بیگۆف.

بە پەلە بەرەو فەرماندەكە چوو. كۆمۆنیستەكانی دیكەش دووی كەوتن، فەرماندەكەیان گەمارۆدا. ئەو كۆمۆنیستەی بەر لە هەموویان ئەمرەكەی مەشهەدی بەگی قبوڵ كرد، گوتی:

- قوربان من ناچارم بەناوی شۆڕشەوە چەكت بكەم. گەر سەرپێچی بكەی تەقە دەكەم. هاوڕێ بیگۆف كۆمیسەری گەلە.

رووی كردە فەرماندەكەو گوتی:

- بە یارمەتیت....

كە دەستی برد دەمانچەكەی لە قەد بكاتەوە، لە پڕ فیشەكێك تەقی. كۆمۆنیستی نێو براو دەستی كێشایەوە، وەكو باڵندەیەكی گەورە كە خۆی بۆ فڕین ئامادە بكا گوڕی بەستەوە، هاوسەنگی خۆی لە دەست داو بەدەما كەوت. گوللەیەكی دیكەش لە دەمانچەی فەرماندەكەوە دەرپەڕی. ئەمجارەیان كۆمۆنیستەكان دەوریان گرتو چەكیان كرد. قوڵ بەستیان كردو هێنایانە بەردەم مەشهەدی بەگ. ئەو كۆمۆنیستەی تۆزێ لەمەوبەر پرسیاری لێكرد كە بە چ هەقێك فەرمانی وا دەردەكا، بەڕێزەوە لە بەردەمیا وێستاو گوتی:

- هاوڕێ كۆمیسەر فرمانەكەتمان ئەنجام دا.

مەشهەدی بەگ چاوی لە دوورِ چاوی فەرماندەکە برِی. ئەو سەری داخست.
مەشهەدی بەگ هەزارو یەك جنێوی سەر بەکۆڵکەی دایێ.
- بێگومان تۆ "SR"یت، دادگای سوپایی؟
فەرماندەکەیان برد. دەمو دەست فەرماندەیەکی دیکەیان لە جێی دانا.
مەشهەدی رووی کردە سەربازەکان:
- رووسیای سوشیالیستیو ئەو دیو قەفقاس چاویان لە ئێوەیە. لینین دڵی بە ئێوە خۆشە، جائێوەش وەکو هاورِێی دڵسۆز هیواو ئاواتەکانی بێننە دی. بژی کۆمون.
لە نێو هەڵهەڵەی پرِ جۆش و خرۆشی سەربازانەوە، دەنگی فەرماندەی تازە هاتە گوێ:
- ئامادە بن.
دوای چەند دەققەیەك، تێکەڵ بەریزی پێشەوەی بەرە بوونو بوون بە پاڵپشتی ئەوان.
* * *
مەشهەدی بەگ هیلاك و ماندوو بۆ شار گەرِایەوە. لە رێگای گەرِانەوەدا سەری لە بریندارانی شەرِدا، لە شاریشدا پەشێوی و شڵەژان شەپۆلی دەدا. ئەم جەنگە رێك سێ مانگ دوای قاتو قرِیو گرانییەکە رووی دابوو. بارودۆخ زۆر لە جاران ناهەموار تر بوو. مەشهەدی بەگ ئەم بارە نالەبارەی هەموو رۆژێك و لە هەموو شوێنێکدا بە چاوی خۆی دەبینی. بەڵام تا بۆی دەکرا خۆی قایمتر را دەگرت. هێشتا ورِو کاسی رووداوە دڵتەزێنەکەی ئەورِۆ بوو. کێشەیەکی گەورە ناخی دەکێڵا. دەیوست لایەنە لاوازەکانی خۆی بدۆزێتەوەو چاریان بکا. ئەم جەنگە دەروونییە لەلایەکەوە زادەی ناکۆکی نێوان ویستی پۆڵایینو شیرازە پچرِان بوو، و لە لایەکی ترەوە زادەی جەستەی لاوازو بێ توانای خۆی بوو.
ئەم جەنگە دەروونییە وەختێ دەگەییە لوتکە کە چووبا بۆ بەرەکانی شەرِ یا بۆ گوندەکان. کە ئاژاوەگێرِێ یا دژمنێکی شۆرِش گیرابا و بارودۆخی شار بشڵەقایە ئەو سوورتر دەبوو لەسەر کار کردن.
باکۆ گەمارۆ درا بوو، ئەڵقەی گەمارۆکە رۆژ بە رۆژ تەنگ تر دەبوو. مەشهەدیو هاورِێکانی کەوتبوونە تەنگانەیەکی دژوارەوە. مەشهەدی لە رێگا تووشی سەلیم بوو، پێکەوە بۆ شار گەرِانەوە. بە دیتنی سەلیم خۆشحاڵ بوو، هەستی کرد باری سەر شانی کەمێ سووك بوو، بۆ یەکێ دەگەرِا دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵرِێژێو پشوویەکی خۆشی تێ بگەرِێ. کە گەیشتنە ماڵەوە سەلیم کەسی نەبینی:
- ئەدی منداڵەکان بۆ کوێ چوون؟
- ناردمن بۆ باغ.
- دروست نییە، کەی وەختی ئەوەیە ماڵ و منداڵ لە شار دەربچن.
مەشهەدی بەگ هەرکە گوێی لەمە بوو خێرا لەگەڵ قسەکانی ئەو شەوەی سەلیمدا پێکەوەی گرێدا. تەواو دڵنیا بوو کە سەلیم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گۆرِاوەو سەلیمەکەی جاران نییە، رووی تێ کردو گوتی:

- سەلیم تۆ زۆر ترسنۆك بووی، پێم ناڵێی هۆی چییە؟ بیرتە وەختێ لە دانشگا بووین تۆ لە هەمووومان چاونەترس‌و بوێرتر بووی. دەزانم ژن تۆزێ پیاو دەبەستێتەوە، باشە چ هۆیەکی دی لە گۆڕێیە؟

سەلیم پێکەنی:

- تۆ تیری خۆ دەهاوی‌و پاشان بە دووی هۆی تردا دەگەڕێی.

من ترسنۆك نیم‌و هەر سەلیمەکەی جارانم، بەڵام تێ ناگەم بۆ لەبەر چاوی تۆ گۆڕاوم.

مەشهەدی بەگ حەکایەتی گوللەکەی پۆشکینی بۆ سەلیم گێڕایەوە:

- سەلیم ناشێ دوای ژن هێنان ترسنۆك بووی؟ شەڕی دوو کەسی "دوئێل" لە شەری راستەقینە ئاسانتر بوو. لەویاندا بە مردنی لایەك شتەکە دەبرایەوە. ئەمە زۆر ئاسانە، یا تۆ خەنیمەکەت دەکوژی یا ئەو تۆ دەکوژێ‌و شتەکە دەبڕێتەوە. بەڵام ئێستا ئێمە شەڕ لەگەڵ زیاتر لە نیوەی جیهان دەکەین.

سەلیم لە قسەکەی مەشهەدی رەنجاو گوتی:

- مەشهەدی تۆ بە ناهەق من گوناهبار دەکەی. بە چیدا دەزانی من دەترسم؟
- بە زۆر شتا، ئەو شەوەش زۆر شتت لێ شاردمەوە... بۆ؟
- نەخێر تۆ بە هەڵەچووی، چونکە من چە نهێنییەکم نییە تا لە تۆی بشارمەوە.
- باوەڕت پێ ناکەم.

بێدەنگییەکی کەم کەوتە نێوانیان. مەشهەدی دەیزانی سەلیم دەیەوێ خۆی ئاسایی بنوێنێ، بۆیە زۆر بە هێمنی قسەی دەکردو هەر قسەیەکیشی دەکرد وچاێکی بۆ دەگرت. مەشهەدی بەگ بە ئانقەست‌و بێوەی سەیری ئەو بکا گوتی:

– سەلیم من هەرچییەکم بە خەیاڵدا هاتبێ بە راشکاوی پێتی دەڵێم, تۆ پێت وایە عوسمانیان دێن‌و باکۆ دەگرن‌و دەکەونە راوە کۆمۆنیستان‌و لە سێدارەدانیان... تۆش سووری لەسەر ئەوەی تائەو رۆژە نەهاتووە خۆمان دەرباز بکەین... وایە؟.

سەلیم رەنگی تێك چوو. مەشهەدی هەستی پێکردو پرسی:

– بۆ دەتەوێ لێرە دوور بکەوینەوەو بچین بۆ جێییەکی دی؟ لە قسەکانی ئەو شەوەشتا هەستم بەمە کرد.

جووتە هاوڕێ تاوی لێکدی رامان. سەلیم ویستی سەرسامی خۆی وەشێرێ، بەڵام کە زانی چ شتێ لە سەرنجە تیژەکانی مەشهەدی ون نابێ ئیدی خۆی ماندوو نەکردو بە راشکاوی گوتی:

– راستە مەشهەدی من لە بیری ئەمەدا بووم، ئاخر ئێمە کۆمۆنیستین‌و نابێ ساکارانە رووداوەکان لێك بدەینەوە، هەرکە دەستمان لە رووسیا بڕێ ئیدی دەبین بە پۆڕی خوراو. باکۆی تەنیا باڵ بەرانبەر بەسێ دژمنی خوێن رێژ چی لە دەست دێ؟

مەشهەدی بەگ هەستا, نیگەران‌و شپرزە کەوتە هاتوچۆکردن:

- کەواتە دەبێ چەکەکان فڕێ بدرێن. واتە هەوڵو ڕەنجو خەباتو تێکۆشانی هاوڕێکانمان بێهودەو ناهەقە.
- نا، نا... ئێمە دەبێ بجەنگین. بەڵام پێویستە بەسەر لەبەری مەسەلەکانا بچینەوە. باشە ئەم هەموو زیانو کوشتو کوشتارە دەگاتە کوێ؟
- بەڕای من ئەگەر سوور بزانین دەشکێین هەر دەبێ بجەنگین، چونکە خەڵکەکە یەك دنیا شت لەم شەڕەوە فێر دەبن.

سەلیم وردە وردە هەستی بە ناکۆکییەکانی ناخی خۆی کرد. ئەو مەسەلانەی جاران لەلای بەقەد ئاو خواردنەوە ئاسان بوونو بە جوانی پەی پی دەبردن، هەنووکە ئاڵۆزکاونو دووچاری بی ورەییان کردووە.

مەشهەدی هەموو ئەم ئاڵۆزانەی ناخی لە سیمایدا خوێندەوە.

- دیارە تۆ نازانی شۆڕشگێڕی ڕەسەن لە بواردا دەردەکەوێ، ئێستاش بوارەکە بەرۆکی گرتوین، هەڵبەتە لەم کاتەدا سەرپێچی لە پراتیکی شۆڕشگێڕی بکەیو خۆ لە بوارەکە بدزییەوە قەت شایستەی ئەوە نابی ناوی شۆڕشگێڕی کۆمونیستت لێ بنرێ. جا بابایەکی کۆمۆنیست مردنی چاترە لەوەی خۆ لە بوار بدزێتەوە.

سەلیم بە دەنگێکی ڕەنجاوەوە گوتی:

- ئەوە قسە بۆ کێ دەکەی؟ گوایە ئەمانەش نازانم؟

سەلیم ئەمانەی دەزانی، بەڵام دەستەمۆی ترسو گومان ببوو، گەرچی بە ڕواڵەت تەواو پێچەوانەی مەشهەدی بەگ بوو، بەڵام لە ناخدا قەناعەتی بە هەموو قسەکانی ئەو هەبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "مەسەلەی تیۆریم زۆر خوێندۆتەوە بەڵام پراتیکی مەیدانیو ڕۆژانەم زۆر کەمە. هەموو کەموکوڕییەکی من ئەمەیە.

بۆ ئەوەی قسەکە بگۆڕێ بە ئانقەست گوتی:

- ئەمانە مێژوو وەڵامیان دەداتەوە... باکۆ بە تەنێ دەرەقەتی دژمنانی بەهێزو دڕندە نایەت.

مەشهەدی بەگ گوتی:

- ئەدی تەگبیر؟ دەستەو ئەژنۆ دانیشین؟ ئاڵای سپی هەڵکەین؟

سەلیم هەستی بە ڕەقی قسەکانی مەشهەدی کرد، بەڵام بۆوەی پتر نیگەرانی نەکا بێدەنگ بوو، ئێستا هەردووکیان گەیینە قەناعەت کە دۆستایەتی و برایەتی دێرزەمانەیان لەوە پتر بڕ ناکا، مەشهەدی بەگ پێش سەلیم هەستی بەم لێك دابڕانە کردو زۆری لەبەر گران بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "سەلیم زۆر ترسنۆكو بوودەڵە بووە، گیانی خۆی لە هەموو شتێ خۆشتر دەوێ".

مەشهەدی بەگ لە پڕ هەستا، بەرانبەری لە سەلیم گرت، دەیوست نهێنییەکانی دەروونی لە چاوانیا بخوێنێتەوە، گوتی:

- دەی بڵێ بزانم تەگبیرمان چییە؟ چی بکەین باشە؟ تۆ تیر دەهاوی‌و کەوان دەشارییەوە، ئەگەر لە ترسا قسەکانت ئاشکرا ناکەی ئەوا غوزر لە قەباحەت خراتر.
- من نە هیچم شاردۆتەوەو نە دەشترسم، بەڵام پێ دەچێ قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێفایدە بێ، هەڵبەتە پلەوپایە کوێری کردویت، قسەیەکی دۆستانە بە هەزار شێوەی ناقۆڵا لێك دەدەیەوە.

سەلیم هەستایە سەر پێ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. دەستەسڕەکەی دەرهێناو ئارەقی سەر هەنیەی سڕی. مەشهەدی بەگ بە رووبا گرژییەوە، گرژینەوەکەی پتر داخ‌و کەسەر بوو تا تەوس‌و توانج، مەشهەدی دەیویست ئەوە بە سەلیم بسەلمێنێ کە جیابوونەوەی رێگای خەباتیان نەك شتێکی رواڵەتییە، بەڵکو زادەی جیاوازییەکی قوڵی ئایدیۆلۆژییە.

- مەشهەدی بەگ، ئازربایجان پێویستی بەتۆو بە نموونەی وەك تۆ هەیە، تۆ بە ناهەق ئەم مەسەلەیە فەرامۆش دەکەی. ئەگەر پێوەندیش لەگەڵ من دەپچڕی، راستی لە بیر مەکە. ئێمە جگە لەپاشەکشەو کەم کردنەوەی زەرەروزیان چ چارێکی دیمان نییە، پێویستە تۆش‌و هەموو هاوڕێیانی کۆمۆنیست ئەمە چاك بزانن، من دەچم بۆ هشترخان بۆ تۆش ئەمە بە چاك دەزانم.

مەشهەدی بەگ چ قەسەیەکی نەکرد. لە کاتی خوا حافیزیداهەردووکیان بە ساردی دەستی یەکیان گوشی،هەردووکیان نیگای یەکدیان دەکردو شریتی تەمەنی هاوڕێیاتی دانشگاو پێکەوە کارکردنی شاری باکۆیان دەهاتەوە بەرچاو، ئێ بەڵکو شتێکی تێدا بهێڵنەوە، بەڵام هەردووکیان نائومێد بوون.

سەلیم رۆیی، چاوی لە عاردی هەڵنەدەبڕی، بە هەنگاوی سستەوە رێی دەکردو بیری لە رابردوو و داهاتوو دەکردەوە، سیمای تەاو تێك چوو بوو و پێ دەچوو وا هەست بکا کە بە نرخترین شتی ون کردووە.

* * *

"هاوڕێیان چەکەکانتان توند بگرن، دژمن گەییوەتە دەروازەکانی باکۆ چەك هەڵگرن".

لەشکری عوسمانیان رۆژ بە رۆژ لە باکۆ نزیکتر دەبۆوە.

"هاوڕێیان دەست بدەنە چەك‌و بەرگری لە دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەن"

مەشهەدی بەگیش لەگەڵ هەموو هاوڕێکانیا ئاڵای سووری هەڵگرتبوو، هاواری دەکرد:

- بەسەرفرازییەوە بەرەو پیری مەرگ دەچین‌و باکۆی دایك‌و خۆشەویستمان بەدژمن ناسپێرین. خاینان لە گۆڕ دەنەین. هاوڕێیان هەرنەپێش سەنگەری پیاوەتی‌و جوامێری چاوەڕێتانە.

سەنگەری قایم لەبەر دەروازەکانی باکۆدا لێدرا، دژمن بۆ چەندەمین جار رووبەڕووی بەرەنگاری بەلشەویکان بۆوە. گوڵاڵەی خوێن لە هەموو بستە ئاخێکی وڵاتا روا بوو. هەناسەی گەرم‌و پشوودرێژی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست هەتاوی شەرمەزار دەکرد، باکۆی قارەمانیش بێ باکانە لەجێی خۆی وێستا بوو.

* * *

سەلیم لەو دەمەدا کە دەیویست بۆ هشترخان بڕوا، دیسان مەشهەدی بەگی بیر کەوتەوە. بە پەلە چوو بۆ بارەگای شورای کۆمیسەرانی گەلی باکۆ:

بە دەستی خۆی، خۆی بە کوشت دەدا.

مەشهەدی بەگ لە کابینەکەی خۆی رۆنیشتبوو، بە پەرۆشەوە تاقیبی رووداوەکانی دەکرد. کە سەلیمی بینی خۆشحاڵ بوو، وەڵامی سەلامەکەی بیرچۆوە:

– ها، خێرە؟ ناشیٚ بۆ ئەوە هاتبی منیش هەڵێم؟

لە پڕ هاواری کرد:

– بۆ مردن لەگەڵتم، بەڵام بۆ هەڵاتن نە و هەزار نە.

سەلیم گرێی دڵی بۆ کردەوە:

– کاکە گیان خۆ ئاڵای خیانەت هەڵکراوە... چ ئومێدێکی سەرکەوتنمان نییە. فەرماندەکانی داشناک تەسلیم بوون و لەگەڵ عوسمانییەکان ڕێك کەوتوون. وەزعەکە رۆژ بە رۆژو سەعات بە سەعات خراپتر دەبیٚ. فیوداڵەکانی گنجەو قوزاقەکان لەگەڵ عوسمانیان ڕێك کەوتوون و بەرەو ئێرە دێن. چاوەنواڕی بیٚ سوودە. لە هەموو گوندو شارۆچکەکاندا سێدارە هەڵخراوە. خەڵکی لە ترسی مەرگ شێت بوون.

مەشهەدی بزەیەکی ساردی کەوتە سەر لێوان، قسەکەی پیٚ بڕی:

– وا دیارە تۆش لە مەرگ تۆقیوی.

سەلیم بێدەنگ بوو، وشەکان لە بینی گیرا، خەریك بوو دەخنکا، مەشهەدی بەگ خوێی بەزامەکانییەوە کردبوو. دەستی دا بە یەکاو وەك بڵێی شتێکی بیر کەوتبێتەوە:

– مەشهەدی بەگ من لە مەرگ نەتۆقیوم، کە ڕێی خۆ رزگارکردن هەبیٚ ئیدی بۆ خۆ بەدەستی دژمنەوە بدەم؟ ئینگلیزەکانیش لە ئێرانەوە بەرەو باکۆ هاتوون، ئەوەی من بیزانم SRو مەنشەویك و داشناکەکانیش لەگەڵیان ڕێك کەوتوون.

مەشهەدی چاوی بڕی بووە شوێنێکی نادیارو لە حەژمەتا لێوی خۆی دەکرۆشت:

– تۆ لە گویی گادا نووستووی. ئەوانە لەمێژە خۆیان بە ئینگلیز فرۆشتووە.

– بەم حسێبە، درەنگ یا زوو عوسمانییەکان یا ئینگلیزەکان دەگەنە ئێرە، هەردوولاشیان لە کۆمۆنیستان بەداخن.

مەشهەدی بەگ تەواو دڵنیا بوو لەوەی کە سەلیم ترساوەو مەحاڵە قەناعەتی پیٚ بکریٚ، بەڵام لە رووی دڵسۆزییەوە گوتی:

– سەلیم هەڵاتن ڕێگای رزگاری ئێمە نییە، ئێمە چاوەڕێی فرمانی لینینین. شائومیان بروسکەی بۆ ناردووەو هەموو شتێکی بۆ روون کردۆتەوە. منیش دەزانم وەزعمان دژوارە، بەڵام تاقە ڕێگای رزگاری تەنیا خەبات و تێکۆشانە، ئەم ڕێیە نەبیٚ ئیدی هەموو ڕێیەکی دی بەرەو هەڵدێرو نەمانمان دەبا، ئێمە ناکریٚو نابیٚ ڕێگا بە جاش و خۆفرۆشان بدەین بە بەرچاومانەوە باکۆ وێران بکەن.

سەلیم نیگایەکی پڕ لە تکاو پاڕانەوەی مەشهەدی کرد:

- دژمن زۆر بە هێزە، مەرگی بێ مەعناش سوود بە کەس ناگەیەنێ. منیش لەگەڵ ئەوەدام لەگەڵ روسیای شوڕەویدا هاوخەبات و هاوکار بین. هەر لەبەر ئەمەشە بۆ هشترخان دەچم.
- ئەگەر روسیای شوڕەوی بۆ ئێمە پێویست بێ، ئەوا ئەویش پێویستی بە باکۆ هەیە. ئێمە ناچارین لەبەر خاترو لەپێناوی شۆڕش و کۆمارەکەماندا تا دوا هەناسە بەرگری بکەین. شۆڕش نەوتی لە باکۆ دەوێ، ئەمە ئەو راستییە دیارو سادەیەیە کە....

زەنگی تەلەفۆن قسەکەی پێ بڕی. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

- سلاو هاوڕێ شائومیان. کرێکارانیباکۆ حازرو ئامادەن. لە کۆبوونەوەکەدا من و سەردارۆف و 6-7 کرێکار قسەمان کرد، هەموو قسەمان یەك بوو. کەس ترسی لە لەشکری عوسمانی نییە. بەڵێ؟.... هەر ئێستا.

تەلەفۆنەکەی دانا. دەفتەری یاداشتەکانی هەڵگرت. رووی کردە سەلیم:

- باشە ئەمە باشترین چارە، تۆ بڕۆ بۆ هشترخان، ئێمە بەرگری لە باکۆ دەکەین. کە دژمنانمان لە خاکی ئازربایجان دەرپەڕاند دووبارە بگەڕێوە. هەڵەی ئێمە لەوەدا بوو کە گنجەمان نەگرتە دەستی خۆمان و لە ئاغاو دەرەبەگانی چەپەڵمان پاك نەکردەوە.

ئەوجا خوا حافیزی لێکرد:

- من دەبێ ئێستا بڕۆم، چونکە هەر ئێستا کۆبوونەوەی شورای کۆمیسەران دەست پێدەکا.

* * *

شائومیان لە کۆبوونەوەی شورای کۆمیسەرانی گەلدا دەقی ئەو بروسکەیەی خوێندەوە کە لە مۆسکۆوە هاتبوو. لە بروسکەکەدا باسی ئەو گەلە کۆمەکێیە کرابوو کە هێزی دەست درێژکەری ئینگلیز و فەرەنسا لە رۆژهەڵاتەوە دژ بە حکومەتی شورەوی کردبوویان. هەروەها باسی ئەو دارو دەستانەش کرابوو کە بەرژەوەندی و قازانجی ئیمپریالیزمی فەرەنسی و ئینگلیزیان دەپاراست. کۆمیسەرانی گەل دوائیئەم کۆبوونەوەیە خۆیان بە تەواوی پەیت کرد تا هێزی خاین و خۆفرۆشان بنبڕ بکەن.

لە 918/7/25دا کۆنفرانسی کۆمیسەرانی گەلی باکۆ گیرا، کە مەشهەدی بەگ چووە هۆڵەکەوە، هۆڵەکە پڕ ببوو، جگە لە سیما ناسراوەکان، نوێنەری زۆربەی شورای هەرێمەکان و کۆمیتەی کەشتیرانی ئامادە ببوون. هەڵچوونێکی نائاسایی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا بوو. بڕیار بوو ئەوڕۆ هەموو لایەنێکی کۆمۆنە روون بکرێتەوە. هەر چەند زۆربەی پەنجەرەکان کرابوونەوە بەلام هێشتا هەر پیاو هەناسەی سوار دەبوو. هاواری ناڕەزایی هۆڵەکەی پڕ کردبوو. لە راستیا خەباتی ئێرە چی وای لە هی بەرەکانی جەنگ کەمتر نەبوو. ئالیوشا جاپاریدزە سەرۆکی کۆنفرانسەکە بوو. کردنەوەی کۆڕەکە بە شائومیان سپێردرا بوو، شائومیان رووی کردە دانیشتوان و زۆر بەهێمنی و بە توانایەکی بێ

وێنـەوە بارودۆخـەکانی بـەرەی شـەڕی روون کـردەوە، پـاش ئـەوەی بروسـکەکەی مۆسـکۆی خوێندەوە بەمجۆرە لەسەری رۆیی.

- دەربـارەی شـەڕی ئینگلیـز چ گومـانێکی تێدانییـە، بـاکۆی سوشیالیسـتی بەشـێکە لـە رووسیای شورەوی‌و جوێ نابێتـەوە, بۆچوونەکانی لینین لەمەڕ پرولیتاریـای باکۆ لـە جێـی یاسـایەو گفتوگـۆی لەسـەر نـاکرێ، بۆیـە مەسـەلەی شـەڕی ئینگلیـز ناخەینـە بەرنامەکەمانەوە.

هاواری ناڕەزایی هۆڵەکەی داگیرکردبوو. SRـەکان چونکە بە پێشنیازەکەی شائومیان رازی نەبوون، لە جێی خۆیانەوە کەوتنە هاوار:

- ئینگلیز بۆ رزگاری ئێمە دێن.

هـاواری خائینـان هۆڵەکـەی هێنـابووە لـەرزە، ریزەکـان ئاشـکراتر ببـوون. دوو جیهـان رووبەڕووی یەکدی ببوونەوە. نوێنەری SRـەکان لە جێی خۆیەوە هاواری کرد:

- چی برسێتی‌و قات‌و قڕیەك هەیە لە چارەی بەلشەویکەکانە. کرێکارانی باکۆ پێویستیان بە کۆمەکی ئینگلیزە.

کرێکارێکی باکۆیی بە دەنگێکی نێر قسەکەی پێ بڕی:

- ئەمە لەکەیەوە کرێکارانی باکۆ تۆیان کردووە بە دەم راست‌و نوێنـەری خۆیـان؟ تـف لـە چارەت هەی خاینی خۆفرۆش.

هاواری پشتگیری‌و ئافەرین هۆڵەکەی هاڕوژاند، مەشهەدی بەگ "ترویانف"ی بیرکەوتەوە، مۆڵەتی قسەکردنی وەرگرت، هێشتا هەراو هەنگامەی نێو هۆڵەکە نەبڕابۆوە. هـەمان کرێکار هاواری کرد:

- کرێکـارانی بـاکۆ هـەرگیز سـەر بـۆ ئـەم جـۆرە خیانەتـە شـۆڕناکەن، لـەلای ئێمـە ئینگلیـزو SRــەکان بـران‌و چ جیاوازییـەکیان نییـە، هـاواری پشـتگیری کرێکـارانیش پـتر بـۆ ئـەم مەبەستەیە.

مەشهەدی بەگ لیستەیەکی دەرهێنا، هەزاران ئیمزاو پەنجەمۆری پێوە بوو. بـە دانیشـتوانی نیشانداو دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

- ئێمە باکۆ بە بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتوو لە کۆمارەکانی روسیا دەزانین‌و ئایندەی خۆمان بەئایندەی پرولیتاری روسیاوە گرێ دەدەین. بۆیـە ئێمـەی کرێکـارانی بـاکۆ هـەر رایەك بۆنی جیابوونەوەخوازی لێ بێ پێشوەختە رەتی دەکەینەوەو پێی قاییل نابین.

ئەوجا درێژەی دایێ:

- بەڵام ئێوە دەتانـەوێ کرێکـارانی باکۆ بخەنـە سایەی ئـاڵای پوچەڵی خۆتـان‌و بیکـەن بـە شەریکی خیانەتەکانتان.

ئـارەق لـە دەسـتی مەشـهەدی دەچـۆڕایەوە. دەستەسـڕەکەی تـەواو تـەڕ ببـوو، SRـو مەنشەویکەکان کردبوویـان بـە هەرایـە ئـەو سـەری دیـار نـەبێ. مەشـهەدی گـوێی نـەدانێ. بـە پێویستی دەزانی کرێکارانی باکۆ وریا بکاتەوە.

- بەڵێ ئێمەو ئێوە بەدوو زمانی جیاواز قسان دەکەین، بۆیە لە یەکدی تێ نەگەیشتین‌و تێش ناگەین. ئێمە بە زمانی یەکێتیی جەماوەری شوڕەوی قسان دەکەین، دژمنانی ئێمە بە زمانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران قسان دەکەن. دەسەڵاتی خاین‌و خۆفرۆشانی نێو بەرەکان وەکو رۆژ روونە..

مەشهەدی بەگ بابەتی قسەکەی گۆڕی بوو. بە ئاشکرا نەفرەتی چینایەتی بە قسەکانییەوە دیار بوو. کۆمیسەرانی باکۆ چونکە یەك قسەو یەك رابوون هەستیان بە بەهێزی خۆیان دەکرد.

وەختێ جاپاریدزە بابەتەکەی خستە بەردەم رای گشتی،هۆڵەکە کپ بوو.

- ئێمەی بەلشەویك بە پشتیوانی هێزی خۆمان‌و توانای لەبن نەهاتووی رەش‌و رووتی شۆڕشگێڕو بەپشتیوانی رووسیای شوڕەوی بڕیارمان داوە تا دوا هەناسە درێژە بە خەبات بدەین‌و لە ئینگلیزو هاوپەیمانەکانی نەپرینگێینەوە.

هەموو دانیشتوان چاوەڕێ بوون. مەشهەدی بەگ دەنگی لێدانی دڵی خۆی دەژنەوت. ئەوانەی نەدەبینی کە لە دەرێی بارەگادا وێستا بوون، کە بەلشەویکەکان 236 دەنگیان هێنا کۆنفرانسەکە هێندەی دی گەرم بوو. جاپاریدزە دەستی بە قسان کردەوە:

- SRەکان بە هاتنی ئینگلیزو دامەزراندنی حکومەتی ئیئتیلاف رازی دەبن.

لەم دەمەدا بێدەنگییەکی کپ باڵی بەسەر کۆنفرانسەکەدا کێشا بوو، بە هاسانی هەراو هوریای دەرێ را دەبیسترا. مەشهەدی بەگ بە دزییەوە نیگایەکی ئەو دەستانەی کرد کە بەرز کرابوونەوە، گومان‌و دوو دڵی سەراپای داگرت، کە نۆرەهاتە سەر ژماردنی دەنگەکان ئەویش وەکوو هەمووان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکردو لە جێی خۆی نەدەهێوری. SRەکان "259" دەنگیان هێنا. جاپاریدزە بە سەرسامی روانییە شائومیان‌و بە خەمبارییەوە گوتی:

- بەلشەویکەکان "23" دەنگ کەمتریان هێنا.

وەختێ ئەنجامی راگیرییەکە راگەیەندرا، خاینان‌و بەکرێگیراوانی ئینگلیز کەوتنە شایی‌و هەلەکە سەما. شائومیان روخسەتی قسەکردنی وەرگرت.

- ئێمە وێڕای هەڵبژاردن‌و راگیریش کەم‌و زۆر لە پەیامی مێژوویی چینایەتی خۆ لانادەین. بۆ دوا جار پێتان رادەگەیەنم کە دەست لە خیانەت هەڵگرن.

کۆنفرانسەکە بۆ چەند دەقەقەیەك وێستا. ئەو خەڵکەی بەردەم بارەگاکە هێشتا بڵاوەیان لێ نەکردبوو. چاوەڕێی ئەنجامی کۆتایی بوون. باکۆ ببوو بە یەك پارچە گوێ‌و چاو، قسەی سەرزاری خەڵکەکە ئەمە بوو:

- ئینگلیزەکان دێن....
- نە تورکەکان دێن..

وەختێ شائومیان‌و بەلشەویکەکان لە ژووری راوێژکاری وەدەرکەوتن کۆنفرانس دەستی پێکردەوە. کۆمیسەرانی باکۆ هەر یەك بڕیاریان هەبوو:

– باکۆ لەو شورایانەیە.

شائومیان گوتی:

– ئێمە بەرپرسیاری سیاسەتی خیانەتکارانەی ئێوە نابین....

ئەوجا هێمن و لەسەر خۆ درێژەی دایێ:

– من بە حکومەتی مەرکەزی رادەگەیەنم کە راست رەوەکان کەڵکیان لە بارۆدۆخی نا هەمواری باکۆ وەرگرتووەو کەوتوونەتە داونانەوەو خیانەتکردن دژی شۆڕش و شوراکان.

لەم رۆژەوە ئیدی رۆژانی پڕ کارەساتی باکۆ دەستی پێکرد.

* * *

پورە مەحسوم، دوو رۆژ بەر لە گرتنی کۆمیسەران، هاتبووە لای مەشهەدی بەگ و داوای یارمەتی لێ کردبوو بۆ منداڵە نەخۆش و برسییەکان. مەشهەدی بەگ ناردبووی بۆ باغ بۆ لای ژن و منداڵەکەی و رای سپاردبوو کە پێیان بڵێ لەم رۆژانە سەریان دەدا.

پورە مەحسوم رۆیی. پستەخان نەخۆش و بێ تاقەت لە جێدا کەوتبوو، راسپاردەکەی مەشهەدی بەگی پێ گوت. هەموو خۆشحاڵ ببوون. بەڵام پاشان هەواڵ هات کە مەشهەدی بەگ و هەموو هاوڕێکانی گیراون و وان لە زیندانی دیکتاتۆریەتی تازەدا.

وەختێ کۆمیسەرەکان لە رێی شماخییەوە بۆ زیندان دەبران مەشهەدی بەگ رووداوێکی خەمناکی بینی.

– نزیکی کەناری دەریا، لە پەنا دیوارێکدا ژنێك لەگەڵ منداڵەکانیا دەرۆزەی دەکرد.

پاسەوانان مەشهەدی بەگ و ئارسن"یان دابووە پێش. کە گەیشتنە ئاستی ژنە دەرۆزەکەرەکە، مەشهەدی بەگ تەماشایەکی کرد، ناسییەوە، پورە مەحسوم بوو.

مەشهەدی بەگ ویستی خۆی بگەیەنێتێ و ئەو تاقە دینارەی کە پێی مابوو بیداتێ. بەڵام پاسەوانەکە قۆناغە تفەنگێکی خێواندێ و نەی هێشت....

---------------

[1] من شۆڕشگێڕێکم ئامادەم بە گژ لافاوا بچم.

2– SR: مەبەست لە سوسیال شۆڕشگێڕەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیایە کە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی بۆرژوایانەی دژ بە شۆڕشی روسیا بوون.

3– هشترخان: شارێکی گەورەی ئازەربایجانە.

بيز كومونيزم يولوندا ئولوروك!

ياشاسين كومونيزم!

کەشتی "تورکمن" بە خێرایی دەڕۆیی و شەپۆلەکانی بە کەنار دەسپارد. مەشهەدی بەگ خۆی بەشیشی پەنجەرە ئاسنەکانەوە هەڵپەساردبوو و سەیری دەریای بێ سنووری دەکرد. دنیا رووناك ببۆوە. ئاسۆی ئەرخەوانی خۆی لە ئاوی روونی دەریا وەردەدا، تا چاو هەتەر دەکا هەر دەریا و رەنگی دەریا بوو. کێ دەیزانی نیگای مەشهەدی بەگ بە دووی کێدا وێڵ بوو، دڵداری لەگەڵ کێ دەکرد؟

ئێستا باکۆ لە کوێیە؟ تورکمەن بۆ هێندە بێ وەفایە؟ مەشهەدی بەگ لە دوێنێوە زۆر پەرێشان بوو. پتر لە سێ رۆژ بوو خەو نەچوو بووە چاوی. ئاڵۆزی بیرو گەردولوولی دەروون بواری خەویان لێ بڕی بوو.

ئایندەی خێزانەکەی: ژنە نەخۆش‌و دایکە پیرو کوڕە ساواکەی کە بێ ماڵئاوایی جێی هێشتن، دێنایەوە بەرچاوی خۆی، کێ دەیزانی کێ مردووەو کێ ماوە؟ باکۆ! باکۆ! تۆ بووی بە وێرانەو بێگانانت لە ئامێز گرت! بێ چارەو داماو خۆت دایکە، دیسان نۆرەی هەنسك‌و فرمێسکە.

باکۆ، کەوتبووە دەستی دژمنانی شۆڕش، هەموو زمانێکی هەقوێژ لە باکۆدا هاتبووە بڕین. هەر شۆڕشگێڕێ لام‌و جیمی کردبا، بە سێدارە دەسپێردرا، تەنیا جەنگاوەرانی کۆمۆنیست دووچاری ئەم بارە سەخت‌و دژوارە نەببوون. ئاگری ئەم دۆزەخە هەموو کەسێکی گرتبۆوە. دوکاندارە چکۆلەکان کەم‌و زۆر ئاگایان لە سیاسەت نەبوو، حوشترەوانەکان، کاروانچییان‌و... هەر هەموو.. شتاقیان دڵیان بە ژیان خۆش نەبوو. ئاگرو ئاسن حوکمی دەکرد. ئاسایی ترین وەڵام بۆ بچووکترین جووڵانەوە مەرگ بوو.

ئێستا سەرلەبەری باکۆ بە دەستی عوسمانییە غەددارەکانەوە بوو. بە هاواری ئەڵلاهو ئەکبەر لە گردۆلکەکانی قەراخ شارەوە داگەڕابوون‌و بەناو شار کەوتبوون. هەرچییەکیان هاتبووە رێ سووتاندبوویان. هەڵاتن‌و خۆشاردنەوە ببوو بە دەستوورو یاسا. جەنەراڵ دیسترویل، ئەم چڵکاو خۆرەی ئیمپریالیزم کە شۆرەت‌و ناوی هەموو رۆژهەڵاتی گرتبوو بە مرازی خۆی گەیی بوو و بەناو باکۆ کەوتبوو، ئینگلیزو نۆکەرەکانی واتە دکتاتۆری، سنترو کاسپی پاش ماوەیەك بۆیان دەرکەوتبوو کە باکۆ عەمارە باررووتەو زۆر بڤەیە.

ئینگلیزەکان زوو هەستیان کرد کە باکۆ جیاوازە لە کۆڵۆنەکانی تریان، کۆمیسەرەکانیان لە زیندانا هێشتەوەو خۆیان لە ترسا سواری کەشتی بوون‌و هەڵاتن.

مەشهەدی بەگ‌و هاوڕێکانی لە دەست ئینگلیز رزگار بوون‌و کەوتنە دەستی تورکان، دکتاتۆرانی بەکرێگیراوی ئینگلیز کە دڵیان بەبێ یاسایی تورکان خۆش بوو بە شادییەوە بەیەکدییان دەگۆت:

- ئێمە نەمان توانی کۆمیسەرەکان لە نێو بەرین، بەڵام لە دەستی تورکان رزگار نابن.

کۆمیسەرەکان لە زیندان بوونو هەموو ساتێ مەرگ هەڕەشەی لێدەکردن. لە نێو چوار دیواری سەر بە فەلەکی زیندانا مەگەر قارەمانێکی ئەفسانەیی فریایان کەوتبا. مەشهەدی بەگو هاوڕێکانی بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی ئەو قارەمانە ئەفسانەییەیان دەکرد.

وێڕای ئەم هەموو ئەشکەنجەو ئازارەش کەسیان بە ئاواتی مەرگ نەبوو، هێشتا خەباتی گەورەترو زیاتریان لەڕێ بوو، هەموو زەحمەتکێشان، دایکانی رەنج دیدەو باکۆ چاویان لە دەستو مەقامی وان بوو. کرێکارانی باکۆ چاو لە رێو بە هومێدی گەڕانەوەی رابەرەکانیان دەژیان. شائومیان، عەزیز بیگوف، فیولتف، جاپاریدزە، کەسیان بە نیو نەخت لەبیری رزگاری دوور نەدەکەوتنەوە. دەیانویست جاریکی دی بچنەوە ریزی پێشەوەی بەرەکانی جەنگو لە نا هەموارترینو سەخت ترین رۆژگارا کار بکەنو ژیانی خۆیان بۆ رۆنانی ژیانێکی نوێ تەرخان بکەن.

شائومیان هەر کە قرمژنی گوللەی لە شارەوە دەبیست، بێ وەی خۆی شێلو بکا دەیگوت:

- نە ء ، من لەمەرگ ناترسم مەشهەدی، من خەمی ئەوەمە کە ئەو خەڵکە هێشتا زۆریان پێویست بە خزمەتی ئێمەیە. ئێمە هێشتا زۆرمان پێیە...

مەشهەدی بەگ نیگایەکی کردو گوتی:

- من قەناعەتم وایە قارەمانێك دێو فریامان دەکەوێ.

هەموو لاواز ببوون. سەرو ردێنیان هاتبوو. چاویان بە قولا چوو بوو، بەلام تروسکەی هیوای لێ نەبڕابوو.

ئالیوشا جاپاریدزە قسەکەی مەشهەدی سەلماندو گوتی:

- منیش وای بۆ دەچم، دێو وەکو گوڵ فریامان دەکەوێ.

ئەو زەلامەی لەولایانەوە دەستەو ئەژنۆ رۆنیشتبوو، لە تاو کەم خەوی گینگڵی دەدا، چاوەکانی وەکو دەریا شەپۆلیان دەدا، رووی تێکردن:

- باشە ئەو قارەمانە کێیە؟

ژووری زیندانەکە لە بێدەنگییەکی سامناکدا نقووم ببوو. هەموو عەودالی نێوی ئەو قارەمانە بوون. مەشهەدی بەگ هەڵیدایێ:

- هاوڕێیان بۆ ئێستا حیزب و کۆمیتەی باکۆ نەماون؟ درێژە بە خەباتی خۆ نادەن؟

شائومیان کە دەیزانی مەشهەدی مەبەستی چییە، قسەکەی لە زار قۆستەوە:

- هەڵبەتە. پرۆلیتاریای باکۆ قاڵبووی ئەزموونی سەختو بۆتەی خەباتە. ئەگەر رۆڵەکانیشی بکوژرێن ئەوا تواندنەوەو لە نێو بردنیان بە ئەڵمان و ئینگلیز ناکرێ.

دکتاتورانی، سنتروکاسپی لەگەڵ ئەو هەموو زەبرو زەنگەیاندا نەیانتوانی مقاوەمەتی پرۆلیتاریا سەرکوت بکەن. ئەدی ئێمە کە لە زیندان بووین خۆیان بە نوێنەری شورای باکۆیان هەڵنەبژاردوین؟ خۆ ئەگەر رۆژێ بێو دژمن بتوانێ هەموو هەستەکانمان لەبار بەرێ ئەوا هەرگیز ناتوانێ هەستی سەربەرزیو خۆ ناسیمان ببەزێنێ. لە دنیادا چ هێزێك ناگاتە هێزو توانای کرێکارو پشت بەستن بە کرێکار.

ئەو زیندانییەی کە ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو گوتی:

- گریمان ئەو قارەمانە هەنووکە دەستو پێی بە کۆتو زنجیرە، خۆ هەنگینیٚ ناتوانیٚ فریامان بکەویٚ.

مەشهەدی بەگ ویستی ئەو هاو زیندانییەیان لە رەشبینی بخەلەسێنیٚ.

- ئەو قارەمانە نەك هەر کۆتو زنجیرەکەی دەپسێنیٚ. بەڵکو دەتوانیٚ ئەم دیوارانەش بڕوخێنیٚ.

یەکێکی دی تووڕە بوو، و گوتی:

- پێم ناڵێن ئەم قارەمانەی ئێوە کێیە؟ ناشیٚ ئێوەش وەکو شائومیان کرێکارانی باکۆتان دابێتە چاو؟

مەشهەدی بەگ گوتی:

- کێیە؟ کێیە؟

ئەوجا لەسەری رۆیی:

- ئێوەش وەکو من دەیناسن. حاکمی باکۆیە. رێکخەرێکی زیرەكو بە تەجرەبەیە.

شۆڕشگێڕێکی ئابڕومەندو رەشیدە.

سیٚ- چوار کەس وێکڕا پرسیان:

- کێیە؟ کێیە؟

مەشهەدی گوتی:

- ئاناستاس... میکویان.

جاپاریدزە چاوی بڕییە دەرگای زیندانەکە. وەك بڵێی بە تەما بوو لە پڕ میکویان وەژووربکەویٚ. ئەوجا گوتی:

- بەڵیٚ، منیش متمانەم پێی هەیە. قارەمانی گەورە تەنیا لە نێو چیرۆکدا نین بەڵکو لە نێو کرێکارانی باکۆشدا هەن.

هەموو بێدەنگ بوون. هاڕەی دەستڕێژی گوللە بە چاکی دەبیسترا. کۆمیسەرەکان وەك بڵێی لە عالەمی ئەفسانەو خەیاڵەوە کەوتبنە عالەمی واقیعەوە نیگای ماتو غەمینیان بڕییە یەکدی. زۆری نەبرد لە پڕ دەرگای زیندان کرایەوە. دوو کەسیان لێوە دەرکەوت. زیندانییەکان کە ئەوانیان بینی لە پڕ هاواریان کرد؟

- ئاناستاس....

بەڵام ئەو زەلامە ئاناستاس نەبوو. سورن بوو!

بەڵیٚ، میکویانو کوڕە گەورەکەی شائومیان، سوورن، لەگەڵ دەستە کۆمۆنیستێك دا هێرشیان بردبووە سەر زیندانی شار تا فریای هاوڕێکانیان بکەونو رزگاریان بکەن، بەڵام...

* * *

مەشهەدی بەگ هێشتا هەر لە بیری رزگار بوونا بوو. نەیان توانی بوو لە مەترسی مەرگ رزگار ببن. کاپتنی کەشتی تورکمەن گوێی بە پیٚ داگرتنی ئەوان نەدەدا. کۆمیسەرەکانی

بـەرەو هشـترخانی شـوڕەوی نـەدەبرد، بـەڵکو بـەرەو کراسنوودسـکی دەبـردن کـە لـە ژێـر دەسەڵاتی SR ـەکاندا بوو.

مەشهەدی بەگ چاوێکی بەلای راستی خۆیدا گێڕا. شائومیان هێمن و بێدەنگ رۆنیشتبوو. چاوی بڕی بووە شوێنێکی نادیار. مەشهەدی بەگ چ نا ئومێدییەکی لە سیمایدا بەدی نەدەکرد. کە ئەوی بەو حاڵەوە بینی هەموو شتێکی فەرامۆش کرد: مادام هەموو هەر پێکەوەین، خۆشە.

ئەوجا هەناسەیەکی هەڵکێشا.

شائومیان لە بەردەم کوڕەکانیا رۆنیشتبوو. دەردی ئەو لە هی هەمووان گرانتر بوو. چۆن دەشیا باوکێك بە چاوی خۆی مەرگی رۆڵەکانی بدینیٚ و نیگەران نەبیٚ؟ بەڵام شائومیان لەم کاتەشدا هەر ورە بەرزو هێمن و لەسەر خۆ بوو. دەیوست تا دوا هەناسە کۆڵ نەدات و ببیٚ بە نموونە بۆ کوڕەکانی.

مەشهەدی بەگ کوڕەکانی شائومیانی وەکو جگەرگۆشەی خۆی خۆش دەویستن. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا ئێمە هەر نەیسە، کاشکیٚ ئەمانە دەمان". بیری تیرباران کردنی ئەوان تەواو ناڕەحەتی کرد، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، شائومیان گوێی لە هەناسە ساردەکەی بوو، نیگایەکی پڕ گلەیی کردیٚ:

- مەشهەدی خەمباریت؟ ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە.

سورن چاوی لە بابی هەڵنەدەبڕی، مەشهەدی بەگ کە دیقەتی سورن–ی داو بزەیەك بەسەر لێوەییەوە خەرمانەی دابوو، و چاوە میهرەبانەکانی بڕی بووە بابی، گوتی:

- نا، شائومیان، خەم بۆ چارەنووسی ئەم منداڵانە دەخۆم. ئاخر ئێمە لە پێناوی دوا رۆژو ئایندەی ئەماندا خەباتمان دەکرد.

شائومیان نیگایەکی پڕ سۆزی کوڕەکانی کردو گوتی:

- رۆڵە نەبەزەکانی من لە مەرگ ناترسن و پیاوانە پێشوازی دەکەن. وایە؟

- ئەدی مەعنای چی بابە. بەلشەویك چۆن لە مردن دەسڵەمێتەوە.

مەشهەدی بەگ ئەم وەڵامەی سورن–ی لەقەلب خۆش هات. شائومیانیش بزەیەکی بۆ کرد، لە ناخەوە باوەڕی بەم وتەیەی خۆی هەبوو. سورن گەرچی زۆر جەوان بوو بەڵام لە رۆژانی مقاوەمەتدا قارەمانی ئەفسانەیی نواندبوو.

سورن ئەو قارەمانە بوو هەمیشە چەك بە دەست و لە سەنگەری بەرگری دابوو. هەر کارێکی پیٚ دەسپێردرا زۆر بە جوانی و بیٚ ترس ئەنجامی دەدا، بابی زۆری خۆش دەویست، ئەویش هۆگری بابی ببوو و شانازی پێوە دەکرد.

مەشهەدی بەگ لە قسەکانی شائومیاندا ئەمەی بۆ دەرکەوتبوو. جارێکیان کە سورن–ی راسپارد تا لە رێگای دەریاوە ئازووقەو دانەوێڵە بگەیەنێتە باکۆ، مەشهەدی نا رەزایی دەربڕی بوو:

- ئەوە تۆ ویژدانت نییە؟

شائومیان گوتبووی:

- من ئەوم لە خۆم خۆشتر دەوێ، بەڵام ئەگەر ئەم کارە پێویستی بە قوربانی بێ، با یەکەم قوربانی کوڕەکەی من بێ.

چاوانی سورن تەژی خەم بوون کەچی ترسی بە عەیب دەزانی. ئەو پتر بیری لە چارەنووسی بابی دەکردەوە. شائومیان وەك بڵێی ئاگاداری دڵی ئەوبێ گوتی:

- نە ء کوڕم ئێمە نامرین، دەبێ لەبەر خاتری شادی مرۆڤ بژین.

لەم دەمەدا "تورکمەن" کەمێ بەلای چەپدا خواربۆوە، ئاوی زیوین بە چەپ و راستی کەشتییەکەدا هەڵدەپژا، سوورن بۆ سوعبەت گوتی:

- دەڵێی دەیانەوێ بمانخەنە دەریاوە.

پێکەنی.

تورکمەن وەکو نەخۆشێك بەلارەوە لارەوە بەرەو لەنگەرگا دەکشا، مەشهەدی بەگ لە پڕ کەناری لێ بەدیار کەوت. کراسنوودسك"یان لێ بەدیار کەوت. هەموو سەیری ئەوێیان دەکرد. رێبوارەکانی دیکەش هەموو هاتبوونە دەرێ و خۆیان بۆ دابەزین ئامادە دەکرد. کەشتییەکە تەواو لە کەنار نزیك بۆوە. مەشهەدی بەگ خەڵکەکەی ئەوێندەری بینی، پاشان نیگای لەسەر تۆپ و تفەنگ و چەکەکانیان گیرسایەوە.

تورکمەن هەر 50- 60 شەقاوێکی مابوو بۆ کەنارەکە. نەك هەر مەشهەدی بەڵکو هەموو ئەوانی دیکەش سەربازە چەکدارەکانی رۆخی دەریاکەیان لێ بەدیار کەوت.

مەشهەدی بەگ ئیشارەتی بۆ لوولەی تۆپەکان کردو گوتی:

- شائومیان سەیرێ بکە..

شائومیان لە گەڵ کوڕەکانیا هاتە بەر پەنجەرەکەو سەیری کرد:

- SR"ەکان لەوە زیاتریان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

مەشهەدی بەگ بە چاکی ئەو سەربازانەی دەبینی کە چاوەڕێی گەیشتنی تورکمەن بوون. هەندێکیان بە سواری بەلەم بەرەو کەشتییەکە هاتن. هەموویان چەکدار بوون, کە بەلەمەکان نزیکی کەشتییەکە بوونەوە، سێ سێ و پێنج پێنج بەردەمیان لێگرت، ئەو ئەفسەرەی مەشهەدی و ئەوانی بە کەشتییەکە هێنا بوو، بە فیزو لوت بەرزییەوە فەرمانی دەدا، هەر کە سەربازەکانی رێك خست، خۆی چووە گۆشەیەکەوەو بە دەنگێکی گڕ هاواری کرد:

- هەر کەسێ چەکی پێیە با بە خۆشی خۆی تەسلیمی بکا.

مەشهەدی نیگایەکی شائومیانی کرد, لە فکران راچوو، کەوتە هاتوچۆ. هەردوکیان چاوەڕوانی ئەنجامی کار بوون. پشکنین دەستی پێکرد. رێبوارانی سەر کەشتییەکە بە نیو نەخت چاویان لە ئەفسەرەکە نەدەگواستەوە. یەکێك لە رێبوارەکان دەمانچەیەکی پێ بوو، ئەفسەرەکە بەمە خۆشحاڵ بوو، لە دەستی سەربازەکەی وەرگرت، بە وردی ئەم دیوو و ئەودیوی کرد. پەسەندی کردو بۆ خۆی هەڵگرت، دەستووری دا چاکتر کەلوپەل و شمەکی رێبوارەکان بپشکێنرێ. بە بێدەنگی وێستا، چاوەڕێی دەستکەوتی دی بوو.

مەشهەدی بەگ بە زمانی ئازەری چەند قسەیەکی لەگەڵ ئەو سەربازە تورکە کرد کە بەرەو لای ئەم دەهات:

- جگە لەو چەکەی گیرا، کەسی دی چەکی پێ نییە.

سەربازەکە سەری هەڵبڕی و گوتی:

- جا یەکێك چییە؟

ئەوجا رۆیی بۆ لای ئەفسەرەکەو شتەکەی بۆ باس کرد. مەشهەدی بەگ رووی کردە ئەولاوەو گوتی:

- چونکە زۆربەی ئەم رێبوارانە تازە لە زیندان ئازاد بوون.

پشکنین تەواو بوو، ئەفسەرەکە بە کەش و فشەوە هات و چۆی دەکرد. دەتگوت بە دووی کەسێکدا دەگەڕێ، لە رێبوارەکان رادەما، خۆی گرژو مۆن و تووڕە دەنواند. بە ئانقەست نێوچەوانی گوشی تالۆچەکانی زیاتر بن.

بەڵام نەك هەر کەس نەترسا، بەڵکو هەموو لچیان لێ هەڵقورتاندو روویان وەرگێڕا، لەو چەند مانگەی حوکمڕانی شوڕەویدا خەڵکەکە فێری ئەوە ببوون کە سەر بۆ هیچ زۆردارێ دانەنەوێنن.

ئەفسەرەکە نەڕاندی:

- ئەگەر کۆمیسەرەکانمان نیشان نەدەن نایەڵین کەستان لە کەشتییەکە دابەزن.

هەموو سەرسام و ئەبڵەق سەیریان کرد. مەشهەدی بەگ سەیری کرد شائومیان بەقینەوە دەڕوانێتە کەنارەکە. مەشهەدی دەیزانی شائومیان چاو بۆ کێ دەگێڕێ. SR"ەکان و دژمنی داگیرکەر بە خوێنی سەری کۆمیسەرەکان تینوو بوون. هۆی ئەو پشکنینە وردەش هەر ئەمە بوو. مەشهەدی بەگ لە هەوەڵەوە لەمە حاڵی ببوو. لەو دەمەدا کە گوێی بۆ دەستوورەکانی کابرای ئەفسەر دەگرت بە نیو نەخت چاوی لە چەکدارەکانی رۆخی کەنارەکە نەدەگواستەوە.

ئەفسەرەکە نەڕاندییەوە:

- ئادەی نیشانیان بدەن...

ئەوجا رووی کردە یەکێك لە رێبوارەکان و گوتی:

- ئەگەر ئەوانمان نیشان بدەن، هەمووتان ئازاد دەکەین.

بە توندی پاژنەی بە عاردیدا کوتاو دووبارەی کردەوە:

- دەی نیشانیان بدەن....

- بێدەنگی باڵی بەسەر کەشتییەکە داکێشا بوو. رێبوارەکان، کۆمیسەرەکانیان دەناسی بەڵام شتاقیان ئامادە نەبوون ئەم خیانەتە بکەن.

- برادەران ئێمە دەزانین کۆمیسەرەکان لە کەشتی "تورکمەن"دان، جا نە خۆتان و نە ئێمەش تووشی سەریەشە مەکەن، چونکە هەر دەیان دۆزینەوە.

لە پڕ رێبوارێك بەرەو لای ئەفسەرەکە چوو، بچووکترین رەفتاری ئەو کابرایە لەسەرنجی تیژی رێبوارەکان بزر نەدەبوو، ئەم کابرایە خاچێکی لە مل بوو، شمشێرێکی بەقەدەوە بوو.

مەشهەدی بەگیش وەکو هەموو ئەوانی دی بە نیگەرانییەوە سەیری دەکرد. شائومیان سەری کوڕە ناوەنجییەکەی لە هەمێز نابوو و دانیشتبوو، ئەویش چاوی لە ئەفسەرەکە نەدەگواستەوە. ئەفسەرەکە دیسان هاواری کرد:

- برادەران نیشانیان بدەن.

ئەو کابرایەی چوو بۆ لای ئەفسەرەکە، لە پڕ سینگی دەرپەڕاند تا خاچەکەی جوانتر دەربکەوێ، دەستی بۆ شوێنێ ڕاکێشا، هەموو نیگاکان شوێن پەنجەی ئەو کەوتن:

- جەناب! ئەوە شائومیانە.

مەشهەدی بەگ کە گوێی لەمە بوو لە حەژمەتاندا کەوتە لێو کرۆشتن.

ڕێبوارێك لە بن لێوانەوەو بە ئەسپایی گوتی:

- هەی نامەردی خاین.

هەموو ئەوانەی سەر کەشتییەکە وێکڕا هاواریان کرد:

- هەی خاین.

کابرای خاین کە تووڕەیی خەڵکەکەی بینی ترسی لێ نیشتو سەری داخست.

مەشهەدی بەگ سەیرێکی حەشاماتە تووڕەکەی کرد. هەموو حازرو ئامادە چاوەڕێی ئیشارەتێ بوون. ئەوەندە بەس بوو شائومیان زار بکاتەوەو بڵێ:

- مردن بۆ خاینان...

تا هەموو هەڵمەت بەرنو ئەو کابرا خاینە فڕێدەنە دەریاوە، یا زمانی لەبن را ببڕن. شائومیان چی نەووت، سەربەرزو ورە بەرز لە ئەفسەرەکە چووە پێشێ، سەرباز تفەنگیان هێنایە سەرپێ، شائومیان لە بەردەم ئەفسەرەکە وێستاو گوتی:

- چاك بزانن مەرگی من مەرگی ئامانجەکانم نییە، دەبی ئەم ئاواتەتان ببەنە گۆڕەوە.

سەربازەکان گەمارۆیان دا، مەشهەدی بەگ بە پەلە خۆی گەیاندە شوێنێکی بەرزو ڕووی کردە خەڵکەکەو گوتی:

- هاوڕێیان دەزانن کێ ئەوی دایە دەستەوە؟

ئەفسەرەکە کە بینی ئەمانە لە سایەی گەمارۆی تۆپو تفەنگیشدا دەست بەرداری یاخی بوون نابن، سەری سوڕما. لە ترسا دەمانچەکەی هەڵکێشاو لوولەکەی کردە مەشهەدی بەگ، دەستووری بە سەربازەکاندا:

- بیگرن.

ئەفسەرەکە لەگەڵ سەربازەکانیا لە مەشهەدی نزیك بۆوە. دەوری مەشهەدی بە گیان گرتو هێنایان بۆ لای شائومیان. کە بەلای کابرا خاینەکەدا ڕەت بوو مۆڕەیەکی لێکردو بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- جاسوسی ئینگلیز

ئەم دەنگە هەموویانی خستە لەرزین. شائومیان نیگایەکی هاوڕێکەی کردو دەستی خستە سەرشانی، خەڵکەکە کە چاویان بە دۆستایەتی ئەو جووتە شۆڕشگێڕە کەوت، هەندێکیان خۆیان پێ نەگیراو لە هۆڕژنی گریانیاندا.

گرتن دەستی پێکرد. نزیکەی 35 کەس گیران. شائومیان لە پێش پێشەوە بەرەو کەنارەکە دەڕۆیی. دەریا شەپۆلی دەدا، هەتاوی مانگی نۆ ئاوی زیوینی دەریای هەڵدەمژی. ئەمە سێیەمین جار بوو مەشهەدی بەگ لە دەریای پڕ غوربەتا بگیرێ.

* * *

لەکراسنوودسکدا گەرچی بە رواڵەت SR"ەکان حوکمیان دەکرد بەڵام حوکمی راستی بە دەست ئینگلیزەکانەوە بوو. لە شاری عەشق ئاواشدا مالسون حوکمی دەگێڕا. بەیانی زوو بروسکەیەکی پێ گەیی. هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوو بوو، لە کراسنوودسکەوە نووسرا بوو:

– کۆمیسەرانی باکۆ لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدان.

جەنەڕاڵە ئینگلیزەکە بە خۆشحاڵییەوە ئەم هەواڵەی بە یەکێك لە ئاشنا نزیکەکانی خۆی راگەیاندو:

– ... بەڵام ئێمە ناتوانین بۆ عەشق ئاوایان بێنین.

ئاشنای جەنەڕاڵەکە هەستی بە نیگەرانی جەنەراڵ کرد، بۆیە گوتی:

– کۆمیسەرەکان چ مەترسییەکیان لی ناکرێ، چونکە یەکڕێ لە زیندانەوە بۆ ئێرە هێنراونو چەکیان پێ نییە.

کابرای جەنەڕاڵ تووڕە بوو، گوتی:

– راستە چەکەکانی دەستیان لێ وەرگیراوە، بەڵام ئەوانە چەکی زمانیان پێیە، ئەو چەکەی لە هەموو چەکێکی دی خەتەرترە.

دۆستەکەی جەنەراڵ، ئەفسەرێکی ئاسایی ئینگلیز بوو، زۆریش سەری لە سیاسەت دەرنەدەکرد، لە مەبەستەکەی مالسون–ش حاڵی نەبوو. باوەڕی وابوو کە جەنەراڵ حکومەتێکی هەمیشەیی لە بیابانی زاکاسپیدا دامەزراندووە.

– ئەوجاش تەنیا لە باکۆدا جێی مەترسین، لێرە چییان لە دەست دێ؟

ژەنەراڵ تووڕە بوو، گوتی:

– کاپتن، وا دیارە تۆ نازانی ئێمە لە کوێو لەنێو چ کەسانێکا حوکمڕانی دەکەین؟ ئەو خەڵکەی بە دەوری ئێمەوەن خوا خوای بیانویەکیانە تا راپەڕنو شۆڕش بەرپا بکەن. کۆمیسەرەکان باشترین پروپاگەندەچی سەرانسەری روسیان.

حاڵی بووی؟

مالسون کە ئەم قسانەی بە دەنگی بەرز دەکرد لە پڕ ترسی لێنیشت، زۆر لە گوینە خەڵکانی بێگانەو کۆچەرییەکانی ئەم هەرێمە سەر لە نوێ پێوەندی بە بەلشەویکەکانەوە بکەن، ئەوجا چارەنووسی ئێمەو لەشکرەکانمان دەبێ بەچی؟

سەرۆکی حکومەتی کراسنوودیك لەم کاتەدا مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست، کابرایەکی SRی خۆفرۆش بوو بە ناوی کون.

- جەنەراڵ ئەوانە دیلی ئێمەن و کاتی تۆڵەسەندنەوە هاتووە.

جەنەراڵ و کاپتن بەمنەتبارییەوە نیگای ئەم کابرا قەڵەوە کورتە بنەیەیان کرد. کون گرێی دڵی بۆ کردنەوەو لەسەری ڕۆیی:

- ئێمە لە سەردەمی بەرابەریدا دەژین، بۆیە بە پێی یاسای ئەم سەردەمە کار دەکەین. دەبێ هەر بەلشەویکێ لە تۆڵەی SRێك یا بۆرژوایێك بکوژرێ.

مالسون سەرسام بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: خۆ ئەم کابرایە لە منیش دڵ ڕەقترە. ئەوجا بە ئەسپایی گوتی:

- جەناب، نە تۆ ئەم قسەیەت لە زار دەرچووەو نە من گوێم لێ بووە. کون، لە مەبەستی جەنەراڵ حاڵی بوو:

- قاییلم...

مالسون پرسی:

- ئێستا لە کوێن؟

کون هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

- لە زیندانەکانی ئێمەدان.

ژەنەراڵ کەمێ بێدەنگ بوو... ئەوجا ڕووی کردە ئەفسەرەکەو گوتی:

- کاپتن ئێوە لەم جۆرە کارانە شارەزان.

ئەوجا ڕووی کردە کون و درێژەی پێدا:

- ردژینالدتیق جونس راوێژکاری منە، ئەگەر هەر گیروگرفتێکت هاتە رێ، بچۆ لای ئەو. بە هەر حاڵ هێشتنەوەی کۆمیسەرانی باکۆ لە زاکاسپیدا ئاقیبەتێکی باشی نابێ.

جەنەڕاڵی بێدەنگ بوو، بە ئانقەست خۆی سارد نواندو گوتی:

- مەگەر تەنیا مەرگ خەتەری بەلشەویکان لابەرێ.

*

خرابوونە ژوورێکی بچکۆلەی تاریکەوە، ژووری چی؟ تاقە یەك پەنجەرەی بچووکی تێدا بوو، ئەم زیندانە بە درێژایی ڕۆژ تەنیا بۆ ماوەی پێنج دەقەیکە هەتاوی تێ دەکەوت. لە پێرێوە چ جۆرە خواردنێکیان نەدابوونێ. جەلادانی خاین نەك هەر بە خاین و جینایەتکاریان دەزانین، بەڵکو هێندەی بۆیان لوباش قسەی سووکیان پێ دەگوتن. مەشهەدی بەگ وەکو هەمیشە کەم قسەی دەکرد. بە دڵ و بە گیانی گوێی لە قسەی هاوڕێکانی دەگرت. برسێتی تەنگی پێ هەڵچنی بوون، بەلام هەر خۆیان گرت و نەکەوتنە تکاو پاڕانەوە... لە 17ی مانگەوە خواردنیان نەداوینەتێ. سەد خۆزگە بە زیندانەکانی حکومەتی تزاری. ژوورەکە زۆر تەنگ و بچوکە، خۆ نوێن و پێخەف ئەوە هەر باسی مەکە. تەنانەت قاپێ نییە دەست و چاوی تێدا بشۆین.

هەموو وەڵامێکی ئەم ناڕەزاییە ئەمە بوو:

1- بە زیندانییەکان بڵێن کە زیندان شوێنی ئیسراحەت نییە.

2- نابێ چ داخوازییەکیان هەبێ و دەبێ مەمنون بن.

3- بە هەموو زیندانییەکان رادەگەیەنرێ کە کەمتر خەریکی نامە ناردن بن و پتر بیر بکەنەوە.

مەشهەدی بەگ و هاوڕێکانی خاوەنی ئەم نووسراوەیان بەدەست خەتەکەیدا ناسییەوە. ئەم کابرایە جلو بەرگی ئینگلیزی لەبەر دەکرد، هاوبیری SRـەکان بوو، دیارە کە خاکەڕۆی جاسوسانی دەورانی حکومەتی تزاری بوو.

- حاکمە؟
- ئەفسەرە؟
- نەء، سیخورە
- ئەمانە هەموو هەر جاشی یەك ماکەرن.
- بەڕای من بەر لە هەموو شتێك... نەء، زۆر نزیکە کۆنە سیخوڕێك بێ.

هەموو پێکەنین، بە کورتی سوعبەتیان دەکرد.

ئەوجا دەستیان بە گێڕانەوەی چیرۆك و سەربهوردی خۆ کرد. یەکێکیان کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکێکی لیونید ئاندریە یوفیچ، ناوی چیرۆکەکە بریتی بوو لە "حەوت لە سێدارە دراو".

مەشهەدی بەگ لە سێزدە ساڵیدا ئەو چیرۆکەی خوێندبووەوە کەچی لەزەتی لە بیستنەوەی وەرگرت. نووسەر بە جوانی ناخی قارەمانەکەی وێنە گرتبوو. قارەمانی چیرۆکەکە لە سەرەتادا گاڵتە بە مەرگ دەکا، بەڵام لە کۆتاییدا باوەڕ بە مرۆڤانی زەبوون و بودەڵە دێنێ ئەوەی جێی داخ بوو، نووسەر ئەم کارە جوانەی بۆ ساردکردنەوەو ترساندنی شۆڕشگێڕان تەرخان کردبوو، و تەواو دۆڕا بوو.

- بەڕای من، ترس هەڵوێست و هەستێکی یەکجار کۆنە پەرستانەیە.

شائومیان قسەکەی مەشهەدی بەگی سەلماند، کەمێك جوڵاو هەڵیدایێ:

- شۆڕش زادەی گیانبازی ئادەمیزادو قێزهاتنەوەیەتی لەمەرگ.

ئەوجا هاتە سەر باسی لینین و گوتی:

- ئەو پیاوە دڵنیا بوو کە هەر هەنگاوێکی، خەتەری نەفی کردن یا ئیعدام کردنی لە دوایە، ئەدی بۆ دەستبەرداری بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی خۆی نەبوو؟ چونکە ئەگەر لە یەکەم هەنگاودا بترسایە نەیدەتوانی چە هەنگاوێکی دی بە دوودا بنێ، دیارە بۆ بابایەکی شۆڕشگێڕ ترس لە مەرگ خەتەرترە.

شائومیان کوڕەکانی خۆیشی بەم جۆرە بیرە گۆش و پەروەردە کردبوو. سورن کە ئەو قسانەی بابی وەبیر دەهاتەوە نیگەران دەبوو: ئێستاوام لە نێو چوار دیواری زیندانێکی تەنگ و تاریکدا، پیاوەتی و قارەمانی شۆڕشگێڕانە لە کوێ و چۆن بێنم؟

سورن لە گەڵ بیرەوەرییەکانیا ئاوێتە ببوو، لە پڕ رووی کردە بابی، مۆڵەتی وەرگرت و کەوتە گێڕانەوەی چۆنێتی هێنانی ئازووقە بۆ باکۆ.

مەشهەدی بەگ پرسی:

- باشە تۆ لە چ دەترسای؟ لە مەرگ؟

- نە ء لە مەرگی خۆ نەدەترسام. لەوە دەترسام ئازووقەکە بکەوێتە دەستی دژمن، چونکە باکۆ لەو رۆژانەدا تەنیا بەو ئازووقەیە دەبوژایەوەو کەمێ دەهاتەوە سەرخۆ.

بڕیاردرا مەشهەدی بەگیش بیرەوەرییەکی خۆی بگێڕێتەوە، ئەویش بە راشکاوی گوتی:

- من لە هەموو ژیانما دووجار ترساوم. جارێکیان لە هەراکەی کرێکارە برسییەکانی کانەکانی باکۆو....

ئەوجا کەوتە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی کە لە شماخیدا بەسەری هاتبوو:

- رۆژێ شائومیان تەلەفۆنی بۆ کردم کە بە هەر جۆرێ بووە بچم بۆ شماخی. پێی گوتم: خەڵکی دنیایان لێ بووە بە چەرمی چۆلەکە، تومەز فەرماندەی دەستەیەك چەند رۆژێ لەوەو بەر چوو بوو بۆ ئاشتکردنەوەی ئەرمەنی و موسوڵمانەکانی ئەوێ. لە بری ناوبژیو ئاشت کردنەوەیان ئاگری ئاژاوەکەی خۆشتر کردبوو. راستییەکەی لە هەوەڵەوە ویستم نەچم، لە دڵی خۆدا گوتم: شتەکە تازە رووی داوەو بڕاوەتەوە ئیدی چونی من بە چ دەچێ!" بە هەر حاڵ هاوڕێ شائومیان گەنم گردی دایگرتمەوە، منیش قاییل بووم، کوڕینە چ ببینم؟ ئاژاوەو بەگژ یەکا چوون هەر مابوو، سەنگەریان لێکدی گرتبوو دەتگوت دژمنی باب کوشتەی یەکدین. باڵدار رەتبوایە باڵیان دەشکاند. ئەرمەنییەکان خانوو بەرەی شماخی یان دابووە بەر تۆپو وێرانیان کردبوون. هەر کە لە ئوتۆمبیلەکە دابەزیم درامە بەر دەست رێژی گوللە، تەنێ ئەرمەنییەکان تەقەیان لێنە دەکردم، ئازەرییەکان لەوان خراتر بوون. خێرا خۆم دا بە عاردیدا. عەلی هاوڕێم بە پەلە خۆی گەیاندمێ و گوتی:

- هاوڕێ کۆمیسەر با بگەڕێینەوە.

گوێم نەدایێ... بە وردی دیقەتی دەوروبەری خۆمدا. عەلی دیسان پێی لێ داگرتمەوە، وەڵامم نەدایەوە, دەستەسڕەکەم کرد بەسەری دارێکەوەو هەڵم بڕی. دەمودەست تەقە وێستا. بە پەلە هەستام، خۆم گەیاندە سەر تاوێرێكو هاوارم لە موسوڵمانەکان کرد:

- ئەهای خەڵکینە ئەم گەوجێتییە چییە دەستان داوەتێ؟ بۆ یەکدی دەکوژن؟

ئالای سپیش سوودی نەبوو، دوو گوللەی تریان تێ سرەواندم، بەبنا گوێمدا گیزەیان کرد. قسەکانم بە نیوەچڵی بڕیو خۆم گەیاندە پەنایەكو ما چاوەڕوان بکە، بە راستی ئەو جارە ترسام, زاتم نەدەکرد لە جێی خۆ ببزووم. تاقە گوللەیەك کافی بوو هەموو ژیانم بسڕێتەوە. هەموو کەس خۆی خۆشدەوێ، دوو دانە سەعات بەو دەقەوە ماینەوە. عەلیش دەست بەردارم نەدەبوو:

- هاوڕێ کۆمیسەر، خوێن بەرچاوی گرتوون، پیاوی چابە با تۆ نەبی بە پەلی نا هۆزەوەو سوار بە با بڕۆین.

هێندەی نەبرد دەنگێ لە نزیکەوە هات، دوو کەس قسانیان بۆ یەکدی دەکرد، پێ دەچوو باسی ئێمە بکەن. یەکێکیان جنێوی دەدا:

– تۆ بۆ تەقە دەکەی؟ چوزانی کێیەو بۆچی هاتووە: ئەگەر کوشتبێتت چ دەکەی؟

تواو نزیك بوونەوە. لێکدی ئاشکرا بووین. لەگەڵیاندا کەوتینە رێ، خەریك بوو بمان کوژن، لە ئەنجاما ئاشنا دەرچووین... بۆ سبەی ئاژاوەو فەرتەنە کۆتایی هات. بەڵام دوای ئەوەی چەند زەلامێکیان لێکدی کوشت. هەر کاتێ کەترسی ئەو رۆژەم بیر دەکەوێتەوە تەریق دەبمەوە.

شائومیان گوتی:

– نە مەشهەدی ئەمە ترسی پێ ناڵێن، چونکە ئەگەر ئەو رۆژە تۆ کوژرابای، خەڵکی ئەو هەرێمە داڵەوازی یەکدییان دەبرییەوە. تۆ کە چاوت بەو فەرتەنەیە کەوتووە لە حەژمەتاندا شڵەژاوی، هەقی خۆت بووە، مەرگیش لە جێی خۆدا بێ چاکە.

مەشهەدی بەگ پێکەنی و گوتی:

– خۆ بەم حسێبە بێ، من لە ژیانما نەترساوم.

پاش ئەمە ژووری زیندانەکە لە بێدەنگییەکی سامناکدا نقوم بوو.

* * *

بە ئاسوودەی پێشوازییان لە مەرگ دەکرد. کات نزیکەی دوو نیوی شەوی 9/20/ بوو. هەندێ لە زیندانییەکان وەنەوزیان دەدا، هەندێکیان لە پەنجەرە چکۆلە ژەنگاوییەکەوە سەیری تریفەی مانگیان دەکرد. مەشهەدی لە بیری منداڵەکەی بوو لە بیری ئەوەیدا بوو کە رەنگە هەنووکە پستەخان مردبێ، زۆر خەمبار و بێ تاقەت بوو. کە لە پەنجەرەکەوە هەڵی روانییە ئاسمان باکۆی بیر کەوتەوە. ئەو باکۆیەی کە دەریا وەکو کەمەربەند دەوری دابوو. دەریای خەزەر کەمو زۆر بەرۆکی هزرو بیری بەرنە دەدا، باکۆی هێند جوان هاتە بەرچاو خەریك بوو سوێی بۆی بێتەوە. نەك لەبەر ئەوەی مردنی نزیك بۆتەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر لە باکۆوە دوورەو رەنگە جارێکی دی نەیبینێتەوە. لە پڕ دەنگێ لە دەرگاکەوە هاتو کرایەوە. هەموو لە خەو رابوون، یەکێك وەژوور کەوت، نیگایەکی زیندانییەکانی کردو ئەوجا چاوی بڕییە خاڵێکی نادیار. کەس ئەوی نەناسی. ئەم کابرایەی کە بە دەستووری ئەو لە کراسنوودسکدا سەدان کەس هاتبوونە کوشتن، SRێك بوو بە ناوی کون. هەمان کابرا بووکە مالسون لە خۆی بە دڵ رەقتری زانی بوو. ئینگلیزەکان، زۆریان حورمەت دەگرت، بیانویستایە هەر کەسێك بگرن یا لە نێوی بەرن پەنایان وەبەر وی دەبرد. ئەم کابرایە سەراپای لە تاوابناریو خیانەتدا نقوم ببوو. زەلامی وەکو ئەو کە دەستی لە کوشتنو بڕینی شۆڕشگێران نە دەپاراست بە دەگمەن دەست دەکەوت. خۆیشی شانازی بەم دڕندەیەتییەوە دەکرد، هەنگاوێ هاتە پێشێو بە دەنگی بەرز پرسی: – کێ رێبەری ئێوەیە؟

وای دەزانی ئێستا زیندانییەکان بەرێزەوە لەبەری هەڵدەستن، کەچی حسێبی سەگی خوێریشیان بۆ نەکرد، دووبارەی کردەوە:

- کێ ڕێبەرتانە؟
- ئێمە لێرەدا ڕێبەرمان نییە.
- ئەدی.... شائومیان کێیە؟

شائومیان لەسەر لا پاڵ کەوتبوو، بێوەی خۆی شێلو بکاو لە جێی خۆی ببزوێ گوتی:

- منم.

بۆ وەی چاوترسێنیان بکا، نەڕاندی:

- هەستە سەر پێ؟ دەزانی کێ قسەت لەگەڵ دەکا؟ من کون-م.

کەسیان کۆن-یان نەدەناسی, مەشهەدی بەگو هاوڕێکانی یەکەم جاریان بوو ناویان دەبیستو خۆیان دەبینی. کون لەسەر پاژنەکانی سوڕایەوەو وەدەرکەوت.

ئەوان بە ئاسوودەیی پێشوازیان لە مەرگ دەکرد:

* * *

دیسان دەرگا کرایەوە. زەلامێ وەژوور کەوت. لیستەیەکی بە دەستەوە بوو. ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوەو کە حەرەسەکانی بینی، بیری ئاسودە بوو:

- شائومیان؟

هەموو ڕاپەڕین.

- منم.

شائومیان چووە ئەو شوێنەی کە کابرا بۆی دەست نیشان کرد.

- جاپاریدزە!
- منم.

ئەم مرۆڤە ڕوو خۆشەی کە لە دوێنێوە سەدان کەرەت هاوڕێکانی هێنابووە خەندە، بە پێکەنینەوە چوو لە پاڵ شائومیاندا وێستا.

- عەزیز بیگۆف؟

مەشهەدی بەگ کە گەییە لای شائومیانو جاپاریدزە هێند خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو لە تۆ وایە لە غەریبییەوە بۆ نیشتمان گەڕاوەتەوە.

مەشهەدی بەگ کە ڕوانییە فیولتف-ی هاوڕێی دێرینی ژان لە دڵی چوو. فیولتف لە هەموو کۆمیسەرەکانی دی مناڵتر بوو. تەمەنی 34 ساڵ بوو. چاوە گەشەکانی لە پشت چاویلکە ئەستوورەکەیەوە هێشتا تینو تاوو گوڕی لاویان دەنواند. شەکەتیو برسێتی نەیان توانی بوو ئاگری بەتینی ناخی خامۆش بکەن. مەشهەدی بەگ دەستی نایە سەرشانیو گوتی:

- ئێی دنیا، زەمانێ تۆ پۆلیسی تزاریت ڕاو دەکردو ئێستاش...

فیولتف قسەکەی مەشهەدی بڕی. بزەیەك نیشتە سەر لێوی و گوتی:

- چ قەیدییە مەشهەدی؟ ئێمەش بەسەر ئەشکەنجەو ئازارا زاڵ دەبین.

مەشهەدی بەگ هەستی کرد ئەم لاوە ورە بەرزەی کە ژیانی خۆی لە قەبێڵی پرولیتاری باکۆ کردبوو کەمو زۆر نەگۆڕاوەو پەشیمان نییە.

لیستەکە تەواو بوو. مامورەکە گوتی:

- وەرەن.
- بۆ کوێمان دەبەی؟

گوتی:

- ژوورەکەتان تەنگە، دەتابنەم بۆ زیندانی شار.

هەموو شتێ دیار بوو. کوڕە ناوەنجییەکەی شائومیان باوەشی بە بابیدا کردو...

- مەترسە رۆڵە، لاوێکی وەکو تۆ نابێ بەم خەمبارییە بابی بەڕێ بکا..

کوڕەکەی شائومیان، فرمێسکەکانی سڕی.

- بە دوعا رۆڵە، نەوەکانی داهاتوو سەربهوردی ئێمە لە ئێوەوە دەبیستن.

مەشهەدی رووی کردە سورن‌و گوتی:

- هەر بژین خۆشەویستەکانم، سڵاومان بەو دایك‌و خوشکانە بگەیەنن کە بە مەرگی ئێمە غەمبار دەبن.

لێکیان جودا کردنەوەو ئەوانیان برد، کۆمیسەرەکان لە تاریکی شەودا ون بوون. ئەو پەڵە هەورانەی رووی مانگیان گرتبوو ئەوانی پتر بە تاریکی دەسپارد.

هاوڕێکانیان بێ جووڵە لە ژوورە تاریکەکەدا وێستابوون‌و بیریان لەوان دەکردەوە. لە دوورەوە دەنگی عەزیز بیگۆف دەهاتە گوێ:

- بە دوعا هاوڕێیان، جارێکی دی‌و لەگەڵ هەڵاتنی رۆژدا بە یەکدی دەگەینەوە.

بەمجۆرە مرۆڤەکان بانگەوازی هەڵاتنی خۆریان هەڵدەدا.

______________

1- ئێمە گیانمان لە رێی کۆمۆنیزمدا بەخت دەکەین، هەر بژی کۆمۆنیزم.

<u>**روونکردنەوەیەك**</u>

حیزبی مساوات: ئەم حیزبە بەر لە یەکەم جەنگی جیهان دروست بوو. محمد امین رسول زادە لیدەری بوو. محمد امین لە سەرەتادا لە ریزی سوشیال دیموکراتەکانا کاری دەکرد. بەشداری شۆڕشی 1905ی رووسیای کردو پێوەندی بە شۆڕشی مەشروتیەی ئێرانیشەوە هەبوو. پاشان سەفەری کرد بۆ ئەستەموڵ، کە گەڕایەوە بیری پان تورکیستی لەگەڵ خۆدا هێناو لە حیزبی مساواتدا کەوتەکارکردن، حیزبی مساوات پاش شۆڕشی 917 بوو بە حیزبێکی عەلەنی. ئەم حیزبە هەموو ئینسانە میللییەکانی وەك سەرمایەدارانی بچووك، رۆشنبیران، خاوەن موڵكو ئاغایان، وردە بۆرژواو کاسبکارانی لە دەوری خۆی خڕ کردەوەو لە سایەی دروشمی لامەرکەزیەتو تورك پەروەریدا کەوتە کارکردن.

پاش گیرۆدەبوونی باکۆ بە عوسمانیانەوە، ئەم حیزبە لە دەورەی هەڵبژرانی شورای ئازەربایجاندا زۆربەی دەنگی هێناو جڵەوی حوکمڕانی گرتە دەست.پاش روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئینگلیزەکان هاتنو ئەوانیش حکومەتی مساواتچییەکانیان بە حکومەتی رەسمی ناسی. ئەم حیزبە هەر لە هەوەڵێ را حیزبێکی بۆرژوازیی بووەو بە پشتیوانی وردە بۆرژواو رۆشنبیرانەوە کاری دەکرد. حیزبی سەرمایەدارانی ئازربایجان بوو، بە ناهەق لە نێو خەڵکە عەوامەکەدا بە مساوات ناوی رۆیی بوو. پاشان لە ژێر پاڵەپەستۆی چالاکی شۆڕشگێڕە کۆمۆنیستەکاناو بە هۆی سەرهەڵدانی کرێکارانەوە ئەم باڵانەی لێ جیا بۆوە.

باڵی ناوەند: بە سەرۆکایەتی محمد امین رسول زادە.

باڵی چەپ: بەرابەری محمد زادەو بە پشتیوانی لاوان.

باڵی راست: بە رێبەری نصیب بیگوفو بە ناونیشانی نوێنەری سەرمایەدارانو موڵکداران.

مساواتچییەکان قینیان لە ئێرانییە راکردووەکان بوو، هۆی ئەمەش دامەزراندنی رێکخستنو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کرێکارانی ئێران بوو لە لایەن ئەو ئێرانییانەوە کە لە باکودا دەژیان، هەروەها لە روانگەی تورك پەرستییەوەش بوو. ئەم حیزبە دوای هەرەس هێنانی حکومەتی شورەوی باکۆ ماوەی ساڵو نیوێك حوکمی کردو لە ئەنجاما لەشکری سوور دای بەسەریاو داغانی کرد.

***تێبینی:***

***عینوانی ئەم رۆمانە ((کمیسر)) واتە "رێبەر"ـە، وەرگێر ئەم عینوانەی لە ناوەڕۆکی رۆمانەکەوە وەرگرتووەو بۆی داناوە.***

## حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایک بووە.
- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری ساڵی 1973 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1976ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک, نووسەری کوردستان, کەلتوور, رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان, پاکزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بێ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات, چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە, لێ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, کۆ چیرۆك, چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور, رۆمان, چاپی یەکەم 1988
3- بەیداخ, چیرۆك, 1988
4- داوەتی کۆچەرییان, کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون, کۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ, کۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێران چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا, رۆمان, سابت رەحمان, دوو چاپ, شاخ, شار 2002
8- نامۆ, رۆمان, ئەلبیر کامۆ, دوو چاپ, شاخ, شار 2003 دەزگای ئاراس

9- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)
10- شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)
11 – هاومالەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار 2000 گولان
12- بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، 3 چاپ شاخ، شار 2003
13- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دووره ولات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گولان
15- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەڤ دەهقانی، چاپی شاخ
19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عزیز شەریف
20- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ
21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە، چاپی شاخ
22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس
23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان
24- گوزارشتی مۆسیقا، د. فۆاد زەکەریا.
25- دەربارەی شیعر و شاعیری، ڕەزا بەراهەنی.
26- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
27- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
28- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامە، مالرۆ.
29- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
30-بەد حالی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
31- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
32- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.
33- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری.
34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی ڕۆشنبیری.
35- هونەر و ژیانی کۆمەلایەتی، پلیخانۆڤ، چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی
36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین ریید.
37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.
38- مندالە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
39- فاشیزم چیی؟ کۆمەلە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
40- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
42- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.
43- کۆمەلێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)

44- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف، چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی

45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

46- جیّ پیّ، کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی)

47- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق و رەخنە، چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك

48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف

49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف

50- پەلکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری

51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە

52- چزیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

53- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

54- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

55- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

56- گوگول، نووسەری ریالیست

57- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

58- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

59- خافرو غ لە شیعر دەدویّ، ژیان و بەرهەمی

60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا، چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز

62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان

63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف

64- دیدار و دەق و رەخنە.

65- دیداری چیرۆکڤانی.

66- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی.

67- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف

68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی، حەمە کەریم عارف.

69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، کریس کۆچرا، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، ئامادەیە بە خۆڕایی پێشکەشیان بکات و...